# یادداشتەکانی سەگێکی عێراقی

عەبدولهادی سەعدون

وەرگێڕانی فاروق جەمیل کەریم





# یادداشتەکانی سەگێکی عێراقی

ENDEŞE
ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

**ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە**

**بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید**

**بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود**

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم
http://www.endeshe.net
andesha.library@yahoo.com ● andesha@outlook.com
http://www.facebook.com/Andeshalib
07501026400



# یادداشتەکانی سەگێکی عێراقی

عەبدولهادی سەعدون

وەرگێڕانی فاروق جەمیل کەریم

ENDESE

ناوی کتێب: یادداشتەکانی سەگێکی عێراقی
ناوی نووسەر: عەبدولهادی سەعدون
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: فاروق جەمیل کەریم
بابەت: ڕۆمان
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٨
چاپخانە: ئەندێشە
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٤٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٩٤٩)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©
بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

## ناوەرۆک

دەستپێکی یادداشتەکان........................ ٧

**ئەو ڕووداوە سەیرانەی بەسەر سەگە عێراقییەکە "گیدەر"دا هاتن**

لەدایکبوونم لەنزیک ڕووباری دیجلە و بینینی جیهان بە یەک ڕەنگ........................ ١٥

یەکەم جار کە لە مانای ناوی خۆم تێگەیشتم........................ ١٩

ئەو نەهامەتییانەی لە ڕووداوە سەختەکاندا بەسەر خانەوادەکەمدا هاتن........................ ٢٥

چۆن بوومە هاوەڵ و پارێزەری نهێنییەکانی مامۆستا؟........................ ٣٤

ئەوەی بە چەند مانگێک فێری بووم، بە چەندساڵێک لەبیری ناکەم!........................ ٤١

ئەوەی دەربارەی ماڵی مامۆستا زانیم، ئەوەی لەگەڵ کابرای "بەناوسەرکردە" بەسەریان هات........................ ٤٨

بینینی پیاوە گرنگەکە و سەگەکەی کە ناوی (جەبار) بوو!........................ ٥٧

باوکیشم ڕێگاکەی دایکمی گرت و جێی هێشتین! ئەو ڕووداوانەی ڕێرەوی ژیانیان گۆڕیم........................ ٧٠

لە بەغدا، چۆن بێلانە بووین، چۆن کەوتینە داردەوە؟........................ ٨٠

مەینەتی و سوپرایزە گەورەکانی ڕۆژانی زیندان!........................ ٨٨

ڕۆژە درێژەکانی زیندانم و ئەو بیدارەی کە هەرگیز پێشبینیم نەدەکرد........................ ٩٦

سەرگوزشتەی برسیتی و شەڕە بێکۆتاییەکانمان........١٠٦
پلانی دۆزەخیی هەڵاتنمان لە گۆڕستانی زیندانە
هەمیشەییەکەمانەوە.............١١٥
ئارامیی پێش ڕەشەبا!.................١٢٢
گەشتێک بە وێرانەی شار و کۆتاییی کێشەکانم لەگەڵ
کابرای بەناوسەرکردەدا...................١٣٢
دۆزینەوەی مامۆستا و سەرگوزشتەی ڕۆژە تاڵەکانی.........١٤٠
چۆن دنیامان بەسەردا ڕووخا، چ هەرایەکمان بینی؟..............١٤٦
گەڕانەوە لە لێواری مەرگ، سەفەری جودایی هەمیشەیی.......١٥٢
شەڕە تایبەتەکانم، ترسی زیادبووی ڕۆژانەم.....١٦٠
مەینەتیم لەگەڵ سێ سەگەکە و دیدارێک کە شیاوی
باسکردنە......................١٦٧
ئەستێرەی بەختەکەم کە هەمیشە فریادرەسمە،
بەسەرهاتم لەگەڵ کاتیا..................١٧٧
لە چاڵێک دەر دەچم و دەکەومە بیرێکەوە،
سەرگوزشتەی بینینی سەگە بەرەڵلاکان!...............١٨٨
دڵم نیوەکەی تری دەدۆزێتەوە، لە دەریای
خۆشەویستیدا چیم بەسەرهات؟...............١٩٦
ڕێی بەختەوەریی دڵ، کورتترە لە یەک تیلەی چاو!..........٢٠٠
ڕێکردن تا کەناری مەرگ، بەرەو دۆزەخی ڕاستەقینە..........٢٠٩
چۆن کەوتمە بۆسەی چەتەکانەوە و "ژەنەراڵ"م بینی؟........٢١٤
براکەم چیرۆکی خۆیم بۆ باس دەکات
٢٢١.............................
سواربوون و ڕوانین لە کامیۆنێکەوە... وڵات هەر
بەرەو دواوە دەڕوات!...................٢٢٨
کۆتاییی یادداشتەکان
٢٣٢.............................

# دەستپێکی یادداشتەکان

ئەمڕۆ لە وڵاتێکدا - کە نامەوێت ناوی بێنم - دانیشتووم بۆ ئەوەی هەتا دواهەمین وەرزی ژیانم، ئەم یادداشتانە تۆمار بکەم کە سەرگوزشتەی تەمەنمە. وەک دەزانن سەگەکانی هاوشێوەی من - بەپێی ساڵنامەی مرۆڤەکان - لە دوانزە ساڵ زیاتر ناژین، بەپێی ساڵنامەی (سەگانە)ش دەگەینە ئەوەت، هەرچەندە ئەوەی ڕاستی بێت من حەز ناکەم تەمەنم هێندە بڕ بکات.

لە حەوشەی خانوویەکی پەرپووتدا پاڵم داوەتەوە و سوپاسی خودا دەکەم... لەسەر سەکۆی تەنیشت کۆگای ماڵەکەدام، کە بۆ من پەناگەیەکی ئارامە و لە تیشکی خۆر و تەڕیی باران دەمپارێزێت، بۆ ئەوەی دوایین ڕۆژەکانم بە ئاسوودەیی و هێمنی بەڕێ بکەم. لام وایە ئێوە دەزانن کە من پێش ساڵ و نیوێک بەناچاری وڵاتەکەم، (عێراق)م جێ هێشت، لەبەر ئەوەی لەم ماوەیەی دواییش لەم وڵاتەی

کە ئێستا تێیدا دەژیم - کە نامەوێت ناوی بێنم - شتێکی گرنگم تێبینی نەکردووە، بۆیە لەم تۆمارەمدا هیچ شتێکتان دەربارەی دەست ناکەوێت.

ئاشکرایە کە خێڵەکەی ئێمە هەموو چەتوون و بزێوین، بۆیە بێگومان لاتان سەیرە کە دەبینن بەخامۆشی ڕۆژەکانی دیکەی تەمەنم تەرخان دەکەم بۆ نووسینەوەی بیرەوەریی وەڕین لەدوای وەڕینم - بە قەولی رەخنەگران - دەبێ بمبەخشن کە منیش لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە، ئەمە نە لاف لێدانە و نە سووکایەتییە بە تۆی خوێنەری ئازیز، باری قورسی ڕۆژەکانی کۆتاییم بە هەژاری و برسێتی و نەخۆشی و دەردەسەرییەکانی پیرییەوە، جگە لە باسکردنی زامی بەسوێی جێهێشتنی ولاتەکەم (عێراق)، بواری ئەوە بە من و ئێوەش نادات کە پێبکەنین و گاڵتەمان بێت بەوەی کە باسی دەکەم!

جا ئەوەش بزانن من یەکەمینی نێو خێڵەکەم نیم لە نووسینەوەی بیرەوەریدا، بەڵام لانی کەم من یەکەم ڕەوەندم کە وەها کارێک دەکەم، ئەو شەرەفەشم پێ نەبڕاوە یادداشتەکانی سەگێکی دوورەوڵات بخوێنمەوە. یادداشتی پشیلە و بزن و مانگا و تەنانەت مشکیشم بیستووە، کە باسی گەشتی دوورودرێژ و سەرکێشییەکانیان دەکات دوور لە نیشتمانی خۆیان، بەڵام سەبارەت بە یادداشتەکانی سەگێکی دوورەوڵات، من یەکەم کەسم کە دەینووسمەوە.

هەروەها دان بەوەدا دەنێم کە زۆر سوودم وەر گرتووە لە یادداشتی گیانەوەرانی تر، کە پێش من ئەزموونی سەیر و بەسەرهاتی سەرسوڕهێنەریان گێڕاوەتەوە. وەک دەشزانن

کەسمان شتی تازە نانووسین، هەموو شتەکانمان دووبارە و لاساییکردنەوەیە، هیچمان لەسەر نییە جگە لە زیادکردن یان ڕاستکردنەوە و شوێنگۆڕکێ و گریدان یان سڕینەوە و جوانکاریی وشە و ڕستەکان. هەر بۆیە ناتوانم بڵێم ئەزموونەکەی من جیاوازە لە ئەزموونەکانی تر، تەنها یەک جیاوازیی تێدایە: وەرینی تایبەت بە خۆم و هیچی تر.

خۆبادان نییە گەر بڵێم باڵاترین نموونە لای من ڕۆمانی گفتوگۆی دوو سەگی "تیرڤانتیس"ـە، کە لە ڕاستیدا نەمدەزانی کێیە تا ئەو کاتەی مامۆستایەکی هاوڕێم بۆی باس کردم. هاوڕێکەم بەردەوام دەیخوێندەوە و چیرۆکەکانی ژیانی تاڵی ئەوی بۆم دەگێڕایەوە. ئەو کات گوێلەدەر بووم و دەمویست زیاتر بزانم (ئێستاش نەوەستاوم)، لە ڕاستیدا لەو ساتەوەی کە هاوڕێکەم بۆ یەکەم جار باسی ڕۆمانە نموونەییەکەی "تیرڤانتیس"ی بۆ کردم، هەر بە بیستنی ناوەکەی ئیلهامی وەرینم بۆ دێت. بۆ تەنها جارێکیش وەڕس نەبووم لە بیستنی ناوی ڕۆمانەکە لە زاری مامۆستاکەمەوە، تەنانەت سەرلەبەری تەکنیک و وردەکاری و وشەکانیم لەنێو دڵدا هەڵگرتووە.

بەڵام خوێنەری ئازیز، ئەوەش بزانە کە من لە نووسینی ئەم یادداشتانەدا پەنام بۆ هیچ فێڵێک نەبردووە، وەک نموونەیەکی زیندوو بۆ نووسین سوودم لە ڕۆمانەکە وەر گرتووە و هەرگیز لاساییم نەکردووەتەوە. تەنانەت وشەیەکیشم لێ نەبردووە، بۆیە ئەوەی لێرەدا دەینووسم بەسەرهاتی خۆمە و دوور و نزیک پەیوەندیی نییە بەو دوو سەگە بەدخووەوە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە لە دیرەکانی ئەم

یادداشتانەدا ناویان هاتووە.

بیستوومە کەسێک، کە نازانم کێیە - بمبەخشن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ یادەوەریم لاوازتر دەبێت - ئامۆژگاریی خەلکی وەک منی کردووە کە یادداشتەکانمان بنووسینەوە، لەبەر دوو هۆکار: چونکە یادداشتی تایبەتن، لەوەش گرنگتر وای لێ دەکەیت هێندە بیلکێنیت بە خوێنەرەوە، وەک گۆرانییەکی میللیی عێراقی دەلێت، "هێندەی نزیکیی چاو و پێلوو" لێکەوە نزیک بن، تا ئەو ڕادەیەی خوێنەر هەست بکات سەرگوزشتەی خۆیەتی. بەو هیوایەی ببێتە پەند و نموونە بۆ سەگەکانی دوارۆژ، گەر حەز بکەن بەدەستی خۆیان وەرزەکانی ژیانیان بنووسنەوە.

ئیتر شتێکی ئەوتۆم نەماوە بینووسم. تەنها دەلێم، من "لیدەر" بەوپەڕی حەزی خۆم ئەم پەڕانە دەنووسمەوە، هیچ مەرامێکم نییە جگە لە سەیرکردنەوەی وردەکاریی ژیانەکەم، کە هاوشێوەی شریتێکی زیندوو بە هەموو تالی و خۆشییەکانیەوە بە خەیالمدا دێن و دەچن. وەک یەکێک لە بوهیمییەکان دەلێت، "چارەنووسی کەسمان زیاتر نییە لە شەرەپشیلەیەی پەنجەمۆرێکی شاراوە کە پێمان وایە تەنانەت شیاوی ئەوەش نییە کە لێی ورد ببینەوە." بەلام بۆ خەلکی دیکە لە خولیایەک زیاترە، هێمای گوزەری خێرامانە بەنێو کونیلەی ژیانی ناجێگیرماندا.

ئای خودای من، چەند گرانن وشەکان.

- ئاراگۆن

کەس ناکەوێتە پێش سێبەری خۆی.

- پەندێکی میللی

# لەدایکبوونم لەنزیک ڕووباری دیجلە و بینینی جیهان بە یەک ڕەنگ

وەک دواتر زانیم، لە خانووی کابرای خاوەنماڵ کە هەموویان پێیان دەوت مامۆستا، لەنزیک کەناری ڕووباری دیجلە لەدایک بووم. گەر لەبەر ئەوە نەبووایە کە نامەوێت ڕستەی نێو ڕۆمانەکانی تر دووبارە بکەمەوە، ئەوا منیش کتومت هەمان شتم دەوت، چونکە خۆم ئەمەم بەسەر هاتووە، گەر وا نەبووایە دەمتوانی بڵێم هەر بەڕاستی لەنێو ڕووبارەکەدا لەدایک بووم. لە ناوەڕاستی باخچەی ئەو ماڵە گەورەیەی کە بەسەر ڕووباری دیجلەدا دەیڕوانی، دایکم ژان گرتی. یەکەم وێنە کە لە خەیاڵمدا جێگیر بوو - جگە لە ڕوخساری ماندووی دایکم - شەپۆلەکانی ڕووبارەکە بوو کە ڕاست و چەپیان دەکرد، زۆربەی ڕۆژەکان ئارەزووم دەکرد لەوێ بوومایە و گەر بۆ تەنها جارێکیش بێت بگەم بە شەپۆلەکانی.

دایکم سابویسق، من و برایەک و دوو خوشکی دیکەمی

هێنایە بوون، تا سێ ڕۆژی دوای ئەوەش بە دیداری باوکم سەلوقی شاد نەبووم. باوکم لەگەڵ مامۆستا هات بۆ ئەوەی پیرۆزبایی لە دایکم بکات. هێندەی لەیادم بێت هەردووکیان لە دوورگەیەک بە ناوی دایکی بەرازەکان لە ڕاوکردن بوون، ئەو دوورگەیە سەرزەمینی گیاندارانی وەک، ئاسک و کەرویشک و کەو بوو، هەڵبەت بەرازە کێوییی زۆریشی لێ بوو، بۆیە ئەو ناوەی لێ نرابوو. بەلام پێش ئەوەی گوێم لە وەڕینی باوکم بێت، پێش ئەوەی لێمان نزیک ببێتەوە، بۆ یەکەم جار ڕووخساری مامۆستام بینی لە کولبەکە نزیک بووەوە کە من و خوشک و براکانمی تێدا بوو، بە ڕوویەکی خۆشەوە دەستی دەهێنا بەسەر شان و ملماندا، گوێم لێ بوو دەیوت، "وای کە جوانن ئەم تووتکانە!"

تەنها من چاوەکانم کردبووەوە، خوشکەکەم و براکانم لە پەنای گوانی دایکمدا پرخەی خەویان دەهات. تەمەنمان سێ ڕۆژ بوو، وا باوە کە تا دوای دە ڕۆژ و بگرە زیاتریش چاو ناکەینەوە، خوشکەکەم و براکانم وا بوون جگە لە من، چونکە وا هەست دەکەم لە یەکەم چرکەساتەوە کە لە سکی دایکم دەر چووم و کەوتمە سەر زەوی، چاوەکانم کراوە بوون، گەر وا نەبووایە یەکەم دەرکەوتنی باوکم و مامۆستام وەبیر نەدەهات و جوولەی ئاوی ڕووبارەکە و تاکە ڕەنگەکەیم بیر نەدەکەوتەوە.

کەوتمە کلکەلەقێ، هەستم بە دەستی مامۆستا کرد و لێسامەوە، هۆگری بووم و حەزم دەکرد هەڵم بگرێت، دەستی بە سەرمدا دەهێنا و وەک ئەوەی مۆژدەی خۆشی

بەاتە باوکم: "ئاااهـ. دەبێ ئەمە ژیرترین منداڵت بێت." هەڵی گرتم و لە باوەشی گرتم، هەڵسا و بردمیە ماڵەوە.

لەسەر کورسییەکی نێو هۆڵەکە دانیشت، دواتر زانیم کە ئەوە کورسییە ئازیزەکەی بوو، لە باوەشیدا جێگیری کردم. لێرەوە، لە پەنجەرەی هۆڵەکەوە کە بەسەر باخچەکەدا دەیڕوانی، چاوم لە دایک و باوکم بوو سەرگەرمی دڵداری و یەکترلێسانەوە بوون، لە خوشکەکەم و براکانم ڕادەمان کە لە بەردەم کولبەکەدا بوون. کەمێک دوای ئەوە باوکم بەراکردن هاتە هۆڵەکە و لەخوار پێیەکانی مامۆستاوە خەوت. چاوم لێ بوو مامۆستا لە باوکم ڕامابوو، بە زمانێک قسەی بۆی دەکرد کە پێشتر نەمبیستبوو، باوکم بە وەڕینێک وەڵامی دەدایەوە، دەمزانی چی دەڵێت، ویستم وەک ئەو بوەڕم، کەچی مامۆستا پڕ بە دەمی پێکەنی و توند گرتمیەوە ئامێزی، ڕووی دەمی کردە باوکم و وتی، "ئەم کوڕەت ئایندەی گەش دەبێت!"

بەردەوام بوو و وتی، "دوای خۆت، ئەم کوڕەت دەبێتە هاوڕێم، ئەی سەلوقیی مەزن."

ئەوە یەکەم جار بوو گوێم لە وشەی "سەلوقی" بێت کە مامۆستا بەو ناوە بانگی باوکمی کرد، وام زانی ئەوە ناوی باوکمە، کەچی دوای ساڵانێک تێگەیشتم کە بۆچی بە سەلوقی بانگی دەکەن!

لە کاتێکدا گوێڕایەڵ و بێجووڵە لە باوەشی مامۆستادا بووم، گوێم لێ بوو بە باوکمی وت، "ئەم کوڕەت ناودەنێم لیدەر." پاشان دەستی کرد بە وتنەوەی ناوەکە بەئینگلیزی،

ناوەکەی بە جۆرێک دووبارە دەکردەوە، دەتوت لەوە دەترسێت لەبیری بچێتەوە:

"بەڵێ ئەوەتا، لیدەر، Leder. Leader."

پاشان بێدەنگ بوو، ڕۆیشت و لە باخچەکەی دەڕوانی.
دوای کەوتم، هەرچییەکی کرد لاساییم کردەوە.

# یەکەم جار کە لە مانای ناوی خۆم تێگەیشتم

مامۆستا ناوی لێنام "لیدەر،" بەو هیوایەی ببمە سەرکردە و ڕۆڵی بەرچاوم دەبێت (هەر وەک چەند جارێک ئەمەی بۆ باوکم دووبارە کردەوە)، هەروەها بەو هیوایەی لەنێو هۆڵەکە یان باخچەکەیدا ببمە هاودەمی شەوانی تەنیایی خۆی و پیکەکەی. بۆ یەکەم جار لە بۆنەیەکی تەمومژاویدا لە مانای ناوەکەم تێگەیشتم. هاوڕێکانی مامۆستا بۆ بەسەربردنی شەوێک، هاتبوونە ماڵەکەی نزیکی ئەو یانە گەشتیارییەی کە زۆر کەس ڕوویان تێ دەکرد. گەشتیارەکان هەمیشە ماشینەکانیان بەناڕێکی لەسەر شۆستەکان و گۆشەی شەقامەکانی نزیک و تەنانەت بەرامبەر خانووەکەشمان ڕادەگرت، تا ئەو ڕادەیەی دەرگای سەرەکیی خانووەکەشیان دەگرت گەر مامۆستا بە پەرژینێکی ئاسنین ئەو ڕێڕەوەی نەگرتایە. هەموو جارێک مامۆستا بە دەستەکانی خۆی پەرژینەکەی لا دەبرد، تەنها بۆ تێپەڕینی ماشینەکەی خۆی و ماشینی میوانەکانی.

تەمەنم دوو مانگ زیاتر بوو، لەو کاتەوە هاوڕێی خەلوەتەکانی مامۆستا بووم.

لە کاتێکدا باوکم یاوەری مامۆستا بوو بۆ ڕاوکردن و دەرچوونە یەکلەدوابییەکەکانی بەرەو شوێنە دوورەکان، بەشی منیش ئەوە بوو کە لە ڕۆژانی پشوودانی مامۆستادا لە ماڵەوە هاودەمی بم، ئینجا باوکم هەموو کاتەکەی لەگەڵ دایکم بەسەر دەبرد. لەگەڵ هاتنەژوورەوەی مامۆستا بۆ نێو هۆڵەکە، دەستم بە کلکەلەقێ دەکرد، لە تەنیشتیەوە دادەنیشتم و کە دەیڕوانییە باخچەکە، یان بەنێو کەلوپەل و دۆسیەکانیدا دەگەڕا، یاخود هەموو کاتی خۆی بە خوێندنەوە بەسەر دەبرد. هەرکاتێک دەمویست بزانم خەریکی چییە، دەستێکی بەسەر تووکی لەشمدا دەهێنا، بۆ ئەوەی دڵنیام بکاتەوە کە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە بەشداریم پێ بکات لە خوێندنەوەکانیدا، هەمیشە ئەوەی بە گوێمدا دەچرپاند، "نۆرەت دێت لیدەر، پەلە مەکە، دەبینیت کە ئەو چیرۆکانەی پێکەوە دەیانخوێنینەوە چەند ناوازەن."

ئەو شەوە.. شەوی گردبوونەوەی هاوڕێکانی لەو ئاهەنگەی کە لەماڵەوە بۆیانی ساز کردبوو، خواردن و خواردنەوە، قاپە برنج و سەوزە و گۆشت، قاپی بێشوماری خواردن کە پیاوان و ژنەکانیان بەدەستیانەوە گرتبوو، مامۆستا ناوبەناو داوای یارمەتیی لێ دەکردن. لە قسەکانیانەوە تێگەیشتم ئەمانە لە باکووری وڵاتەوە هاتوون و دوای ئەوەی گوندەکانیان وێران کراوە لە بەغدا جێگیر بوون و باوک و دایک و ڕۆڵەکانیان دەستیان بە کاری جیاجیا کردووە بۆ بژێویی خۆیان. ئەوان لە ماڵی ئێمەوە دوور نەبوون، مامۆستا بەشێک لە

زەوییە کشتوکاڵییەکەی خۆی پێدان بۆ ئەوەی خانوویەکی سادەی تێدا دروست بکەن، لە لایەکەوە سەرپەرشتیی مەزرا و ڕەزەکانیان دەکرد و لە لایەکی تریشەوە یارمەتیی مامۆستایان دەدا بۆ ڕاییکردنی کارەکانی. کە لەنێو خۆیاندا قسەیان دەکرد، لێیان تێنەدەگەیشتم، بەڵام چەند جارێک ئاگام لێ بوو مامۆستا بە شێوەزاری ئەوان قسەی لەگەڵیاندا دەکرد، کاتێکیش خواحافیزیی لێیان کرد بە خاڵۆزا بانگی کردن. دوایی زانیم دایکی مامۆستا کچی خانەوادەیەکی باکوورە و کوڕەکەی فێری زمان و هەندێک دابونەریتی خاڵوانی کردووە. مامۆستا هەموو دەرفەتەکانی بینینەوەیانی دەقۆستەوە بۆ دەمەزەردکردنەوەی زانیارییەکانی، کە بە تێپەڕینی کات کاڵتر دەبوونەوە.

لەو شەوەدا من تاکە هاودەمی مامۆستا و هاوڕێکانی بووم. باوکم مۆڵەتی پشووداني وەر گرتبوو، دوای گەشتێکی ڕاوکردن لە جەنگەڵەکانی خۆرهەڵاتی بەغدا، هەردووکیان بە کۆمەڵێک نێچیری باشەوە گەڕانەوە: باڵندەی کەو و کەروێشکە کێوی، کە دەرخواردی میوانەکان دران، بەشی منیش نیوکەروێشک بوو، کە لەگەڵ بیبەر و بەهارات برژێندرابوو.

لە کۆڕی ئەو شەوەدا – هاوشێوەی دانیشتن و بۆنەکانی تر – گوێم لە هەندێک گوزارشت بوو، کە تا ماوەیەک هیچم لەبارەیانەوە نەدەزانی. هەموو باسی بارودۆخە تازە و لەبارەکەیان دەکرد، کە وڵات لە گۆڕانکاری نزیک دەکاتەوە. گوێم لێ بوو هەموو پێداگریی لەسەر وشەی "دیموکراسی" دەکەن. جا لەبەر ئەوەی نەمدەزانی ئەو دیموکراسییە کێیە کە

ئەوان باسی دەکەن، هەرکاتێک ناویان بهێنایە، بە وەڕینێک ئاگادارم دەکردنەوە کە منیش لێرەم! هێندەی نەبرد یەکێک لە میوانەکان هەڵوەستەیەکی کرد و بە مامۆستای وت، "گومان دەکەم سەگەکەت سیخوڕ بێت و چاودێریی قسەکانمان دەکات." هەمووان پێکەنین و منیش گەرمتر بووم، مامۆستا لەئامێزی گرتم و وتی، "دڵنیا بن... هەر ئەوەندەیە کە لێدەر سەگێکی ژیرە و حەز دەکات هاوبەشی بۆچوونەکانمان بێت."

وا دیار بوو ئەوە یەکەم جار بوو میوانەکان ناوم ببیستن، یان پێشبینیان نەدەکرد هاوڕێکەیان -مامۆستا - بەبێ گاڵتە بەو ناوە بانگم دەکات. یەکێکیان وتی، "ئاالی لەکوێوە کوێیان لێت بێت کە سەگەکەت بە سەرکردە بانگ دەکەیت!"

مامۆستا پێکەنی و وتی، "بۆ ئەوە بەئینگلیزی ناوم لێناوە سەرکردە، تا گومان لە نیاز و دڵسۆزیی نیشتمانیم نەکەن." هەموو دایان لە قاقای پێکەنین و پێکەکانیان بەیەکدا کێشا، کە پڕ بوو لە شلەیەکی سپی، چاوم لێ بوو لەگەڵ بەفر، یان ئاو، تێکەڵیان دەکرد و پێیان دەوت عارەق.

نیوەشەو، دوای بەڕێکردنی میوانەکان، مامۆستا لێم نزیک بووەوە و بە پەنجەکانی سەری دەخوراندم، وەک سەگێکی زلە لە تەکمەوە ڕاکشا. پێی وتم، "سەرکردە تۆی، ئەو ناوە هەر شایانی تۆیە.. بەڵام ئەویتر ساختەیە." پاشان لەئامێزی گرتم و خەو بردیەوە.

خۆشحاڵ بووم بە یاوەڕیکردنی مامۆستا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاترم دەربارەی دەزانی. هیچ بۆنەیەک نەبوو کە دیاریی خۆیم پێشکەش نەکات، دواییتیان ملوانکەیەکی زیوین بوو، هێمایەکی لەسەر بوو، کە وا تێگەیشتم هێمایەکی مێزۆپۆتامیا

بوو بە مانای هێز و سەرکردایەتی، هەتا ئەم دواییەش بە ملمەوە بوو، پێش ئەوەی بە هۆی ئەو پاشاگەردانییەی کە ولاتی گرتەوە، لێمی بدزن.

تاکە شت کە بێزاری دەکردم بینینی وێنەکانی ئەو کابرایە بوو کە پێیان دەوت "سەرکردە." شەقام و گۆڕەپانەکان... ماڵ و ئاپارتمانە گەورەکانی تەنیبوو، جگە لە ماڵەکەی ئێمە. هەرکاتێک مامۆستا لەگەڵ خۆیدا دەیبردم و بە ماشینەکەی شەقامەکانی بەغدا دەگەڕاین، وەڕینێکی تووڕە دەوەڕیم بەرامبەر وێنە گەورەکانی ئەو سەرکردەیەی کە نە من و نە مامۆستا چارەیمان نەدەویست، چونکە هەر لە سەرەتاوە کێبەرکێی ناوەکەی منی کردووە، چیرۆکەکانی مامۆستاش دەربارەی دڵڕەقی و خوێنمژی و دەسەڵاتخوازیی ئەو، هەرگیز مایەی دڵخۆشی نەبوون.

پڕ بە گەرووم دەوەڕیم، هەوڵم دەدا لە ماشینەکەوە خۆم هەڵدەمە خوارەوە و وێنەکانی لەتوپەت بکەم، یان گوو بەسەر پەیکەرەکانیدا بکەم. بەڵام مامۆستا هێوری دەکردمەوە و دەیوت، "بێدەنگ بە لێدەر، بە وەڕینەکەت حەیامان دەبەیت. دڵ لە دڵ مەدە، ئەو هەرگیز ئاگاتە ئاستی تۆ... تۆ تاکە سەرکردەی لێرە."

وشەکانی بۆ ماوەیەک دڵخۆش و ئارامیان دەکردمەوە، بەڵام هەر کە بەلای وێنە، یان پەیکەرێکی تری ئەو دەموچاوە قێزەونە بە ناو سەرکردەیەدا تێپەڕ دەبووین، دیسان تووڕە دەبوومەوە و دەستم دەکردەوە بە وەڕین. ئاگادارکردنەوە و ئامۆژگارییەکانی مامۆستام لەبیر دەکرد و دەستم دەکردەوە بە پلاندانان بۆ خۆهەڵدان لە ماشینەکەوە بۆ سەر کەللەی

بەردینی.

تاکە دەرفەتی دیکەم بۆ بەزاندنی کابرای "بە ناو سەرکردە" لە خانووەکەدا بوو. هیچ دریغیم نەدەکرد کەڵبەم لە وێنەکانی نێو ڕۆژنامەکانی مامۆستا گیر دەکرد و هەتا تا نێو باخچەکە دەمبرد بۆ ئەوەی هەمووان بمبینن... خوشکەکەم و براکانم و دایکم و باوکم، کە چۆن کەڵبە لە وێنەکان گیر دەکەم و پاشان دەیانخەمە ژێر پێم و بەسەریاندا دەڕۆم و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەوەڕم. مامۆستاش تەواو دڵخۆش دەبوو کاتێک دەیبینی شاگەشکەم بە سەرکەوتنەکەم، بەڵام باوکم بە چاوی سەرزەنشتەوە سەیری دەکردم، سەری با دەدا و سکاڵای بەرامبەر ئەو ڕەفتارانەم دەبردە لای دایکم.

## ئەو نەهامەتییانەی لە ڕووداوە سەختەکاندا بەسەر خانەوادەکەمدا هاتن

لە مانگەکانی داهاتوودا پەیوەندیم لەگەڵ خاوەنماڵدا پتەوتر بوو، ڕۆڵی زیاترم وەر گرت و بوومە تاکە هاوەڵی. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێک ئاسان و دڵخۆشکەر نەبوو، لەو ڕۆژگارەدا زیاتر لە ڕووداوێک بەسەر خانەوادەکەمدا هات و پەرتەوازەی کردین.

مامۆستا و باوکم دوو ڕۆژ دوور کەوتنەوە و خەریکی ڕاوکردنی کەرویشک و کەو بوون لە جەنگەڵەکانی خۆرهەڵاتی بەغدا. مامۆستا هەموو ڕۆژانێکی پێنجشەممە و هەینی، بەتەنیا، یان لەگەڵ هاوڕێیەکی نزیکیدا دەچوو بۆ ڕاوکردن، یان بەسەربردنی کاتێکی خۆش دوور لە شار و جەنجاڵییەکانی. هیچکات هێندەی ئەو کاتانە هەستم بە دڵخۆشیی مامۆستا نەکردووە کە لەگەڵ کتێبدا دەبوو، یان خۆی بۆ ڕاووشکار ئامادە دەکرد. هەموو جارێک لە باوکم

و مامۆستا دەپارامەوە کە لەگەڵ خۆیاندا بمبەن، مامۆستا دەستی بەسەر پشتمدا دەهێنا و ڕستە باوەکەی دەوتەوە، "دڵنیا بە ڕۆژێک دادێت کە دەتکەمە هاوەڵی خۆم... بەڵام ئەمڕۆ نا." بەڵام باوکم بە وەڕینە بەهێزەکەی سەرزەنشتی دەکردم، پاراستنی ماڵ و چاودێریکردنی دایکم و خوشکەکەم و براکانمی پێم دەسپارد. هەڵبەت هەموو شتەکانم بەباشی دەکرد، بەڵام تا دەهات زیاتر تامەزرۆ دەبووم بۆ ئەوەی ببمە هاوەڵی مامۆستا لە یەکێک لە گەشتە دوورەکانیدا.

ئەو جارە لەدوای ڕۆیشتنی مامۆستا و باوکم، لەگەڵ ئەوەی چاودێریی دەروازەکانی ماڵەکەم دەکرد و فەرمانم بەسەر خوشکەکەم و براکانمدا دەکرد تا کاری خۆیان بکەن، کاتی پشوودانم هات و دزەم کردە نێو کتێبخانەکەی مامۆستاوە بۆ وردبوونەوە لەو کتێبە زۆرانەی کە کتێبخانە و هۆڵەکە و ژووری خەوتنەکەی مامۆستایان پڕ کردبوو. کتێبەکان بە زمانی ئەوتۆ نووسرابوون، کە ئاشنایان نەبووم و هێشتا نەمبیستبوون. لەسەر ئەو مێزە سەرەکییەی کە مامۆستا دەینووسی و کتێبی دەخوێندەوە، تەنها دوو کتێب هەبوون: قورئانێک و ئینجیلێک لەلای ڕاست، بەڵام لەلای چەپەوە فەرهەنگێکی گەورەی زمانی عەرەبی و لەتەنیشت ئەویشەوە چەند فەرهەنگێکی بچکۆلانەی ئینگلیزی و ئیسپانیمبینی، ئەو دوو زمانەی کە چەند جارێک گوێم لێ بووە مامۆستا بە تەلەفۆن یان لەگەڵ میوانەکانی قسەیان پێ دەکات. زۆر جار دەمبینی کتێبێکی ئینگلیزی، یان ئیسپانیی بەدەستەوە بوو، ماوەیەکی زۆر هەڵی دەگرت و هەندێک لە دەستەواژەکانی لەبەر خۆیەوە دەوتەوە، یان بەدوای واتا

عەرەبییەکەیدا دەگەڕا.

هەموو جارێک دوای خوێندنەوەیەکی زۆر، نوقمی بیرکردنەوە، یان پێکەنین دەبوو، جاری واش هەبوو بەنیگەرانی ئەوەی بۆم باس دەکرد کە تازە خوێندبوویەوە. جاروبار لەو شتانە تێدەگەیشتم کە بەو دوو زمانە دەیوتەوە، بە وەڕین پشتگیریم لە قسەکانی دەکرد، ئەویش بەدەم زەردەخەنەوە دەستێکی نەرمی بەسەر سەرمدا دەهێنا. لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو، هەر کە لەگەڵ مامۆستا بەئیسپانی قسەم دەکرد، دەمبینی دایکیشم بە سەرسووڕمان و دڵخۆشییەوە هاوشێوەی زمانی خوێندنەوە و ئاخاوتنەکەی مامۆستا، بە ئیسپانی وەڵامی دەدامەوە. دایکم زۆر دڵخۆش بوو کە بایەخی پێ دەدەم، دەیوت، "بەختیارم کە یەکێک لە کوڕەکانم فێری زمانی باوانم بووە." لەوەوە زانیم ڕەچەڵەکی دایکم ئیسپانییە و پێیان دەڵێن سابویسۆ، لە خێڵی ناسراوی ئەو سەگە قەشەنگ و وریایانەیە کە هەزاران ساڵە لە نیوەدوورگەی ئیبیریا دەژین. دایکم وەک تاکە سەگی نێو خێزانەکەی، بەخت یاوەری بووە کاتێک مامۆستا لە گەشتێکیدا بۆ ئیسپانیا هەڵی بژاردووە، لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی و لەوساوە بەغدا بووە بە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی. لە بەغدا ئاشنای باوکم (سەلوقی)ی ڕەسەن دەبێت، باوکیشم لەو سەگە دەگمەنانەیە کە هەزاران ساڵە لە میزۆپۆتامیا دەژین، ناوی بنەماڵەکەشیان لە پاشاکانی سەلجوقییەوە هاتووە و لە زۆربەی دەقە مێژووییەکاندا باس کراون، بۆیە بە ڕەسەنترین جۆری سەگ دادەنرێت لە ناوچەکەدا. سەلوقی جگە لەوەی ڕاوچییەکی کارامەیە، سەگێکی جیر و

بەهێزیشە، منیش ئەوەم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە. دایکم لە هەمان خانوودا شووی بە باوکم کردووە، ئێمە (من و خوشکەکەم و دوو براکەم) بە سکی دووەمی لەدایک بووین -وەک دەڵێن- لە سکی یەکەمیشی دوو تووتکی تری بووە، کە مامۆستا هەردووکیانی بەخشیوەتە دوو هاوڕێی خۆی و ئیتر نەیانبینیوەتەوە.

لەسەر دەستی مامۆستا زۆر شت بەئیسپانی فێر بووم، ئینجا دەچوومە کولبەکەی دایکم، وشەکانمان دووبارە دەکردەوە. دایکم هەموو جارێک چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە دەربارەی سروشت و خەڵک و خواردنەکانی ئیسپانیا و مەدرید و باشوور (شوێنی لەدایکبوونی)، کە ئەو خەڵکە چۆن کات بەسەر دەبەن، باسی پێگەی سەگی بۆ دەکردم لەنێویاندا، کە چۆن بە چاوی خۆی بینیویەتی سەگەکان جلی مرۆڤیان پۆشیوە و سواری پاس و پاسکیل بوون، هەروەها باسی ئەو سەگە ناودارانەشی بۆ دەکردم کە لە سینەمادا نواندن دەکەن و وەک ئەستێرەی ناودار لە تەلەفزیۆنەکانەوە دەر دەکەون. هەر جارێک باسی باخەکانی باشووری ئیسپانیای دەکرد، چاوەکانی پڕ دەبوون لە فرمێسک و دەیوت، "هەریەکێک لە ئێمە ڕۆڵەی وڵاتی خۆمانین... هەندێکی تریش وەک من ڕۆڵەی زیاتر لە وڵات و خاکێکن، من ئێستاش بیری کەسوکارەکەم دەکەم."

پاشان نوقمی شەپۆلی بیرکردنی کەسوکارەکەی دەبوو، ئەو شەپۆلە بەرەو هەندێک شوێنی دەبرد کە من ئێستاش نازانم کوێ بوون. دوای ئەوە چەند بەیتێکی ئەو قەسیدانەی دەوتەوە کە دەربارەی ڕووباری دۆڵە گەورە نووسرابوون.

دایکم ئەو بەیتانەی لە دایکی خۆی (سابویسۆ)ی زانا و شیعردۆستەوە ئەزبەر کردبوو. هەندێکیم لەیادە کە بە دەنگێکی کەساس و دڵێکی پڕەوە دەیوتنەوە:

لەوێ، لە قووڵاییەکاندا
لەنێوان ئاسمان و دارەکاندا
شەپۆلەکە دەلەرێتەوە و شیوەنی دڵتەنگی دەکات:
دەبێ کێ ژیانی تۆی بردبێ
لەنزیک ڕووباری دۆڵە گەورەوە؟

تاکە سەبووریی ئەو حاڵەی - وەک خۆی پێی دەوتم - ئەوە بوو کە ئەمڕۆ لەنزیک ڕووبارێکی تر دەژیا، کە دیجلە بوو، گەر نا، کەس نازانێت بە لەدەستدانی هەردوو ڕووبارەکە حاڵی چۆن دەبوو.

کە شەو داهات، ئیتر کەوتمە ماخۆلان بۆ گەڕانەوەی مامۆستا و باوکم. بەڵام کات ڕۆیشت و ئەوان لە کاتی خۆیدا نەهاتنەوە. ئەوەدەم من لە بەردەم دەروازەکەدا پاڵم دابووەوە و پاسەوانیی ماڵم دەکرد، دایکم و دوو خوشکەکەشم لە کولبەکەدا بوون، داوام لە براکەم کرد لە ڕێڕەوە ئاوییەکەی نزیک ماڵ بمێنێتەوە و لە هاتنەناوەوەی خەڵکی نامۆ بیپارێزێت. بە وەڕینێک یەکترمان ئاگادار دەکردەوە کە تەنها خۆمان لێی تێدەگەیشتین، ئاماژەیەکی نهێنی بوو کە خۆمان فێری بوبووین و کەسی تر نەیدەزانی چی دەڵێین. ئەم کۆدە هەتا ماوەیەکی دوورودرێژ هێمایەکی تایبەتی نێوانمان بوو، تا ماوەیەکی زۆر من و براکەم لەبیرمان نەدەکرد. هەموو

نیوسەعاتێک هاوارمان دەکرد و هەمان شتمان دووبارە دەکردەوە. زۆری نەبرد لە براکەمەوە گوێم لە وەڕینێکی سەیر بوو کە تا ئەوکات شتی وام لێی نەبیستبوو. دایکم و دوو خوشکەکەم لە کولبەکە هاتنە دەر، تا بزانن چی ڕووی داوە. منیش هەر هێندەم لەدەست هات مالّم جێ هێشت و بەنێو درکودالّی دەوری مالەکەدا تا کەناری ڕووبارەکە بەهەلەداوان ڕۆیشتم. بینیم براکەم نیوەی گیانی نوقمی ڕووبارەکە بووە. قاچێکی لە درکە تێلەکان گیر بووە، درکەکانی چەقیبوون بە پێیەکانی دواوەیدا. هەسکە هەسکی بوو بەدەم ئازارەوە، بەلام دانی بە خۆیدا گرتبوو، دەیویست دلنیام بکاتەوە کە شتێکی ترسناک ڕووی نەداوە. کەچی من بە بینینی قاچە زامدارەکەی، کە درکە تێلەکە قاژی کردبوو، تەواو شلەژام.

بە هەموو توانامەوە هەولم دەدا لە درکە تێلەکە دەربازی بکەم، چاویشم لەسەر هەردوو پێیە خوێناوییەکەی بوو. لە ڕوخساری براکەم ورد بوومەوە، کزۆل و داماو، تا کەناری ڕووبارەکە ڕام کێشا و ئینجا بەپەلە کردمە کۆلم و بەرەو کولبەکەی دایکم بردم. لەوێ دایکم هەولی دا خوێنبەربوونەکەی ڕابگرێت. پێیەکانی بە ئاو پاک کردەوە ر تا توانیی برینەکەی لێسایەوە، ئینجا بە گەلایەکی داری گەرچەک برینەکەی پێچا، ئەمە لە داپیرەیەوە فێر بووبوو، کە شارەزا بوو لە تیمارکردنی برینە سووکەکاندا. بەلام برینی پێی براکەم گەورە بوو، دەبوو ناوبەناو گەلا دارەکە بگۆڕین، تا ئەو کاتەی باوکم و مامۆستا دەگەڕێنەوە.

بەلام وەک جاران لە کاتی خۆیدا نەگەڕانەوە. بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر گەیشتنەوە. براکەم ئازار شەکەتی کرد و خەوی

لی کەوت. برینەکەی خوێنی لێ نەدەچۆڕا، هەرچەندە برینێکی کراوەیە و بەئاسانی چاک نابێتەوە، بێگومان ئیتر ڕێکردنی براکەم لەنگ دەبێت (دەشەلێت). لە هەموو ئەمانە خراپتر... کە ماشینەکەی مامۆستام بینی بەو بەیانییە خۆی کرد بە گەراجی ماڵەوەدا، بەراکردن بەپیریەوە چووم، تا بەدەم وەڕینەوە بەسەرهاتی براکەمی بۆ بگێڕمەوە. کەچی بەبێ ئەوەی گوێ بە وەڕین و هاتوهاواری من بدات، مامۆستا پشتگوێی خستم و بەرەو سندوقی ماشینەکە ڕۆیشت، باوکمی خستە سەر دەستەکانی، بە ڕوخساری خەواڵوو و سکی دڕاو و خوێنارییەوە، کە بە پارچەیەکی سپیی تەنک - بەلام خەڵتانی خوێن - پێچرابوو. شۆکێکی گەورە بوو بۆ من کە باوکم بەو حاڵەوە بینی. بەدوای مامۆستادا تا ماڵەوە ڕۆیشتم، چاوم لێ بوو کە چۆن لەنزیک کورسییە شیرینەکەی خۆیەوە باوکمی خستە سەر دۆشەکێک، پاشان بۆی دەچەمایەوە، دڵی دەدایەوە و هانی دەدا خۆڕاگر بێت. باوکم لەسەر دۆشەکەکە کەوتبوو، بەئاستەم چاوەکانی دەکردەوە، مامۆستاش بۆ دڵنەوایی دەستی بە سەریدا دەهێنا.

لەیادم نییە دوای ئەوە چی بەسەر براکەمدا هات، منیش لەسەر زەوی پاڵ کەوتبووم و وەک مامۆستا چاوەڕوان بووم باوکم لەو بێهۆشییە بێتەوە.

ئەو ڕۆژە لەزاری مامۆستاوە زانیم کە چۆن کەسێکی نەناسراو لە شوێنێکی نادیارەوە - لەباتیی پێکانی کەرویشک - فیشەکێکی ناوەتە باوکمەوە، لە کاتێکدا باوکم بەدوای یەکێک لەو کەرویشکانەوە بووە کە مامۆستا پێکاونی. لە چاوتروکانێکدا مامۆستا و هاوڕێکانی دەبینن (سەلوقی)ی

باوکم، کە دواپین کەرویشکە کێویی پێکراوی بە دەمەوەیە، چۆن دەکەوێت و لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێت.

هەلبەت نازانن کێ وای کردووە. بەدوای سەرچاوەی تەقاندنی فیشەکەکاندا دەگەڕێن، بەلام تەقەکەر نادۆزنەوە. مامۆستا لەوە دلنیا دەبێت کە لە مەزرایەکی نزیکەوە تەقەکان کراوە، بەلام هیچی لەدەست نایەت. بەپەلە باوکم هەلدەگرن و دەیگەیەننە نزیکترین ڤێتێرنەری، بۆ ئەوەی لە مەرگێکی ڕاستەقینە ڕزگاری بکەن. ئەو شەوە تا بەیانی خەریکی تیمارکردنی باوکم دەبن، هەرچەندە لە مردن ڕزگاری دەکەن، بەلام بە دلنیایی چیتر نابێتەوە بە سەگەکەی جاران و بەدوای کەرویشکە کێویدا ڕاناکات، چیتر بەکەلکی ئەوە نایات ببێتە هاوڕێی گەشتەکانی مامۆستا بۆ نێو جەنگەلەکان و گەڕان بەدوای ئەو باڵندە و پۆڕ و بەرازانەی خۆیان حەشار داوە، نە بۆ گرتنی ئەو کەرویشکە بریندارانەی کە لە شوێنی خۆیان هەلبڕاون.

لەچاو ئەو کارەساتەی بەسەر باوکم هاتبوو، ڕووداوی بریندابوونی پێی براکەم شتێکی ئەوتۆ نەبوو. ئیتر هەمووما لەو ڕۆژە بەدواوە کەوتینە بەر لافاوی ئەهامەتی و بەسەرهاتی ناخۆش و نامۆ.

دوای دوو هەفتە بینیم مامۆستا هەردوو خوشکەکەمی هەلگرتووە بۆ ئەوەی بیانکاتە دیاری بۆ دوو هاوڕێی، یەکێکیان بۆ باخێکی دوور لە مالەکەی خۆمان، ئەوی تریشیان بۆ شارێکی تر. بەلام براکەم کە بە هۆی برینەکەیەوە لە ڕۆیشتندا بۆی دەشەلی، مامۆستا ئەویشی پێشکەشی هاوڕێیەکی تری کرد بۆ ئەوەی بیکاتە مێردی

گەماڵێکی سەلوقیی تر، بەو هیوایەی کۆمەڵێک تووتکی ڕاوکەری هاوشێوەی باوکم بخەنەوە.

تاکوتەنیا لەگەڵ مامۆستا مامەوە، باوکیشم لەنێو کولبەکەدا دەستی بە پشوویەکی درێژخایەن کرد لەگەڵ دایکم.

هەموو کات چاوم لە باوکم بوو، مات و مەلوول، توانای جوولە و قسەی نەمابوو، تەنها دەیتوانی چاودێریی ڕووبارەکە بکات و بە چپەیەکی سووک بانگی دایکم بکات، چپەیەک کە تەنها هەردووکیان تێی دەگەیشتن.

# چۆن بوومە هاوەڵ و پارێزەری نهێنییەکانی مامۆستا؟

دوای ڕۆیشتنی براکەم و هەردوو خوشکەکەم، ئیتر ماڵ چۆڵوهۆڵ بوو. هەریەکەیان بە لایەکدا ڕۆیشتن. نە دەمزانی لەکوێن و نە کەسیش چاوساغیی دەکردم بۆ لایان.

ئەرکەکانی باوکم کەم بوونەوە، چیتر توانای پاسەوانی و بازهەڵدان و یاوەریکردنی مامۆستای نەمابوو بۆ گەشتە دوورەکانی. باوکم تەنها لەتەنیشت دایکمەوە دەمایەوە، کە ئێمە بۆ ڕاوکردن یان سەردانی شارێکی تر دەچووینە دەرەوە، هەردووکیان پێکەوە دەبوونە پاسەوانی ماڵ. هەر وا بەئاسانی نەمدەتوانی براکەم و دوو خوشکەکەم لەبیر بکەم. ئەو هەموو مانگەی پێکەوە بەسەرمان برد بە یاریکردن و شەڕ و ئاشتبوون بە ڕووبارەکە و مەزراکە، ڕاونانی چۆلەکە و پشیلەکان! بۆ من سەخت بوو لەگەڵ لەبیرکردنیان رابێم.

ڕۆژانە زۆربەی کاتم لە ماڵی مامۆستا دەبردە سەر. دوای

خوێندنەوەی ڕۆمانێکی تازە، یان سەیرکردنی تەلەفزیۆن و بینینی هەواڵەکان، کە درەنگ دەکەوتین، ڕێگەی دەدام لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا بخەوم، ئیتر بە جۆرێک ڕاهاتم کە کولبەکەم لە باخی ماڵەکە جێ هێشت و بەیەکجاری لە ماڵی مامۆستا بارگەم خست.

مامۆستا هەر ڕۆژە و شتێکی نوێی فێر دەکردم، هەر جارە و بەشێک لە نهێنییە تایبەتەکان و هەڵویستە سیاسییەکانی خۆی بۆ باس دەکردم. لەو دانیشتنانەدا مانای سیاسەت و بەرهەڵستی و ناکۆکیم زانی، گوێم لێ دەبوو وشەی دیکتاتۆری دووبارە دەکردەوە و پەنجەی بۆ کابرای بە ناو "سەرکردە" ڕادەوەشاند. بەلام لە ساتە هەر خۆشەکاندا یادی ژنەکەی و دوو کوڕەکەی دەکردەوە. من تا ئەو کاتە نە هیچم لەبارەیانەوە بیستبوو، نە مامۆستاش هیچی دەربارەیان وتبوو، هەرچەندە دەمێک بوو وێنەی ئافرەتێکی گەنج و دوو کوڕی بچووکم دەبینی کە کتێبخانە و دیوارەکانی ژوورەکەی ڕازاندبووەوە. هیچ ڕۆژێک لەگەڵ خێزانەکەی و خەلکی دیکەدا نەمبینیوە، لەوەتەی لەگەڵیدا دەژیم ئەو تەنیایە، ڕۆژەکانی تەمەنی لەنێوان کتێبەکانی و پێکەکەی و گەشتەکانی ڕاوکردندا بەسەر دەبات.

شەوێک، دەنگێک لە نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەی مامۆستاوە بێداری کردمەوە. ئیوارە لە ڕاوکردن گەڕابووینەوە، لە هۆڵەکەدا خەوم لێ کەوتبوو. هێندە ماندوو بووم هەستم بە هیچ دەنگێکی دەرەکی نەکردبوو، کە نیشانەی دزەکردنی کەسێک بێت بۆ ژوورەوە. کە مامۆستا هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، بەئەسپایی هەڵسامەوە و بە پلیکانەکاندا بەرەو نهۆمی

سەرەوە ڕۆیشتم، ئەو نهۆمەی کە وا بزانم بە درێژایی ماوەی مانەوەم لەوماڵەدا تەنها دوو جار بۆی سەر کەوتووم. پێش ئەوەی بگەمە هۆڵەکەی نهۆمی سەرەوە، لای مێزەکەی مامۆستاوە ڕووناکییەکم بەدی کرد. بەگوێرەی توانا هەوڵم دا کارێک نەکەم کە دزەکەرەکە بەئاگا بێتەوە و هەست بە ڕووبەڕووبوونەوە بکات. دڵنیا بووم کە تەنیا و بە کارامەیی خۆم دەتوانم دزەکە دەستگیر بکەم. کەچی هەموو ئامادەباشی و وریاییەکەم بەبادا چوو، (نوقمی تاریکایی شەو بوو). کەسم نەبینی، مامۆستا لەسەر کورسییەک دانیشتبوو سەیری تەلەڤزیۆنی دەکرد، ناوبەناو ئامێکی دەکرد و هەناسەیەکی هەڵدەکێشا، لەبەر خۆیەوە پرسیاری دەکرد، ناوبەناو ئاه و ناڵەی دەهاتە بەرگوێم. زیاتر لە مێزەکە نزیک بوومەوە و کەمێک سەرم بەرز کردەوە بۆ ئەوەی بزانم مامۆستا خەریکی چییە؟ بینیم دیمەنەکانی سەر شاشەکە تێدەپەڕن، مامۆستایش ناوبەناو لە شاشەکە نزیک دەبێتەوە و ماچی ئەو دەموچاوانە دەکات کە بۆ کامێراکە دەدوێن، دوو منداڵن لە باخچەکەدا یاری دەکەن، هێندە لە کامێراکە نزیک دەبنەوە خەریکە پێوەی دەنووسێن، لەگەڵ وێنەگرەکەدا بە زمانێکی منداڵانەی ئەوتۆ قسە دەکەن، کە نازانی چی دەڵێن. ڕوانیم مامۆستا لەسەر زەوی لە بەردەم تەلەڤزیۆنەکەدا دانیشت، من جێی خۆمم گرت و دەموچاوەکانم بەجوانی دەبینی. ئافرەتێکی گەنجم بینی منداڵێکی گرتبووە باوەش... لە دیمەنێکی تردا دەستی منداڵەکەی تری گرتبوو... پێکەوە ڕایان دەکرد... ئەم جارە ئافرەتەکە بەتەنیایە... دوو منداڵەکە یاری و هاوار دەکەن... پاشان دەموچاوی مامۆستا هاتەوە

سەر شاشەکە، هێشتا گەنجە و لەگەڵ دوو منداڵەکەدا دووگۆڵی دەکات، یارییان لەگەڵدا دەکات و بەدوایاندا رادەکات. هەموو ئەو دیمەنانە دەبینم و گوێم لە ئاه و ناڵەو سکاڵای مامۆستایە، وشەگەلێک دەڵێتەوە کە ئاشنایان نیم!

چۆن بەئەسپایی هاتبووم، ئاوها بە شوێنی خۆمدا کشامەوە و مامۆستام بەتەنیا لە ژوورەکەیدا جێ هێشت.

هەوڵم دا بخەوم، نەمتوانی. چوومە دەرەوە بۆ نێو باخچەکە. دەستم کرد بە پیاسەکردن، بەنێو دڕکوداڵ و دارەکاندا، هەتا نزیکترین خاڵی کەناری ڕووبارەکە نەوەستام. لەوێ خۆم هەڵدایە نێو ئاوەکەوە، مەلەیەکم کرد و بەنێو قامیشەڵانە چڕەکەدا گەڕامەوە، باڵندە و گیاندارە خەوتووەکانم لە هێلانە و پەناگەکانیاندا بێدار کردەوە. سەعاتێک زیاتر خۆم خەریک کرد تا خۆر سەری دەر هێنا. گەرم و ناوازە دەتوت پارچەیەک زێڕە و تازە لە قالبەکەی دەر هێنراوە.

کە گەڕامەوە ماڵەوە، بینیم باوکم چاوەڕێمە، سەرزەنشتی کردم کە لە ماڵ دەر چووبووم. لەو کاتەدا هەستم بە جووڵەیەکی نامۆ کرد لە ماڵەوە. لە گۆڕەپانەکەی پشتەوە دوو ماشێنم بینی، یەکێکیانم ناسییەوە، کە هین هاوڕێیەکی شەوبێدارییەکانی مامۆستا بوو، بەڵام ئەوەی تریان تازە و نامۆ بوو. پێش ئەوەی بچمە ژوورەوە باوکم بەردەمی گرتم و پێی وتم کە ئەوە ماشێنی دکتۆرێکە و هاوڕێکەی مامۆستا لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، دیارە دوێنێ شەو باری تەندروستیی مامۆستا خراپ تێک چووە، بۆیە هاوڕێکەی ئەو دکتۆرەی هێناوە بۆ چارەسەرکردنی. ئینجا زانیم کە مامۆستا پەرکەمی هەیە و ناوبەناو دەبووریتەوە، چووەتە

لای دکتۆر و چارەسەری هێورکەرەوەی بۆ دانراوە تا ئەو کاتەی کەسێک دەدۆزێتەوە بۆ چاودێریکردنی کارەکانی. ئیتر لەو کاتەوە ژن و پیاوەکەی باکوور هاتوون - کە لە مەزراکەی مامۆستادا نیشتەجێ بوون - چاودێریی دەکەن.

دوای ڕۆیشتنی دکتۆر و هاوڕێکەی مامۆستا، بەبێ ئەوەی کەس بزانێت، دزەم کرد و تا ژوورەکەی مامۆستا سەرکەوتم بۆ هەواڵپرسینی. بینیم لەسەر جێگەکەی ڕاکشاوە، هێندە قووڵ خەوتووە کە هەست بە وەرینی من ناکات، من دەستەکانی دەلیسمەوە و بەتوندی ڕایان دەوەشێنم، کەچی ئەو وەڵامێکم ناداتەوە. هەوڵەکانم دووبارە کردەوە و ئەم جارە بە دەنگێکی بەرز وەڕیم، ئەو ژن و پیاوەی کە کاریان چاودێریکردنی مامۆستا و ماڵەکەی بوو، بەڕاکردن بەرەو ڕووم هاتن و لە ژوورەکە دەریان کردم. بەهەڵەداوان دابەزیم و بەرەو لای دایک و باوکم ڕۆیشتم، تا لەوانەوە بزانم چی ڕووی داوە. چاوەکانی دایکم پڕ بوون لە فرمێسک، باوکیشم بە ڕوخسارە ماندووەکەیدا دیار بوو کە چەند خەمباری مامۆستایە، هەرچەندە هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. داوایان لێ کردم گوێ شل بکەم، ئەوەیان بۆم گێڕایەوە کە دەربارەی مامۆستا و خانەوادەکەی زانیم.

باوکم - کە زۆربەی ساڵەکانی تەمەنی لەگەڵ مامۆستا بەسەر بردبوو - پێی وتم کە مامۆستا لەدوای لەدەستدانی ژنە گەنجەکەیەوە بەتەنیا دەژی، مامۆستا هێندە ژنەکەی خۆش دەویست کە خوێندنەکەی لە ئیسپانیا کردە قوربانی و بۆ مارەکردنی گەڕایەوە بۆ بەغدا. هەردووکیان بەئاسوودەیی دەژیان، دوای ساڵێک لە هاوسەرگیری کوڕێکیان بوو،

بەلام ژنەکە لەگەڵ سکی دووەمیدا باری تەندروستیی تێک چوو. تەنها دوو ڕۆژ دوای لەدایکبوونی کوڕی دووەم، هێز و خوێنی لەبەر بڕا و لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا. لەدوای ئەو، مامۆستا ژیانی تەنیایی هەڵدەبژێرێت و هیچ ئافرەتێکی تر ناکاتە هاوبەشی ژیانی، هەموو کاتی خۆی تەرخان دەکات بۆ پێگەیاندنی دوو کوڕەکەی. بەرهەڵستکار و چالاکوانێکی سیاسی بووە، چەند جارێک لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی تر، لە لێپرسینەوەیەکەوە بۆ دانەیەکی تر پەلکێشیان کردووە. دوای ئەمانە دەست لە هەموو شتێک هەڵدەگرێت و خۆی بۆ دوو کوڕەکەی تەرخان دەکات. ئینجا کە کوڕەکانی گەورە دەبن، لە ترسی ئەوەی لە جەنگەکانی کابرای "بە ناو سەرکردە"دا نەکوژرێن، مامۆستا کوڕەکانی دەربازی ئەورووپا دەکات، بۆ ئەوەی لەوێ بەئارامی بژین. ناوبەناو پارەیان بۆ دەنێرێت، بەو هیوایەی ولات گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا بێت و ڕۆژێک بێت بە دیداری کوڕەکانی شاد بێتەوە. بەلام هەموو هیواکانی دەبنە سەراب کە بە چاوی خۆی دەبینێت کابرای "بە ناو سەرکردە" تا دێت زیاتر بە کورسییەکەیەوە دەنووسێت و دەست هەڵناگرێت لە تێوەگلاندنی ولات لە جەنگ و ماڵوێرانیی قێزەونتر و دژوارتر لەوانەی جاران. مامۆستا خۆشحاڵە کە کوڕەکانی تەندروست و ڕاحەتن دوور لە کوشتارگەکانی کابرای بە ناو "سەرکردە،" بەلام زۆر بیری هەردووکیان و دایکی جوانەمەرگیان دەکات. تۆزێک حاڵی باش دەبێت، چەند ڕۆژێک و بگرە چەند هەفتەیەک نەخۆش دەکەوێتەوە. ئیتر ئەمە حاڵی مامۆستایە لەوەتەی باوکم دەیناسێت. دوای ئەمەش دەبێ هەمووان

چاوەڕوانی هەڵسانەوەی بکەن.

ڕۆژەکان بەهێواشی تێپەڕین و مامۆستا هەر لەسەر جێگا کەوتبوو. منیش چیتر نەمدەوێرا بچمە ژوورەوە، چونکە ژن و پیاوەکەی باکوور پاسەوانی ماڵەکە بوون. بەڵام شەوان بەبێ ئەوەی کەس پێی بزانێت، بەدزییەوە لە سەرینەکەی مامۆستا نزیک دەبوومەوە و یەکێک لەو کتێبانەی نێو کتێبخانەکەم لای سەریەوە دادەنا کە بەدڵی ئەو بوون و چەند جارێک پێکەوە خوێندبوومانەوە.

ڕۆژەکانم هیچ سەرەتا و کۆتاییەکیان نەبوو، جگە لە چاوەڕوانیی هەواڵی چاکبوونەوەی مامۆستا.

هیچ بێئومێد نەبووم لە بینینەوەی مامۆستا کە لە جێگەکەیەوە هاوار بکات. گوێم لە خشە و چرپە و گەڕانی بێت بەنێو ماڵ و باخچەکەدا. بێئومێد نەبووم تا ئەو کاتەی گوێم لە دەنگی بوو لەپشتی کولبەکەوە بەدوامدا دەگەڕا. هەردوو باڵی کردبووەوە بۆ ئەوەی لەئامێزم بگرێت. ڕستەیەکی دەوتەوە کە لەوە خۆشتر و ڕاستگۆیانەترم نەبیستبوو. "ئاااهـ ئەوە لەکوێی لێدەر، زۆر بیرم دەکردی هاوڕێکەم!"

# ئەوەی بە چەند مانگێک فێری بووم، بە چەند ساڵێک لەبیری ناکەم!

ڕۆژانی دوای چاکبوونەوەی مامۆستا - وا بزانم چەند هەفتەیەکی خایاند - تا دەهات هاوڕێیەتیم لەگەڵ مامۆستا گەرمتر دەبوو.

هەر دەرفەتێکمان بۆ بڕەخسایە چەندین ڕۆژ دوور دەکەوتینەوە، شارەکانی وڵاتمان لە باکوورەوە بۆ باشوور تەی دەکرد. یاوەریی مامۆستای هۆگر بە شوێنەوارەکانم دەکرد، هەر لە بابل و عەکرکوفەوە تا پایتەختەکەی ئاشوور، هەتا بست بە بستی ئوورمان تەی نەکردایە نەدەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. لە ماوەی مانگەکانی داهاتوودا لەم هەرێم بۆ ئەو هەرێم دەچووین، بە گوندە خاپوورەکانی باکوور، باشوور و ناوەڕاستدا گوزەرمان دەکرد. تەنها بۆ ئەوەی شوێنەوارێکم پیشان بدات بەڵگەی مەزنایەتیی ئەم خاکە بێت کە پێی دەوت "میزۆپۆتامیا." لە بەردەم هەموو دیمەنێکدا سینگی دەکوتا

و دەیوت، "واای چەند ناوازەیە... ئێمەش چەند بیفەڕین کە بایەخێکی ڕاستەقینەی پێ نادەین." ئینجا سەری هەڵدەبڕی و بەوردی چاوی دەبڕییە خاڵێکی دوور کە نە دەبینرا، نە درکی پێ دەکرا: "لیدەر... هەر بستە خاکێکی ژێر پێمان هەزاران شوێنەواری تێدایە، بەلام سوودی چیە لەگەڵ مرۆڤێکدا کە نرخی نازانێت."

ئەو بەشانازییەوە باسی هەموو شوێنەوارەکانی بۆم دەکرد، کۆشکە دوورەدەست و دێرینەکان، پەیکەری ئالتوونیی خواوەند و پاشا و شاژنەکان، ماڵە خشتینەکان کە بە ماڵی ئەدەب ناسراون، شورای بڵندی شانشینە کۆنەکان. زۆر لە بەردەم شوێنەوارەکەی ئاشوور وەستاین، هەرچییەکی دەیزانی دەربارەی پاشماوەی ماڵەکانی ئادابا بۆی باس کردم، کە لە ڕۆژگاری خۆیدا گەورەترین کتێبخانە بووە لە جیهاندا. لەگەڵ ئەو، هەفتەیەکم لە باشوور بەسەر برد، خستمیە سەر بەلەمێکی بەرز و تا دوورترین خاڵی زۆنگاوە بەرینەکانی بردم، لەوێدا وەستا و ئاماژەی بۆ خاڵێکی نادیار کرد: "ئەوە سەرزەمینی سۆمەرییەکانە، لەم شوێنەوە جیهانیان فێری نووسین کردووە." لەگەڵ وتنەوەی ئەو ڕستەیەدا تێبینیی خەندەیەکی ناوازە و بێوێنەم کرد لە ڕوخساریدا.

وەک هەموو فێرخوازێک تامەزرۆی زانینی زیاتر بووم، مامۆستاش بە بینینی ئەو خۆشحالی و بایەخە زۆرەی من، زانیاریی زیاتری دەربارەی خاکی عێراق دەدا بە گوێمدا. دیارە زۆنگاوەکانی نوورمان جێ نەهێشت بەبێ ڕاوکردن (خولیا گەورەکەی مامۆستا). ئەم جارە - وەک مامۆستا پێی وتم - شێوازی ڕاوکردنی مرۆڤە دێرینەکانی ئەو ناوچەیەمان

و دەیوت، "واااى چەند ناوازەیە... ئێمەش چەند بێفەڕین کە بایەخێکی ڕاستەقینەی پێ نادەین." ئینجا سەری هەڵدەبڕی و بەوردی چاوی دەبڕییە خاڵێکی دوور کە نە دەبینرا، نە درکی پێ دەکرا: "لیدەر... هەر بستە خاکێکی ژێر پێمان هەزاران شوێنەواری تێدایە، بەڵام سوودی چییە لەگەڵ مرۆڤێکدا کە نرخی نازانێت."

ئەو بەشانازییەوە باسی هەموو شوێنەوارەکانی بۆم دەکرد، کۆشکە دوورەدەست و دێرینەکان، پەیکەری ئالتوونیی خواوەند و پاشا و شاژنەکان، ماڵە خشتینەکان کە بە ماڵی ئەدەب ناسراون، شورای بڵندی شانشینە کۆنەکان. زۆر لە بەردەم شوێنەوارەکەی ئاشوور وەستاین، هەرچییەکی دەیزانی دەربارەی پاشماوەی ماڵەکانی ئادابا بۆی باس کردم، کە لە ڕۆژگاری خۆیدا گەورەترین کتێبخانە بووە لە جیهاندا. لەگەڵ ئەو، هەفتەیەکم لە ئاشوور بەسەر برد، خستمیە سەر بەلەمێکی بەرز و تا دوورترین خاڵی زۆنگاوە بەرینەکانی بردم، لەوێدا وەستا و ئاماژەی بۆ خاڵێکی ئادیار کرد: "ئەوە سەرزەمینی سۆمەرییەکانە، لەم شوێنەوە جیهانیان فێری نووسین کردووە." لەگەڵ وتنەوەی ئەو ڕستەیەدا تێبینیی خەندەیەکی ناوازە و بێوێنەم کرد لە ڕوخساریدا.

وەک هەموو فێرخوازێک تامەزرۆی زانینی زیاتر بووم، مامۆستاش بە بینینی ئەو خۆشحاڵی و بایەخە زۆرەی من، زانیاریی زیاتری دەربارەی خاکی عێراق دەدا بە گوێمدا. دیارە زۆنگاوەکانی ئوورمان جێ نەهێشت بەبێ ڕاوکردن (خولیا گەورەکەی مامۆستا). ئەم جارە - وەک مامۆستا پێی وتم - شێوازی ڕاوکردنی مرۆڤە دێرینەکانی ئەو ناوچەیەمان

ئەزموون کرد، (مریشکی ئاوی)مان ڕاوکرد. کە باڵندەی بێرکابەری زۆنگاوەکانە و هاوتای لە جیهاندا نییە، بەلام لە قاز دەچێت. زۆرترین مریشکی ئاوی لەنێو قامیشەلان و جەنگەلی زۆنگاوەکاندا دەژین. بەدوای ئەو مریشکە فڕیوانەدا ئەمسەر و ئەوسەرم دەکرد، لەو تەنکاوەدا ڕام دەکرد. هەستم دەکرد منیش سەگێکی سەلوقیم و هیچم کەم نییە لەو سەگانەی پێش هەزاران ساڵ ئەم خاکەیان تەی کردووە، نێو ماڵ و جەنگەلەکان گەڕاون و ڕاوە باڵندەیان کردووە، گیانداری خەتووی نێو لانە و پەناگەکانیان ڕاچلەکاندووە.

کاتەکانی دیکەش کە حەزمان نەدەکرد گەشتی دوور بکەین، مامۆستا لەگەڵ خۆیدا دەیبردم بۆ نزیکترین پیشانگای هونەری، یان کۆڕی شیعری، سەیرکردنی فیلم یاخود شانۆییەک. بەلام زۆر چێژمان لە بەسەرکردنەوەی مۆزەخانەی نیشتمانی وەردەگرت کە هەمیشە چۆڵ بوو، بەدەگمەن خەلکێکی وەک ئێمە سەردانیان دەکرد، دەتوانم بلێم دەرگاکانی تەنها بۆ ئێمە دەکرانەوە. بۆ یەکەم جار لەوێ پارچەیەک قوڕی سوورەوەکراوم بینی، کە یەکەم نووسین و نووسراوەکانی جیهانی لەسەر بوو. مامۆستا پێی وتم ئەمە خەتی بزمارییە، لێرەشەوە نهێنیی ئەو ملوانکەیەم بۆ ڕوون بووەوە کە مامۆستا پێشکەشی کردبووم، کە هیچ نەبوو جگە لە هەندێک پیت و هێمای بزماری. لە گۆشەیەکی مۆزەخانەکەدا لە بەری خۆرئاواوە، لەسەر دیواربەندێکی بەردینی ئاوازە، وێنەی باوانی دێرینی خۆمم بینی! لە چاوی باپیرانمەوە وێنەی خۆمم بینی، وێنەیەک کە شاهیدی کاروانی هەزاران سالەمانە لەگەل خەلکی ئەم خاکەدا.

لە شەوانی درێژ و گەرمی هاویندا، تا باخچەکەی نزیک دیجلە دەچووین بۆ ئەوەی شنەبا سووکەکەی فێنکمان بکاتەوە، مامۆستا دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی چەند بەشێک لە کتێبی نووسەرە ئینگلیز و هندی و فەرەنسی و فارسی و عەرەبی و ئیسپانییەکان، جگە لە چەند چیرۆکێکی بژاردە لەسەر گیانداران کە لە *کلیلە* و دمنە و شوێنی تردا باس کراون. بەڵام من هەموو جارێک پێداگریم دەکرد لەسەر بیستنی چیرۆکی دوو سەگەکەی تیرڤانتیس، رینکۆنیتە و کۆرتادیۆ و سەرکێشییەکانیان. تا دەهات زیاتر تامەزرۆ دەبووم بۆ بیستنی زیاتر دەربارەی ئەو دوو سەگە هاوکووفەم، کە سەرگوزشتەی سەرکێشیی خۆیان دەگێڕنەوە، زۆر جار خەونم بەوەوە دەبینی وەک ئەوان بژیم. یان لانی کەم ڕۆژێک لە ڕۆژان مێژوویەک تۆمار بکەم کە سەگەکانی پاش خۆم و مرۆڤەکانی هەموو جیهان بیخوێننەوە.

چەندین جار پرسیارم دەربارەی ڕەچەڵەکی خۆمان دەکرد، مامۆستا بە جۆرێک وەڵامی دەدامەوە کە تینوێتیی دەشکاندم، بەڵام ڕۆژی دواتر بە خواست و داوای گەورەترەوە دەچوومەوە بەردەمی. زۆر شتی ئینگلیزی و ئیسپانیی لێوە فێر بووم، هەموو شەوێک ڕێگەی دەدام هەر کتێبێکی شیعری دەر بێنم، ئینجا بە دەنگە کز و کەساسەکەی خۆی چەند دێڕێکی بۆم دەخوێندەوە، لەگەڵیدا دەیبردم بۆ جیهانێک کە پێشتر نەمدیبوو: خەیاڵ دەیبردمە نێو بیابان، ئەو ڕووبارە درێژانەی کە ناوڕێژگەیان نییە، بۆ لای کۆچەرییەکان، دانیشتووانی بەستەڵەک، مرۆڤی نێو دارستان و جەنگەڵ و ئەشکەوت و دەریا قووڵە دوورەکان، کە دوای چەندین مانگ

ڕاکردنی بێ وەستان، ئینجا دەگەیتە لایان.

شەوێک سەرگەرمی خوێندنەوەی چەند بەشێکی کتێبی دۆن کیشۆت بووین، کە ئەو زۆر شەیدای بوو، مامۆستا بە جۆرێک وەستا وام زانی وەستانی هەمیشەییەتی، ئینجا هاتە گۆ.

"ئەری لیدەر تۆ دەزانیت من بۆچی گەڕامەوە بۆ عێراق؟ بۆچی ئەو ئیسپانیا خۆشەم جێ هێشت؟ لەوانەیە بڵێی لەبەر خۆشەویستی، بەڵێ لەبەر خۆشەویستی و... شتی تریش. زۆر وڵات و شوێنی سەرنجڕاکێشم بینی، خەڵکم ناسی و شتی ئەوتۆم ئەزموون کرد کە بەرەو فەنابوون دەیبردم. ئێستاش پەڵەی هەندێکیان بەسەر لاشەمەوە ماوە. لەو هەموو گەشتە درێژەی ژیان، هەندێک جار ئامانجەکەم دەپێکا و هەندێک جاریش دووچاری شکستی قورس دەبووم. لەو ئەزموونانەوە تێگەیشتم ئێمە لەوە زیاترمان دەست ناکەوێت کە لەم ژیانەدا بۆمان تەرخان کراوە! جا هەن بەمە دەڵێن قەدەر، یان چارەنووس، بەڵام ناوی لێ دەنێم ڕێگا، ڕێگایەک کە خۆمان دیاریی دەکەین و دەیگرینە بەر... با بزانی هەریەکێک لە ئێمە لە ڕۆژی بوونەوە تا مردن یەک ڕێگامان هەیە، ئیتر پێمان خۆش بێت یان نا، بەتەنیا بێت یان لەگەڵ کەسانی دیکە، هەر ئەو ڕێگایە دەبڕین. ئینجا سەرەڕای ئەوەش دەبێت مەمنوونی ئەم ژیانە بین، چونکە بەختەوەرین کە خاوەنی ئەم دیارییە دەگمەنەین. ژیان دیارییە!"

هەموو ڕۆژەکانی دیکەی ژیانم دوای دەربەدەری و دابرانم لەو ماڵە، زۆر شوێنی سەر زەوی گەڕام. بۆ تەنها جارێکیش ئەو ئامۆژگارییەی مامۆستام لەبیر نەکرد، ئیتر

بەو شێوەیە پێشوازیم لە ڕۆژەکان دەکرد کە هەبوون، تەنها ئامێزم دەکردەوە و چاوەڕوانی هەنگاوەکانی داهاتووم دەکرد، هەنگاوەکانی ڕێگا تایبەتەکەی خۆم. ئەو ڕێگایەی کە تەنها بۆ من دیاری کرابوو... بۆ نموونە، ئەوەتا ئێستا دێڕە شیعرەکانی ئەو شاعیرەم بیر دەکەوێتەوە کە ناوی ماچادۆیە، دیمەنی مامۆستام دێتەوە پێشچاو کە لە خۆشیاندا سەر با دەدا:

"ڕێگاکە؟... بە هەنگاوەکانی خۆمان ڕێگاکە دەبڕین."

ڕۆژێکیان دوای گەڕانەوەمان لە ڕاووشکار، بینیمان چەند ماشێنێک دەروازەی خانووەکەیان گرتووە.

مامۆستا دابەزی و منیش بەدوایدا ڕۆیشتم، چەند پیاوێک هاتنە بەردەممان کە جلەکانیان هاوشێوەی یەکتر (هاوپۆش) بوو، نە سەربازی بوو، نە مەدەنی، پیاوێکی ڕەزاگران بوون! بە زمانی فەرمانکردن دەدوان. گوێم لێ بوو فەرماندەکەیان بە مامۆستای وت،

-"لەبەر پێویستیی ئەمنی، دەوڵەت بڕیاری داوە دەست بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکەی کەناری ڕووبارەکەدا بگرێت. بۆیە لەسەرتە لە بەیانییەوە ئەوانە دەر بکەیت کە لات کار دەکەن، کەلوپەلەکانیش بگوازەرەوە بۆ ماڵەوە، ئیتر یەکەی تایبەتی پاسەوانی لە باخەکەدا جێگیر دەبن. بواری خۆدزینەوەت نییە. گەر خۆت بە خاوەنماف دەزانیت، بڕۆ لە دادگا داوای بکە. بۆت هەیە تا کاتێکی نادیار، بە شێوەیەکی کاتی لە ماڵەکەتدا بمێنیتەوە، تەنها ماڵەکەت! هەر کەسیش دێتە ماڵت ناوی تۆمار دەکرێت، دەبێت زۆر بەئاگا بیت"

هێندەی نەمابوو کەلبەم لە قوڕگی کابرای قسەکەر گیر

بکەم، بەڵام چاوم لە ئاماژەی دەستەکانی مامۆستا بوو، باوکیشم فریا کەوت و هەتا لای کولبەکە بردمی، فەرمانی کرد کە جووڵە نەکەم.

پیاوە هاوپۆشەکان نووسراوی فەرمانەکەیان دایە دەستی مامۆستا و بە خۆیان و ماشینەکانەوە گەڕانەوە. هەر کە ئەوان ڕۆیشتن، مامۆستا چووە ماڵەوە و پاش کەمێک بە خۆی و پێکەکەیەوە هاتە دەرەوە و لە ناوەڕاستی باخچەکەدا دانیشت، بەدەم جگەرەکێشانەوە چاوی بڕییە باخچە کپەکەی - کە تا ئەو ڕۆژەش موڵکی خۆی بوو - دوای ئەوەی نووسراوەکەی دەر کرد، لووولی کرد و فڕێی دایە سەر زەوییەکە، ئینجا خستیە ژێر پێیەکانی.

لەو کاتەدا نەمدەزانی چۆن ڕەفتار بکەم، بۆیە لەتەنیشت باوک و دایکمەوە پاڵ کەوتبووم. هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە ئیتر ئێمە و مامۆستا چیمان بەسەر دێت؟ باوکم کە چووبووە نێو تەمەنەوە، خۆی بەسەر پشتمدا دابوو، لە ڕوخسارە ماندووەکەیدا خەمی کەسێکم دەخوێندەوە کە زۆر ژیاوە و لەگەڵ نەهامەتیی وادا ڕاهاتووە، وەک ئەوە وایە کە وێنەیەکی دووبارەی جاران ببینێتەوە.

## ئەوەی دەربارەی ماڵی مامۆستا زانیم، ئەوەی لەگەڵ کابرای "بە ناو سەرکردە" بەسەریان هات

تا چەند هەفتەیەکیش دوای ڕۆیشتنی پیاوەکانی ئەو شەوە، بۆ هیچ پیاسە و گەشتێکی ڕاوکردن نەچووینە دەرەوە. زۆربەی کات لە هۆڵەکەدا دەمامەوە و چاودێریی مامۆستام دەکرد. هەر سەرگەرمی نووسین بوو لە دەفتەرێک، یان چەند دەفتەرێکی بچووکدا. دوای پڕکردنەوەیان دەیکردنە نێو دۆلابێکی بچووکەوە، ئینجا دۆلابەکەی بە کلیلێک دادەخست، کلیلەکە بەردەوام لای خۆی بوو. تێگەیشتم کە بڕیاری داوە یادداشتەکانی بنووسێتەوە بۆ ئەوەی پاش ڕزگاربوون لەدەستی کابرای "بە ناو سەرکردە،" خەڵک سوودی لێ وەر بگرێت.

بەوپەڕی دڵتەنگییەوە خواحافیزیی لەو خێزانە کرد کە

لە مەزراکەیدا دەژیان. هیچ شتێکی لەدەست نەدەهات، ناچار بوو ملکەچی فەرمانە نارۆشنەکانی حکومەت بێت. لەگەڵ بەڕێکردنی خێزانە داماوەکەدا هەوڵی دەدا ورەیان بەرز بکاتەوە. ئاگام لێ بوو بڕێک پارەی زیادەی پێدان بۆ ئەوەی لەو سەرگەردانییەدا خۆیانی پێ بژێنن. چاوم لێ بوو باوکەکەی بردە ئەو لاوە و پارچەکاغەزێکی خستە گیرفانییەوە، کە ناوونیشانی هاوڕێیەکی خۆی تێدا نووسیبوو لە باکوور، لەگەڵ چەند وشەیەک لە دوو توێی نامەیەکی کورتدا کە تیایدا تکای لە هاوڕێکەی کردبوو چاوێکی لەم خێزانە ئەدارە بێت.

هەلبەت مامۆستا لەگەڵ ئەم جۆرە کردەوانەدا ڕاهاتبوو. باوکم بەسەرهاتێکی هێندە سەرنجڕاکێشی بۆم گێڕایەوە کە پێشتر نەمبیستووە.

ئەوەم لە باوکم بیست کە پشت و باوانی مامۆستا لە ناودارانی بەغدان، زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەناری دیجلە لەمسەر تا ئەوسەر موڵکی ئەوان بووە. بەڵام وردەوردە حکومەت ئەو زەوییانەی لێیان سەندووەتەوە، بیانووەکانیش هیچ نەبوون جگە لە "پێویستیی ئەمنی،" کە بیانوویەکی ترسناکە و بۆ هەموو کارێک پشتی پێ دەبەستن. خانەوادەی مامۆستا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر خۆیان بەبێ موڵک دەبینی و زەوییەکانیان لەدەست دەدا، بەبێ ئەوەی هیچ قەرەبوویەک لەو حکومەتە وەر بگرن کە باپیی ئەوەش خۆی ماندوو نەدەکرد ئەو ڕەفتارەی خۆی ڕوون بکاتەوە.

دەبوو مل بدەن و هیچ نارەزاییەک دەر نەبڕن، لە کاتێکدا چاویان لێ بوو خێزانی کابرای "بە ناو سەرکردە" و

بنەماڵەکەی و هاوڕێ و خزمەکانی دەست بەسەر زەوییەکانی ئەماندا دەگرن و بۆ خۆیان کۆشک و تەلاری گەشتیاریی لەسەر دروست دەکەن. لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا خانەوادەی مامۆستا تەواوی موڵکەکانی لەدەست دا، هیچیان بۆ نەمایەوە جگە لەم ماڵ و مەزرایەی کە ئێستا مامۆستای تێدا نیشتەجێیە.

ئەو بە ناو سەرکردەیە و دەستوپێوەندەکەی دەستیان گرت بەسەر هەموو زەوییەکانی نزیک دیجلەدا، هەموو جارێکیش پاساوەکەیان "پێویستیی ئەمنی" بوو. ساڵ لەدوای ساڵ دەمبینی هەر وا کۆشکە و دروست دەکرێت، ڕووبارەکەش تا دێت بەرتەسک دەبێتەوە. نەیانهێشت کەس لە دەوروبەری ڕووبارەکە بمێنێتەوە. هەڕەشەیان لە خەڵکی ناوچەکە دەکرد، زەوی و موڵکەکانیان دەخستە سەر ناوی کەسایەتییەکانی تر، خانووە بەغدادییە دێرینەکانیان دەڕووخاند و لە جێیان کۆشکە نابووتەکانیان دروست دەکرد. خەڵک بە جلی بەریانەوە هەڵدەهاتن، کۆشکەکانیش تا دەهات زیاتر دەبوون، کە پارچەزەوی نەما، ئیتر بەربوونە گیانی ڕووبارەکە، بە شارەزووی خۆیان بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێتەوە لە ڕووبارەکەیان دادەبڕی و بەرتەسکیان دەکردەوە. ئیتر وای لێ هات خەڵکی شار حەسرەتیان بۆ پیاسەیەکی کەناری ڕووبارەکە هەڵدەکێشا، کە شارەکەی کردبووە دوو بەشەوە. سەرباری هەموو ئەوانەش، ماڵی مامۆستا یەکێک بوو لە ماڵە خۆشبەختەکان، چونکە هێشتا خانوویەکیان هەبوو کە هەرچەندە ڕاستەوخۆ لەسەر کەناری دیجلە نەبوو، بەڵام لە کۆشەی پشتەوە ڕێڕەوێکی هەبوو کە دەچووەوە سەر

ڕووبارەکە.

بەو هۆیەوە براکانی مامۆستا پەرتەوازە بوون، باوکیشی بە مەراقی برا بچووکەکەیەوە سەری نایەوە، کە لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا کوژرا، بەلام خۆیان دڵنیا بوون کە حکومەت دەستی لە ڕووداوەکەدا هەبووە. کەس نەمایەوە جگە لە مامۆستا، کە بەخۆڕاگری ڕووبەڕوویان وەستایەوە. باوکم بیستبووی و منیش دوای چەند سالێک ماتەوە بەرگوێم: ئامانجی حکومەت ئەوە بووە کە ناچاریان بکەن وەک خەلکەکە دەست لە زەوییەکانیان هەلبگرن و هەلبێن، بەلام مامۆستا لە دلەوە پێیان پێدەکەنی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر پەیوەستی مانەوە دەبوو لە بەغدا، تەنانەت گەر هەموو مالەکەشی تالان بکەن. بەردەوام گوێم لێ بوو دەیوت، من لێرە دانیشتووم و هەرگیز لە جێی خۆم ناجوولێم، هەردوو بالم دەبرم بۆ "پاراستنی هێلانەی بالندە کوچەرییەکان."

مامۆستا هەمیشە چاوی لە ئاسۆ بوو، دلنیا بوو کە ڕۆژی ڕزگاربوون نزیکە و دادپەروەری بەڕێوەیە. دەستبەجێ دۆن کیشۆتەی هاوڕێمانم بیر دەکەوتەوە کە بەردەوام سەرکێشییە درێژخایەنەکانی تا کۆتایی بۆم دەخوێندەوە، دۆن کیشۆتە گوێ بەوە نادات باجی کولنەدان و سەرکێشییەکانی چەند قورسن. من نەمدیبوو مامۆستا خۆی بە بالەکانی ئاسیاودا هەلواسێت، لە ژوورە دلڕفێنەکانی خەوتنیشدا نەمدیبوو. بەلام هەموو جارێک لە چاوەکانیدا پزیسکێکم بەدی دەکرد هاوشێوەی ئەوەی کە لە چاوەکانی دۆن کیشۆتەدا دەبریسکێتەوە کاتێک دەکەوێتە ململانێیەکی نوێ و ئامانجێکی هەیە کە جگە لە خۆی کەس باوەڕی

پێی نییە. لە هەموو ساتەکانی تەنیاییی دووقوڵیماندا دەمبینی تەواو هۆگری بەدیهێنانی ئامانجی خۆیەتی، بەبێ ئەوەی کەس دڵساردی بکاتەوە. ڕێک وەک سوارچاکێکی دڵساف و دڵتەنگ دەیبینم، سوارچاکێکی سەدەکانی ناوەڕاست کە تیری خستووەتە کەوان و ئەسپەکەی زین کردووە، بانگی بێچووە شەڕانگێزەکانی "بە ناو سەرکردە" دەکات لە کونەکانیان دەر بچن و ڕووبەڕووی ببنەوە. ئەو کاتانەی پێکەوە دەبووین، لە گەرمەی کار و بڕیار و نووسین و... ئەو بەسەرهاتانەی کە بۆی دەگێڕامەوە و... بۆ بەدیهێنانی خەونی گۆڕانکاری لەم وڵاتە، وەک ئەو فریادڕەسە دەهاتە بەرچاوم کە دەست لە بەدیهێنانی دادپەروەری هەڵناگرێت، تەنانەت گەر کاتیشی بەسەر چووبێت.

جیا لەوەش لە دەرەوەی ماڵ، هەر بەردەوام بووین لەسەر تاکە شێوازی سەرگەرمیمان.

تا دەهات لە جاران باشتر ڕادەهاتم و ئەزموونم پەیدا دەکرد لە ڕاوانی کەرویشک و گرتنی پۆڕەکاندا. مامۆستا بەمە دڵخۆش دەبوو، پێی دەوتم کە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەسەر باوکە سەلوقییەکەمدا سەر دەکەوم. باوکم دوایی بوو، دەردی پیری و نەخۆشی خستبوویە سەر جێگا. هەر کە گوێی لە مامۆستا دەبوو، ستاییشی تواناکانمی دەکرد، یەکسەر پیرۆزباییی لێ دەکردم. هەموو جار دەمبینی باوکم لەنێو کولیبەکەدا لەتەنیشت دایکمەوە ڕاکشاوە، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر هەستم دەکرد ڕەنگ و خووی ئەو دەگرم. سەرباری پیری و کەربوونی، هێشتا مەزنایەتیی ئەو سەلوقییەی جارانی تێدا مابوو. شکۆدار و باریکەلە. کەللەیەکی ورد و بچووک، بازدانی ڕێک کە نیشانەی

سووکوسۆڵی و کاردانەوەی خێرایەتی لەگەڵ ڕووداوەکان، بە جۆرێک کە لە باسکردن نایەت، هەرچەندە پێیەکانی ئەو هێز و تینەی سەردەمی لاوێتییان نەماوە. سەری ڕێک و وردم، لووتە قاوەیییەکەم، کەڵبە تیژەکانم کە توانای ئەوەیان هەیە بە یەک جار بەرد بهاڕن، هەموو ئەمانەم لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە. لە دایکیشمەوە درەوشانەوەی چاوەکانم و ئەو سۆز و خەمناکییەم بۆ ماوەتەوە کە لە هەموو چرکەساتێکی بیرکردنەوە و تەنیاییدا هاودەمی بوون. ڕێک ئاوها بوو... ڕاوچییەکانی تر کە دەیانبینی ڕوخسارم سەرتاپا خەمگینییە، باوەڕیان نەدەکرد توانای ڕاوکردنم هەبێت، بەڵام مامۆستا پێیان پێدەکەنی کە دەیبینی دەکەوتمە پێش سەگە لاوازەکانی ئەوان و بەبێ ئەوەی خۆم زۆر ماندوو بکەم، زۆرترین باڵندەی پوڕ و کەرویشک دەبەمەوە، کە لە بەرپێمدا وشک دەبوون. تەنانەت جارێکیان مامۆستا بەری دامە گیان پۆلێک باڵندەی پوڕ، کەچی لەباتیی پوڕ، بە یەک بەرازە کێوییی گەورەوە گەڕامەوە، وەک مامۆستا و هاوڕێکانی وتیان بەرازەکە هێندەی گایەک دەبوو... ئەمە بوو بە چیرۆکێک کە مامۆستا هەرگیز لە گێڕانەوەی بێزار نەدەبوو. چیرۆکێک کە مامۆستای دڵخۆش دەکرد و بۆ هەرکەسێکی باس بکردایە شانازیی بە تواناکانمەوە دەکرد، جار لەدوای جار ترشوخوێی زیاتری چیرۆکەکەی دەکرد. جارێکیان گوێم لێ بوو ئەمەی وت، تەواو سەرسام بووم بە ڕەوانبێژی و باسکردنی شەڕەکەم لەگەڵ بەرازە کێوییەکەدا، باوەڕی تەواوم بە گێڕانەوەکەی کرد کە ڕێک هاوتای خەیاڵی خۆم بوو... گوێم لێ بوو وتی:

"بەرەلای دوای پۆلیک باڵندەی پۆرم کرد، دڵنیا بووم کە بە چاوتروکانێک لەپێش هەموو سەگەکانی ترەوە دەگەڕێتەوە، چونکە لێم ڕادەبینی. کات تێپەڕی و گوێم لە وەڕینی نەبوو لە دوورەوە، دوور و نزیکیش دەر نەکەوت. سەعات و زیاتری پێچوو، هەموو سەگە خوێنییەکان گەڕانەوە و ئەو هەر دیار نەبوو! ئەوە خستمیە دڵەڕاوکێ. فیکەم بۆی لێدەدا و بە دەنگی بەرز بانگم دەکرد، سوودی نەبوو. لە شوێنی خۆم هەر چاوەڕوانی بووم، هەم دڵتەنگ، هەم تووڕە بە هۆی تانە و گاڵتەکردنی هاوڕێکانم بە خۆم و لیدەر. ئەوان چوونەوە بۆ لای ماشینەکانیان و وتیان لەوێ چاوەڕوانت دەکەین و پێکەوە دەڕۆینەوە. سوور بووم لەسەر ئەوەی کە لە شوێنی خۆم نەجوولێم تا لیدەر دەگەڕێتەوە. دڵنیا بووم شتێکی بەسەر هاتووە، بۆیە خۆم نەگرت و چوومە نێو جەنگەڵەکەوە، زۆر بەدوایدا گەڕام، لەوە دەترسام شتێکی خراپی بەسەر هاتبێت. هیچ ئاگام لە خۆم نەبوو، تەنانەت لەوەش نەترسام بە فیشەکی ڕاوچییانی دیکە بپێکرێم، هەموو خەمێکم ئەوە بوو کە بزانم لیدەر چیی لێ هاتووە... دوای زیاتر لە نیوسەعات مانەوە لەنێو جەنگەڵەکەدا، دەنگێکی نزم هاتە بەرگوێم لە شێوەی هەسکە و وەڕین. لە شوێنی خۆم وەستام و بە چواردەوری خۆمدا چاوم گێڕا تا بزانم ئەو دەنگانە لەکوێوە دێن... لیدەرم بینی... ئەو دەیزانی من لەوێم، بەڵام لە شوێنی خۆی نەدەجوولا و وریا بوو، پێشتر بەو جۆرە نەمدیبوو. ویستم بانگی بکەم، بەڵام بەبێ هیچ کاردانەوەیەک سەیری دەکردم! تۆزێک جووڵام و زیاتر لێی نزیک بوومەوە بۆ ئەوەی باشتر ببینم کە چی ڕوو دەدات، هیچ لە جووڵەکانی

لیدەر تێی نەگەیشتم... تەنها بە یەک چرکە تفەنگەکەم ئامادە کرد، کەمێک سەرم هەڵبڕی و تەواو هەستامە سەرپێ... ڕێک لەو کاتەدا ئەو بەرازە نابووتەم بینی... بەرازێکی کێوی، هێندەی گایەک کە لە بێشەکەی دەر چووە و بەرەو لای من دێت... لەبەر ئەوەی من پێشتر بەرازەکەم نەدیبوو، هەستم نەکردبوو کە لەوێدایە و بەو خێراییە بەرەو ڕووم دێت، بۆیە ئامادەی تەقەکردن و هیچ شتێکی تر نەبووم. چاوەڕێم کرد بزانم چی ڕوو دەدات، وەک ئەوەی پێشبینیی کۆتاییەکی تر بکەم کە پەیوەندیی بە منەوە نەبێت... لەو کاتەدا هەستم کرد بەرازەکە بە نیازی پەلاماردانی منە، واتە کەوتمە بەر هەڕەشەی مەرگێکی حەتمی، بە کەڵبەی ئەو بەرازە کێوییە... سوپرایزەکە لەوێدا بوو... لیدەریش لەوێ بوو... نیشانی لێ گرتبوو، هەر کە بەرازەکە هەڵسایەوە و بەراکردن بەرەو لای من هات، لیدەر خۆی هەڵدایە سەر پشتی و دای بە زەویدا، هێندە بەقووڵی کەڵبەی لە گەرووی ملە ئەستوورەکەی گیر کرد، کە کردی بە دوو بەشەوە، هەتا من کەوتمە خۆم، چەند هەنگاوێک لەولامەوە کەلاکی بەرازە بۆر کەوتە سەر زەوی و لیدەریش لێی نەدەبووەوە، پێویستم بە تفەنگ و چەقۆ نەبوو بۆ لێکردنەوەی سەری بەرازەکە، چونکە بە هۆی کەڵبە تیژەکانی لیدەر، کە لە داربڕ دەچوون، سەری لە لاشەی بووەوە. کە بەو سەرکەوتنە مەزنەوە گەڕاینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە هاوڕێکانمان بە ماشینەوە چاوەڕێمان دەکەن، پۆزم لێدەدا و لە خۆشیاندا خەریک بوو باڵ بگرم، بە توانا خەیاڵییەکانی لیدەر بۆ ڕاوکردن، دەمی هەموانم داخست... هەر وەک بۆم دەر کەوت بە گیانم قەرزاری

چاپووکی و کارامەییی لیبدەرم."

چەندین هەفتە و مانگی دوای ئەوەش مامۆستا هەر ئەم چیرۆکەی دەگێڕایەوە، جار لەدوای جاریش ڕازاوەتری دەکرد. هەموو جارێک شتێکی زیاد دەکرد و شتێکی دەسڕییەوە، بەبێ ئەوەی کارێکی ئەوتۆ بکاتە سەر ناوەڕۆکەکەی، بگرە تەڕ و پاراوتری دەکرد. چەندین جار دەمبینی لە باخچەکەدا باوکمی بانگ دەکرد و بەوە دڵخۆشی دەکرد کە من ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لەو دەچم، تا ئەو ڕادەیەی لە باسکردن نایەت.

خۆشحاڵ بووم کە گوێم لێ دەبوو هەموو باسی ئەوەیان دەکرد من کارامە و لیهاتووم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵتەنگ بووم کە ئەو توانایەم هیچ سوودێکی نییە جگە لە ڕاوکردن، بۆ نموونە هیچ سوودێکم نییە بۆ بەرگریکردن لە مەزراکەی مامۆستا و بەگژداچوونەوەی ئەو شەڕانگێزانەی کە بە فەرمانی ئەو بە ناو سەرکردەیە کار دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بە کۆلێک هیوا و ترووسکاییی ئومێد دەکرد کاتێک ئەو هەواڵانەم دەبیست کە جارێک بەئاشکرا و جارێک بەنهێنی دەگەیشتنە مامۆستا دەربارەی نزیکبوونەوەی گۆڕانی بارودۆخی وڵات. جارێک گوێم لێ بوو کە لە ژوورەکەیدا بۆ میوانێکی قسەی دەکرد: "بەشەوقەوە چاوەڕوانی هاتنی ئەو ڕۆژەم کە دەزانم تاکە دەرفەتە بۆ گۆڕانکاری. بەڵام لەوەش دەترسم کە وڵات بکەوێتە شەڕێکی بێکۆتاییەوە."

ئەوسا نەمدەزانی "گۆڕانکاری" چییە و مەبەستی چییە لە "ترس لە وڵات." لەگەڵ ئەوەشدا پاڵم لێ دابووەوە و گوێم لێ بوو کە "ڕۆژی ڕزگاربوون نزیکە" و ڕۆژگاری ئەو بە ناو سەرکردەیەش بەرەو کۆتایی دەڕوات.

## بینینی پیاوە گرنگەکە و سەگەکەی کە ناوی جەبار بوو!

دوای تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕاوکردنی بەرازە کێوییەکەدا، من و مامۆستاکەم بووبووینە مایەی سەرسامیی هەموو لایەک. هەفتە نەبوو داوەتی مەزرایەکی تازە نەکرێین بۆ ڕاوکردن. هەموو لە دڵەوە بڕیاریان دابوو چێژ لە هەڵبڕینی کەرویشک و دەرکردنی بەراز لە بیشەڵانەکەی وەر بگرن، بە هیوای بینینەوەی دیمەنی بەهرەکانی من لە ڕاوکردندا. هەرچەندە مامۆستا بەوە خۆشحاڵ بوو کە هەموو لایەک بە شانوباڵی مندا هەڵدەدەن، بەڵام هیچ کاتێک ناچاری نەدەکردم بۆ چوونەدەرەوە. چەندین جار لەوپەڕی ئامادەباشیدا بووم کە چەند کاتژمێرێک خەریکی ڕاوکردنم بم. کەچی گوێم لێ بوو داوای لێبووردنی دەکرد و پێی باش بوو لە ماڵەوە بمێنمەوە، پێی دەوتن لێدەر بارگیر نییە و پێویستی بە حەسانەوەیە. بەچپە پێی دەوتم، "حەز ناکەم

بیتە پالەوانی گاڵتە و خۆشییەکانی ئەوان، بۆیە داواکەیان ڕەت دەکەمەوە. دەبێ ئەوان تێبگەن کە تۆ هاوڕێمی نەک تەنها سەگی ڕاوکردن."

لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی پێداگریی زۆریانەوە، ناچار بووین ناوبەناو بچینە ڕاووشکار.

ئێستاش تەواوی وردەکاریی دوایین گەشتم لەبیرە و بە هیچ شێوەیەک لەیادم ناچێت. چەندین جار هەوڵم داوە بەردێکی بخەمە سەر، یان نەگەڕێمەوە سەری و تەواوی وردەکارییەکانی لە مێشکمدا بسڕمەوە، بەڵام هەوڵەکانم بێهوودە بوون، هەمیشە لە جاران ڕوونتر سەر دەر دێنن و خۆیان دەنوێننەوە. لەبەر ئەوەی گەشتێکی یەکلاکەرەوەی چارەنووسی خۆم و مامۆستا و خانووەکەی بوو، تا ئێستاش کە بیری لێ دەکەمەوە سەرشێت دەبم، ڕق و تووڕەییی ناخم هێشتا پەنگی خواردووەتەوە، بە هۆی ئەوەی کە لەو گەشتە چارەنووسسازەدا بە چاوی خۆم بینیم.

بەرەبەیان، پێش خۆرهەڵاتن، بە ئاراستەی خۆرئاوای بەغدا لە ماڵ دەر چووین. ڕۆژی پێشوو کەسێک پەیوەندیی بە مامۆستاوە کرد و پێی وت کە یەکێک لە پیاوە گرنگەکانی دەوڵەت ناوبانگی منی بیستووە، بۆیە داوەتی کردووین سبەی لەلای ئەو بین. مامۆستا ویستی داوەتەکە ڕەت بکاتەوە، چونکە بەشداریی هیچ چالاکییەکی نەدەکرد کە پەیوەندیی بەو بە ناو سەرکردەیە و دەستوپێوەندەکەیەوە هەبێت. بەڵام دەنگی پیاوەکەی تر لە تەلەفۆنەکەوە وا دیار بوو بە شێوازی فەرمانکردن دەدوێت، بە مامۆستای وت وا باشە بەبێ دواکەوتن ئامادە بێت، بە پێچەوانەشەوە بابەتەکە

دەبێتە ململانێی و دوژمنایەتییەکی ئاشکرا، کە وەها کارێک بۆ ئەو باروودۆخەی مامۆستا باش نەبوو. بەبێ سێ و دوو، مامۆستا ڕازی بوو. ئەوە بوو چووینە مەزرای ئەو پیاوە گرنگەی کە لە سەرانسەری وڵاتەوە چەندین میوانی تری هاتبوو. وەرزی ڕاوکردنی پۆڕ و سوێسکە بوو. پیاوە گرنگەکە لەمێژ بوو باخەکەی چۆڵ کردبوو بۆ ئەوەی باڵندەکان زیاد بن و باخەکە بۆ ئەم ڕۆژە پڕ بکەن. سوپرایزێکی تر ئەوە بوو کە باخەکە پڕ بوو لە ئاسک! پیاوە گرنگەکە فەرمانی کرد کە وەک دیارییەک بۆ میوانەکان ڕاو بکرێن، هەرکەسیش زۆرترین ئاسک ڕاو بکات دەبێتە براوەی ئەو ڕۆژە.

بەرلەوەی بە ڕاونانی باڵندە پەڕاگەندەکان دەست پێ بکەین، پیاوە گرنگەکە نزیک بووەوە و بەخێرهاتنی هەمووانی کرد. کە گەیشتە لای ئێمە سڵاوێکی گەرمی کرد و ستایشی لێهاتوویی منی کرد، سوپاسی مامۆستای کرد کە ڕازی بووە ئامادەی ئەم بۆنەیە بێت.

"من تامەزۆرم بۆ بینینی سەگەکەت، زۆر باسی سەگەکەتیان بۆ کردووم، بەڵام ناوی چییە؟" (پیاوە گرنگەکە وای وت).

+ لیدەر. (مامۆستا وەڵامی دایەوە).

هاااهـ... تۆزێک وەستا. ئینجا دەستی کردەوە بە قسەکانی و وتی، ناوێکی بیانییە، ئەی ڕاستە تاکە سەگی بنەماڵەکەیەتی؟

+ بەڵێ، ڕاوکەرێکی باشە. (مامۆستا لەوە زیاتری نەوت).

زۆرم حەز لەم جۆرە سەگانەیە، هەمیشە بیرم لای ئەوەیە کە دانەیەکی وام هەبێت.

مامۆستا هیچ نەوت!

پیاوە گرنگەکە دەستی کردەوە بە قسەکردن و لە مامۆستای پرسی،

لەو باوەڕدای بەختەوەر دەبم و دەبمە خاوەن سەگێکی هاوشێوەی سەگەکەی تۆ؟

+ نا، باوەڕ ناکەم.

ئەو قسە وشکە لە دەمی مامۆستا دەر چوو! چاوم لی بوو میوانەکان بە ترس و شڵەژانەوە سەیری مامۆستایان دەکرد و چاوەڕێی پەرچەکرداری پیاوە گرنگەکە بوون. بەڵام پێش ئەوەی پیاوە گرنگەکە هیچ بکات، مامۆستا وتی،

+ تۆش سەگێکی نایابی ڕاوکردنت هەیە.

سەگی پیاوە گرنگەکە لە تەنیشتیەوە بوو، هەر لە یەکەم نیگاوە ناسیم، سەگێکی نایابی ئەڵمانی بوو، کەللەیەکی زلی هەبوو کە لەگەڵ ملی باریک و کەڵبە تیژ و زەقەکانی و دوو گوێچکە قوتەکەی یەکیان نەدەگرتەوە.

پیاوە گرنگەکە پێکەنی و وتی،

ئاهـ سەگەکەم، ناوی جەبارە.. سەگێکی ناوازەیە.. بەڵام باوەڕ ناکەم هێندەی سەگەکەی تۆ چاپوک و لێهاتوو بێت.

+ نا، باوەڕ ناکەم. (مامۆستا هەر ئەوەندەی وت).

بەچپەچپی خەڵکەکە تێگەیشتم کە مامۆستا لە مشتومڕدا سنووری خۆی بەزاندووە، دەبوو یان بێدەنگ بێت یان ڕازی بێت و بمکاتە دیاری بۆ ئەو پیاوە گرنگە، مادام سەرسامی توانا و چاپوکیمە. مامۆستا سەرسەخت بوو، دیار بوو نەیدەویست هیچ شتێک لەو بارەیەوە بڵێت!

پیاوە گرنگەکە بڕیاری دا بە ڕاونانی باڵندەکان دەست

بە ڕاوکردن بکرێت، دوای ئەوەش قۆناغی ڕاوکردنی ئەو ئاسکانە دەست پێ دەکات کە بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە کراون.

ئێمە زۆرمان پێ نەچوو، گەشتەکەی من و مامۆستا تەنها سەعاتێکی خایاند، دەیان پۆڕ کولەفرەمان ڕاو کرد. بەتەنها خۆمان هێندەی پێنج کەسی تریان نێچیرمان هێنایەوە.

دوای سەعاتێک پشوودان بە خواردنەوەی چای و ژەمێکی خێرا، هەمووان خۆیان بۆ ڕاوە گەورەکە ئامادە کرد، کە پێشبڕکێ ڕاستەقینەکەی نێوانمان بوو.

لە ماوەی چەند خولەکێکدا بینیمان لە دوورەوە ئاسکەکانیان هەڵسان بۆ دەستپێکردنی کێبەرکێ بە سەرانسەری ئەو مەزرا بەرینەدا. کاتێک فیکەی دەستپێک لێدرا، من لەگەڵ سەگەکانی تردا دەستم بە ڕاکردن نەکرد کە بە هەموو هێزیانەوە چنگیان لەو خاکە گیر دەکرد! مامۆستا لە تەنیشتمەوە دانیشت و دەستی بە سەرمدا دەهێنا، تا گوێم لێ بوو وتی، "ئەی لیدەر، ئێنجا با بتبینم." هەر کە گوێم لە دواوشەی مامۆستا بوو، بۆی دەر چووم و لەگەڵ با و سەگەکانی تردا کەوتمە پێشبڕکێ، وام هەست دەکرد با هەلی گرتووم بۆ گرتنەوەی ئەو ئاسکە داماوانەی کە بەدوای هەنگاوە ئاسکەکانیانەوە هەستیان بە تەپەی پێمان دەکرد.

گوێم بە زۆریی ژمارەی ئاسکەکان و ڕاوکردنی زۆرترینیان نەدا، بۆیە بڕیارم دا گەورەترین و شیاوترینیان ڕاو بکەم. لە دوورەوە بەرچاوم کەوت، سەگەکانی ترم تێپەڕاند و تا ئەوپەڕی مەزراکە ڕۆیشتم و کەوتمە دوای کەڵە ئاسکێکی گەورە، گەر لە شوێنێکی ترەوە بەرچاو بکەوتایە هەستت دەکرد گیاندارێکی ئەفسانەییە و هاوتای

نییە لەسەر زەری! کەلێک بوو بە دوو شاخی پەلدار و دوو سمی زەویکێلەوە ڕای دەکرد بۆ ئەوەی خۆی قوتار بکات لە وەڕین و ئەو کەلبە تیژانەی کە بۆ گەستنی گۆشتەکەی ساز و ئامادە بوون.

جەنگەڵ لەدوای جەنگەڵ شوێنی کەوتم، بەر لەوەی ئەو ئامادە بێت، من نەمدەویست کەلبە لە گۆشتەکەی گیر بکەم. ئەوە خووی من بوو لە ڕاوکردندا. فێڵ نەکەم و کاتیش بەفیڕۆ نەدەم، بەڵکو ڕووبەڕوو بووەستم. کەڵە ئاسکەکە چالاک و بەخۆ بوو، بە هەموو لایەکدا ڕای دەکرد و ماندوو نەدەبوو. هەر بەدوایەوە بووم و نیازی هیچم نەبوو جگە لە گرتنی، هەموو ئەو ئاسکانەم پشتگوێ دەخست کە شلەژا بوون و ئاوبەناو لێکیان دادەبڕین.

هەستم کرد سەگەکانی تر کۆڵیان داوە و تێگەیشتوون کە توانای ڕاونانی ئەو کەڵەیان نییە. بۆیە لێ گەڕاون بەتەنیا هەوڵی بۆ بدەم. تاکە سەگی تر کە وەک من سوور بوو لەسەر ڕاونانی کەڵەئاسکەکە، ئەو سەگە بوو کە ناوی جەبار بوو. بڕیارم دا بوار نەدەم نێچیرەکەم بکەوێتە دەستی سەگی پیاوە گرنگەکە. لە گەرمەی ئەو ڕاونانە دژوارەدا کە من تەنها چاوم لەسەر کەڵە ئاسکەکە بوو، هەستم کرد هەر خۆم بەدوایەوەدم، دەمێک بوو جەبار بەرەو لای ئاسکێکی شلەژاو بای دابووەوە، بەڵام من نەسرەوتم و خێراتر دوای کەوتم، چونکە نەمدەویست شوێن پێی ئەو کەڵە ئازایە ون بکەم... هەر دەبێت لە بەردەممدا بکەوێت و چۆک دابدات.

کاتێک هەستم بە خاوبوونەوەی کەڵەئاسکەکە کرد، بازهەڵدان و گەستنی ئەو قاچەیم تاقی کردەوە کە لە

سەرمەوە نزیک بوو، هێندە بەتوندی کەلبەم لێی گیر کرد هەستم بە لرفەی خوێنی دەکرد کە خەڵتانی کردم، کەمێک خاو بوومەوە و لێ گەڕام بڕوات، بەبێ ئەوەی لە بەرچاوم ون بێت. چاودێریی هەنگاوەکانیم دەکرد، هەستم کرد خەریکە هاوسەنگی لەدەست دەدات و شوێنەواری کەلبەکەم سڕی کردووە، بەخێرایی دوای کەوتمەوە و خۆم لە ورگە گۆشتنەکەی نزیک کردەوە، هەردوو قاچی پێشەوەم بەرز کردەوە و قاچەکانی دواوەم لە زەوی گیر کرد، ملیم گرت و کەلبە تیژەکانم خستە قووڵاییی خوێنبەرەکانیەوە. بەبێ هیچ کۆلەکەیەک خۆم بە هەوادا هەڵواسی. کە کەلەناسکەکە هەڵبەزودابەزی دەکرد، من لە پەتێک دەچووم کە لە قوڕگی گیر کرابێت. چرکەساتێکی کەم، بەڵام یەکلاکەرەوە بوو. جارێکی دیکە ئازادم کرد و بۆی دەر چوو. خۆم هەڵدایەوە سەر زەوی بۆ ئەوەی هاوسەنگی وەر بگرمەوە و دووبارە دوای بکەوم. کەلەناسکەکە بەقووڵی بریندار بوو، لەلای ملی و ڕانیەوە خوێنی لێ دەچۆڕا. ڕوانیمە چاوەکانی کە بە هەموو لایەکدا دەیگێڕان تا بزانێت هێشتا بەدوایەوەم یان بێهیوا بووم لە ڕاوکردنی.

لە جاران باشتر ئامادە و لەسەر پێ بووم، کە تا دواهەناسە بەردەوام بم. کەلەئاسکەکە بە هەموو توانایەوە ڕای کرد، چاوم لێ بوو تەنانەت دزەی دەکردە نێو وردە جەنگەڵی دارو لقوپۆپی وشکهەڵاتووی دارەکانەوە، کە لە بێشەڵانێک دەچوون ڕەنگی گەورە و قەدی شکاو لقی تیژی دارەکان دروستیان کردبوو. دەچووە قووڵاییی بێشەڵانەکانەوە، بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە دڕکوداڵ و لقوپۆپی تیژ و شکاوی

دارەکان زامی تازە بخەنە جەستەیەوە. لە بەردەم پەناکەیدا لێی کەوتم، هێندە ماندوو بووم بەدەم هەسکەهەسکەوە هەموو زمانم هاتبووە دەر، زۆری نەمابوو لە هیلاکیدا بیبوورێمەوە. جووڵەم نەکرد، چاوەڕێی دوائاماژەی بووم بۆ بەزاندنی. بیشەلانێکی قاییم و چڕ بوو، پێدەچوو لەلایەن ڕاوچییانەوە دەستی پێدا هێنرابێت و لەوێدا بۆسەیان بۆ نێچیرێکی گەورە دانابێت. بۆ دۆزینەوەی دەریچەیەکی گونجا و بەدەوری تەپۆلکە دڕکاوییەکەدا خولامەوە، هیچ کەلێنێکم نەدۆزییەوە، بۆیە گەڕامەوە بۆ نزیکترین خاڵی نێوان خۆم و کەڵەئاسکەکە و پاڵم لێدایەوە، ڕووبەڕوو چاوم بڕییە کەڵی بریندار، وەک ئەوەی هیچ بەربەستێک لەنێوانماندا نەبێت جگە لە پەنجەرەیەکی شووشەی تەنک.

تۆزێک هێور بوومەوە و بەخشکە لێی نزیک بوومەوە بۆ ئەوەی خوێن بەربوونەکەی و کوژانەوەی ترووسکایی چاوەکانی ببینم و بەجارێک بیبەزێنم.

چاومان بڕییە یەکتر، وەک ئەوەی هاوڕێ و هاونەزموون، ساڵانێک بێت یەکتر بناسین. ئاگام لێ بوو چاوەکانی نەدەتروکاند! هەڵبەت تۆقیو و لە پەلوپۆ کەوتبوو، گشت خەمێکی ئەوە بوو بە گژوگیای داپشکاوی نێو پەناگەکە زامەکەی ملی بپێچێت. توانای بەرگەگرتنی ئازارەکانی نەمابوو، بەڵام چاوکراوەش بوو، پێڵووەکانی لێک نەدەنا، دەیزانی هەر چاوداخستنێک مانای کۆتاییی ژیانیەتی. بۆ کاتکوشتن لەپێناو مانەوەدا هۆشیار بوو، بە ئاماژەیەکی بچووک پەیامێکی ڕوونی پێم دەگەیاند، پێی دەوتم هەر چرکەساتێک کە لێمی دەسەنێت هیچ نییە جگە لەبەڵگەی شایستەییی ئەو تا

بەزیندوویی بمێنێتەوە. نیوسەعات و زیاتریش لەوێ ماینەوە، لە یەکترمان دەڕوانی و گفتوگۆی بێوشەمان دەکرد. هەستم کرد نێچیرێکە شایستەی ڕێزە، هەرگیز ترسنۆک نەبوو، گرەوی دەکرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بەزاندنی وی ئارامی و خۆڕاگرییەکی زۆری دەوێت.

هەموو جارێک دەمویست وازی لێ بێنم، دەمویست خۆم بخەڵەتێنم و پاساوی باوەڕهێنێن بدۆزمەوە بۆ دووركەوتنەوە لەو کەڵە ئازایە.

تاکە شتێک کە بیرم لێ دەکردەوە ئەوە بوو کە دەبێ ئەو خەڵکە چی بڵێن کەر بەبێ ئەم کەڵە و هیچ نێچیرێکی تر بگەڕێمەوە؟ بێگومان مامۆستا لێم حاڵی دەبێت و دەزانێت هۆکارێک هەیە، تەنها بە یەک تیلەی چاوم لەوە تێدەگات کە دەستبەرداری نێچیرەکەم بووم. لەو کەڵە چاونەترسە خۆش بووم و دەرفەتێکی دیکەم داوەتی بۆ ئەوەی لەو دەشتودەرەدا تامی ژیان بکاتەوە، کە هیچ ڕاوچییەکی لێ نییە. بیرێکم لەوە کردەوە و ئارام بوومەوە (منیش تەنها مامۆستام بەلاوە گرنگە، چیم داوە لە قسەی ئەو خەڵکە!). لەو کاتەدا پەشیمان بوومەوە... وازم لە مۆڕەکردن و دانەجیڕی هێنا بەرامبەری... چاوەکانم لێک نا کە لە یەکەم چرکەساتی ڕاونانیەوە دام نەخستبوون. کە بەنەرمی چاوم کردەوە، نیشانەی ئەوپەڕی ئاسوودەییم بە ڕوخساری کەڵە ئاسکەوە بینی، ناکام لێ بوو بەئەسپایی چاوەکانی داخست، وەک ئەوەی بیەوێت بەو شێوازە سوپاسم بکات! بەبێ لەبیرکردنی ڕابردوو، لە ئاماژەکانی یەکتر تێگەیشتین. بە چەند چاوتروکانێکی لەدوای یەک، کینە لەدڵماندا نەما و لە یەکتر خۆش بووین. لەبەر

نازایەتییەکەشی، لێی خۆش بووم کە بەرەنگارم بووەوە. ئەویش بە نیگایەکی دۆستانە لێم خۆش بوو کە بریندارم کردبوو.

پشتم تێ کرد و بە سەرێکی هاوسەنگ و هەنگاوی سووکەوە بەرەو لای مامۆستا و میوانەکان گەڕامەوە. پێش ئەوەی پەناگەی کەڵە ئاسکەکە جێ بهێڵم کە هێشتا چەند هەنگاوێک لێی دوور کەوتبوومەوە، دەنگی دوایین پەلەقاژە و بۆڕەیەکی کوشندە هاتە بەرگوێم! کە ئاوڕم دایەوە بۆ ئەو شوێنەی کەڵە ئاسکەکەم جێ هێشت، جەبار سەگی پیاوە گرنگەکەم بینی! نەمزانی چۆن گەیشتووەتە ئەو شوێنە و لەکەیەوە چاودێریمان دەکات! بە یەک باز خۆی هەڵدابوو بەسەر پەناگەکەدا و کونێکی بۆ خۆی کردبووەوە. لەوێوە سوار کۆڵی کەڵەئاسکەکە بووبوو، ئینجا چنگی لە قوڕگی ئاسکی زامدار گیر کردبوو. بینیم ئاسکەکە لەسەر بڕێک لقوپۆپی تێکالاو کەوتووە و هەناسەی لێ بڕاوە و دوادڵۆپی خوێنی لێ دەچۆڕێت. بیرم لە هیچ نەدەکردەوە، یادەوەریی سپیم تەنها وێنای ئەو چرکەساتەی دەکرد. بەهەڵەداوان دوای هەنگاوەکانم کەوتم، بەوپەڕی خێراییمەوە خۆم هەڵدایە سەر هەردووکیان. کەڵبە و چەپۆکم لە پشت و ملی جەبار گیر کرد. هێشتا هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو کەڵەئاسک لەچنگی ڕزگاری نەبێت. کە لە گیانەڵڵادا بوو، منیش چەپۆکم لە ملی گیر کرد، کە خوێنی لێ دەچۆڕا. بەربووینە گیانی یەکتر. بەسەر بێشەلان و لقە دڕکاوییەکاندا دەپلکامەوە و گوێم لێ نەبوو چیم بەسەر دێت. بڕوام نەدا جەبار خۆی ڕاپسکێنێت و لە چنگم هەڵبێت. هەر جارێک هەوڵی ڕزگاربوونی

دەدا، باوەشم پێدا دەکرد و جلەوم دەکردەوە، ئەو خۆی ڕادەپسکاند و منیش سوار کۆڵی دەبوومەوە. بڕستی لێ بڕا و بەهەناسەبڕکێ کەوتە سەر زەوی، بەبێ ئەوەی بتوانێت دەستم لێ بوەشێنێت، تەنانەت چڕنوک و کەڵبەیەکیشی بەر گیانم نەکەوتن.

لەژێرم دەستمدا گیانی سپارد، لە خوێنی خۆی و ئاسکەکەدا گەوزا، بەبێ ئەوەی لەو چڵە دارە دڕکاوییانە ڕزگاری بێت کە چەقیبوونە سەرتاپای جەستەی. کەڵبەکانم برینی قووڵیان خستبووە گیانیەوە، برینەکانی چوڕاوگەی خوێنیان دروست کردبوو. شەکەت و ماندوو لە تەنیشتیەوە کۆژامەوە، بێهێز و بێفێڵ، ئارەقە لە جەستەم دەچۆڕا، هیچ ئاگام لە خۆم نەبوو، نەمدەزانی لەدوای ڕاونانی ئاسکەکەوە تا ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ جەبار، چیم بەسەر هاتووە. ڕێک لەنێوان هەردووکیاندا بووم، تاقەتی هیچم نەمابوو، سەیرێکی قوربانییەکەی دەستم کرد، لاشەی ئاسکەکەش لەولاوە بوو کە من بەخشیم، بەڵام جەبار بەزەییی پێدا نەهاتەوە! گەر دادپەروەریی ئاسمانی جەباری هێنابێتە ڕێگای من، ئەدی کێ بەرپرسە لەو ستەمەی لە کەلەئاسکی داماو کرا؟ توانام نییە بیر لەو هەرایە بکەمەوە کە گرفتاری کردم.

دوای نزیکەی دوو سەعات گەڕامەوە بۆ لای چادرەکان، هەموو لەوێ چاوەڕوان بوون. مامۆستا، کە بەو دیمەنە شێواوە بینیمی خەڵتانی خوێن بووم، بە گیانمەوە دیار بوو کە سەرتاپا برینی دڕک و چڵە تیژەکان بوو، یەکسەر تێکەیشت چیم بەسەر هاتووە. کە چاوی کەوتە برینەکانی جەستەم، یەکسەر هەستی کرد شتێکی ترسناک ڕووی داوە،

بەلام براوەی شەڕێکی دژوارم. هەمووان شۆک بوون کە بەو ڕواڵەتەوە بەبێ نێچیر گەڕامەوە. زۆربەیان لەگەڵ پیاوە گرنگەکە و هاوڕێکانیدا باڵیان گرت، بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بکەن سواری ماشینەکانیان بوون و ڕۆیشتن، خۆیان کرد بە نێو بیشەلانەکاندا، پاش کەمێک بە کەلاکی جەبار و لاشەی لەتوپەتی کەلەئاسکی ئازاوە گەڕانەوە. کە جەباریان لە ماشینەکە هێنایە خوارەوە، ئینجا زانیم کە چیم بەسەر هێناوە، گەردنیم کردبوو بە قیمە!

گەیشتینەوە ماڵەوەش، هێشتا ئەو ڕستەیەی هاوڕێکانی پیاوە گرنگەکە لە گوێمدا دەزرنگایەوە، "ئەمە دەستدرێژییەکی ئاشکرایە و بەئاسانی تێناپەڕێت! ..." نیگایەکی ئاگراوی سەرتاپا دەموچاوی پیاوە گرنگەکەی داپۆشی، بەبێ ئەوەی خواحافیزی لە کەس بکات مەزراکەی جێ هێشت و کەلاکی سەگە ئازیزەکەشی لەگەڵ خۆیدا بردەوە. شتێکی ئەوتۆم بیر نەماوە لە هەڕەشەوگوڕەشەکانی، تەنها ئەوەندە نەبێت کە پەنجەی بەرامبەر مامۆستا ڕادەوەشاند. کەسی ترم لەیاد نییە جگە لە مامۆستا کە توند لەئامێزی گرتبووم و بەرگریی لێ دەکردم بەرامبەر پەنجەی ڕاوەشێنراوی پیاوە گرنگەکە و زۆربەی دەستوپێوەندەکەی.

مامۆستا لە ماڵەوە لەسەر مێزەکە دای نام، مووکێش و پێچە و دەرمانی هێنا و یەک لەدوای یەک دڕکەکانی گیانمی دەر دەهێنا، هیچ شوێنێکی جەستەمی جێ نەدەهێشت هەتا دڵنیا نەبووایە پاکە و دڕکی تێدا نەماوە. ئینجا بە مەرهەم گیانمی شێلا، بە پارچەیەکی تەنک دای پۆشیم و لە هۆڵەکەدا جێی هێشتم بۆ ئەوەی پشوو بدەم. بە درێژاییی ئەو شەوە

شیلامی، لە چاوەکانیدا ئەوەم دەخوێندەوە کە دەیەوێت پێم بڵێت کارێکی باشت کردووە، وەک ئەوەی بزانێت چیم کردووە و لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەدڵی بووە. بەبێ ئەوەی بیری بچێت هەر بێدار بوو بە دیارمەوە، کتێبێکی هێنا و لە تەنیشتمەوە ڕاکشا، دەستی کرد بە خوێندنەوەی ئەو کتێبەی کە چەند جاری تریش داوام لێ کردووە و بۆی خوێندومەتەوە، چیرۆکەکانی ڕینکۆتە و کورتادیۆی نێو ڕۆمانی گفتوگۆی دوو سەگەکەی بۆم خوێندەوە کە هەرگیز لێی بێزار نابم. هەستم بە ئاسوودەیی و خاوبوونەوە کرد، وردەوردە چاوەکانم داخست و خەو بردمیەوە.

# باوکیشم ڕێگاکەی دایکمی گرت و جێی هێشتین!

## ئەو ڕووداوانەی ڕێڕەوی ژیانیان گۆڕیم

چەندین ڕۆژ لەناو جێدا کەوتم، بە هیوای ساڕێژبوونی برینەکانی ڕۆح و جەستەم. لەو ماوەیەی ژیانمدا چەندان شەڕی سەختم دیبوو، سەدان باڵندە و کەرویشک و بەرازم ڕاو کردبوو، بەڵام هیچ کاتێک وەک ماوەی دوای شەڕەکەم لەگەڵ جەبار، لە ناخەوە زامدار نەبووم! گەر شەڕەکەی یەکەم جارم بۆ ڕاوکردنی ئەو گیاندارە ئەفسانەییە کەفوکوڵی ناخمی دامرکاندبێتەوە تا بەبێ سزای کۆتایی دەستبەرداری بم، ئەوا بەرەنگاربوونەوەی جەباری ساویلکە هیچ نەبوو جگە لە تیغێک کە پەیوەندیی نێوان من و خوێن و قوربانیی بڕی.

ڕۆژان تێپەڕین و من بێجوڵە لەسەر جێگا بووم، هێزی

هەستان و وەستانم نەمابوو، تا دەهات هێوای چاکبوونەوەم کزتر دەبوو، هەر دەڕۆیشتم و دەکەوتمە قووڵاییی کەندەلانێکی ترەوە. لە یەکەم چرکەساتەوە کە فێری ڕاوکردن بووم، بڕیارم دابوو نەفرەت لە گۆشت و ڕەنگی خوێن و کوشتن بکەم. مامۆستا بەوپەڕی تواناوە دەیویست ناچارم بکات تامی بکەم بۆ ئەوەی هێزێکم بەبەردا بێتەوە، بەلام من پابەندی بەڵێنەکەی خۆم بووم، کە هەرگیز توخنی گۆشت نەکەوم. لەو ڕۆژەوە بوومە ڕووەکی، هەر بەو هۆیەشەوە هێزم نەما و چیتر ڕاکردن و تەندروستییەکەی جارانم بە خۆمەوە نەبینی.

بێگومان مامۆستا درکی بە بڕیارەکەم کردبوو، چونکە هەموو جارێک جۆرەها گۆشتی دەخستە بەردەمم، بەلام من هەرگیز بەلایدا نەدەڕۆیشتم. لە سەرەتاوە جۆری گۆشتەکانی بۆم دەگۆڕی، چونکە وای دەزانی بە هۆی برینە تەرەکانمەوە توانای جوین و هەرسکردنی جۆرە کۆنەکانم نییە، کەچی هەموو جارێک چاوی لێم بوو تەنها لە سەوزە و میوە و ماسی و گژوگیاکان نزیک دەبمەوە و لەوانە دەخۆم، گۆشتە چەورەکانیشم لەنێو قاپەکاندا وەکو خۆی دەهێشتەوە.

دەزانم هەرکەسێک ئەم قسانەم بخوێنێتەوە ڕاهاتنم بە سەخت و مەحال دەزانێت، تەنانەت خۆیشم باوەڕم نەدەکرد ڕۆژێک دابێت نەتوانم بەبێ تامکردنی گۆشتی باڵندە و ئێسکی مەڕ بژیم. تەواو سوور بووم لەسەر هەنگاوی داهاتووم و بڕیاری یەکجاریم. مامۆستا و باوکم لەم بڕیارەم تێنەدەگەیشتن، بەلام زۆریشیان لێ نەدەکردم پەشیمان ببمەوە، تەنانەت جارێک مامۆستا لێم نزیک بووەوە و پێی

وتم، "هەست بە بڕیارەکەت دەکەم و لێت تێدەگەم. خۆزگە هەموومان وەک تۆ بووینایە!"

ڕۆژان تێپەڕین و کێشم زۆر دابەزی. بە دوو چاوی درەوشاوە و دوو قاچی باریکەوە، تەواو لەڕولاواز بووم. تاکە شتێک کە دەستبەرداری نەبووم، توانا سەیرەکەم بوو بۆ ڕاکردن و بەرەنگاربوونەوەی هەر مەترسییەک.

چەند جارێک ئەوس پەلکێشی دەکردم بۆ لای گۆشت و خوێن، بەلام خۆم دەگرت و بەئاگا دەهاتمەوە بۆ ئەوەی پەیمانشکێن نەبم و پشت لە خواستی ڕاستەقینەم نەکەم: بەتەواوی ویستی خۆمەوە بوومە ڕووەکی، جاروباریش تامی ماسیم دەکرد.

مامۆستا بەیەکجاری ڕازی بوو بە بڕیارەکەم، تەنانەت لە بەردەممدا باسی ڕاوی نەدەکرد و داواشی لێ نەدەکردم ئەو ڕێسایە بشکێنم کە بڕیارم دابوو پەیڕەوی بکەم و ژیانی خۆمی بۆ تەرخان بکەم.

لەگەڵ مامۆستادا گەشت و دەمەتەقێی ترم هەبوو، جیاواز لە ڕاوکردن. لەباتیی ئەوە دەستمان کرد بە گەڕانی زیاتر لە بەغدا و شارەکانی تر. تا نزیکترین خاڵی کەناری دیجلە و بیشەلانەکان دەڕۆیشتین. دیدارەکانی بە جۆرێکی تر بوون، ژیانمان پڕ بوو لە خوێندنەوەی درێژخایەن و دەمەتەقێی بەپێز، بەبێ ئەوەی باسی ڕاوەنان و ڕاوکردن و جۆرە ڕاوگەی خوێنی نوێ بکەین.

ئەوەی دواتر ڕووی دا، کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر بڕیاری یەکجاریم بۆ نەفرەتکردن لە خوێن.

دوای ئەوەی کە لە دواگەشتی ڕاوکردندا بەسەرمان

هات، هێندە کاتی خۆشمان بەسەر نەبرد. ئەو کاتەی من لەناو جێگەدا کەوتبووم مامۆستا لەگەڵ باوکە کۆڵنەدەرەکەم و دایکم - کە حەوسەڵەی ئەم ئەرکانەی نەبوو - پێکەوە پاسەوانیی ماڵەکەیان دەکرد، تەنها بۆ ئەوەی گوڕوتینی جارانم بۆ بێتەوە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاماژەی لێل و تەماوی دەگەیشت! نامەی هەڕەشە! بە درێژاییی چەندین سەعات پۆلیس لە کۆلانەکەدا دەوەستا و چاودێریی ماڵەکەمانی دەکرد، شەوانە بێزاریان دەکردین، هاتوهاواری کەسانی نەناسراو. دوایین ڕووداو کە هەمووومانی هەژاند و بووە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی زیاترمان، بەیانییەک کە لە خەو هەڵسایین - لەوەتەی شەڕکردنم لەگەڵ جەبار، ئەوە یەکەم بەیانی بوو کە بەبێ ئازار لە خەو هەڵسام - بینیمان باخچەکەی ماڵەوە پڕ کراوە لە کوڵەفرەی سەربڕاو!

شەوی پڕکردنی باخچەکەی ماڵەوە لە کوڵەفرەی سەربڕاو، یەکلاکەرەوە بوو! من و مامۆستا لەگەڵ باوکم بۆ هەر کارێکی لەناکاو، ساز و ئامادە بووین. بینیمان وردەوردە پۆلیسەکانی بەردەم ماڵ کشانەوە، لە هەموو لایەکی مەزرا دەستبەسەرداگیراوەکەی مامۆستاوە چرەدووکەڵ بەرز بووەوە! زۆری پێ نەچوو ئاگر بەرز بووەوە، بوو بە دەنگەدەنگ. دەنگی هەندێک تەقەی سەیر کەوتە بەرگوێمان کە پێشتر نەمان بیستبوو. مامۆستا چووە ماڵەوە، بەمەڵەداوان تاپڕەکەی هێنا و بانگی لێ کردم کە تا لای باخە گرگرتووەکە لەگەڵیدا بڕۆم، باوکیشمی ڕاسپارد لەگەڵ دایکم بمێننەوە و چاویان لە ماڵەکە بێت.

سەرمان نەوی کرد و هەتا دەروازە نزیکەکەی باخەکە

ڕۆیشتین. مامۆستا داوای لێ کردم وەک سێبەرەکەی لێی نەبمەوە، وردەوردە چووینە نێو جەنگەڵەکانەوە. چەند مانگێک بوو مەزراکە خزمەت نەکرابوو، بۆیە جۆرەها دڕکوداڵ لە یەکتر ئاڵۆزکابوون. گوێمان بۆ دەنگی پێیان هەڵخستبوو، هەر کە دەمویست دوای یەکێکیان بکەوم، مامۆستا فەرمانی دەکرد لە تەنیشتی بمێنمەوە و جووڵە نەکەم. بە چاوتروکانێک گەیشتینە ناوەڕاستی مەزراکە، هەستمان کرد ئاگر لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی داوین! لە هەر لایەکەوە دەمانویست ئاگرەکە بکوژێنینەوە و دەروازەیەک بۆ قوتاربوون بکەینەوە، دەسرێژی گوللە نەیدەهێشت هەناسەیەک بدەین بۆ جووڵە و هەڵاتن. بۆیە پێکەوە خۆمان دەخستە سەر زەوی و چاوەڕوانی ئاماژەی داهاتوومان دەکرد!

گوللەباران بوو، هەندێک لە گوللەکان بەلای سەرماندا تێدەپەڕین و هەندێکیشیان بەرزتر گیزەیان دەهات. لەوەتەی هەم ئەمە یەکەم جارم بوو هەستم دەکرد کەلەپچە کراوم، ناتوانم جووڵە بکەم، لە نووکی لوتمەوە تا پەنجەی پێم لە قوڕدا چەقیوم، دەڵێی لە شەڕێکی دژواردام! تاکە چەکی دەستم - وەک لە ئاماژەکانی مامۆستاوە تێگەیشتم - کاری خۆی ناکات بەرامبەر چەکێکی بەهێز کە لە چرکەیەکدا جەستەت دیواودیو کون دەکات. کە دۆخەکە هێور بووەوە، هێشتا چواردەورمان ئاگر و چرەدووکەڵ بوو، هێندەی نەمابوو کوێرمان بکات و هەناسەمان لێ ببڕێت، گوێم لە مامۆستا بوو هاواری کرد و وتی، "یاڵلا لیدەر." بەگوێیم کرد و بەوپەڕی خێراییمەوە لەگەڵیدا کەوتمە ڕاکردن بەنێو ئاگرەکەدا، دەمانویست ڕێگایەک بکەینەوە کە هەرگیز بە

خەیاڵی کەسدا نەیات، بەڵام وەک چەندین جار بیستوومە دەڵێن، "پێویستی، دایکی داهێنانە." زۆر رامان کرد، لە کێلگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر بەدوای دەروازەی رزگاریدا دەگەراین، چەکدارە تەقەکەرەکانیش بۆ تەنها چرکەیەک نەدەسرەوتن و هەر دەسرێژی گوللەیان لێ دەکردین. خەمی هیچ شتێکمان نەبوو، تەنها هیوامان رزگاربوونی خۆمان بوو. دوای چەند خولەکێک راکردن کە وام دەزانی چەند سەعاتێکە و نابڕێتەوە، مامۆستا هاواری کرد و وتی، "ئینجا بۆ ناو چاڵەکە!" پێکەوە بە یەک بازدان خۆمان هەڵدایە نێو چاڵێکی قوڕ و زەلکاوەوە... نقەمان لە خۆمان بڕی. خۆمان بەو چاڵە قووڵە سپارد، نە چاومان لە کەس بوو، نە کەسیش بەئاسانی دەیتوانی بماندۆزێتەوە. لەنێو چاڵەکەدا ماینەوە و گوێمان بۆ دەنگەکان هەڵخست. چەند کاتژمێرێک دەنگ و هاواری تەقەکەرەکان دەهاتە بەرگوێمان کە بانگی یەکتریان دەکرد. هەموو ئەو هاتوهاوارە لەسەر ئێمە بوو، بەڵام بێئومێد بوون لە دۆزینەوەمان، گوێمان لێ بوو یەکێکیان - کە پێدەچوو سەرکردەیان بێت - پێی وتن،

"ناشێ هەڵاتبن، بەدڵنیاییەوە یان سووتاون یان لەنێو زەلکاوەکەدا خنکاون... کێشە نییە... بەیانی بۆیان دەگەڕێینەوە... دەی، هەمووتان بکشێنەوە."

لەو باوەڕەدا بووم مامۆستا فەرمانم پێ دەکات دەستبەجێ بەرەو ماڵ بگەڕێینەوە. کەچی جووڵەی نەکرد و گوێم لە هیچ بانگێکی نەبوو. بەبێدەنگی راکشابوو، دەستێکی بە سەرمدا هێنا. ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە ماینەوە، نەبادا بەو قسانە بکەوینە داوەوە. ئینجا کە هەستمان کرد پیاوەکان بەڕاستی

لەوی نەماون، بەئەسپایی هەڵسااینەوە و بەزگەخشکی بەرەو سەرەوە ڕۆیشتین. هەتا گەیشتینە لای باخچەکەی ماڵەوەش، مامۆستا هەر پێی دەوتم ئاگادار بە. هەموو شتێک نوقمی بێدەنگی بوو، بە هۆی ئەوەی لووتم پڕ بوو لە قوڕ و دووکەڵ، نەمتوانی بە بۆنکردن شوێنی دایک و باوکم بدۆزمەوە، تەنانەت نەمزانی لە ماڵەوەن یان لە باخچەکە. هێشتا هەر سەرمان نەوی کردبوو، بەرەو دەروازەی ناوەوەی ماڵەکە ڕۆیشتین، پێش ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە پێویستە چی بکەین، بە شێوەیەک باوکم هاتە پێشچا و کە دەمێک بوو وا نەمدیبوو. چەپۆکەکانی کردبووەوە، کەلبەی تیژی دەر خستبوو، ئامادە بوو بۆ پەلاماردان و هاڕینمان. منیش لە بەرەمیدا وەستام و کەلبەکانم نیشان دا، نەک بۆ هەڕەشەکردن، بەڵکو وەک جووڵەیەکی دڵنیاکەرەوە بوو تا من و مامۆستا بناسێتەوە.

باوکم کە ئێمەی ناسییەوە، ئیتر وازی لە وەڕین هێنا و ئارام بووەوە. بەڵام چاوەڕێی نەکرد لێی نزیک بینەوە، لەپڕ هەڵسا و قاچەکانی بەدوای خۆیدا کێش کرد و خۆی گەیاندە لای کولبەکەی دایکم. تا ئەو کاتە نەمانزانیبوو کە هێشتا برینەکەی قاچی ساڕێژ نەبووە و ئازاری دەدات. پێیەکانی شەقارشەقار، ورگی دڕابوو، خوێنی لێ دەچۆڕا. بۆ چرکەیەکیش خۆم پێ نەگیرا و دوای کەوتم، مامۆستاش بەدوامانـدا هات. باوکم کە چووە نێو کولبەکەوە لە گۆشەیەکدا کەوتە سەر زەوی، تەرمی دایکم لەو گۆشەیەدا بوو، خەڵتانی خوێن کرابوو! خێرا چوومە پێشەوە و لە دایکم ساتویسۆ ورد بوومەوە کە سارد و بێجووڵە لەوێدا فڕێ درابوو، دیار بوو دەمێک بوو

بەرەو دنیایەکی دیکە ئێمەی جێ هێشتبوو. بەرگەم نەگرت و ڕۆیشتم، هەموو زووخاوی ناخم بەتاڵ کردەوە. لە تەنیشتی دانیشتم و دوو چاوم بڕییە چاوە خەمناک و گەشەکەی، کە مەگەر هەر خۆی بزانێت بۆ کام دیمەن دەیڕوانی. لەوانەیە دیمەنێک بێت وەک باخچەکانی ژیانی منداڵیی خۆی لەنزیک مەزراکانی کەنار ڕووباری دوڵەگەورە لە باشووری ئیسپانیا، کە لەمێژ بوو ئەو ناوچەیەی جێ هێشتبوو، بە درێژاییی ئەو ڕۆژگارە دووروودرێژەی ژیانیشی لە بەغدا هەست و هۆشی هەر لەوێ بوو. چوومە ئەوبەر و پارچەیەکی پەمەییم هێنا و جەستەی سەرتاپا هەڵدڕاویم داپۆشی، کە دەتوت چەقۆی قەسابێک بێ بەزەییانە شەقی کردووە. حاڵی باوکم لەو باشتر نەبوو، بەڵام دەبوو چاوەڕێی گەڕانەوەمان بکات، بۆیە زۆر ئارامی گرتبوو تا ئێمەی بینی. نەماندەزانی چی بکەین؟ تاکەکەس کە بڕیاری دا چی بکات، باوکم بوو. لەتەنیشت دایکمەوە پاڵ کەوت. پارچە پەمەییەکەی کەمێک لا دا و ورگی خوێناویی نووساند بە جەستەی دایکمەوە و خەوێکی قووڵ بردیەوە.

هێندە دڵتەنگ بووم کە لە باسکردن نایات. تەنانەت توانای وەڕینیشم نەبوو، مامۆستا باوەشی پێدا کردم و پێکەوە چاومان بڕییە دیمەنی سەلوقیی باوکم، کە باوەشی بە سابونیسۆی دایکمدا کردبوو، بەبێ وەڕین دەردەدڵی بۆی دەکرد. وردەوردە چاوەکانی لێک نا و دامرکایەوە، ئەویش ملی ڕێی گرت و بەدوای شوێنپێکانی دایکمدا ڕۆیشت، کە پێش ئەو بەرەو دنیای نەمری ڕۆیشتبوو.

لەتەک نەرمی باوک و دایکم پاڵ کەوتم، ئیتر ئاگام لە

هیچ شتێک نەما.

سەعاتێک پێش خۆرهەڵاتن، هەستم بە جوولەی مامۆستا کرد، لە شوێنی خۆی هەڵسا و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، پاشان سەری هەڵبڕی و چاوی بڕییە مەزرا دوورەکە، کە ئاگرەکەی دامرکابووەوە و هیچ شەوێنەوارێکی نەمابوو جگە لە دووکەڵێک کە هێمای کارەساتەکەی دوێ شەو بوو. بەبێ هیچ ئاماژە و وشەیەکی کاریگەر، لە ڕوخسارە کز و خەماوییەکەی تێکەیشتم کە دەیویست بەزووترین کات یارمەتیی بدەم بۆ بەخاکسپاردنی سابویسۆ و سەلوقی. لە ناوەڕاستی باخچەکەدا چاڵێکی قووڵی هەڵکەند و هەردووکیانی خستە ناوی، پاشان بە باوەشێک وردەگوڵ دای پۆشی. بەبێ ئەوەی وشەیەک لە زارمان بێتە دەر، وەستاین و چاومان بڕییە دیمەنەکە. تاسەباریی مامۆستا لەوەی من کەمتر نەبوو. هەردووکمان ڕووخاو و تێکشکاو، لە شەوێکدا هەموو شتێکی ئازیزمان لەدەست دا، لانەواز و بێپشتوپەنا ماینەوە.

سەرەنجام چووینە ژوورەوە، بینیمان هیچ شتێک لە جێی خۆی نەماوە، ئەوەی چنگیان کەوتووە بووە تالانیان کردووە.

مامۆستا چووە نهۆمی سەرەوە و جانتایەکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنایە خوارەوە، بەپەلە هەندێک کەلوپەل و شتی تایبەت و بڕێک پارەی لێ دەر هێنا و تا لای ماشینەکە هەڵی گرت، کە هێشتا لە شوێنی خۆی مابوو، دەستی بۆ نەبرابوو.

دەفتەری یادداشتەکانی لە شوێنێکی نهێنیدا شاردەوە، لە پێشچاوی من شاردیەوە بۆ ئەوەی شوێنەکەی بزانم نەبادا خۆی لە داهاتوودا پەی بەو شوێنە نەباتەوە.

بەدەم سواربوونی ماشینەکەوە - کە نەمدەزانی بەرەو کوێ دەڕۆین - مامۆستا پێی وتم، "ئێمە چیتر جێمان نابێتەوە لێرە." بە ڕێگایەکی تردا ماشینەکەی لێخوڕی.

بە هەموو لایەکدا چاوم گێڕا و خواحافیزیم لە هەموو یادگاری و دیمەنەکانی ماڵی مامۆستا کرد. لە ناخەوە بڕیارم دابوو ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێمەوە ئەو ماڵە و هەر دەبێت تۆڵەی کوشتنی باوکم بکەمەوە. لەو ساتەدا هیچم لەدەست نەدەهات جگە لە یادکردنەوەی شەپۆلەکانی ڕووباری دیجلە و ماڵی بێسروەی مامۆستا. بە بێدەنگی و سەرنجەوە -کە کاردانەوەیەکی ئەوتۆم تێدا نەدەبینی - مامۆستا ماشینەکەی لێدەخوڕی. دەزانم ئیتر زۆر بیری دیجلەی نزیک و شەپۆلەکانی و هەواکەی دەکەم، بیری هەموو شتێکی نزیک لە دیجلە دەکەم، تەنانەت هەموو شتێکی ناو ڕووبارەکەش.

خۆر تا دەهات زیاتر سەری دەر دەکرد، ئێمەش بەرەو ڕووی دەڕۆیشتین، دەتوت دەخزێینە ناو درزە پرتەقاڵییە سووتێنەرەکانیەوە.

# لە بەغدا، چۆن بێلانە بووین، چۆن کەوتینە دواوە؟

سێ ڕۆژی سەرەتای هەڵاتنەکەمان لە ماڵەکەی کەناری دیجلە... ماڵە دێرینەکەمان... ماڵی دەیان ساڵەی مامۆستا و بنەماڵەکەی، ئەو سێ ڕۆژەمان هەر لەنێو ماشینەکەدا بردە سەر، بە ماشینەکەوە هەر خەریکی شوێنگۆڕکێ بووین، گەر بۆ پێویستییەکی کتوپڕ، یان ناچاری نەبووایە، لە ماشینەکە دوور نەدەکەوتینەوە. لە مامۆستاوە تێکەیشتم کە ئیتر هیچ شوێنێک بۆ ئێمە جێی دڵنیایی نییە، بەتایبەت دوای ئەوەی کە لە خانووەکە بەسەرمان هات و پێیان کردین. بیرکردنەوە لە وێرانکردنی ماڵەکە و کوشتنی دایک و باوکم... ئازاریکە و تا ماوم پێوەی دەتلێمەوە. مامۆستا پێی وتم لە ڕێی چەند کەسێکەوە زانیویەتی ئەوەی بەسەرماندا هات هەر لە ڕەفتاری پیاوە گرنگەکە دەچێت، گومانی تێدا نییە کە پیاوەکانی ناردووە بۆ بەجێهێنانی هەڕەشەکانی ڕۆژی

ڕاوکردنەکە، ڕۆژی شوومی دوایین گەشت و دابڕانی هەمیشەییمان لە دنیای ڕاووشکار!

لە قوژبنێکی چۆڵەوە دەچووینە سووچێکی چۆڵی شەقام و گەرەکێک کە کەمترین جووڵەی تێدا بێت. دەرگاکانی ماشینەکەمان دادەخست و تیایدا دەخەوتین، بە دەنگی خەڵک و گەرمای خۆرەتاو لە خەو هەڵدەستاین، دیسان دەچووینە نزیکترین خواردنگە بۆ خواردنەوەی قومێک ئاو، یان خواردنی سەندەویچێک. زۆر جار من لەنێو ماشینەکەدا دەمامەوە، مامۆستا دادەبەزی و پاش کەمێک، نان و شیر و گۆشت و سەوزە و هەندێک شتی سادەی تری دەهێنا و دەهاتەوە. زۆر جاریش دەچووینە دەرەوەی بەغدا و لە چێشتخانەیەکی سەر ڕێگای دەرەوە خۆمان تێر دەکرد، پاشان هەرچیمان بویستایە دەمانکڕی، ئیتر بێلانە و ماڵ... لە شەقامێکەوە بۆ شەقامێکی تر دەسووڕاینەوە!

مامۆستا هەمیشە ئاگاداری دەکردمەوە لەوەی لە دەوروبەرمان دەگوزەرا. زیاتر لە جاران سەرباز و پۆلیسمان لە شەقامەکاندا دەبینی. پێشتر هەرگیز هەستمان بەو ژمارە زۆرەی مەفرەزە و ماشینە سەربازییەکانی نێو کۆڕەپان و کۆڵانەکان نەکردبوو. هەندێک جار کە لە شەقامێکەوە دەچووینە شەقامێکی تر، خەڵکی سڤیلمان نەدەبینی! ڕوخساری گرژومۆنی سەرباز و پۆلیسەکان کە هەموو گۆڕەپان و شەقامەکان و گۆشەی دوکانەکانیان تەنیبوو، بۆ ئێمە تۆقێنەر بوون. مامۆستا ئاماژەی بۆ گۆڕانکارییەکان دەکرد و پێی دەوتم، "سەیرکە لێدەر... بێگومان شتێکی مەترسیدار لەئارادایە." نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە،

ترسی داهاتووی نادیار دای گرتبووم.

دوای زیاتر لە سێ ڕۆژ، مامۆستا هەوڵی دا ژووری هۆتێلێک یان ماڵێکی سادە بەکری بگرێت، بەڵام وەڵامی خاوەنەکانیان ئەوە بوو کە شوێنیان نییە بۆ من! ئامادەش نەبوون لە ژوورێکدا ببمە میوانیان، بۆیە مامۆستاش خۆی جیا نەدەکردەوە و لەگەڵ مندا دەمایەوە لەنێو ماشینەکەدا، چونکە وەک خۆی پێی دەوتم ڕێگە بە خۆی نادات دەرگای ماشینەکەم لێ دابخات و بەتەنیا تێیدا بمێنمەوە. قسەی زۆری بۆ دەکردم و لە کۆتاییدا دەیوت، "پێکەوە زۆرمان بینی، هەر دەبێت پێکەوەش بگەینە کۆتایی. ئارام دەگرین ئەی هاوڕێم!" پاشان دەکەوتە نێو شەپۆلی بیرکردنەوە، ئۆقرەی لێ دەبڕا، هیچ شتێک هێلی خێلی نەدەپچڕاند، جگە لە بینینی جووڵەیەکی نائاسایی لەسەر شەقامەکە، یان نزیکبوونەوەی مەفرەزەیەکی پۆلیس لە ناوچەکە. نەیدەویست بکەوێتە بەرچاوی سیخوڕەکان، کە تەنانەت چاودێریی جووڵەی مێروولەشیان دەکرد!

جارێکیان لە بەردەم چێشتخانەیەکدا وەستاین، مامۆستا دابەزی بۆ ئەوەی ژەمێک خۆراک بۆ هەردووکمان بێنێت، نیوسەعاتی پێچوو، نەهاتەوە! پاشان لەگەڵ پیاوێکدا گەڕایەوە کە پێشتر لە بۆنەیەکدا ئاشنای بووبووم. لە هاوڕێکانی مامۆستا بوو، چەندین جار هاتبووە ماڵمان و تا درەنگانی شەو لەگەڵمان مابووەوە. لەتەک مامۆستاوە سوار بوو، هەتا ماڵی ئەو پیاوە نەوەستاین.

تێناگەم بۆچی تا ئێستا پەیوەندیت پێوە نەکردووم. بەڕاستی دڵم لات بوو. ئایا هاوڕێیەتی وا دەبێت؟ (پیاوەکە لە

مامۆستای پرسی).

+ داوای لێبووردنت لێ ده‌كه‌م، هێنده شپرزه بووم بواری بیركردنه‌وه‌شم نه‌بوو. ترسم له هه‌موو شتێك وای لێ كردبووم په‌یوه‌ندیتان پێوه نه‌كه‌م. (مامۆستا وای وت).

گوێی مه‌ده‌ری هاوڕێ، هه‌مووی تێده‌په‌ڕێت. ئه‌ی هه‌واڵه‌كه‌ت نه‌بیستووه‌؟ ئه‌م جاره چه‌ند ڕۆژێك مۆڵه‌تیان داوه و... ئیتر شه‌ڕی ڕاسته‌قینه ده‌ست پێ ده‌كات.

+ هیوادارم وا بێت، به‌ڕاستی ماندوو بووین له به‌ڵێنه‌كانیان.

ده‌یبینیت... سه‌ره‌نجام هه‌ناسه ده‌ده‌یت!

پیاوه‌كه بردینی بۆ ماڵێك له ده‌ره‌وه‌ی به‌غدا. گه‌راجه‌كه‌ی بۆ كردینه‌وه و ماشینه‌كه‌مان برده ژووره‌وه. دابه‌زین و پیاوه‌كه پێی وتین هه‌موو شتێكتان له به‌رده‌ستدایه و له هیچتان كه‌م نییه. به مامۆستای وت وا بزانن له‌ماڵی خۆتانن، خۆتان بشۆرن و چلكی شه‌وانی بیلانه‌یی له له‌شتان ڕابماڵن و كه‌مێك پشوو بده‌ن. ئینجا پیاوه‌كه چووه ماڵه‌كه‌ی تر تا هه‌ندێك كه‌لوپه‌ل و پێداویستیی جه‌رانه‌وه‌مان بۆ بێنێت.

ماوه‌یه‌كی زۆر له‌به‌ر ئاوی حه‌مامه‌كه‌دا ماینه‌وه، ده‌ر چووین و له هۆڵه‌كه‌دا پشوومان دا. گوێمان له ده‌نگی كابرا بوو، گه‌ڕایه‌وه. له‌گه‌ڵ كه‌سێكی تردا هاته‌وه، كه دیار بوو ئه‌ویش هاوڕێی مامۆستا بێت. كۆڵێك پۆشاك و خۆراكیان هێنابوو. ئینجا هه‌موو ده‌روازه و ژووره‌كانیان پیشان داین. به مامۆستایان وت پێویست ناكات بچێته ده‌ره‌وه، چونكه هه‌رچیمان پێویست بێت ئه‌وان بۆمان دێنن، دوو ڕۆژ جارێكیش كه‌سێك ده‌نێرن بۆ خاوێنكردنه‌وه‌ی ماڵه‌كه و ئاماده‌كردنی خوارده‌مه‌نی بۆمان.

بە درێژاییی ئەو ڕۆژانەی کە نەچووینە دەرەوە و هەر خەریکی خوێندنەوە و سەیرکردنی هەواڵەکان بووین، بۆ ساتێکیش لێک دانەبڕاین.

هاوڕێکەی مامۆستا هەر ڕۆژە و هاوڕێیەکی تری لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، یەکجار ئاسوودە بووم کە دەمبینی هاوڕێکانی مامۆستا لێی نزیکن و ئەویش هێندە بیر لە ڕۆژە ناخۆشەکانی ڕابردوو ناکاتەوە. هەموو شەوێک سەیری وتارەکانی "کابرای بە ناو سەرکردە" و چاودێریی هەڵوێستی ئەوانی ترمان دەکرد. ڕۆژان تێدەپەڕین و مامۆستا بەدڵنیایی پێی دەوتم ئەم جارە بەڕاستی ڕزگار دەبین. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێک پەیوەست بوو بە لەشکرکێشیی وڵاتێکی بیانیی دوورەدەست! مامۆستا - بە ڕەچاوکردنی سروشتی وڵات - لە هەموو ئاماژەکانیدا بیری لای ئەو وێرانکارییە بوو کە بەسەر وڵاتدا دێت. من بۆخۆم لەوە تێنەدەگەیشتم، تەنها ئامەزرۆی بینینی ئەوە بووم کە بەیانی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، دوای ئەو تاڵاوە زۆرەی لەسەر دەستی کابرای بە ناو سەرکردە چەشتبوومان. تا درەنگانی شەو چاوەڕوانی بانگەوازێک، هەواڵێک، ترووسکەی هیوایەک، ئاماژەیەک بووین، بۆ برانەوەی دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانییەکەمان.

زیاتر لە دوو هەفتە تێپەڕین و ئێمە هەر لەو پەناگە نوێیەدا خۆمان حەشار دابوو، بیری خانووەکەی خۆمان دەکرد کە بەسەر دیجلەدا دەیڕوانی. هەر ئەو شەوە مامۆستا بڕیاری دا بە سواری ماشینەکە بگەڕێینەوە بۆ بینینی خانووەکە. مامۆستا زۆر پارێزی دەکرد و نەیدەویست زۆر نزیک بکەوێتەوە، کەچی - ئەویش وەکو من - خەریک بوو

سوێی دەبووەوە، دەیویست هەنگاوێک زیاتر بچێتە پێشەوە بۆ ئەوەی جوانتر لێی رابمێنین. لەسەر سووچی کۆلانەکە وەستاین کە پێنج سەد مەترێک لە خانووەکەوە دوور بوو. لایتەکانی ماشینەکەمان کوژاندەوە و چاومان بڕییە نێو حەوشەکە تا بزانین لە ژوورەوە چی ڕوو دەدات. یەکەم شت سەرنجی ڕاکێشام نهۆمی سەرەوە ڕووناک بوو، لە ناوەوە تارمایی هاموشۆی خەڵک دەبینرا. مامۆستا بەحەسرەتەوە وتی، "بێگومان هەر ئەو بەیانییە، دوای هەڵاتنی خۆمان داگیریان کردووە." لە بەردەم دەروازە سەرەکییەکەدا لافیتەیەکمان بینی کە ناوێکی تازەی لەسەر نووسرابوو، لەباتیی ناوی بنەماڵەکەی مامۆستا کە لە ڕووکاری دەرەوەی دیوارەکەدا هەڵکۆڵرابوو. مەخابن بینیمان هەموو دارەکانی دیوی ناوەوەی دیواری حەوشەکەیان بڕیوەتەوە.

درەنگانی شەو بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە گەڕاینەوە بۆ ماڵی هاوڕێکەی مامۆستا. لەو باوەڕەدا بووین کە بە تێپەڕینی کات هەموو شتێک وەکو خۆی لێدێتەوە، بەڵام ئەوە هەرگیز ڕووی نەدا، لەگەڵ هەموو یادکردنەوەیەکدا برینە قووڵەکە دەکولایەوە. زۆر دڵتەنگ بووم، چونکە لە یەکەم ڕۆژی بوونمەوە هیچ ماڵێکی دیکەم نەدیبوو، هەموو تەمەنی منداڵی و گەنجیم لەوێدا بەسەر برد، هیچ شوێنێکی ترم شک نەدەبرد کە بە ماڵی خۆمی بزانم، هیچ ڕووبارێکی تریشم نەبینی جگە لە دیجلە.

لە ماشینەکە هاتینە خوارەوە و بەرلەوەی بەرەو دەروازەی سەرەکیی ماڵەکە بڕۆین، کۆمەڵێک پیاو - کە نازانم لەکام لاوە پەیدا بوون - مامۆستایان تەختی زەوی کرد و کەوتنە

تێهەڵدانی. بە قەپاڵ و هاوار و وەڕین ویستم مامۆستا لەژێر چنگیان دەر بێنم، بەڵام بە کوتەکە ئەستوورەکانی دەستیانەوە دەیانکێشا بە پشت و سەرمدا. مەترێک و زیاتر دوور لەوان کەوتمە سەر زەوی، بەڵام دیسان بۆیان گەڕامەوە. من بۆیان دەچووم و ئەوانیش گەلەکۆمەیان لێ دەکردم بۆ بەزاندنم. مامۆستا بووڕایەوە و دووانیان هەڵیان گرت بۆ لای جێبە جام تاریکەکە. کاتێک بۆ یارمەتیدانی مامۆستا بەسەر سەریاندا خۆم هەڵدا، هەریەکە و بەلایەکدا ڕایان کرد، لەتەک ماشینەکە کەوتم و لە هەموو لایەکەوە کوتەکم بۆ دەهات. دەمویست خۆم لە گورزی کوتەکەکانیان لا بدەم، بەڵام بە جۆرێک پێکرام کە وام دەزانی پشتم شکاوە. لەتەک تایەی ماشینەکەوە کەوتمە سەر زەوی. بەدەم ئازارەوە پاشەکشێم کرد بۆ دواوە. یەکێکیان دەمانچەکەی دەر هێنا بۆ کوشتنم. بوارم نەدا و یەکسەر لەو دیوی دارەکانی نێو گۆڕەپانەکەی تەنیشتەوە خۆم ون کرد.

بەپەلە سواری ماشینەکانیان بوون و گوێم لێ بوو یەکێکیان هاواری دەکرد: دەی زووکەن!

لە پشتی دارەکانەوە بەڕاکردن دوایان کەوتم. سوور بووم لەسەر ئەوەی کە دەبێت بیانگرمەوە. سەرەڕای ئازارەکانم، بەڵام کۆڵم نەدا و بەردەوام بووم. زیاتر لە نیوکاتژمێر بەدوایانەوە بووم، لە شەقامێکەوە پێچیان دەکردەوە و تا دواکۆلانی شەقامێکی تر دەڕۆیشتن، وەک ئەوەی بیانەوێت لەگەڵ خۆیاندا بەرەو تەنگەبەرێک پەلکێشم بکەن کە پێشتر شتی وام نەدیوە. شەکەت و زامدار، حەسرەتێک بینی گرتبووم، چونکە نەمتوانی مامۆستا لە دڵڕەقییان بپارێزم.

چەند خولەكێكی نەبرد خێراییەكەیان كەم كردەوە و لە بەردەم خانوویەكی گەورەدا وەستان، كە بە دركەتێل و داری بەرز دەورە درابوو. بەپەلە دەرگاكەیان بۆ كرایەوە و چوونە ژوورەوە. لە ناوەوە ون بوون و بواریان نەدام بچمە ژوورەوە و بەدوایانەوە بم. چەند جارێك بەدەوری خانووەكەدا خولامەوە بەو هیوایەی درزێك یان پەنجەرەیەك بدۆزمەوە و دزە بكەمە ژوورەوە، بەلام بێهوودە بوو.

لە شوێنی خۆم، لەتەك خانووە گوماناوییەكە مامەوە. بیرم لەوە دەكردەوە كە پێویستە چی بكەم. لەپڕ دەنگی ماشێنێك هاتە بەرگوێم و ڕۆشنایی لایتەكەی خستە سەرم. ماشێنەكە بەرەو ڕووم هات و شووتی ئاگاداركردنەوەی خستە كار. بۆی دەر چووم و ماشێنەكەش كولان بە كولان كەوتە دوام. لە چاویان ون بووم و بەدوامەوە نەمان.

لەوە دڵنیا بووم كە شوێنی بەندكردنی مامۆستا پێ دەزانم و سبەینێ دەچمەوە بۆ لای. بیرم لەوە دەكردەوە، لەپڕ هەستم كرد قولاپێكی تیژ لە قوڕگم گیر كرا، كە دەتوت گوللەیەكە و چەقیوەتە گیانمدا. هێزم لێ بڕا و بێهۆش كەوتم، تەنانەت ئەو دەموچاوانەشم نەبینی كە كەوتمە داویانەوە!

# مەینەتی و سوپرایزە گەورەکانی ڕۆژانی زیندان!

کە هاتمەوە هۆش خۆم، بینیم وەکو سەگ - نەفرەت لەو ناوهێنانە - فڕێ دراومەتە حەسارێکی گواوی و بۆنپیسی پڕ لە زبڵ و پاشەڕۆوە کە باس ناکرێت. لەو حەسارانەش نەدەچوو کە پێشتر دیبووم یان لە تەلەفزیۆنەوە بەرچاوم کەوتبوو. قەفەسێکی ئاسنین بوو کە لە ناوەوە بە دڕکەتێل کرابووە چەند بەشێکەوە، تاکە شێوازی یەکتربینین ئەوە بوو لە قەفەسێکەوە بۆ دانەیەکی تر، چاو ببڕینە یەکتر.

هێشتا سڕ و بێهێز بووم، توانام نەبوو بە کامی دڵی خۆم بجوولێمەوە. هەموو شتێک لە بەرچاوم لەو خەونە ناخۆشانە دەچوو کە بە هەموو شێوەیەک تەقەلـلا دەکەین درێژە نەکێشێت و هەرچی زووە بێدار ببینەوە. بەڵام ئەوەی من دیم هەرگیز خەون نەبوو، فڕێ درابووم و هێشتا توانای بزواندنی ماسوولکەکانم نەبوو. لەپڕ ئەوەم بیر کەوتەوە کە دوێنێ

بەسەر خۆم و مامۆستادا هات، تێگەیشتم کە خزێنراومەتە زیندانێکی بەرینەوە. بیرم کەوتەوە کە ئەو ڕاوچییانە شوێن بە شوێن دوام کەوتبوون تا کەوتمە داویانەوە. دوای ئەوەی چنگیان لە نێچیرە گەورەکە - مامۆستای هاوڕێم - گیر کرد، ئینجا داویان بۆ منیش نایەوە و پیلانەکەشیان سەری گرت.

هەستم کرد تەواو وڕ و کاس بووم، چونکە ماوەیەک بوو درکم بەوە نەدەکرد لە چواردەورم دەگوزەرێت... باشە چۆن درکم بە جموجۆڵەکانیان نەکردبوو؟ ئەوە یەکەم جارم نەبوو شتێکم بەسەر بێت و دڵنیا بم لەوەی کە ڕۆژبەڕۆژ وریایی و گوڕیی جارانم نامێنێت، وردەوردە پێ دەنێمە قوناغی دوای گەنجیمەوە، گەر نەڵێم پیربوونی پێشوەخت! جگە لەوەش بە هۆی شەڕە تاقەتپڕوکێنەکانی ئەم دواییەوە جەستەم شەکەت بووە و هێزم لێ براوە. بێگومان هەموو ئەمانە هۆکارن... چیتر نەتوانم ئەو ئەرکانەی سەرشانم ڕابپەڕێنم کە لەپێناویاندا دروست بووم و لەدایک بووم و پەروەردە کراوم. گەر مامۆستاکەم گوێ بەمە نەدات و لای گرنگ نەبێت، دەبێ خۆم پشتگوێی نەخەم، گەر نا هەمیشە دەکەومە زیاتر لە چاڵێکەوە، کە ئەمەی ئێستا یەکەمیانە!

بیر دەکەمەوە... چۆن دەتوانم بەرەنگاری ڕاوچییەکان ببمەوە و لەم میحنەتە تازەیەم هەڵبێم؟ وەڵام نییە...

بەرلەوەی بەتەواوی بێمەوە هۆش خۆم، تەنانەت نەمدەتوانی سەر هەڵبڕم و سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆم بکەم، لە پشتمەوە گوێم لە دەنگی نووساو و سڵاوە سەیرەکەی بوو:

- ئەرەوەڵڵا... سەگە ڕاوچییە ڕاوکراوەکە لەخەو هەڵسا!

تەنها چرکەیەکیش بواری نەدام، بە هەموو سەنگیەوە خۆی هەڵدا، لەتەک سەرمەوە کەوت.

بینیم توولە سەگێکی گەڕی لووت فشە، بەڵام نیگایەکی قووڵ و دەمولچێکی هەبوو کە هێمای دڵنیایی بوو.

ناوم بوبییە ئەی سەگی ڕاوچیی ڕاوکراو، لە دوی شەوەوە پاسەوانی تۆم.. دەتوانم بڵێم گەر من نەبوومایە ئەم سەگە برسییانە لەتوپەتیان دەکردی... ترسی هیچت نەبێت تۆ هێشتا لە سایەی منداییت.

لێی ورد بوومەوە... سەر و بیچمی لەگوێرەی قسەکانی نەبوو! بۆیە گەر لە هەرشوێنێکی تر بمدیبایە بەلووتبەرزی خۆم لێی لا دەدا و تەواو پشتگوێم دەخست. خەندەی دڵرفێن و نزیکبوونەوەی لیم، وای لی کردم سوپاسی بکەم و - گەر تەنها بەو هۆیەشەوە بێت - باوەڕ بە قسەکانی بکەم.

ناوم لیدەرە. (بەو جۆرە خۆم پی ناساند).

+ گوێی مەدەری ئەی سەگی ڕاوکەر، هەریەکە و ناوێکمان پێوە لکێنراوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئیستا تۆ ئازادیت و دەتوانیت ئەوە هەڵبژێریت کە خۆت دەتەوێت.

ئازاد... چۆن؟ من دەبینم لەنێو قەفەسی زیندانێکی درکاویداین!

+ ئاااا ئەمە... لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەیە کە ئێمە لە سەگە نایابەکانین، گەر نا دەکوژراین و فڕێ دەدراینە نێو زبڵدان و چۆمەکانەوە... ناشی بەمە نارەحەت بیت ئەی سەگە ڕاوی ڕاوکراو!

داوام لی کرد بە "لیدەر" بانگم بکات و چیتر پێم نەڵێت سەگە ڕاوی ڕاوکراو.

ئاااا... کەواتە تۆ سەگە ڕاوییەکی فەیلەسووفی! زۆر بەدڵمە... بەڵام داوات لێ دەکەم بکەویتە خۆت و هەڵسیتەوە، گەر تا بەزیندوویی لێرەدا نامێنیتەوە، من ناتوانم هەتاسەر بتپارێزم!

ئەمەی وت و بەمرەمر بەرەو ڕووی کۆمەڵێک ڕۆیشت کە وا دیار بوو دەیانویست لێمان نزیک ببنەوە. لەو چرکەساتەدا کە بەرەنگاری ئەو هەموو سەگە بووەوە، بۆم دەر کەوت چ چاونەترسێکە. ئەو سەگانە خۆیان مەلاس دابوو لێم نزیک ببنەوە و کەڵبەیان لە گیانم گیر بکەن، وەک چۆن بۆبی ئاگاداری کردبوومەوە و هێز و باڵادەستیی خۆیشی بۆم سەلماند.

زۆرم لە خۆم کرد و هەڵسامەوە. لەو کاتەدا هەستم کرد - جگە لەوەی زیندانی کرابووم - بە پۆلێک سەگی هەمەجۆر و وەرەی جیاجیا گەمارۆ دراوم. کە هەڵسامەوە هەموویان سڵیان کردەوە، بە جۆرێک وەریم کە تێکڕا کلکیان خستە ناو گەڵیان و تا شوێنی خۆیان نەوەستانەوە. بۆنی ترسیانم کرد، بۆنی هەمان ترسی نێچیرەکانم کە بەبێ ماندووبوون ڕاوم دەکردن. بەڵام بۆبی هەر دەوەڕی و نەیدەبڕییەوە. کە بینی دۆخەکە هێور بووەوە، ڕووی وەر گێڕایەوە و وەک نیشاندانی ئەوەی بە باشترین شێوە ئەرکی سەرشانی بەجێ هێنابێت: "مەترسە... تەواو... هەموو شتێک وەکو خۆی لێ هاتەوە و ئیتر لێت نزیک نابنەوە!"

شانازیی بە خۆیەوە دەکرد، بە جۆرێک سینگی دەر پەڕاندبوو کە لە بەرچاوم زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەتر دیار بوو. باش و خراپ هیچم نەوت. گەڕامەوە شوێنەکەی

خۆم و لەبن درکەتیلەکەوە بیخەم پاڵم دایەوە.

بۆبی دانیشت و بەبێ ئەوەی داوای لێ بکەم، کەوتە باسکردنی زیندانەکە و وتی،

"ئێمە شانسمان هەیە کە لە جۆرە نایابەکانین. وەک لە خوێیانەوە بیستوومە ئێمە گران و دەگمەنین، بۆیە هێندە گەمژە نین بە فیشەک بمانکوژن، یان دەستبەردارمان بن. باشمان دەناسن، لانی کەم من باش دەناسن. بەڵام نازانم تۆ لە کام خێڵ و بنەماڵەی؟ بێگومان تۆش نایابیت بۆیە هێناویانیت بۆ ئێرە. ئەوانی تر دەکوژرێن و لاشەیان فڕێ دەدەنە نزیکترین چۆم، یان بەرمیلی خۆڵەکانیان پێ پڕ دەکەنەوە. لەوانەیە لاشەی پلیشاوەیانت لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکاندا دیبێ. ماوەیەکە ژمارەمان زۆر بووە و شارەوانی دەڵێت کاتی لەناوبردنی سەگە بەرەڵلاکانە. ئیتر ئەوان وا دەڵێن. بێگومان مەبەستیان ئەو سەگانەیە نەک ئێمە. ئێمە سەگی ڕەسەنین و بنەماڵەمان هەیە."

بۆبی لەناکاو مات و بێدەنگ بوو. خەم دای گرت. دەتوت شتێک هانی داوە ئیتر بێدەنگ بێت.

لە دەردەکەی بۆبی تێگەیشتم، بەڵام هەستیم بریندار نەکرد بە پرسیارێک کە لەکوێ و لەگەڵ چ خانەوادەیەکدا دەژی؟ یان چیی بەسەر هاتووە و چۆن کەوتووەتە داوی ڕاوچییانی سەگ و ئێستاش لەم زیندانە هەمیشەییەدایە؟ کە نیگای خەمباریم بینی و خۆی سەرقاڵ کرد بە لیسانەوەی پێستە ڕووتاوەکەیەوە، تێگەیشتم کە حاڵی دژوار بووە. کە حاڵی گرۆی زۆربلێ و لووتبەرز دەبینێت بێدەنگ و دڵشکاو، تووشی خەمێکی قووڵ دەبێت. بۆم دەر کەوت لە

بەردەم ڕێگایەکی داخراودایین و هیوایەکی گەورەمان نییە بۆ ڕزگاربوون. حاڵی خۆمم بیر کەوتەوە، لوورەیەکم کرد و لەگەڵ گرۆ کەوتینە بیرکردنەوەی بەردەوام لەنێوان هەڵکشان و داکشانی خەمی قووڵ و مەحاڵی ڕزگاربوون.

نازانم چەندی پێچوو - بەنجی ئەو دەرزییە بەری دام کە لەکاتی گرتنمدا چەقاندیان بە لەشمدا - بۆیە وەکو سەگەکانی تر گوێم لێ بوو دەنگەدەنگێک لە قەفەسەکەمان نزیک دەبووەوە. گرۆ لەگەڵ سەگەکانی تردا تا درزی سەرەکیی قەفەسەکە هەڵمەتی برد. لە جێی خۆمەوە دوو پیاوم بەرچاو کەوت، کە مەنجەڵێکی گەورەیان بە دەستەوە بوو، یەکێکیان بەتوندی دەیکێشا بەسەر مەنجەڵەکەدا، سەگەکانی بانگ و هار دەکرد، ئەوی تریشیان هەرچییەک بهاتایەتە دەستی هەڵی دەدایە بەردەمیان: ئێسک و چەوری و پارچەگۆشتی کۆن و بۆگەن، کە لەو دوورەوە کاسی کردبووم. من فێری خواردنی گۆشتی توپیو نەبووم، مامۆستا هەموو کاتێک باشترین و پاکترین گۆشتی دەرخوارد دەداین و هەرگیز ناچار نەبووین بەدوای گیانداری توپیودا بگەڕێین. خۆم تێ نەگەیاند و لەگەڵ سەگەکانی تردا نەکەوتمە نوورەبڕێ، چونکە دەمێک بوو وازم لە گۆشت و خوێن هێنابوو.

سەگەکان لە وەڕین نەکەوتبوون، ئینجا پیاوەکە بە یەک جار مەنجەڵەکەی هەڵدایە بەردەمیان. سەگەکان بەربوونە گیانی یەکتری بەو هیوایەی زۆریان بەر بکەوێت. لە شوێنی خۆمەوە چاوم لە بۆبی بوو خۆی هەڵدەدا و لەنێو کۆمەڵە ئێسکەکەدا دەکەوتەوە، بەڵام بەبێ هیچ دەسکەوتێک دەکشایەوە بۆ دواوە. لەگەڵ هەر نزیکبوونەوەیەکدا بە

تێهەڵدان و وەڕین و گازگرتن وەڵامیان دەدایەوە. ئەو نەگبەتە کۆڵی نەدەدا، لەگەڵ هەر بەرگرییەکدا پارچەیەک لە پێستی لەشیان لێ دەکردەوە، هیچ سەگێکم نەدیبوو وەک ئەو سوور بێت لەسەر داواکەی. هەر سەگێک بەشی خۆی داپچڕی، هەندێکیان پارچەیەک و دووان زیاتر لە بەشی خۆیان بەر کەوتبوو، چاوم لێ بوو بۆبی بە سەری شۆڕ و دوو چاوی شەرمەزارەوە گەڕایەوە و نازانێ چی بڵێت و چی بکات! دەستی کرد بە لیسانەوەی برینە تازە و کۆنەکانی کە هێشتا سارێژ نەبووبوون.

پێش ئەوەی بگاتە لای من، هەڵسامەوە و ڕووە و سەگەکانی تر ڕۆیشتم، لە بەردەم زۆردارەکەیاندا وەستام، بە هێمنی و ڕێزەوە وەڕیم و داوام لێ کرد بەشە گۆشت و ئێسکەکەی بۆبی بداتەوە، بایەخی بە داواکەم نەدا و بەوپەڕی لووتبەرزییەوە گاڵتەی بە هەڵوێستەکەم کرد! بە خۆمم وت کاتی ئەوەیە شتێک بکەم، گەر نا هیچم دەست ناکەوێت.

سینگم دەر پەڕاند و سەرم هەڵبڕی، بە دەنگێکی بەرز وەڕیم و بەسەریدا نەڕاندم، بە جۆرێک تووڕە بووم کە خۆی و سەگەکانی ترم شۆک کرد! هەموویان تۆقین و بەبێ ئەوەی بەرەنگارم ببنەوە، کۆمەڵێک ئێسک و پارچەگۆشتیان فڕێ دایە سەر زەوی و گەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. ئاماژەیەکی خێرام بۆ بۆبی کرد، هات ئێسک و گۆشتەکانی کۆ کردەوە. گەڕامەوە بۆ قوژبنەکەی خۆم و ئەویش دڵخۆش بە دەسکەوتەکەی، دوام کەوت. بۆبی بەشەکەی خستە بەردەمم و سوپاسی کردم. بە چاوی پێزانینەوە سەیری دەکردم، هەروەها پێی سەیر بوو کە بەو بوێری و چاونەترسییەوە

بەرەنگاری ئەو گەلەسەگە بوومەوە.

بۆبی، لیکاو بە لادەمیدا هاتە خوارەوە، چاوی لەسەر چەوری و ئێسکەکان لا نەدەبرد، چاوەڕێی فەرمووی من بوو... پێم وت، "بۆبی تۆ بخۆ... چاوەڕێی من مەکە."

ئەی تۆ؟ (لێی پرسیم).

+ ناتوانم.

ئەهااا... تۆ هێزت تێدا نییە بۆ شکاندنی ئێسکەکان و وردەکردنی گۆشتەکە، خەمت نەبێ خۆم یارمەتیت دەدەم.

پێش ئەوەی دەست پێ بکات، بە جوولەی سەر نەخێریکم بۆی کرد، ڕام گرت و پێم وت،

+ من ڕووەکیم، گۆشت ناخۆم.

برسیی بوو، هێندەی نەمابوو لە برساندا بکەوێتە سەر زەوی، بۆیە هیچ مشتومڕی نەکرد، بەلام لە چاویدا هەستم کرد کە گومانی لە قسەکەم هەبوو، یان تێنەگەیشت. بە هەموو سەرنجییەوە دەستی کرد بە هاڕینی ئێسکەکە و لەتکردنی چەورییەکە، هەتا کۆتایی نە وشەیەکی لە دەم دەر چوو، نە وەڕینێک.

لە تەنیشتمەوە پال کەوت و وتی، "تۆ دەڵێی لە گۆشت نزیک نابیتەوە... ئااا... واتە تەنها حەزت لە سەوزە و میوەیە. بێخەم بە، حەزت لە هەرچییەک بێت بۆت پەیدا دەکەم... ئەی ماسی؟ ئایا ماسی دەخۆی یان نا؟"

پاش قرقینەیەک، دەستی کرد بە خوراندن و لێسانەوەی پێستی خۆی، کە دیار بوو هێندە ئازاری هەبوو، سەخت بوو تووڵەیەکی وەک بۆبیی لەڕولاواز بەرگەی بگرێت. بێخەم لە تەکمەوە خەوت، دیار بوو چەند مانگێک بوو وا تێروپڕ نەخەوتبوو.

# ڕۆژە درێژەکانی زیندانم و ئەو دیدارەی کە هەرگیز پێشبینیم نەدەکرد

لەم زیندانە زۆرەملێیەدا، ڕۆژەکان بە یەک ڕیتم دێن و دەچن.

چیتر توانای بەرگەگرتنم نەماوە. هەموو ڕۆژێک بیری ڕۆژانی ڕاوکردن و ئازادی و پیاسەی شەقامەکانی بەغدا دەکەم. ئەو ڕۆژانەی مامۆستا لەگەڵ خۆی دەیبردم و شوێنەوارەکانی شاری پیشان دەدام. ئەوەی من لەوم دەبیست، نە لە هیچ کتێبێکدا دەیخوێنیتەوە و نە کەسیش هەیە وەکو ئەو بۆتی باس بکات. هەموو ئەوانە تێپەڕین و ناگەڕێنەوە! ئیتر من زیندانی نێو قەفەسێکم کە بە دڕکەتێل دەورە دراوە و هیچ ڕێگایەکم نییە بۆ قوتاربوون.

جارێکیان بەدزییەوە داوام لە بۆبی کرد کتێبێک یان چەند پەڕەیەکی گۆڤارێکم بۆ پەیدا بکات. دەمناسی و چەندان شەو و ڕۆژمان پێکەوە بەسەر بردبوو، گەر وا نەبووایە هەڵدەسامەوە و بە یەک چەپۆک پانم دەکردەوە،

چونکە لەسەر پشت کەوت و پڕ بە دەمی دای لە قاقای پێکەنین، دەمی دانەخست تا ئەو کاتەی کە دڵنیا بوو من بەراستمە. ناهەقیشی نەبوو، یەکەم جاری بوو بزانێت سەگڕاوی خوێنەریش هەیە! بۆیە بەرامبەر ئەو زیادەڕۆیی و بێزێزییانەی، لێی خۆش بووم.

جگە لە ڕۆکردنی ئەو خواردنە بۆگەنانەی کە گەدەی ئەو هەموو سەگەی تێر نەدەکرد، ناوبەناو لە قەفەسەکان نزیک دەبوونەوە و بۆریی ئاوەکەیان دەکردەوە، کەسێک سۆندەکەی بە هەموو لایەکدا رادەوەشاند بۆ شوشتنمان - ڕوونتر بڵێم بۆ خوساندنمان - و خاوێنکردنەوەی حەسارەکە لەو زبڵ و پاشەڕۆ و پاشماوەی خواردنانەی کە لەسەر زەوییەکە قەتماغەیان گرتبوو.

هەمووان بە درێژاییی هەفتەیەک چاوەڕوانی دەرفەتی یەک ڕۆژ بوون، چونکە دەرگاکانیان دەکردەوە و بەرەڵڵای نێو حەوشەیەکی گشتییان دەکردین، ئەو حەوشەیە جێی سەدان سەگی تێدا دەبووەوە. لەوێ چاوت بە هەموو سەگی بەندکراوی نێو قەفەسەکانی تریش دەکەوت. لە ڕاستیدا ئەوە دەرچوون بوو لە قەفەسێکی بچووکی دەورەدراو بە دڕکەتێل بەرەو قەفەسێکی هاوشێوە، بەڵام گەورەتر! ئەوەش نە کارێکی گەورە بوو، نە گۆڕانێکی ڕیشەیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتێک بوو بۆ کردبوونەوە و ڕاکەڕاک و بینینی دەموچاوی تازە. بۆیە پێی وتم ئەم دەرچوونە دەرفەتێکی گونجاوە بۆ پیاسەڵدان و ناسینی دەڵەکانی نێو زیندان، کە ژمارەیان کەم بوو. هیچ هێڵێکی جیاکەرەوەمان نەبوو، تەواو تێکەڵاوی یەکتر دەبووین. ئیتر بۆم ڕوون بووەوە

کە هەمووان چاوەڕێی ئەم بۆنەیە دەکەن بۆ پەیداکردنی دۆستێک، یان ژوانێکی خێرا، لە پەنایەکدا بێت یان لە بەرچاوی هەمووان. لەو ڕۆژە ئازادەدا بۆمان هەبوو هەموو شتێک بکەین. بۆبیم لەو تامەزرۆیییەی ئاگادار کردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیا بووم کە بەو بیچمە جیقن و گەڕەیەوە تەنانەت بۆنی پاشەڵی دەڵێکیش ناکات!

هەر کە بەرەڵڵای حەوشە گەورەکە کراین، بینیم هەموو کەوتنە پێشبڕکێ و هەڵبەز و دابەز. خۆشحاڵ بووم کە دوای ڕۆژانێکی زۆر مەودایەکی گونجاوم دەس کەوت بۆ ئەوەی ماندوویێتی قاچەکانم دەر بکەم کە هێزیان لەبەر برابوو. هەموویانم لەو هەرایەدا جێ هێشت، تا کاتی گەڕانەوەمان بۆبیم نەدیتەوە، لەو کاتەوە لە بەرچاوم ون بوو، کە لەگەڵ نزیکەی دە سەگی تردا ڕۆیشت و دوای دەڵە سەگێکی داماو و تۆقیو کەوتن، کە لە قوژبنێکی ئەوپەڕی حەسارەکەوە گەمارۆیان دابوو. کاتێک هەستم کرد پیاسەیەکی بازنەیی باشم کردووە، ئیتر لە سووچێکدا پاڵ کەوتم و بۆخۆم سەیری ئەو هەرایەم دەکرد. لە شوێنی خۆمەوە هیچم نەدەبینی جگە لە تەپوتۆز، گوێم لە هیچ نەبوو جگە لە دەنگی وەڕینی بەردەوام کە نیشانەی برسێتی و سەرکەوتن، یان دۆڕان بوون.

لە جێی خۆمەوە چاوم لەوە بوو کە چۆن لە شەو و ڕۆژێکدا دەبین بەو دڕندەیەی کە تەنها دوای غەریزە و بەرژەوەندیی خۆمان دەکەوین. ڕێکایەکم شک نەدەبرد تا ئامۆژگاریی ئەو هەموو سەگە بکەم، یان لەسەر کردەوەکانیان سەرزەنشتیان بکەم. توانایەکی ئەفسانەییم نەبوو... هەرگیز

ئەو توانایەم نەبوو!

هێندەی نەبرد، گوێم لە دەنگی قرخنی بوو:

دیارە یەکەم جارتە؟

ئاورم دایەوە بۆ بینینی خاوەندەنگەکە. پیرەسەگێک بوو، هەندێک نیشانەی سەگەڕاوی جەمسەری ناسراو بە "خاسکی"ی تێدا بوو، بەلام زۆر دلنیا نەبووم. سەرەڕای پیری، بە هۆی نەخۆشییەکی ترسناک و کوشندەوە ڕەنگی تووکی گۆڕابوو، بەشی زۆریشی هەلوەریبوو. کە بینیمی لە سەر و بیچمی ڕاماوم، دلنیای کردمەوە کە تووشی نەخۆشییەکەی نابم، چونکە ئەو کوشتەی دەردی بێئومێدییە، نەک شتی تر! لەو کاتەدا دەمم کردەوە و وەلامم دایەوە:

+ بەلێ ڕاستە. وەک زانیومە هەمووومان یەکەم جارمانە.

سەگی پیر دای لە قاقای پێکەنین... هێندە دەمی کردەوە پووکی برینداری دەر کەوت، چەند دانێکی ڕەش و ڕزیو لە دەمیدا مابوون... کۆکەیەکی کرد و بەلغەمەکەی قووت دایەوە... ئینجا وەلامی دامەوە:

لەوانەیە لێرە زوو تۆرەت بگاتی، یان ئەوەتا پیر دەبیت و وەک ئێستای من گۆشتی ئەوتۆت پێوە نامێنێت. دەبێ بەرگە بگریت و لەگەل ئەم چاوەڕوانی و خەونی ڕزگاربوونەدا ڕابێیت کە تا پیرتر بیت زیاتر پەرۆشی ئازادبوون دەبیت.

هەناسەیەکی قوولی هەلکێشا. ڕیش و برۆ و ئەو تۆزە تووکەی بە جەستەیەوە مابوون، تەواو سپی بووبوون. زانیم لێرە پێی دەلێن "باپیرە،" بەلام نەمزانی هۆی چییە کە لەنێوماندایە. هەریەکەمان لەبەر هۆکارێک، یان هەر بەبێ هۆ ڕاو کرابووین، کەر نا هیچ قسەیەکم نییە لەسەر بنەمالەی

باپیرە.

باپیرە وتی، باوەڕ بە واتەوات مەکە، هەموویان وا دەزانن لەبەر هۆکارێکی گرنگ لێرەین. لە ڕاستیدا ئێمە بەڕێکەوت لێرەین. دەشیا لەنێو ئەو کەللاکانەدا بین کە فڕێ دراونەتە ڕووبارەکەوە، جگە لە زیندانەوانەکانیش کەسی تر نازانێت هۆی چییە کە ئێمە هێشتا ماوین! بەش بە حاڵی خۆم حەزم دەکرد لەتەک لاشەی ئەندامانی خێزانەکەمەوە بم کە نەمتوانی ژیانیان بپارێزم، گەر نا ژیانی من چ مانایەکی هەیە لەم زیندانە تەنگەدا؟

بیورە... پێت وایە دەیانەوێت چیمان لێ بکەن؟

+ هەرچەند زۆر دوا کەوتێت، بەلام لەگەل من کۆتاییەکەی بزانە... نامەوێت شۆکت بکەم، لەوانەیە ئایندەت باش بێت، بەلام من وای بۆ دەچم کە هەموومان ببینە خۆڵەمێشی کوورەیەکی گەورە. ئەها ها... سەیری ئەوێ بکە... بۆنی هیچ ناکەی؟ دەنگی بزوێنەرە زەبەلاحەکان نایەتە بەرگوێت؟

سەرم هەلبڕی تا بڕوانمە ئەو شوێنەی کە ئاماژەی بۆ دەکرد. لەوێوە لوولەکێشێکی بلندم بینی کە چرەدووکەلی لێوە دەهاتە دەر، دوور نەبوو لە قەفەسەکانمانەوە، کۆمەلێک پیاو بە ماشێنی بارەوە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەر، بەلام نەمزانی بارەکان چین! شوێنەکە لە کارخانەیەکی مەزن دەچوو کە پەیتاپەیتا چرەدووکەلی لێوە دەر دەچوو.

+ کەواتە هەموومان تیادەچین... هیچ هیوایەک نییە!

هیوا، دوایین شتە کە دەبێت لێرە بیری لێ بکەیتەوە. ئامۆژگاریت دەکەم، گەر دەتوانیت هەلبێ، تۆ هێشتا گەنج و بەگوڕی، مشوورێکی خۆت بخۆ، گەر نا چارەنووست

هاوشێوەی پەککەوتەکانی وەک من و گەمژەکانی ئەم ناوە دەبێت.

باپیرە بێدەنگ بوو، کەوتە بیرکردنەوەیەکی قووڵ. پێش ئەوەی وشەی "هەڵاتن" وەک دەنگی چەکوش و هاڕەی بزوێنەرەکانی ئەو ناوە لە سەرمدا جێگیر بێت، تارماییەکم بینی لە دوورەوە بەرەو ڕووم دەهات. وردەوردە دیمەنەکە ڕوونتر بووەوە. لە پێشەوە دەڵەسەگێکی شەکەت و ماندوو، ئێسکەکانی دیار بوون، سکە ئاوساوەکەی بەدوای خۆیدا کێش دەکرد، جۆرەها سەگ لە ڕاست و چەپیەوە دوای کەوتبوون، لەنێویشیاندا بۆبی! هەموویان لێی نزیک دەبوونەوە بەبێ ئەوەی ڕێگریی لێ بکەن، بۆنی لامل و پاشەڵیان دەکرد، بەڵام ئەو گوێی بە وەڕین و شەڕە چەپۆکی ئەوان نەدەدا.

لە بەردەممدا وەستا و چاوی تێ بڕیم. سەگەکانی تر کە بینییان دەڵەسەگ پشتگوێی خستوون و دەیەوێت لەگەڵ مندا بکەوێتە گفتوگۆ، هەموویان پاشەکشەیان کرد بۆ گەڕان بەدوای تامێکی تردا!

زۆر خۆی نەگرت، لە تەکمەوە... لای ڕاستی باپیرەوە پاڵ کەوت. بەرلەوەی بەرامبەرم جێی خۆی قایم بکات، سکە ئاوساوەکەی خستە سەر زەوی و هەردوو لاقە شکاوەکەی بەهێمنی درێژ کرد. دەموچاوی بەدوای هیچ شتێکی تردا نەدەگەڕا جگە لە نیشانەکانی دەموچاوم. سوپرایزێک لاڵ و بێدەنگی کردم، هەر چاوەڕوان بووم هۆی ئەم نزیکبوونەوەمم پێ بڵێت. ئەم دیدارەم هیچ پێ گرنگ نەبوو، بەڵام نەمویست هەستیشم پێ بکات. بە هۆی زەردەخەنە نەرم و سادەکەیەوە کە نیشانەی متمانەبەخۆبوون بوو، هەم چاوکراوە و هەم

بێخەم بووم لێی.

هێشتا نامناسیتەوە؟ (لێی پرسیم).

+ ببورە، پێشتر یەکترمان دیوە؟

بێگومان... ئایا گومانت هەیە لەوەی کە بەری یەک سێکین؟

هاوارم کرد، "ئاا... ئەمە تۆی خوشکم!..." داپەڕیم و باوەشم پێدا کرد.

هیچ گومانم نەبوو کە خۆیەتی، چاوەکانی دایکم و برۆکانی باوکمی پێوە بوو، گوێچکەکانی کە هەر لە منداڵییەوە بە سەریەوە نووسابوون، زیاتری دڵنیای کردمەوە.

پێم وت، "بەڵام چی گەیاندیتی بەم حاڵە؟ دەی پێم بڵێ.. چیت بەسەر هات؟"

خوشکەکەم هەناسەیەکی هەڵکێشا، چاوەکانی داخست و سەرگوزشتەی ژیانی خۆی هەر لەو کاتەوە بۆ گێڕامەوە کە لە ماڵی مامۆستا دەرچووبوو، بەبێ وەستان و ڕوونکردنەوە یان سڵکردن لەوانەی لێمانەوە نزیک بوون، وتی،

"خۆت دەزانی مامۆستا پێشکەشی هاوڕێیەکی خۆی کردم، ئەویش لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ مەزراکەی لە دەرەوەی بەغدا. شەو و ڕۆژم بەتەنیا دەبردە سەر، لەمسەر بۆ ئەوسەر پاسەوانی و پیاسەم دەکرد. ئەو ماوەیەی لەوێ بووم، کابرا بەدەگمەن سەردانی مەزراکەی دەکرد. نە خۆی و نە خێزانەکەی بایەخیان پێم نەدەدا، بایەخپێدانێک کە هاوشێوەی سۆز و خۆشەویستییەکەی مامۆستا بێت. لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هەموو شتە ئازیزەکانی ژیانم لەدەست چوو: ماڵەکەم و خێزانەکەم. تێگەیشتم کە بۆ هەمیشە ئێوەم لەدەست چوو، لێدەر! زۆر بیرم دەکردن، بەڵام دڵنیا بووم

کە چارەنووسم تەنها مانەوە و ڕاهاتنە لەگەڵ ئەو مەزرایەدا. کوڕانی خاوەنمەزراکە بەبێ هیچ هۆیەک هەموو جۆرە ئازار و ئەشکەنجەیەکیان دەدام، بەبێ هیچ سایە و سێپەیەک لەو مەزرایەدا بە پەتێکی باریک شەتەکیان دەدام، بە درێژایی ڕۆژانی دوورکەوتنەوەیان، من بەو حاڵەوە لە مەزراکەدا دەمامەوە.

پەکم کەوت و لەبەر گەرما و برسیتی برستم لێ بڕا، بەڵام هەر بەرگەم گرت و چاوەڕێ بووم ڕۆژێک بێن، بەڵکو بەزەییەکیان پێمدا بێتەوە و ئەو پەتەم لێ بکەنەوە، بەڵام شتی وا هەرگیز ڕووی نەدا. ڕۆژان تێپەڕین و هیوابڕاو بووم، هێندەی نەمابوو بمرم، بەڵام بەڕێکەوت سەگێک لای مەزراکەمانەوە تێپەڕی، ئیتر ژیانم بۆ گەڕایەوە و بەدەممەوە پێکەنی. ئەو سەگە بەزەیی پێمدا هاتەوە کە بینی لەوێدا فڕێ دراوم و جووڵەم لێ بڕاوە. ئەو ماوەیە بوو بە هاودەمی خۆم و برینەکانم، خۆراکی بۆ دەهێنام. سەرباری مەینەتییەکانم بەدەست ئەو خێزانە بەدخووەوە، بەوپەڕی ئاسوودەییەوە هۆگری بووم، مێردەکەم قەرەبووی ئازارەکانی دابڕان لە ئێوەی بۆم کردەوە. لێی دووگیان بووم و دوو توولەی جوانمان بوو، خاوەنی مەزراکە پێیان زانی و بۆسەیان بۆی دانا، زۆر دڕندانە کوشتیان و لاشەکەیان کرد بە خۆراکی بەرازی نێو جەنگەڵەکان! دوو توولەکەش کە گەورە بوون، لێیان ڕفاندم و خۆمیان لە مەزراکە دەر کرد، هەڕەشەی کوشتنیشیان لێ کردم گەر لە توولەکانم نزیک ببمەوە.

سەرگەردان بووم و شێوازێکی گونجاوم شک نەدەبرد بۆ ڕزگاربوون، شارەزای هیچ ڕێگا و شار و مەزرایەک نەبووم!

وەک دەمبینی، دوای چەند هەفتەیەک لە ترس و ئاوارەیی کەوتمە داوی ڕاوچییانی سەگەوە، لەو کاتەوە تا ئێستا لیرەم لەم زیندانەدا. ئیتر نازانم چارەنووسم چی دەبێت و دەیانەوێت چیم لی بکەن!"

جاروبار بەدەم ئازاری دووگیانییەکەیەوە هاوارێکی دەکرد، هێورم دەکردەوە. ئیتر لیم نەپرسی چۆن وا ئاوس بووە، چونکە وەڵامەکە لە بەرچاوی خۆم بوو، دەمبینی ئەو هەموو سەگە هارە بەردەوام گێچەڵ بە دەڵەسەگەکان دەکەن. دڵنەواییم کرد و سەریم لیسایەوە، ئینجا سەرم خستە لای سکی ئاوساویەوە.

باسی دەردەسەرییەکانی خۆمان و مەرگی دایک و باوکمانم بۆی کرد، دەستی کرد بە لوشکەی گریان، هاوار و وەڕین. کە باسی بەسەرهاتی مامۆستا وماڵی مامۆستام بۆ کرد، کوڵی گریانەکەی زیاتر بوو. ئینجا ئەو باسی خوشکەکەی دیکەمانی کرد، ئەو دەیزانی خێزانێک لەگەڵ خۆیاندا بردوویانە بۆ کەنداو. لە خەڵکی ترەوە بیستبووی کە لەوێ ڕێزی زۆر لەم بەرەبابە ڕەسەنەی ئێمە دەگرن، بەڵام هیچ هەواڵێکی نەدەزانی. بەڵام بۆ براکەمان، ئەویش وەکو تاسەبار و هەناسەسارد، هیچ سۆراخێکی نەدەزانی!

تەواوی ئەو ڕۆژەم بە دەردەدڵ و باسی جاران لەگەڵ خوشکەکەم بردە سەر. لەگەڵ چەندین کەلەسەگ شەڕم کرد بۆ ئەوەی ژەمێکی باش بۆ خوشکەکەم پەیدا بکەم تاکو شیاو بێت بۆ بەرگەگرتنی ئاوسییەکەی. وا دیار بوو چەندین ڕۆژ بوو تامی ئاو و خۆراکی نەکردبوو. لەو خواردنەی بۆم پەیدا کردبوو، پارچەیەک گۆشتی تازەی بەخشییە باپیرە،

پارچە ئێسکێکی پووکیشی خستە بەردەمی بۆبی، کە لەبەر دەردەدڵە سۆزدارییەکانی ئاگای لە گەدەی برسیی خۆی نەمابوو!

بەتوندی باوەشی پێدا کردم، پێش ئەوەی هەریەکە و بەرەو قەفەسی پێشوو بمانبەنەوە. ئاگام لە فرمێسکی قەتیسماوی نێو چاوەکانی بوو، خواحافیزیی لێ کردم: "لەوانەیە یەکتر نەبینینەوە، لەبیرم نەکەی تکایە. ئەو خوشکەت لەبیر نەکەیت کە هەمیشە خۆشی دەوێی."

ڕۆژانی دوای ئەوە هەر سۆراخیم دەکرد. بۆبی، یارمەتیی دەدام و لە زمانی سەگەکانی ترەوە هەواڵی بۆ دەهێنام. هەفتەیەک پێش ئەوەی بەیەکجاری ماڵئاوایی لە قەفەسەکە بکەم، زانیاریم پێگەیشت کە گواستراوەتەوە بۆ شوێنێکی نادیار و دوور لە زیندانەکە. بۆبی، تەواوی چیرۆکەکەی پێ نەوتم، بەڵام شتێکی لێ حاڵی بووم. ئەوەم لە خەیاڵم نەدەویست کۆتاییەکی تراژیدیی بۆ دروست بکات وەک ئەوەی لە دەمی هەواڵدەرەکانەوە دەمبیست، لە دڵی خۆمەوە چیرۆکێکم بۆی دروست کردبوو، خۆمم قایل کردبوو کە تەنها ئەمە چیرۆکەکەیەتی و هیچی تر: وام دانابوو کە گواستوویانەتەوە بۆ ماڵی کەسێکی تر، لەوێ بەئاسوودەیی لەگەڵ دوو توولەکەیدا دەژین، نانی باش دەخوات و چاو لە ئاسۆیە، پشتی بە خێزانێکی بەبەزەیی قایمە لەنێو مەزرایەکی گەورەدا، زۆر کەس خزمەتی دەکەن و بەبێ ئەوەی یەک هەنگاو خۆی ماندوو بکات، هەرچی بوێت دەیخەنە بەردەستی.

# سەرگوزشتەی برسێتی و شەڕە بێکۆتاییەکانمان

ڕۆژەکان بەسستی تێدەپەڕین، لە زیندانندا هیچ شتێکی تازە نەبوو جگە لە چاوەڕوانی، یان ڕوودانی موعجیزەیەک.

زۆربەی کاتم لەگەڵ باپیرە بەسەر دەبرد، ئەویش کۆڵی نەدەدا و هەر دەیوت دەبینە خۆڵەمێشی نێو کوورەکانیان. زۆری دەوت دەربارەی تاقی لاوێتیی خۆی و سەرکێشی و هەندێک کاری تر کە من نە بینیومە و نە گوێم لێ بووە سەگێک هەبێت توانای وای هەبێت! لەگەڵ ئەوەشدا هەر پێی نەوتم کە بۆچی کەوتووەتە ئەم زیندانەوە و پێشتر چ کارە و لەکوێ بووە! جاروبار بۆبی قسەکانی پیمان دەبڕی، هەروەها لیرە و لەوێش هەر خەریکی سیخوڕیکردنی خۆی بوو، هەواڵی تازەی دەهێنا، بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە بەدڵمانە یان نا! هەندێک جار باپیرە پەندێکی کۆنی دەوتەوە، یان زانیارییەکی کۆنی دەدامێ! بەوەش بێزاری دەکردم

کە تەنها سەرەداوێکی کردەوەکانی سەردەمی گەنجێتی لەو شوێن و ڕووداوانەدا نیشان دەدام کە هەستم دەکرد کۆنن، یان زانیاریم لەسەریان نییە. بۆبییش لە چەنەبازیی خۆی نەدەکەوت، هەوال و زانیارییەکانی بێسەروبەرە بوون، کتومت وەکو پێستەکەی خۆی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەڕتر دەبوو. بۆبی ڕاوچییەکی کارامە و بەسام نەبوو، کەچی بە هۆکاری پووچ شەڕی خۆترێنی دەکرد! هەموو جارێک سەرزەنشتم دەکرد کە بۆچی وا بەسەر خۆی دێنێت؟ کەچی دەیوت گەڕی و برینەکانی بە هۆی شەڕەوە نییە، بەڵکو هۆکاری تری هەیە، بەڵام ئێمە پێکەنینمان بە پاساوەکانی دەهات و باوەڕمان پێی نەدەکرد. لەبەر ئەوەی لەگەڵ چیرۆکە خەیاڵییەکانی ڕاهاتبووم، بۆیە گوێم بە قسەکانی نەدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا بۆبی هاوڕێیەکی دڵسۆز و بەوەفا بوو، لە کاتی تەنیاییمدا نەیهێشتووە دڵتەنگ بم، بەردەوام چیرۆکە و هەواڵی خۆشی بۆ هێناوم. دواجار، پاش ئەوەی ئازاری زیندان ئۆقرەی لێ بڕیم و لەمسەر بۆ ئەوسەری قەفەسەکە دەهاتم و دەچووم، بەتەواوی هێزمەوە کەوتمە وەڕین، هەموو کەوتنە لەرزین، بەبێ ئەوەی نقەیەکیان لێوە بێت، بێدەنگ بوون. تەنانەت لەو ساتەشدا هاتە لامەوە و بە دەنگێکی نزم، بە شێوازە پچڕپچڕەکەی خۆی پێی وتم،

شێت مەبە... دڵنیات دەکەم کە ڕۆژی ڕزگاری نزیکە... تەنها دوو ڕۆژی ماوە... بەڵێنت دەدەمێ... گەر بەڵێنەکەم نەبردە سەر، پێم بڵێ تۆ درۆزن و ساختەچیت... یان دەتوانیت ئیتر قسەم لەگەڵدا نەکەیت... بەڵێنت دەدەمێ لێدەر، بەڵێنت دەدەمێ.

لە هەموو قسەکانی تێنەگەیشتم، بەلام وشەکانی ئەو هەندێک جار - گەر بۆ خۆخەلەتاندنیش بێت - هێندەی گێراوەیەکی هێورکەرەوە کاریگەرن. دوای ئەو مێژووەش، زۆر جار هەست دەکەم قەرزاری بۆبیم کە ئەو ماوە زۆرە لەو زیندانە دزکاوییەدا دانم بە خۆمدا گرت. نازانم، گەر سەگێکی وەک بۆبی و ڕستە و ڕێنماییە دلنیاکەرەکانی نەبوونایە، چیم بەسەر دەهات!

خەو، شلی کردبووم. شەوانە بیرم لەوانە دەکردەوە کە خۆشم ویستبوون و لێیان دابرابووم: دیمەنی باوکم سەلوقی کە بەدوای کەرویشکێکی خالداردا ڕای دەکرد/ زەردەخەنەی بزوێنەری دایکم سابویسق بەدەم لیسانەوەی نێوچەوانمەوە/برا کەلەگەتەکەم کە هەمیشە وەک باوکم بێدەنگ بوو، زمانێکی تایبەتی گفتوگۆی نهێنیمان هەبوو/دوو خوشکە نازدارەکەم/لەوانەش زیاتر دیمەنی مامۆستاکەم کە هیچیم لەیاد نەماوە جگە لە جەستەی شەلال بەخوێنی کە دلڕەقانە تاوەکو لای ماشینە جامڕەشەکە بەسەر شەقامەکەدا ڕایان کێشا! نەک تەنها ئەمانە، زۆر جار ویژدانم کە لە کاتی خەوتندا سیخوڕیم بەسەرەوە دەکات، ئازارم دەدات. شریتی عومری ڕابردووم شۆکم دەکات، کەرویشک و کولەفرە و پۆری مردوو لەنێوان کەلبەکانمەوە دەر دەچن و لە خەو هەلدەستن و دوام دەکەون! ڕێک وەک وەڕینەکەی خۆم دەوەڕن، بەرەو ڕووم دێن و ڕێ هەلە ناکەن! هەروەها بەراز و ئاسکەکان، خوێن لە هەموو لایەکەوە! هیچ بوارێک نییە بۆ هەلاتن، خوێن ڕەنگم دەکات... سوور... تاکە ڕەنگی دیوزەمە هەمیشەییەکانی سەر شانم! هیوام بە خەوێکی ئارام نەماوە،

گوێم لە قسەی باپیرە بوو لە دواوە وتی، "دیارە هەڵاتوون و دوور کەوتوونەتەوە بۆ ئەوەی خۆیان هیچیان لێ نەیات. بۆ ئەوە هەڵاتوون تا لە کشت لایەکەوە غازەکان بکەنەوە و هەموو قەفەسەکان بکەن بە کوورەیەکی گەورە... پێویست ناکات یەک لەدوای یەک تا کوورەکانی تواندنەوەمان ببەن!"

هەموو ئەوانەی لە قەفەسەکەی ئێمەدا بوون قسەکەی باپیرەیان بیست و باوەڕیان پێ کرد! هەرچەندە نەیاندەزانی چۆن ئەم بەکۆمەڵ سووتاندنەی کە باپیرە باسی دەکات چۆنە و بە چ شێوازێکە (بە دزەپێکردنی غاز!). لەگەڵ لوورە و وەڕین و مشتومڕدا هیچ چارەیەکمان نەبوو جگە لە چاوەڕوانی، دەریچەیەکمان شک نەدەبرد، هەر لە قەفەسەکەدا مابووینەوە و ناچار لەو دیوی دڕکەتێلەکانەوە گیرمان خواردبوو!

باپیرە لەگەڵ هەڵگێرانەوەی زمانە درێژەکەی لەنێو دەمیدا، کە دەتوت پاروویەکی تاڵ دەجووێت، وتی، "حکومەت زۆر جار گازی خەردەلی بەکار هێناوە و هەزاران کەسی کوشتووە، گوندەکانی بە کیمیایی وێران کردووە، بۆیە هیچ سەیر نییە وا لە ئێمەش بکات!"

دوای ئەوەی بەرگەی وەڕین و شەڕە سەگی ڕۆژی یەکەمی پاش نەمانی پاسەوانەکانمان گرت، ڕۆژی دووەممان زۆر ناخۆش و دژوار بوو.

گەلەسەگەکان لەنێو خۆیاندا دەستیان کرد بە کەلەکۆمەکێ بۆ پەلاماردانی سەگێکی لاواز! بیرۆکەی بەرێکردنی ڕۆژێکی بێ خۆراکی تر لە هۆشی ئەو سەگە برسی و ماندووانەدا جێی نەدەبووەوە، کە باوەڕیان بە نزیکبوونەوەی وادەی

ڕزگاری و هیچ ڕێگەچارەیەکی تر نەمابوو. توانام نەبوو بەرگری لە هەمووی بکەم، جگە لەوەش بە هۆی شەکەتی و نەمانی هێزەکەی جارانمەوە هەر شەڕێکی سەختی تەنیابال بەرامبەر گەلەسەگی برسی، مانای شەڕی خۆترین بوو! هەروەها هەرگیز ناتوانم نە سەگ و نە هیچ گیانداریکی تر بکوژم، یان بریندداری بکەم!

ڕۆژانی دواتر کە دۆخەکە سەختتر بوو، هەموران دلنیا بوون بەرەو کوتایی دەڕۆین و چارەمان نەماوە، پاسەوانەکان هەرگیز ناگەڕێنەوە، هەر وا سەگ بوو پەلاماری ئەویتری دەدا، شەڕێک تەواو دەبوو یەکێکی تر دەستی پێ دەکرد. هەولم دا بەگوێرەی توانا هێوریان بکەمەوە، بەلام نەمتوانی، کەمێک لەولای کورەپانی ئەو شەرە خۆخۆرییانەوە دانیشتم تا ڕێگەچارەیەک بدۆزمەوە بۆ دەربازبوونی هەموومان. وازیان لێ نەدەهێنام. بە درێژاییی دوو ڕۆژی پێشوو، بە هەر لایەکدا دەڕۆشتم بۆبی و باپیرەم لەگەلدا بوو. دەترسام گەلەسەگی درندە کەولیان بکەن، ئەوانیش لێم دوور نەدەکەوتنەوە، چونکە دلنیا بوون گەر لە پەنای منەوە بن سەگە برسییەکان توخنیان ناکەون.

کاتی ئەوە هات بۆبی - سەرەرای ترس و دلەراوکێی - بە لایەکدا بڕوات و زانیاریمان بۆ بێنێت. هێندەی نەبرد دەنگی لوورە و هاواری گەیشتە گوێم، هیچ گومانم نەبوو کە کەوتووەتە داوی سەگە برسییەکانەوە و داوای بەهاناوەچوون دەکات. هەتا هێزم تێدا بوو بەرەو لای ئەو گەلەسەگە ڕام کرد کە دەورەیان لە نێچیرەکەیان دابوو، بەسەریاندا نەڕاندم و سینگم دەر پەڕاند. بەئاسانی ملیان نەدا، ویستیان من و

بۆبی بخەنە نێو بازنەیەکەوە و گەماروّمان بدەن. سەیرم کرد بۆبی کەوتووە و خوێن لەو پەلەیەی جەستەی دەچۆڕێت کە تازە پێستەکەیان داماڵیبوو، ئەولاشی کانیاوێک میز بوو! چاوم لە یەک بە یەکیان بز کردەوە، هەم ئارامم کردنەوە و هەم چاوم لێ سوور کردنەوە. کە ڕوانییانە چاونەترسی و هەلوێستە توندەکەم، سەیری کەلبە و چەپۆکی من و خۆیان کرد، سەرکردەکەیان کەمێک خاو بووەوە و بازنەکەی پچڕاند و کشایەوە، سەگەکانی تریش بەدوایدا کلکیان خستە ناو گەلیان و دوور کەوتنەوە، بەدڵنیاییەوە بۆ بیرکردنەوە لە نێچیرێکی باشتر لە بۆبی دوور کەوتنەوە!

بۆبیی بریندار و گەوزاوی نێو ئارەقەی خۆی و میزی سەگە هارەکانم ڕاکێشا و لەگەڵ خۆمدا بردمەوە بۆ ئەو شوێنەی کە باپیرەم لێ جێ هێشتبوو، بینیم باپیرەش قاچی لێ ڕاکێشاوە و قەپێکی گەورە لە ڕانی چەپی دراوە! زۆر چاوەڕێم نەکرد و چاوم بە هەموو گۆشەیەکدا گێڕا، هەر کە پەلاماردەرەکەم بینی بەرەو ڕووی ڕۆیشتم و بە تەواوی هێزی بازوومەوە گورزێکم تێ سرەواند، لە ترساندا بەبەرزیی حەسارەکە خۆی هەلدا، پاشان لەسەر گازەرای پشت کەوتە سەر زەوی، ئینجا بەدەم لووره و وەڕینەوە تیی قووچاند و پارچەگۆشتەکەی ڕانی باپیرەی جێ هێشت!

ئەمرۆم بە ماندوێتی و ترس لە ڕۆژانی داهاتوو بردە سەر، تا دەهات دۆخەکە خراپتر دەبوو، ڕۆژ نەبوو بەبێ زیان لەو شەڕە بەردەوامە دەرباز ببین. هەرچیی کاتی تریشم هەبوو، بۆ چاودێریی باپیرە و تیمارکردنی برینەکەی بوو، جگە لە قوڕ، هیچی ترمان نەبوو بۆ ڕاگرتنی خوێنبەربوونەکە،

لەپێکی بەس بوو، چونکە هێز و جەربەزەییەکەی سەرنجی ڕاکێشابووم! ئاخ و ئوفی نەدەکرد، یان لانی کەم لە بەردەمی مندا نەیدەویست وا بکات، هەستم دەکرد ئازارێکی خنکێنەر لە ناخیدایە، نەک بە هۆی برینە قووڵەکەی ڕانی چەپی، بەڵکو بە هۆی حاڵی دەردەدارمانەوە. بەڵام بۆبی، دیار بوو لەگەڵ کەولکردن ڕاهاتبوو، چونکە هیچ نارەزاییی پێوە دیار نەبوو، بە پێچەوانەوە، پێنجەمین ڕۆژی بێ پاسەوانیمان، پێش خۆرئاوابوون لەتەکمەوە دانیشت و پێی وتم،

"باش گوێم لێ بگرە لیدەر، لەبەر ئەوەی هەموو کەشتییەکان بەگوێرەی ئاراستەی با دەڕۆن، نەک بە ئارەزووی کاپتنەکان، بۆیە پێویستە شتێکی زۆر گرنگت پێ بڵێم. ئەوەی کە دەبینی من کەوڵ دەکرێم و لەم ڕۆژە تاڵانەدا زۆر لە بەرچاوت ون دەبم، بێهۆ نییە. لەبەر ئەوەی ئێمە لێرە دەر ناچین و مردنمان نزیکە، دەبێت هەموو ڕاستییەکان بزانیت. هەموو جارێک کە لێرەوە بەرەڵڵای حەوشە سەرەکییەکەیان دەکردین، ئەو ماوەیە من ئەملا و ئەولام دەکرد بۆ هەواڵێک یان دەستکەوتێکی تازە کە ژیانم درێژتر بکات! جارێکیان - پێش ئەوەی تۆ بێیتە ئێرە - دەرچەیەکم لەتەک دەرکەتیلەکەی نزیک ژووری پاسەوانەکان دۆزییەوە کە بە گژوگیا داپۆشراوە، تەنگەبەر بوو، بەشی زۆری بە دڕک گیرابوو. ئەوە سوپرایزێک بوو بۆ من. لەو ڕۆژەوە حەشارگەی نهێنیی منە و تا ئێستاش بە کەسم نەوتووە. لیدەر، ئەوە بە تۆم وت، دەبێت لای تۆش نهێنی بێت. هەموو جارێک لەوێوە دزەم دەکردە دەرەوە و هەرچییەکم چنگ بکەوتایە ڕاوم دەکرد، هەوایەکی پاکم هەڵدەمژی و ئێوارانیش

چەند خولەکێک پێش وادەی گەڕانەوەمان بۆ نێو قەفەسەکە، منیش دەگەڕامەوە! هەموو جارێک دەمویست نەگەڕێمەوە، حەزم دەکرد بۆ یەکجاری هەڵبێم و چیتر نەگەڕێمەوە، ون بم و... بەڵام لەبەر چەند هۆیەک دەگەڕامەوە بۆ نێو قەفەسە گەورەکە... جاران گیرم خواردبوو لەنێوان ترس و تامەزرۆییم بۆ هەڵاتن بەرەو ئازادی... هیچ هۆکارێکی قابیلکەر نەبوو بۆ گەڕانەوەم! بەڵام لەوەتەی تۆم ناسیوە و هاوڕێمی، تەنها بۆ هەڵمژینی هەوای پاک بیری لێ دەکەمەوە. ماوەیەکە دەبینم بارتەقای گەورەیی خۆت دڵتەنگ و ڕەشبین و بریندارێت، هەموو هیوایەکت هەڵاتنە، بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە وەک سوپرایزێک ئەو شوێنەت پێ بڵێم و پێکەوە لێوەی دەر بچین... دوای ئەوەش هەرچی ڕووی داوە دەیزانیت... ئیتر نە پاسەوان دێتەوە و نە بەرەڵلامان دەکەن... چیتر پاسەوانەکان نابینینەوە و هیوایەک نەماوە بۆ گەیشتن بە حەشارگەکە... توونێلە نهێنییەکە... توونێلەکەی خۆم!"

بێدەنگ و دڵتەنگ! سەیری هیچ شتێکی نەدەکرد، بیری لە گەمژەیی خۆی دەکردەوە، چونکە دەمێکە تاکە دەرفەتی ڕزگاربوونی خۆی و هەموومانی پشتگوێ خستووە.

# پلانی دۆزەخیمان بۆ هەڵاتن لە گۆڕستانی زیندانە هەمیشەییەکەمان

خەو لە چاوەکانم تۆرا. بە درێژاییی ئەو شەوە دانیشتم و بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆبی پێی وتم. هەستم نەدەکرد پێویستم بە خەوتن بێت، بێداری بیرکردنەوە بووم لە قسەکانی بۆبی و ئەو حاڵەی تێی کەوتبووین. چاوم بەسەر هەموو قەفەسەکاندا گێڕا، بەو هیوایەی ڕێگەچارەیەک بدۆزمەوە یان لەو تاریکییەدا بەرەو ترووسکاییەک بمانبات. شتێکی تازەی ئەوتۆم بەرچاو نەکەوت. لە درکەتیلەکانی هاوتەریبی قەفەسەکان نزیک بوومەوە، جووڵاندم، لە هەموو کەلەبەرێکی ورد بوومەوە. نۆقرەم نەگرت تا بیرۆکەیەکم دۆزییەوە کە ڕەنگە یارمەتیمان بدات بۆ ڕزگاربوون.. گەر نا تەنها - مەرگ - چاوەڕێمانە.

بۆ بەیانییەکەی - کە خەو نەچوبووە چاوم - بە دەنگی بەرز وەریم و هەمووانم ئاگادار کردەوە، چوومە سەر

بەرزترین بەردی سووچێکی قەفەسەکەمان. بانگەوازم بۆ سەگەکان کرد، هەموویان لە خەو هەڵسن و گوێم بۆ ڕادێرن. هەموویان بەپیری بانگەوازەکەمەوە هاتن - هەندێکیان نابەدل هاتن، بەلام بێدەنگ و ڕازی بوون - ئیتر بێپێچوپەنا دەستم کرد بە قسەکردن بۆیان:

باش گوێم لێ بگرن، قسەکانم دووبارە ناکەمەوە. هەمووومان لەم میحنەتەدا هاوبەشین، دیارە پاسەوانەکانیش جێیان هێشتووین و ناگەڕێنەوە، هەمووومانیان لێرەدا بە قەدەر سپاردووە، بۆیە بەدڵنیاییی دەمرین گەر تا زووە فریای خۆمان نەکەوین. یەکتر دەخۆین و تا دواکەسمان لەناو دەچین. تەنها چەند ڕۆژێکمان ماوە لە ژیاندا، بۆیە گەر ڕێگەچارەیەک نەدۆزینەوە، کەسمان دەرباز نابین. گوێم بۆ ڕادێرن و ئەوە بکەن کە پێتان دەڵێم، ئەمە تاکە ڕێگای ڕزگاربوونمانە.

دڵگەرم بووم، سینگم لەبەر هەوای فێنکی ئەو بەیانییە دەر پەڕاندبوو، یەکلایی بووبوومەوە کە لێرەدا هیچ بوارێک نییە بۆ ناکۆکی. ئامادە نەبووم گوێ لە هیچ شتێک بگرم پێچەوانەی بۆچوونەکانم بێت، بۆیە بەو شێوازەش ڕەفتارم کرد. بیرم لە هیچ نەدەکردەوە جگە لە دەربازبوون، ئەوەش نەک لەبەر چاونەترسیم، بەڵکو تەنها لەپێناو مانەوەدا. سەریان بەیەکدا کرد و بوو بە مقۆمقۆیان، لەنێو خۆیاندا پرسیاریان دەکرد و چاوەڕێ بوون یەکێکیان هەڵسێت ناڕەزایی دەر ببڕێت و بیرۆکەکەم ڕەت بکاتەوە. بەلام ئەوە ڕووی نەدا، جگە لەوەی کە من فەرمانم پێ کردن نەک ڕاوێژ، هەمووشیان بێهیوا مابوون و چاوەڕێی چاوساغێک

بوون بۆ دەربازبوون لەو نەهامەتییە. بەردەوام بووم و وتم،

دوێنێ بۆبی بیرۆکەیەکی پێ وتم، پێم وایە تاکە ڕێگەچارەی بەردەممانە. لەو سووچەوە هەندێک لە دڕکەتێلەکانی دەورمان شل بوونەتەوە، گەر پێکەوە کار بکەین دەتوانین دای بماڵین. هەوڵ و قوربانیدانی دەوێت، بۆیە پێویست ناکات پێتان بڵێم کە پێویستە لە ئێستاوە دەستبەکار بین و کارەکە تەواو بکەین، پێویستە کەلێنێکی تێ بکەین و پێش خۆرئاوابوون لەوێوە هەڵبێین.

بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکەم، بەنێو سەگەکاندا ڕۆیشتم تا ئەو شوێنەی کە شەو دەستنیشانم کردبوو، پێش ئەوان دەستبەکار بووم و ئینجا شوێنەکەم بۆ نزیکترینیان جێ هێشت، سەرپەرشتیی هەموو کارەکەم دەکرد، ئۆقرەم نەبوو، دەچوومە پێشەوە و لە حەسارەکە ورد دەبوومەوە تا بزانم هێزەکەمان توانیویەتی کۆنکریتی ژێر دڕکەتێلەکان بکشێنێت! وردەوردە ستوونەکانی دەوری حەسارەکە لە جێی خۆیان ترازان. پێویستمان بە هەرەوەزێکی تاقەتپڕوکێن بوو تا ستوونێکی چەقێنراو هەڵکەنین و بەبێ پشوودان بچینە سەر دانەیەکی تر. وەک بینیبووم مامۆستا وای لەگەڵ جووتیارەکانی دەکرد، منیش سەگەکانم فێر کرد لە شێوەی چەند ئەڵقەیەکدا یەکدەست و بەنۆرە کار بکەن، بەو جۆرە نە دەوەستان و نە ماندوو دەبوون، هەمووشیان هەستیان دەکرد بەوپەڕی چالاکییەوە بەشدارییان کردووە، تا دەهات دیواربەندە دڕکاوییەکە زیاتر شل دەبووەوە، وەڕین و دلگەرمیی سەگەکانیش زیاتر دەبوو، بۆبی لە هەموویان گەرمتر بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی لە بەردەم سەگەکانی

تردا وەک خاوەن دەستپێشخەری و بیرۆکەکە گوێی لە ناوی خۆی بوو. بەو بیچمە لاوازەیەوە، لە ڕاکێشان و پاڵنان و گازلێدان نەدەکەوت، چاوم لێ بوو - ئەو داماوە - تەواو کەڕ بووبوو، ئارەقە لە جەستەی دەچۆڕا، کەچی هەرگیز نەمبینی بوەستێت و پشوویەک بدات.

بۆبی ئەمە تاکە دەرفەتمانە کە لەدەستی تۆدایە. تۆ بچووکترین و لاوازترینی لەنێوماندا، پێویستە زیاتر قوربانی بدەیت و هەوڵ بدەیت بچیتە نێو تونێلەکەوە و لەوسەرەوە دەر بچیت، لەوێشەوە دەرگای کڵۆمدراوی زیندانەکە بکەیتەوە. دەتوانیت ئەمە بکەیت؟

فریا نەکەوتم چاوەڕێی وەڵام بکەم. بەپەلە خۆی هەڵدا و جەستە لاوازەکەی خزاندە نێو درزی ئەو دڕکەتێلانەی کە توانیبوومان شل و شیتاڵیان بکەین. هەر پێشڕەویی دەکرد و دەتوت پاڵەوانێکی ڕاهێنراوە و بەسەر گوریسدا دەڕوات، پەیتاپەیتا دڕکەکان لە پشت و سک و پێیەکانی گیر دەبوون و شوختیان دەکرد، کەچی گوێم لە ئاخ و ئوفێکی نەبوو، وەک گیاندارێکی خشۆک دڕکەکانی لە خۆی دەکردەوە و پێشڕەویی دەکرد. کەمێکی مابوو بگاتە کۆتایی و ئازاد بێت، گوێمان لێ بوو پڕ بە گەرووی وەڕی و هاواری کرد! لە جێی خۆمەوە بینیم کە چۆن ملی لەنێوان دوو پارچە تەلی دڕکاویدا گیر بووە، وەک ئەوەی کەوتبێتە نێو دوو پەتی سێدارەوە!

بانگی هەموویانم کرد یارمەتیم بدەن، گەر نا بۆبی دەمرێت. بە شەش سەگی بەهێزەوە ئەلقەیەکمان دروست کرد و بە هەموو هێزمانەوە دەستمان کرد بە ڕاکێشانی

دڕکەتێلەکە بەرەو لای خۆمان، چەپۆکی خوێناویمان لێی بەر نەدا تا دەرچەیەکی باشمان کردەوە. ئەم جارەیان داوای هیچ شتێکم لە سەگەکان نەکرد، خۆم بەزگەخشکی ڕۆیشتم تا گەیشتمە لای بۆبی کە ئەگەر جوولەیەکی بچووکی بکردایە ملی لە لاشەی دەبووەوە! ئەو داماوی بێدەسەڵاتە لە بەردەم ڕەحمەتی دڕکەتێلەکەدا چۆکی دادابوو، بەڵام کە ڕوانیی بەرەو ڕووی دەڕۆم بۆ ڕزگارکردنی، ورەی بەرز بووەوە و لە هاتوهاواری ئازارەکانی کەوت، کە بەرگەگرتنی سەخت بوو.

پێش ئەوەی بگەمە لای بۆبی و لەو پەتی سێدارەیە ڕزگاری بکەم، پشت و مل و ڕوومەتم شەقارشەقار بوون و خوێنیان لێ دەچۆڕا! هەرگیز ئاسان نەبوو! چنگم لە هەردوو تەلەکە گیر کرد، بەرگەی ئازاری دڕکەکانیم گرت کە بەسەختی پێمدا دەچەقین! بەڵام لەو ساتەدا هیچ ڕێگایەکی ترم نەبوو جگە لە ڕزگارکردنی بۆبی و هەوڵی گەیشتن بە کۆتاییی توونێلە تاریکەکە. لەناکاو بەسەر بۆبیدا نەڕاندم تا بکشێتەوە، بە چەپ و ڕاستدا ملی با دا و ئازاد بوو، ئینجا بەرەو دەروازەکە پێشم کەوت. دواهەنگاوم بۆ دەربازبوونی خۆم بوو کە دڕکەکان هەردوو پێی دواوەمیان بزمارڕێژ کردبوو، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەم کە چییان بەسەر دێت، بەتوندی هەردوو پێم ڕاوەشاند، هەستم کرد چەقۆیەکی تیژ قاژقاژی کردووم و هیچ ئومێدێک نییە بۆ ساڕێژبوونم!

بەرگەی ئازارەکانم گرت و هەتا دەرەوە خۆم پەلکێش کرد، لەوێ بۆبی چاوەڕوانم بوو، بەدەم هەڵهەڵە و وەڕینی خۆشییەوە پێشوازیی لێ کردم، بەدوای ئەویشدا سەگەکانی

تر دەستیان کرد بە هوتاف و هاوارکردن!

تەنانەت سەیری برینەکانیشم نەکرد - کە خوێن لە جەستەم دەچۆڕا - فەرمانم بە بۆبی کرد لەگەڵمدا ڕابکات تا دەگەینە دەروازەی سەرەکیی قەفەسەکە. لەوێ هەتا توانیمان کێشامان بە کلۆمی دەرگاکەدا، بەڵام لە شوێنی خۆی نەجوولا. هیچ ڕێگایەکمان نەدۆزییەوە بۆ لەقاندنی. داوام لە بۆبی کرد سواری پشتم بێت، بۆم ڕوون کردەوە کە بە چ شێوەیەک بە ددانەکانی کلۆمەکە لا بدات و دەرگاکە بکاتەوە. دەیویست هاوسەنگ بێت و پێیەکانی لەسەر پشتم دەلەرزین. پشتم دەتوت بۆریچکەی ئاوە و خوێنی لی دەچۆڕێت، ئەوە ئەرکەکەمانی سەختتر کردبوو. بۆبی خۆی گرت و دەستی کرد بە لەقاندنی کلۆمەکە تا لە جێی خۆی ترازاندی و سەرەنجام دەرگاکەی کردەوە. لە ماوەی چەند خولەکێکدا من و بۆبی و سەگەکانی تریش یەکمان گرتەوە، پۆل پۆل دەر چووین، لێرە و لەوێ دەستیان کرد بە ڕاکەڕاک و هەڵبەزودابەز. هەندێکیان تا حەوشە گەورەکە ڕۆیشتن، ئەوانی تریش بازنەیەکیان بەدەوری من و بۆبی دا دروست کرد. فیکەیەکم بۆ هەموویان کرد و پێشیان کەوتم بەرەو قەفەسەکانی تر بۆ ئازادکردنی زیندانییەکانی ناویان.

شەومان بەسەردا هات و هێشتا لەنێو دیواربەندە گەورەکەدا بووین، بەڵام هەستمان بە ئازادی و ئاسوودەییەک دەکرد کە پێشتر پاسەوانەکان لەوە بێبەشیان کردبووین. لە بۆبی نزیک بوومەوە و داوام لی کرد کونی تونێلە نهێنییەکەیم پیشان بدات کە دەمانباتە دەرەوە و بۆ هەمیشە لە جەوری زیندان دەربازمان دەکات. بۆبی، سووکوسۆڵ

کەوتە پێشم، هەموو سەگەکانی تریش دوامان کەوتن بەرەو ئەوسەری دیواربەندەکەی تەنیشت ژووری چاودێرەکان و شوێنی خەوتنیان. شوێنەکە بە گژوگیا و درەختی تووڕک داپۆشرابوو. بۆبی هەمووی لا برد و ئینجا دەستمان کرد بە پاککردنەوە و فراوانکردنی دەرچەکە. دوای ئەوە یەک لەدوای یەک لەو تونێلەوە دەر چووین، ئیتر بە باشترین شێوە و بەبێ هیچ گرفتێک خۆمان دەرباز کرد.

من لەدوای هەموویانەوە دەر چووم و باپیرەم لەگەڵ خۆمدا ڕاکێشا.

لەو پێدەشتەدا کە گۆرەپانی یەکەمی ئازادیمان بوو، سەگەکان لەگەڵ خێراییی بادا پێشبڕکێیان دەکرد، بەئاسانی نەدەچوونەوە سەر ڕێگایەک کە تەریبی ژیانی داهاتوویان بێت. هەندێکیان لای من مانەوە و دوای هەنگاوەکانم کەوتبوون. خۆمان کێش کرد و بەڕێ کەوتین، شەو توقمی تاریکیی خۆی کردین. بۆبی و باپیرە بستێک لێم دوور نەدەکەوتنەوە، بە دڵەڕاوکێیەکی کەم و وریاییەکی زۆرەوە دوام کەوتبوون، دەتوت جیهانێکی نوێیان دۆزیوەتەوە!

# ئارامیی پێش ڕەشەبا!

سەگەکان بەدەم ڕێوە دەکەوتن و هەڵدەسانەوە. هەریەک بەدوای ڕێگای خۆی، یان ئەو شێوازەدا دەگەڕا کە ڕۆژانێک ئاشنای بووە و لەوانەیە ئێستا بیری بکات. بێگومان هەمووبان وێڵی یەکەم شوێن بووین. بەبێ ئەوەی مەزەندەی شێوازی ژیانی ئەوانی تر بکەم، گوێم لێ بوو هەموویان باسی ئەوەیان دەکرد کە بەنیازن بەرەو ئەو شوێنە بڕۆن کە لەمێژە جێیان هێشتووە. گروپێکی شەش-حەوت سەگی بەدەورمەوە بوون، لە پێشەوە دەڕۆیشتم و هاوکاریی باپیرەم دەکرد کە لەگەڵ بۆبی ڕێگا ببڕێت، هیچ ڕێگرییەکم لە سەگەکانی تریش نەکرد کە زانیم هیچ شوێنێک شک نابەن و تەنانەت ناشزانن درێژە بە ژیانی سروشتیی خۆیان بدەن لە دەرەوەی قەفەسەکانی زیندان! بۆم دەر کەوت کە هەندێکیان لەنێو قەفەسەکەدا لەدایک بوون، یان بەمنداڵی هاتوونەتە ناوی! چاویان هیچ شتێکی تری نەدیوە جگە لە دیمەنی دیواربەندی درگاوی و

**هاموشۆی بەردەوامی پاسەوانەکان!**

ملی ڕێمان گرتبوو، خۆمان لە ناوچەکانی دانیشتووان و ڕێگا گشتییەکان لا دەدا، بۆ ئەوەی نەکەوینە داوی ڕاوچییانی سەگ و خەلکی ترەوە. بە مەزرا پانوبەرینەکاندا گوزەرمان دەکرد، لە کێلگەی چەوەندەرەوە بۆ گولەبەڕۆژە و گەنم و هەموو جۆرەکانی پاقلەمەنی. ئیتر بۆم دەر کەوت دەستکەوتنی ژەمەخۆراکی من ئاسانە، چونکە ماوەیەک بوو لەسەر خۆراکی گژوگیا و سەوزە ڕاهاتبووم، سەخت بوو ئەو گەلەسەگەی دوام کەوتبوون - هەموو هەولی خۆمم دا - تامی گژوگیا بکەن.

ئەم جارەش وەک هەمیشە، بۆبی باری سەرشانی سووک کردم، کەوتە پێش سەگەکان و لەو دەوروبەرە کەوتنە ڕاوکردن، زۆر لێمان دوور نەکەوتنەوە کە نەماندەزانی ئەملا و ئەولامان کوێیە. زۆر جار کە دەهاتنەوە پەڕوباڵ و خوێنی باڵندە ڕاوکراوەکان بە لەشیانەوە نووسابوو. بۆنی خۆلەکەی بەرپێم دەکرد، لووتم هەلدەبڕی و هەوایەکی ئەو ناوەم هەلدەمژی، بەلکو ڕێگایەکم پیشان بدات و بمباتەوە بەرەو زیندانەکەی مامۆستا. سوور بووم کە دەبێ لە بەردەم دەروازەی زیندانەکەی چاوەڕوان بم و بچووکترین دەرفەت بقۆزمەوە بۆ چوونەژوورەوە و هەولی دەربازکردنی. بەلام تا ئەو ساتە ڕێگای دروستی گەیشتن بە مامۆستام پەی پێ نەبردبوو، بەو هۆیەوە کەوتبوومە گومان لە توانای خۆم، دلنیا بووم کە کوڕوتینی جارانم نەماوە! وام دەزانی هۆکارەکەش ئەوەیە کە لەمێژە ڕاوم نەکردووە و خوێن و گۆشتی تازەی گیاندارانم تام نەکردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا وەک کوێریکی بێهاوەڵ ملی ڕێم گرتبوو، بەڵکو خوایە نەستم - بەڕێکەوتیش بێت - بمباتەوە بەرەو زیندانەکەی مامۆستا، یان گریمانەی ئەوەی کە هەموو ڕێگاکان دەچنەوە ناوەڕاستی شارەکە، لەوێشەوە بۆ ئەو شەقامەی دەچێتەوە بەردەم ئەو باڵەخانە گەورەیەی کە مامۆستایان فڕێ دایە ناوی، لەو ساتەدا هەموو نیشانەکانی ئەو شەوەم بیر کەوتەوە کە دوای ماشینە جامتاریکەکە کەوتبووم.

هەستم دەکرد ڕووبەڕووی حاڵەتێکی نامۆ دەبینەوە... هەوایەکی نامۆ... ئەو شوێنە نە بنیادەمی لێ بوو، نە شوێنەواری بنیادەم، ناوبەناو لەوبەری ڕێگاکەمانەوە تارمایی پێچەوانەمان دەبینی. دڵم باشی نەدەوت و هەستم دەکرد شتێکی خراپ ڕووی داوە، بەڵام نەمدەزانی چییە؟

بێئامانج ملی ڕێمان گرتبوو. وردەوردە هەستم کرد سەگەکانی تریش ڕاهاتن لەگەڵ هەڵمژینی هەوا پاکەکەدا. هەر جارە سەگێکمان لێ ون دەبوو، لێمان دادەبڕا و دزەی دەکردە نێو خانوویەک یان مەزرایەکەوە. یاخود لەناکاو بڕیاری دەدا خۆی ڕادەستی قەدەر بکات، تەنانەت گەر بە ئاراستەی پێچەوانەشەوە بێت دزەی دەکرد و بەبێ وەڕین جێی دەهێشتین.

لە ڕاستیدا بە بڕیارەکانیان ئاسوودە بووم و نەمدەپرسی بۆ کوێ دەچن؟ نەدەوەستام تا بزانم بۆ کوێ چوون؟ ئامانجم ئەوە بوو هەر خۆم بڕۆم و سۆراخی مامۆستای هاوڕێم بکەم، دەمزانی هەتا سەگی تر هاوەڵم بێت زیاتر دوا دەکەوم و سەرقاڵی کاری تر دەبم کە لەم ساتەدا ئەرکی من نییە.

دوای ئەوەی ڕێیەکی دووری کاروانەکەمان بڕی، کەس لەگەڵمدا نەمایەوە جگە لە بۆبی و باپیرە و سەگێکی بەڵەکی شلۆشاو، دەیوت ناوم هوزایە، بە چەند زمانێک - یان خۆی دەیزانی، یان لە خەڵکی ترەوە بیستبووی - ناوەکەی خۆی بۆ وتمەوە. بیرم لە نامۆییی ئەم سەگە و ناوەکەی کردەوە، بەڵام لام گرنگ نەبوو کە هاوەڵمان بێت یان نا. بەردەوام بەدوامەوە بوو، بەردەوام زانیارییەکانی بۆمان ڕاست دەکردەوە. لە ئێمە پەرۆشتر بوو بۆ گەیشتن بە ناوەڕاستی شار، بەڵام چەند پرسیاری هۆکارەکەیم دەکرد، بێدەنگ دەبوو، چەپۆکی بەسەر خۆیدا دەکێشا و کلکێکی دەلەقاند، بەبێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە بەدەم چاودێریکردنی لای ڕاست و چەپی خۆیەوە ملی ڕێگاکەی دەگرتەوە! هیچی نەدەوت، بەڵام جاروبار گوێم لێی بوو لەبەر خۆیەوە لوورەیەکی دەکرد و دەیوت، "دەک بە نەفرەت بێت." وام دەزانی نەفرەت لە کەسێک دەکات، یان لێی بێزارە. بەڵام دواجار تێگەیشتم ئەو قسەیە بەرەنجامی تاڵاویی ڕۆژگار و ئەو دۆخە نالەبارەیە کە خەریکە لێی دەرباز دەبێت. چەندم پرسیار لێی دەکرد، وەڵامی نەدەدامەوە، خۆی تەریک دەکرد و ملی ڕێی دەگرت، وەک ئەوەی بڵێت، "تەنها ئەم ڕێگایە کۆمان دەکاتەوە، نەک هاوڕێیەتی و قسەکردن!"

کە خۆر هەڵهات، بۆمان دەر کەوت هەر لە شوێنی خۆمانین! کەوتبووینە سەر بازنەی بڕینی مەودایەکی دووبارە، بەبێ ئەوەی لە مەزراکانی دەوروبەری زیندانەکەمان دوور بکەوینەوە، هەمان ڕێگامان چەندبارە تەی کردبووەوە. وەک کەری ژێر چەرخەی ناودان، گەڕابووینەوە بۆ هەمان شوێن!

یەکسەر وەستام و ڕووم کردە هەرسێکیان - لە ڕاستیدا ڕووی دەمم کردە بۆبی و باپیرە، چونکە هوزا دوورەپەرێز بوو - داوای لێبوردنم کرد کە من چیتر شیاو نیم ڕۆڵی چاوساغ و سەرکردە بگێڕم، باشتر وایە هەر یەکە بە خواستی خۆمان بڕیار بدەین.

هێندەی نەبرد هوزا گڕی گرت و هەرچی جنێو و وشەی سووکە پێی وتم! بۆبی و باپیرە بەو هەڵوێستەم شۆک بوون بەرامبەر ڕەفتارەکانی ئەو سەگە کە بەبێ ئەوەی داوای لێ بکەین، خۆی دوامان کەوتبوو، کەچی بە ڕوومدا تەقییەوە! بۆبی ویستی تەمبێی بکات، بەڵام بەردەمیم گرت و بەسەر هوزادا هاوارم کرد،

ڕاستم پێ بڵێ، بەدوای چیدا وێڵی و چی وای لێ کردی دوامان بکەویت؟

ئەم جارە ڕستەیەکی ڕۆشنی وت، بەڵام لە هەموو ڕەفتارەکانی پێشووی شلەژاوتر بوو.

+ وام زانی "لیدەر"ی ڕاستەقینەیت، بۆیە دوای هەنگاوەکانت کەوتم!

ئینجا بێدەنگ بوو، چەند بۆڵەیەکی کرد. ڕووی وەرگێڕا و لێمان دوور کەوتەوە.

هەموومان پەلەی ئەوەمان بوو زوو لەو بازنە ماندووکەرە دەر بچین، بۆیە بەبێ ئەوەی خولەکێک بەفیڕۆ بدەین، هەرسێکمان کەوتینە ڕێ. ئەم جارەیان ڕێگاکە ئاشکرا بوو، تاکوتەرا دار و درەخت و کێڵگەی نزم دەهاتە ڕێمان کە لەنێو چڵەکانیدا سەرمان دیار بوو. هاوتەریب لەگەڵ ڕێگاکەی ئێمە، بەدووریی کەمتر لە سێ سەد مەتر، هوزا بە هەمان

ئاراستەی ئێمە ملی ڕێی گرتبوو، وەک بڵێی چاوساغیمان بکات بەبێ ئەوەی هاوەڵی ڕێگامان بێت. ئەو لە چاوی ئێمە ون نەبوو، ئێمەش هەروەها. هەموو جارێک بۆبی بەرەو لای ڕای دەکرد تا بزانێت بۆچی دوامان کەوتبوو، دواییش خۆی تووڕە کرد و لێمان جیا بووەوە. بەڵام هەر نەیگرتەوە، چونکە ئەویش بەڕاکردن دوور دەکەوتەوە، کاتێکیش بۆبی دەگەڕایەوە بۆ لامان، هوزاش دەهاتەوە سەر ڕێگاکە!

ئەو گەمەیەی هوزا خەریکی کردبووین، بەڵام ئیتر نەمهێشت بۆبی دوای بکەوێت. بێهوودە ملی ڕێمان گرتبوو، بێئاگا لەوەی باپیرە پرستی لێ بڕاوە! لەناکاو لای دا و خۆی کرد بە کێڵگەیەکدا، بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەک لە زاری بێتە دەر، لەتەک کەپرێکی چۆڵەوە پاڵی لێدایەوە. لێی نزیک بوومەوە و پرسیارم لێ کرد، وەڵامەکەم لە چاوانیدا خوێندەوە! دیمەنەکە گوزارشتی لە خۆی دەکرد و پێویستی بە باسکردن نەبوو. تەواوی پەیامەکەی گەیشت، لەگەڵ ئەوەشدا ویستم دڵنیا بم، داوای لێبوردنم لێ کرد و وتم،

ڕەنگە بێ گوێدانە توانای جەستەیی تۆ، ڕێمان کردبێت! بەڵام لە ئێستاوە تۆ بڕیاردەریت!

باپیرە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی،

+ کێشەکە ئەوە نییە کوڕم، ئێوە خێرا دەڕۆن، چونکە ئامانج و شوێنێکتان هەیە و دەتانەوێت پێی بگەن، بەڵام من نە شوێنێکم هەیە، نە کاتی زۆرم ماوە و نە هیچ ئامانجێک! تەنها دەمەوێت پشوویەک بدەم، وا بزانم ئێرە شوێنێکی گونجاوە بۆ من. نیگەران مەبن و بە ڕێی خۆتاندا بڕۆن، ئەوەندەی کاتم ماوە لێرە دەمێنمەوە، ئێرە شوێنێکی شیاوە

بۆ مانەوەم. لیدەر... تۆ و بۆبی بەو خۆشەویستییەتان ڕێزی زۆرتان لێ گرتم... ئەوەندە بەسە... من باش دەبم... ئێرە پەنایەکی باشە و پڕیەتی لە خۆراک... دەی لیدەر بە ڕێی خۆتدا برۆ... دەی... هەر دەبێ بگەیتە مەراز... نزا دەکەم پێی بگەیت... دەی!

بە سەرلەقاندنێک بەڕێی کردین، بێ ئەوەی بتوانین وەلامی بدەینەوە، ملی ڕێمان گرتەوە.

بەرلەوەی تاریکیی شەو بێت، لەوە ترسام ڕێمان هەلە کردبێت. شتێکم نەبینی لەو نیشانانەی بەغدا کە پێشتر ئاشنایان بووم. وتم ڕەنگە ڕاوچییەکان ئێمەیان گواستبێتەوە بۆ شارێکی تر. بۆیە ڕێگای گەیشتنەوەمان بە بەغدا، پێویستی بە چەندین کاتژمێر ڕێکردنی بەردەوام هەیە.

بەرەبەیان، لەو نیشانانەی شارەکە وردبوومەوە کە هێشتا لەیادم بوون، بەغدا! درەوشانەوەی مانگ وردەوردە تارماییەکی بۆم ڕۆشن کردەوە، بەرەو ئەو شارەی ڕۆژانێکە لێی دوورم! سەرەنجام دەنگم هەلبڕی و پڕ بە گەرووم وەڕیم "بۆبیی... گەیشتین!" بۆبیی گەڕ و ماندووش هەر هێندەی بۆ کرا وەکو من بە هەموو هێزیەوە دەستی کرد بە وەڕین! تا دەهات زیاتر دەوەڕی، لەولاشەوە هوزا وەلامی دەدایەوە، کەچی وامان دەزانی دەنگدانەوەی وەڕینەکانی بۆبییە! هوزاش درکی بەوە کرد کە بەسەرکەوتوویی گەیشتووین، چونکە بەمتمانەوە دوای هەنگاوەکانمان کەوتبوو - جگە لەوەش هیچ چارێکی تری نەبوو - وا دیار بوو نەیدەزانی چۆن بگاتە بەغدا، یان ئەو شارەی هەر نەدیبوو.

هێشتا ڕێگایەکی دوورمان لە بەردەمدا بوو بۆ بڕینی

مەزراکانی دەوروبەری بەغدا و چەندین کاتژمێر ڕاکرن، پێش ئەوەی خومان لەناو پایتەختدا ببینینەوە. وەستام و بە بۆبیم وت دەمەوێت کەمێک بخەوم و پشوویەک بدەم، پێش ئەوەی بە شێوەیەکی دروست بیر لە تەواوکردنی ڕێگاکە بکەمەوە. خەمی گەورەم ئەوە بوو سەرخەوێک بشکێنم بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو نیشانانەی دەمبەنەوە بۆ زیندانەکەی مامۆستا، ئەوەش تاکە ئەرک بوو کە لەوەتەی لە قەفەسەکە دەرچووبووین، سەرقاڵی کردبووم. بۆبیم تەواو سەرپشک کرد کە یان لەگەڵمدا بمێنێتەوە، یان بۆ کوێ دەیەوێت بڕوات. لە ڕوخساریدا ئەوەم بەدی کرد کە هەر وا بەئاسانی جێم ناهێڵێت، هاوکات پاڵنەرێکی هەبوو کە چیتر چاوەڕوان نەبێت. لەنێوان ئەو دوو خواستە و بێ ئەوەی هەستی تەواوی دەر ببڕێت، وەک هەمیشە بەهێمنی لێم نزیک بووەوە و ماچێکی نێوچاوانمی کرد، پێی وتم، "لەیادت ناکەم... وەک برایەک بوویت بۆم... بەڵام دەبێ منیش ڕێی خۆم بگرمە بەر... منیش ژوانێکم هەیە کە لەمێژە چاوەڕێی هاتنیم!"

چیت لەم کەللە بچووکەتدا حەشارداوە بۆبی؟

+ زۆر شت لیدەر، هیوادارم ڕۆژێک دەرفەتمان هەبێت تا هەموویت بۆ بگێڕمەوە... بەڵام ئێستا دەبێ بڕۆم.

هوزاش ماوەیەکی زۆر بەدەوری خۆیدا خولایەوە کە لەنێو مەزرایەکی دوور لە ڕێگا کشتییەکە بوو، بەڵام زۆر لە شوێنی پشووەکەی منەوە دوور نەبوو. سەرەنجام ئەویش لە چاو ون بوو، بینیم ئەویش بە هەمان ڕێگای بۆبیدا ڕۆیشت، وەک بیەوێت پێش ڕۆیشتنەکەی ئاگادارم بکاتەوە.

یەکسەر خەوتم، یان وام هەست کرد خەوتووم. هەستم

بە باری قورسی ئەو هەموو ڕۆژەی زیندان لەسەر جەستەم دەکرد، دەبوو بخەوم و کەمێک خۆم لەو خەمە بێکۆتایە بدزمەوە. نازانم چەند سەعات خەوتم، سەرباری خەوە قووڵەکەم، بەلام دێوەزمەکان پشووەکەیان لێ تاڵ کردم. خەونم بینی! هێشتا لە زیندانەکەدا بووم، هەرچەند هەوڵی هەلاتنم دەدا، دەستگیریان دەکردمەوە و پاسەوانی زیاتریان بۆم دادەنا! لە دوایین چرکەساتی خەونەکەمدا بۆمبێکی چێنراوم دەست کەوت. بڕیارم دا... مادام لە زیندان و جەللادە دڵڕەقەکان ڕزگارم نابێت، زیندانەکە و هەرچی تێدایە دەیتەقێنمەوە، ژێرانە دزەم کردە نێویانەوە و بۆمبەکەم پیشان دان و هاوارم کرد، "هەمووتان بەرەو دۆزەخ!" تەقاندمەوە و بە ئاسماندا چووم، چاوم لە لاشەی لەتوپەتیان بوو، ئینجا کەوتمەوە سەر زەوییە شەقارشەقاربووەکە... "بوووووووووم..."

لەپڕ ڕاچەنیم، ئارەقە لە جەستەم دەچۆڕێت و هەڵدەلەرزم! دوای ئەوەی هەناسەیەکم هەلمژی و هاتمەوە سەرخۆم، زانیم کە هیچ نییە جگە لە دێوەزمەیەکی نەفرەتی کە سواری کۆلم بووە. چاوم هەلبڕی، بینیم لە دوورەوە تۆپەلێکی ئاگرین لە خوارەوە تا سەرەوە دەدرەوشێتەوە، دیمەنەکە لە ئاسمانی شاری بەغداوە دوور نەبوو، لە ئێمەشەوە دوور نەبوو! پاش کەمێک هەمان دەنگی نێو خەونەکەم هاتە بەرگوێم! دەنگی ڕاستەقینەی "بووووووووم" بەلام بەرزتر!

ئەم جارەیان دەنگ و دیمەنەکە ڕاستەقینە بوون، هەرگیز خەون نەبوون!

چاوم بڕییە ئاسمانی بەغدا، سەدان تۆپەلە ئاگری لەر

جۆرەم بەرچاو کەوت کە دەدرەوشانەوە، ئینجا شریخە و دەنگیان دەهاتە بەرگوێ کە زەوییان دەلەراندەوە، ئێمەش دەتوت بووکەڵەیەکین و بە پەتێک هەڵبەزودابەزمان پێ دەکرێنت! چاوم لێ بوو ئاگربارانەکە هەموو شتێکی هەڵدەلووشی و زیاتر لەوە لێم نزیک دەبووەوە کە پێشبینیم دەکرد... تۆپەڵە ئاگرەکان بەرز دەبوونەوە و زەوی و ئاسمانیان پێکەوە هەڵدەقرچاند!

## گەشتێک بە وێرانەی شار و کۆتاییی کێشەکانم لەگەڵ کابرای بە ناو سەرکردەدا

دوو سەعات پێش گزنگی بەیانی، بۆردومان وەستا و دەنگی تەقینەری تۆپەکانیش نەمان.

بە درێژاییی ئەو ماوەیە لە چاڵی حەشارگەکەم لەنێو ئەو مەزرایەدا خۆم حەشار دابوو، کە دواتر زانیم کەوتووەتە بەرامبەر فڕگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی. لە شوێنی خۆم هەڵسام، ئەو تەپوتۆزەی گیانی خۆم تەکاند کە دابارییبووە سەر خۆم و دار و درەختەکانی دەوروبەرم. ویستم پێیەکانم بجووڵێنم و بچمە پێشەوە، بیرم لای ئەوە بوو کە ئێستا کاتیەتی تا ناوەڕاستی شارەکە بڕۆم، پێش ئەوەی دەنگ و زرمەی تۆپ دەست پێ بکاتەوە.

بەدەم ڕێوە هیچم نەدەبینی جگە لە تارماییی شار... شارێکی وێران وەک ئەوەی پێشتر کەسی تێدا نەژیابێت!

ئەو بەغدایەم بە چاوی خۆم نەبینییەوە کە بە پیادە و

بە ماشینەکەی مامۆستا، پیاسەی زۆرمان بە گەڕەکەکانیدا کردبوو! هەموو شتەکان لە جێی خۆیان هەلکەنرابوون، دەتوت بەدزیی هەموانەوە، شۆفلێکی گەورە هاتووە و ماڵ و تەلار و باخچە و شەقامەکانی تەختی زەوی کردووە! هەموو بستێکی ئەو خاکە بووەتە بەرد و خاشاک. سەخت بوو ئەو شوێنانە بدۆزمەوە کە دەمێک بوو جێم هێشتبوون، لەوەش سەختتر دۆزینەوەی ئەو نیشانانەیە کە دەبێ بمبەنەوە سەر ئەو ماڵەی کە مامۆستای تێدا زیندانی کراوە!

هەر خۆم بووم و بەنێو ئەو وێرانەیەدا دەڕۆیشتم، تەرمی مرۆڤم دەبینی کە سەر و بازوویان پەڕیبوو، یان هیچ نیشانەیەکی ناسینەوەیان پێوە نەمابوو! سەرەتا وام زانی تەرمەکان کەمن، بەلام لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا یەکێکی ترم بەرچاو دەکەوت. دەیان تەرم بوون، پاشان بە بەردەم سەدانا تێپەڕیم، توانای ژماردنیانم نەبوو! گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە من بەسەر گۆڕستانێکی تازەهەڵدراوەدا دەڕۆم! بەلام گۆڕستانێکی کۆن نەبوو، بەڵکو گۆڕستانێکی تازە بوو کە بۆردومان و ئاگربارانەکەی دوێ شەو دروستی کردبوو! جگە لە تەرمەکان، جۆرەها چەکی جیاوازم بینی... تۆپ و تفەنگ و دەمانچە.. تانک و ماشینە سەربازییەکان پەیتاپەیتا سەنگەریان دەگرت، هەندێکیشیان بەرەو ناوەڕاستی شار ملی ڕێیان دەگرتە بەر.

بە پێچەوانەی وێرانبوونی ماڵ و شەقام و باخچە و پردەکانەوە، پۆل پۆل خەلکم دەبینی هەلهەلەی خۆشییان لێدەدا. مۆزیک و سەما و قونبادان لەسەر شەقام و بەردەم ماڵەکان و سەربان و گۆڕەپانە گشتییەکان. هەمووان دڵخۆش

بوون، هاواریان دەکرد و لافیتە و ئالای ڕەنگاوڕەنگ و وێنەی کەسانێکیان بەرز کردبووەوە کە نەمدەزانی کێن و پێشتر نەمدیبوون. هەندێک درووشم کە هەرگیز پێشبینیم نەدەکرد ڕۆژێک بێت گوێم لێیان بێت: ڕەتکردنەوەی ستەم و کەوتنی ستەمکار!

بە هەندێک شەقامی تردا تێپەڕیم، هێندەی من تیایدا مامەوە کەسم نەبینی ئاهەنگی خۆشی بگێڕێت. هەریەکە عەودالی شتێک بوون، شتی تایبەت بە خۆیان. بێ ئەوەی بە خۆم بزانم، کەوتمە دوای کۆمەڵێک پیر و گەنج و منداڵ و ژن، کە خەریکی لابردنی وێنەکانی کابرای بە ناو سەرکردە بوون. ئەو مانگانەی ڕابردووم بیر کەوتەوە کە حەزم دەکرد وێنەکانی کابرای بە ناو سەرکردە پارچەپارچە بکەم، بەڵام مامۆستا و کەسوکارەکەم لە ترسی چاوی خۆی و پاسەوانەکانی بواریان نەدەدام. وا بە چاوی خۆم دەبینم هەمووان وێنەکان دەدڕێنن و تفبارانی دەکەن، پەیکەرەکانی وردوخاش دەکەن کە تا دوێنێ لە جێی خۆیاندا بوون و کەسمان نەماندەوێرا تەنانەت سەیری بکەین و چاوی تێ ببڕین!

بەوپەڕی خۆشحاڵی و ئاسوودەییەوە، پڕ بە گەرووم دەوەڕیم، دەستم کرد بە جووینەوە و هاڕینی وێنە دڕاوەکانی، بەڕاکردن کەوتمە هاوشانی منداڵێک کە تاکە پێڵاوێکی بە دەستەوە بوو دەیکێشا بە سەری بەردینی پەیکەرەکەی کابرای بە ناو سەرکردەدا، منیش لاساییم کردەوە و خۆم هەڵدایە سەر کەللەی، ئینجا میزەڵدانی خۆم لە تەپڵە سەریدا

بەتاڵ کردەوە. ئەو چرکەساتەی هەگیز بیرم ناچێتەوە، هەرچی خەم و ئازارم هەیە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا لە کۆڵم بووەوە، هەستم کرد بەختەوەرترین سەگی جیهانم!

هەمووان دەستیان کرد بە هەڵهەڵەلێدان، گەنجێک خستمیە بان ملی، بۆ ئەوەی گوێم لە ستاییش و چەپڵەڕێزانی خەڵکەکە بێت. خۆشحاڵ و ئاسوودە بووم کە ئەو چرکەساتانە لە یادگەمدا تۆمار بکەم بۆ ئەوەی دواتر بۆ مامۆستای بگێڕمەوە، مامۆستاکەم کە هەمیشە لەیادمە و دەڵێی بەردەوام هاوەڵمە و بە چاوی خۆی ئەم ڕووداوانە دەبینێت. ئاااای چەند بە تاسەوە چاوەڕێی هەواڵێکی وەها و دەرفەتێکی وا بوو کە نابێ لەدەست بدرێت! بەڵام ئێستا ئەو لەکوێیە؟ دەبێ خرابێتە کام کونجی زیندانەوە؟

کاری خۆم و مامۆستاشم دەکرد! لەنێو ئاپۆرەی ئەو خەڵکە دڵخۆشەدا بۆ ساتێکیش هەستم نەدەکرد مامۆستام لەگەڵدا نییە!

دوای زیاتر لە سەعاتێک، لە گەرمەی ڕاکردن و ڕێکردنم لەگەڵ ئاپۆرەی خەڵکەکەدا، ڕوانیم لە ناوەڕاستی پایتەخت نزیک بوومەتەوە. چەند نیشانەیەکم بەرچاو کەوت کە لە خەیاڵمدا مۆرم کردبوو بۆ ئەوەی بمباتەوە بەرەو لای زیندانەکەی مامۆستا. لەگەڵ تێپەڕین بەلای هەر هێما و باخچە و شەقامێکدا، نیشانەیەکی ترم دەدۆزییەوە بەرەو ئەو ماڵە دیواربەندەی کە مامۆستا خوێناوییەکەمیان بەبێهۆشی بردە ناویەوە.

کە گەیشتمە بەردەم خانووەکە، شۆک بووم بەوەی کە

بینیم!

ئەو خانووەش بە دەردی زۆربەی تەلار و خانووەکانی دەوروبەری خۆی بیبەش نەکرابوو لە ویرانکاری. ئەم جارە نە مەفرەزەی پۆلیسی لێ بوو، نە پاسەوان. دیواربەندە دڕکاوییەکە بەتەواوی ڕووخابوو، دار و درەختەکانی پەنای دیوارەکەش سووتابوون! خانووەکە دەتوت دەمێکی کراوەیە و ددانی تێدا نەماوە! دەروازەی یەکەمم بڕی، بەلەسە بووم و بەدەم بۆنکردنی داروبەردەکانەوە ڕۆیشتم بەلکو شوێنەوارێکی مامۆستا بدۆزمەوە. بەسەر چەند تەرمێکی بێگیانداتێپەڕیم، کە تەرمێکم دەبینی ماوەیەک لە بەردەمیدا دەوەستام و لێی ورد دەبوومەوە، پاشان بەرەو دواوە دەکشامەوە. ترسی گەورەم ئەوە بوو کە ببینم مامۆستا لەنێویاندا ڕاکشاوە. نە مامۆستام بینییەوە و نە شوێنەواری!

ئەمسەر و ئەوسەری خانووەکە گەڕام، سەر کەوتم و دابەزیمە خوارەوە، چوومە پەناگە نهێنییەکان و بەشە جیاجیاکانی، ڕێڕەوی تایبەتی بەرەو دەرگاکانیم پشکنی. دەیان تەرم کەلەکە بووبوون، هەندێکیان بە جلی سەربازی و هەندێکیان بە بیجامەی خەوتنەوە، بەشێکیان هەر ڕووتوقوت بوون، فریا نەکەوتبوون جلەکانیان بپۆشن، لەسەر زەوی یان لە شوێنی خەوتنەکەیاندا بێگیان کەوتبوون. پڕ بە گەرووم وەڕیم و بانگی مامۆستام کرد، گوێم لە وەڵام نەبوو. بێئومێد بووم، ترسام کە مامۆستا لەنێو ئەو ویرانە و تەرمە شێواوانەدا نەدۆزمەوە.

هیچ ڕێگایەکی ترم نەبوو جگە لەوەی شەقام

بەدوای مامۆستای هاوڕێمدا بگەڕێم، ئومێدم هەبوو لە بەردەممدا قوت بێتەوە کە پێشرەوی ڕێپێوانێکی مرۆڤەکان دەکات. بەدەم ڕێوە خەڵکی سەرشێتم بینی، چاوم لێ بوو چۆن لە خانوویەکەوە بۆ یەکێکی تر دەڕۆن، بەدوای گەنجینە و کەلوپەل و بابەتی ناوماڵ و هەرشتێکی باشدا دەگەڕان کە لەگەڵ خۆیاندا بیبەنەوە. بینیم هەندێکیان بەشەڕ دەهاتن و ئەوانی تریش دزییان لە یەکتر دەکرد! ڕوانیمە تەرمەکان کە فڕێ درابوونە سەر شۆستەکان. چەکدارەکان ماڵ بە ماڵ دەگەڕان و تەقەیان دەکرد، بەبێ ئەوەی لەسەر ڕەفتارەکانیان سەرزەنشتێکی خۆیان بکەن. چەند باندێکم بینی بە سەگەوە، هەندێکیش تەنیا بوون و ماڵ و مەزرا چۆڵەکانیان داگیر دەکرد کە بێخاوەن مابوونەوە، خاوەنەکانیان لەو هەرا و پاشاگەردانییەدا کوژرابوون، یان هەڵاتبوون. هەندێک لە تالانچییەکان ویستیان بمگلێننە یارییەکەیانەوە، بەڵام بەهێمنی ملی ڕێی خۆم دەگرت و پشتگوێم دەخستن. چاوم لە دزیکردن و هیچ شتێکی تر نەبوو. خەمی گەورەم ئەوە بوو لێم گەڕێن تا شێوازێک یان ڕێگایەک بدۆزمەوە بەرەو گەیشتن بە مامۆستا.

ڕۆژ بەخێرایی تێپەڕی و تاریکیی شەو باڵی بەسەر شاردا کێشا. هێشتا لێرەولەوێ بۆ مامۆستا دەگەڕام و ترسم هەبوو لە چرکەیەکدا بۆردومان و وێرانکاری دەست پێ بکاتەوە. بۆ خۆحەشاردان لە شەوی بۆردومانی نوێ، بڕیارم دا بچمە نزیکترین باخچە یان کێڵگە. چوومە مەزرایەکی نزیک دیجلە و لە پەنای دارەکاندا پاڵ کەوتم.

لەو کاتەدا - هەر کە دەنگی فڕۆکە و گرمەی تۆپەکان هاتە بەرگوێم - ئەوەم بە خەیاڵدا هات کە پەنا بۆ ماڵەکەمان ببەم لەنزیک دیجلە، ماڵەکەی مامۆستا کە زۆر لە حەشارگەکەمەوە دوور نەبوو. بڕیارم دا بەئەسپایی نزیک ببمەوە تا بزانم پیاوە نامۆکان هێشتا وەکو داگیرکەر تیایدا ماون، یان چۆڵیان کردووە و ئەوانیش وەک زۆرینە جێیان هێشتووە. کە گەیشتمە ئەوبەری مەزراکە، ڕێک ئەو شوێنەی کە شەوی ئاگرەکە من و مامۆستای تێدا گەمارۆ دراین، سەیرم کرد خانووەکەی مامۆستا هەر بە پێوەیە و دەستی وێرانکاریی پێ نەگەیشتووە! هێشتا ئەو لافیتە گەورەیەش مابوو کە دوای وەدەرنانی ئێمە، ئەو شەوە دەستوپێوەندەکانی پیاوە گرنگەکە بە ڕووکاری پێشەوەی خانووەکەوە هەڵیان واسی! لەو ساتەدا تەنها تارماییی کۆمەڵێک تانک و ماشێنم بینی کە بە درێژاییی شەقام و دوکانەکانی ئەو دەوروبەرە قەتارەیان بەستبوو.

لە شوێنی خۆمدا هەڵوەستەم کرد، بەڵکو هەر جووڵەیەکی ئەو پیاوانە بەدی بکەم کە خانووەکەیان داگیر کردووە، بەڵام هیچ شتێکم نەبینی نیشانەی مانەوەیان بێت. ماڵەکە ئارام بوو، هیچ نیشانەی ئاوەدانیی پێوە دیار نەبوو. تاکە شتێک کە دیمەنی مەزرا، ڕووبار و ماڵەکەی شێواندبوو، بۆردومانەکە بوو کە تا دەهات خێراتر و دەنگی بەرزتر دەبوو.

دیارە لەو ساتەدا خەوم لێ کەوتووە، یان نوقمی بیرکردنەوەیەکی قووڵ بووم، بۆیە ئاگام لە هیچ شتێک

نەبووە! چونکە هەستم بە سروە و سرتەی هیچ شتێک نەکردبوو، لەناکاو خشپەی پێی کەسێک هاتە بەرگوێم، پاشان دەنگی ئەو کەسەم بیستەوە کە وام دەزانی تا لە ژیاندا ماوم، گوێم لێی نابێتەوە.

"هاورێکەم... لێدەر!...ئاااای لەم خۆشییە! ئەوە ماوی!"

شاگەشکە بووم بە بینینی دەموچاوی مامۆستا، هەردوو باڵی کردەوە و لە باوەشی گرتم!

# دۆزینەوەی مامۆستا و سەرگوزشتەی ڕۆژە تاڵەکانی

ڕۆژگار هەردووکمانی گۆڕیبوو، ئەو بە هۆی ئەشکەنجە و تالاویی زیندانەوە، منیش بە هۆی دەردی دووری و زووخاوی نەبڕاوەی زیندانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا تەنها ماوەیەکی کورتمان پێویست بوو بۆ ئەوەی ئاشنای یەکتر ببینەوە، دەتوت دوێنێ لە یەکتر دابڕاوین. پێویستمان بە هیچ وشەیەک نەبوو، بۆی نەوەڕیم، بەرامبەر یەکتر دانیشتین و سەرلەنوێ تامی هاوڕێیەتیمان کردەوە. هیچمان لە یەکتر نەپرسی، چونکە هەردووکمان دڵنیا بووین بواری بەرگەگرتنی بەسەرهاتی زۆری ئەو ماوە کورتەمان نییە!

هەتا دوو شەو لە ماڵ دەر نەچووین. پشتمان بە کۆگای خواردەمەنییەکانی نهۆمی خوارەوە بەست. لە دوکانەکەی نزیک ماڵیش هەرچیمان دەست کەوت لە نان و چای و

سەوزە و میوە کڕیمان، جگە لەو شتومەکانەی کە لە بۆنە جیاجیاکاندا لە چێشتخانەکەدا هەڵگیرابوون. خۆمان و دوو مۆم و کتێبێک... دادەنیشتین و چاوەڕێی هەواڵەکانی دنیای دەرەوە بووین. پێش ئەوەی وا بەسەر وڵاتدا بێت زووخاوی زۆرمان چەشت بەدەست ڕاگواستن و زیندانەوە، بۆیە ڕۆژەکانی سەرەتای یەکتربینینەوەمان تامەزۆری هاوەڵیەتی یەکتر بووین، زیاتر لەوەی کە لە نزیک و دەورمان چی دەگوزەرێت.

مامۆستا لەسەر کورسییەک دانیشت و منیش لەتەکیەوە بووم، بە یەک نەفەس هەموو بەسەرهاتی خۆی بۆم گێڕایەوە، بەبێ ئەوەی بواری کۆمێنت و ڕوونکردەوەم بداتێ:

"لیدەر... سەختترین ئازاری ڕۆژانی زیندانم ئەوە بوو کە شەو و ڕۆژ چاوم بەسترابووەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە دڵنیا بووم جەللادەکان بڕیاریان داوە ڕەوانەی دنیای تاریکیم بکەن! بەرامبەر هیچ ڕەفتارێکیان نیگەران نەبووم، بە پێچەوانەوە هەستم دەکرد ڕۆژی مەرگم نزیکە، هەرچی تۆمەتیان بۆم هەڵبەستبوو پەسەندم کرد! لەوە زیاتریش، دانم بەوەدا نا کە بەردەوام دژیان بووم و دوژمنایەتیم کردوون... هاوڕێم... بێباک بووم بەرامبەریان، لە چرکەساتێکدا - گەر بۆ یەک جاریکیش بووبێت - ئازایەتیم تاقیکردەوە، دوای ئەوەی چەندین ساڵ وەک وشترمل سەرم خستبووە ژێر خۆڵەوە! تا نەگەیشتمە لوتکەی ئەشکەنجە، هەستم بە چرکەساتی ئازایەتی نەکرد! لەو ڕۆژە تاڵانەدا بیری هەمووتانم دەکرد، خۆشەویستەکانم، ئەوانەی مردوون و ئەوانەشی زیندوون: ژنەکەم و دوو کوڕە دوورەوڵاتەکەم، خانەوادەکەم کە

بەئازارەوە سەریان نایەوە... هەمووتانم لەیاد بوو، هەموو ساتێک نزام دەکرد زوو بە دیدارتان شاد ببمەوە. لەبریی ئەوەی ملکەچی دڵرەقی و هەڕەشەکانیان بم، هەموو شتێکم پێ وتن... هەرچیم دەزانی، ئەوەی بوارم نەبوو بیکەم، ئەوەی بەنیاز بووم بیکەم گەر ڕۆژێک بەرەڵلام بکەن.

هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەم بینی، تا ئەو ڕادەیەی جەستەم سڕ بوو، هەستم نەدەکرد بەشێک بێت لە من! تاکە شتێک کە هەر لە زەینمدا مابووەوە، یادەوەریی جوان و کەسە ناوازەکان بوون، ئەو هەموو ئەشکەنجە و لێدانە نەبوونە هۆی کوشتنیان لە ناخمدا. تاکە دڵتەنگییەک کە هەراسانی کردبووم ئەوە بوو کە دڵنیا بووم پێش ئەوەی کۆتاییی ستەم ببینم، دەمرم! چەندین جار خەونم دەبینی کە لێمەوە نزیکی لێدەر... جێت نەدەهێشتم، هەستم دەکرد زۆر نزیکیت. هەموو جارێک دەکەوتمە قووڵاییی تاریکییەوە، بەڵام تۆ ڕزگارت دەکردم... پێکەوە دەگەڕاینەوە و لە باخچەیماڵەکەمان یان لە کەناری دیجلەدا بەبێ ترس و دوور لە چاوی ناحەزان دەردەدڵ و پیاسەمان دەکرد!

دوای ئەوەی چەندین ڕۆژ بە کەلەپچەیی و چاوبەستراوی فڕێ درابوومە سەر زەوی، یەکێک هات و بەرەو ژوورێکی تر بردمی، بە درێژاییی ڕێگاکە بەرەو ژووری لێکۆڵینەوە تێی هەڵدام. جنێوبارانی کردم و زۆر دڵرەقانە ئەشکەنجەی دام، پاش کەمێک کەسێکی تر هاتە ژوورەوە و هەڵی ساندم، خستمیە سەر کورسییەک. دوای ئەویش کەسی سێیەم هات کەللەپچەکەی دەستی کردمەوە و پەڕۆکەی سەر چاومی لا برد. ماوەیەک وەک کوێر وا بووم، نە هیچ شتێکی

نێو ژوورەکەم دەبینی و نە کەسەکانی دەورم! گوێم بۆ قسەکانی پیاوێک شل کردبوو کە باسی ناپاکی و ترسنۆکی و بەکرێگیراویی بیگانەی بۆ کردم، پاشان هەندێک کاغەزی خستە بەردەستم و داوای کرد ئیمزای لەسەر بکەم. تاکە کاردانەوەی من ئەوە بوو کە وتم، "باشە سوودی ئەم هەموو شتە چییە؟" هەر هێندەم خۆش بوو کە وام وت... یەکێکیان لە پشتەوە بە شەق و زللە بەربووە گیانم، کەوتمە سەر زەوی. دیسان هەڵی گرتمەوە و لەسەر کورسییەکە دای نامەوە... خوێناوی و شەکەت و بێهۆش، گوێم لێ بوو پیاوێک لەودیوی مێزەکەوە لێی پرسیم،

"چیم پێ وتی؟"

هەرچۆنێک بێت بە دوو دەستی لەرزۆکەوە قەڵەمەکەم هەڵگرت و ئیمزاکەم کرد، بەبێ ئەوەی بزانم چی لەسەر کاغەزەکان نووسراوە! پێشتر وام دانابوو کە ئەوە پەڕاوی تۆمەتبارکردنمە.

پاشان فەرمانی بە جەللادەکە کرد بمباتەوە بۆ ژووری زیندانەکەم، ئەویش دڕندانە پەلی گرتم، لە پەلوپۆ کەوتبووم و توانای ڕێکردنم نەبوو! لە ڕاڕەوەکەدا زەلیل و بێدەسەڵات، چاوەکانم وردەوردە لەگەڵ تیشکی ڕووناکیدا ڕاهاتنەوە، لەوێدا شتێکم بینی کە هەرگیز پێشبینیم نەدەکرد. بەرلەوەی قەبارەی کارەساتەکەم بزانم، گوێم لە هاتوهاوار و هەڕەشەی ئەو کابرایە بوو کە پێشتر لە ڕاڕەوەکەدا بینیم، هەستایەوە و چاوەکانمی بەستەوە، ئینجا هەتا ژووری زیندانەکە بەدەم تێهەڵدانەوە پەلکێشی کردم.

لیدەر... ئەودەم بینی کە هەرگیز پێشبینیم نەدەکرد! بەڵام

مادام لەم وڵاتەدا دەژین، هیچ شتێک لای خەڵکی هوشیار سەیر نییە. ئەو پیاوەی لەگەڵ ئەواندا بینیم، هەمان پیاو بوو کە ماڵەکەی خۆی خستە خزمەتمانەوە... لەبیرتە لیدەر؟ یەکێک بوو لە درندەترین و توندترین پیاوەکان. ناپاکیی بەرامبەر کردم و ڕەوانەی ئازاری زیندان و مەرگێکی لەسەرخۆی کردم! دەزانی چیم بەسەر هات هاوڕێم؟ لەو کاتەدا ژیان لە بەرچاوم هیچ بەهایەکی نەما، تفم لەو دنیایە کرد کە ئێمەی کردووەتە هاوەڵی دڵڕەق و ناپاکەکان. ئەو کات ئامادە بووم دەستبەرداری دواهەناسەی خۆم بم، تا دەهات زیاتر لەگەڵ ڕۆحمدا هاوڕا بووم، لە هەموو کات زیاتر ئامادە بووم بۆ بەپیرەوەچوونی کۆتایی ژیانم... تەواوی ڕۆژەکان چاوەڕێی ئەو کۆتاییە بووم.

دیارە ئەو ڕۆژە نەهات. قەدەری ئێمە بەو جۆرە بوو کە ڕووی دا. گەر بۆردومان و کۆتاییی "کابرای بە ناو سەرکردە" و دەستوپێوەندەکانی نەبوایە، ئێستا منت لێرەدا نەدەبینی... چەند ڕۆژێک پێش ئەوە، هەڵمەتێکی خێرایان دەست پێ کرد بۆ لەناوبردنمان، فریا کەوتن و هەندێکیان کوشت، تەرمەکانیان لە چەند شوێنێکی جیاواز فڕێ دا... چاوەڕێی نۆرەی خۆمم دەکرد کە ڕۆژێک یان دووان دوا کەوت، ئەوەش تەنها ڕێکەوتێک بوو! تۆپ و بۆردومان ڕزگاریان کردم لیدەر! ئەو وێرانکارییەی شوێنەکەی گرتەوە بووە مایەی ئەوەی کە ڕووناکی ببینمەوە! هەموو شتێکم بیست و بینیی لە ژێرزەمینی زیندانەکەمدا. نەمدەزانی لە دەرەوە چی دەگوزەرێت تا ئەو کاتەی خەڵکە دڵگەرمەکە هەڵیان کوتایە سەر زیندانەکە و یەک لەدوای یەک لەو حەشارگەیە دەریان

هێنابن، لە چاوترووکانێکدا خۆمم بەئازادی بینییەوە! خەبەریان کردمەوە و باوەشیان پێدا کردم و هەواڵەکەیان پێ دام، پاشان هاوکارییان کردم دەر بچم و بگەمە ئێرە... نەمدەزانی دەبێت چی بکەم، هیچ شوێنێکی ترم لەیاد نەبوو جگە لەم ماڵەمان، شوێنی تۆشم نەدەزانی، نەمدەزانی کە هێشتا ماوی یان مردوویی؟ دانیشتم و لێرە چاوەڕوانت بووم، هێشتاش وا دەزانم خەون دەبینم... خەونێک کە حەز دەکەم کۆتایی نەبێت."

دوای ئەوە مامۆستا بێدەنگ بوو، منیش بە هیچ گوزارشتێک نەوەڕیم. لێی وردبوومەوە، بینیم وەک هەمیشە چاوی بڕیوەتە سەر خاڵێکی دوور، کە دۆزینەوەی ئاسان نییە.

## چۆن دنیامان بەسەردا ڕووخا، چ هەرایەکمان بینی!

ئاگامان لە هەواڵی وڵات و جیهان نەبوو. بە درێژاییی چەندین شەو و ڕۆژ تەنها گوێمان لە دەنگ و گرمەی تۆپ و تەیارە بوو. لە خانووەکەی مامۆستادا خۆمان حەشار دابوو، بەبێ ئەوەی بزانین لە دەرەوە چی دەگوزەرێت دوای ئەوەی هەموو شتێک وێران بوو، ئێمەش وەک ئەو خەڵکە بێکارەبا بووین. تەلەفزیۆنمان نەدەبینی، گوێمان لە ڕادیۆ نەبوو، بواری دەستکەوتنی ڕۆژنامەیەکیشمان نەبوو. بەیەکجاری لە دنیا دابڕابووین، ئەوەی دەهاتە بەرگوێمان تەنها دەنگی تۆپباران و تەقینەوەی نزیک و جموجۆڵی خەڵکە دڵگەرمەکە بوو لە شەقام و باخچەکانی نزیکمانەوە. هەندێک جار تا لای باخچەکە دەڕۆیشتین تا بزانین لای ڕووبارەکەوە کێ هاتوچۆ دەکات. چاوم لێ بوو مامۆستا هەندێکیانی ڕادەگرت و پرسیاری دۆخەکەی لێ دەکردن.

زۆربەی وەڵامەکان دووبارە بوون کە پێشتر بیستبوومان، زانیارییەکان تینوێتییان نەدەشکاند و کەم و زیادیان نەبوو لەوەی کە بە چاوی خۆمان دیبوومان.

دیارترین شت کە مایەی خۆشحاڵی بوو، مامۆستا دەفتەری یادداشتەکانی خۆی لە حەشارگەکەی جارانیدا دۆزییەوە، دەست و چاوی داگیرکەرەکان و خەڵکی تری پێ نەگەیشتبوو. دڵخۆش بوو، پەڕەکانی هەڵدەدایەوە و چەندین سەعات سەرقاڵی پڕکردنەوەی پەڕە بەتاڵەکانی بوو، بەسەرهاتی ڕۆژانی زیندان و خۆشییەکانی دوای ئازادیمانی یادداشت دەکرد. بە درێژایی ڕۆژ و تەنانەت شەوانیش بەدیار چرایەکەوە هەر خەریکی نووسینەوە بوو، منیش لە تەنیشتییەوە دادەنیشتم بۆ ئەوەی ئاوێتەی ئەو چرکەساتانەی ژیانی بم کە لەگەڵیدا نەبووم و بە چاوی خۆم نەمدیبوو.

ئەوەی مامۆستا لێی دەترسا و - هەمیشە دووبارەی دەکردەوە - خێراتر لەوەی چاوەڕوانمان دەکرد، ڕووی دا. قەدەری ئێمە وا بوو ڕۆژە خۆشەکانمان زۆر کورتتر بوو لە ڕۆژە تاڵ و ناخۆشەکان.

مامۆستا چەند پەرەگرافێکی کتێبی چاکەی سەگ بەسەر زۆربەی ئەوانەی کە جلیان پۆشیوەی بۆم دەخوێندەوە، کە زانای ناوداری سەردەمی عەباسییەکان محەمەد بن خەلەف مەرزەبان چەند سەدەیەک لەمەوبەر نووسیویەتی. لە هەیوانەکەدا بووین، چێژمان لە گزنگی بەیانی و ئارامییەک وەر دەگرت کە دەمێک بوو هەستمان پێی نەکردبوو - نە تۆپباران، نە هاتوهاوار - لەبیرمە مامۆستا گەیشتە کۆتایی وتەی پیاوێک بە ناوی ئەحنەف بن قەیس، کە دەڵێت، "گەر

سەگ سەیری کردی متمانەی پێ بکە، بەلام متمانەت بە سەیرکردنی خەلک نەبێت، زۆربەی سەیرکەران ناپاکن." لەو کاتەدا گوێمان لە هاوار و غەلبەی خەلک بوو کە لە دەرگای دەرەوەی مالەکەمان نزیک دەبوونەوە. لە ماوەی چەند خولەکێکدا میشکمان پڕ بوو، نەماندەزانی لە کام لاوە دێن!

لە هەموو لایەکەوە بەلێشاو ڕژانە سەرمان، چەندی توانییان لە دەرگاکەوە هاتن، ئەوانی دیکەش لە مەزراکانی تەنیشتەوە خۆیان پێدا کرد. هەندێکیش لە سەربانەوە خۆیان هەلدا و لە نهۆمی سەرەوە پەلاماریان داین، بەبێ ئەوەی بوار بدەن دەم بکەینەوە و بپرسین چی دەکەن و بۆ وا دەکەن؟ خەلکێکی هەرچیوپەرچی بوون، زۆربەیان کوتەک و چەقۆ و خەنجەریان پێ بوو، هەندێکیشیان دەمانچە و چەکی جۆراوجۆر، ژن و مندالیشیان لەگەلدا بوو، جگە لە کۆمەلێک سەگی هار کە دەوەڕین و دەمیان دەکردەوە، چاوەڕێی ئاماژەیەکی خاوەنەکانیان بوون بۆ هاڕین و کازگرتن.

کە بینیم مامۆستا خێرا خۆی گەیاندە لای کوتەکەکەی، منیش بە هەموو هێزی خۆمەوە بەرەنگاری هێرشبەرەکان بوومەوە. بەلام ئێمە زۆر لەوان کەمتر بووین، دوو کەس چییان پێ دەکرێت بەرامبەر گەلەگورگێک؟ لەگەل ئەوەشدا کاتی پێویستمان نەبوو بۆ بیرکردنەوەی قوول، هەر وەک ئەوانیش بواریان نەداین، هەموویان هێرشیان کردە سەر مامۆستا و دایان بە زەویدا، چەندی ویستم بەرگریی لێ بکەم، سوودی نەبوو، چەند گازم لێ گرتن و پەلامارم دان نەمتوانی مامۆستا لەژێر چنگیان دەر بێنم. زۆر بەسەختی کێشایان بە زەویدا، هەرکەسێک لێی نزیک دەبووە لێی دەدا

و کرنەکێکی تێی دەسرەواند، منیش لە مامۆستا زیاتر شەق و تێهەڵدانم خوارد. زۆری نەبرد سەگەکان پەلاماریان دام و جەستەمیان شەلالی خوێن کرد، گۆشتی سک و گەردنمیان ئەنجن ئەنجن کرد، زەلیل و بێدەسەلات کەوتمە بەردەستیان، لەتەک مامۆستاوە لە خوێن و ئارەقەی خۆمدا گەوزام، ئەویش هەناسەی لێ برابوو، چاوەکانی تێ بڕیم، خەمناک و پرسیارئامێز کە چییان بە خۆمان و ماڵەکەمان کرد!

لەتەک مامۆستاوە کەوتم و سەگەکان تەمبێیەکی چاکیان کردم! خەڵکەکە بە بەرچاومەوە دەستیان کرد بە تاڵانکردنی کەلوپەلەکانی ناوماڵ، هەموو شتێکیان برد، بەنرخ و بێنرخ! چاوم لێ بوو پیاوەکان فەرمانیان دەکرد و ژن و منداڵەکان جێبەجێیان دەکرد، هەرچییان چنگ دەکەوت دەیانخستە بان شان و بن هەنگڵیان، هیچ شتێکیان لە ژوورەکاندا نەهێشتەوە، تەنانەت پەردەی بەر پەنجەرەکانیشیان برد! پێم خستە سەر جەرگی خۆم و ویستم هەستمەوە، هەر هیچ نەبێت مرەیەک، دانەجیرەیەک بکەم بۆ ترساندنیان، بەلام هاتنەوە سەرم، سەگە هارەکان گەڕانەوە و کەلبەیان لە گەردنم گیر کرد بۆ ئەوەی هەناسەم لێ ببڕن، برستم لێ برا و لە سووچێکی ماڵەکەدا کەوتمەوە! هەستم کرد ئەم جارە لەناویان بردم، جەستەم سڕ بوو، هێزم لێ بڕا، خەریک بوو بۆ هەمیشە چاوەکانم نەکرێنەوە.

زۆربەیان خۆیان بار کرد و بە کالای دزراوی بێبەهاوە ڕۆیشتن، تەنانەت چاوم لێ بوو لەنێو خۆیاندا لەسەر هەندێک کالای بێقیمەت بوو بە شەڕیان، بە چاوی خۆم بینیم یەکێکیان لەسەر پارچەیەکی ناوماڵ و کورسییەکی کلاسیکی،

کەسێکی کوشت! هیچیان لەدوای خۆیان نەهێشتەوە، دواجار منداڵەکان میوەی نەگەییوی قەد دارەکانیشیان لێ کردەوە و دزییان! ئەوەی زۆر ئازاری دام، بە بەرچاومەوە مامۆستا هەناسەبڕکێی بوو، بەڵام هێزی یارمەتیدانیم نەبوو! بەرلەوەی هەموویان بڕۆن و بەتەنیا لەنێو هەیوانەکەدا جێمان بهێڵن، یەکێک لە پیاوە چەکدارەکان لە نهۆمی سەرەوە هاتە خوارێ و جانتاکەی مامۆستای هەڵگرتبوو کە پڕ بوو لە کەلوپەلی تایبەت، بەخێرایی بەرەو دەرگای حەوشەکە بۆی دەر چوو، سەگێک بەدوایەوە بوو کە هەستم کرد پێشتر بینیومە، چاوم تێ بڕی و پڕ بە گەرووم بۆی وەڕیم و وتم، "ئەوە تۆی هوزا؟" چاوم لێ بوو بوخچەیەکی قوماشی بەدوای خاوەنەکەیدا ڕاکێشا، زانیم ئەوە پریاسکەکەی مامۆستایە کە دەفتەر و یادەوەرییە شاراوە و نهێنییەکانی تێدایە و جگە لە من و مامۆستا کەسی تر پێی نازانێت. بەقورسی ڕای دەکێشا، بەو زەوییەدا دەیخشاند، بێباک لەوەی کە هەرچی گەرد و خۆڵی ڕێگاکەیە لە بوخچەکە دەنیشت. بەرەو لای جەنگەڵەکانی کەناررووبارەکە ڕۆیشت و لە چاو ون بوو.

وام زانی هەموو شتێک براوەتەوە، بەڵام وا نەبوو!

زۆری نەبرد بینیمان پیاوێک بەرەو لامان دێت، نازانم لە چێشتخانەکەوە دەر چوو یان لە ژوورەکەی مامۆستاوە، لەیادم نییە دەمانچەیەکی بە دەستەوە بوو، بە پارچەیەکی سپی دەموچاوی خۆی هەڵپێچابوو، تەنها چاوە توورەکانی دیار بوون. لە ژوور سەری مامۆستاوە وەستا و میلی دەمانچەکەی ڕاکێشا و ڕووی لوولەکەی کردە نێوچاوانی مامۆستا، بەدەم تەقاندنی فیشەکەکانەوە وتی، "سەرەنجام

سزام دایت!" ئەمەی وت و لەو شوێنەدا مامۆستای کوشت، بەبێ ئەوەی بستێک لە جێی خۆی بجوولێت.

لە جێی خۆم داپەڕیم، دەتوت برووسکە لێی داوم، خۆم هەلدایە سەر ملی پیاوەکە، تەنها ئەو دەستە درێژەیم چنگ کەوت کە مامۆستای پێ کوشت، کەلبەم لێی گیر کرد، بێبەزەییانە و توند، کە زادەی خەم و ئازاری لاوازییەکەم بوو، ئەو لاوازییەی کە وای لێ کردبووم نەتوانم بەرگری لە هاوڕێکەم بکەم.

پیاوەکە لەپێ کەوت و کەوتە سەر زەوی، منیش بەسەریدا کەوتم و چنگم لە دەموچاوی گیر کرد، کەلبەم خستە سەر بینی، لە گەرمەی لەناوبردنی بکوژی هاوڕێکەمدا بووم، کەسێک لە دوامەوە میلی تفەنگەکەی ڕاکێشا و دەستی کرد بە تەقەکردن، فیشەک وەک ڕێژنەی باران بەسەر من و بکوژی مامۆستادا دەباری، کە کەوتبووە ژێرمەوە.

جەستەم سڕ بوو، هەستم بە گەرمایی خوێنی خۆم کرد، کە لە جەستەم دەچۆڕا، لەنێوان تەرمی مامۆستا و بکوژەکەیدا خاو بوومەوە.

زۆری نەبرد هەستم کرد دنیا لە بەرچاوم تاریک بوو، چاوەکانم تەلخ بوون، خەوێکی نابەدڵ بردمیەوە!

# گەڕانەوە لە لێواری مەرگ، سەفەری جوداییی هەمیشەیی

"هیچ شک نابەم جگە لە تەنیاییم،
ماڵ و ویرانە و
ئەم وەڕینە پڕ برینە...
وەڕین...
وەڕین...
وەڕین..."

لەبیرمە شەوانی دوای کوشتنی مامۆستا، جگە لەو بەیتە شیعرانە هیچی ترم بە خەیاڵدا نەدەهات، تاوێک پڕ بە گەروو دەوەڕیم کە بێڕەحمانە جەرگی لەتلەت دەکردم، بێچارە مامەوە. خەمگین و داڕووخاو لە ناخەوە، سەبووریم بە هیچ شتێک نەدەهات، هیچ شتێک نەبوو ژیانم لا شیرین بکات و هیوای گۆڕانێکم پێ ببەخشێت. هەمووی تێپەڕی، هەموو ئازیزانم لەدەست چوون، چیتر توانای بەرگەگرتنی

ئەو هەموو دڵڕەقی و وێرانکاری و خراپەیەم نەبوو کە دنیای پڕ کردبوو.

دوای چەندین سەعات هیچ ئاگام لە خۆم نەبوو. دوای ئەوەی مامۆستام بینی بە لاشەی بە گوللە دابێژراوەوە کەوتبوو، منیش خۆم بە مەرگ سپارد.

بە چاوی خۆم بینیم کەسێکی تر گوللەبارانی کردم، بێهۆش کەوتم و وام زانی منیش بەرەو دنیای نادیار چووم، وام زانی منیش لەدوای هاوڕێ و مامۆستامەوە ملی ڕێم گرتووە، ئەو هاوڕێیەی کە بەرگەی دابڕانێکی تری ناگرم.

زۆری پێچوو تا ئەو کاتەی هەستم بە لەرینەوەی توندی جەستەم کرد، هەوڵم دا چاوەکانم بکەمەوە تا ببینم چیم بەسەر دێت، لە خۆم پرسی تۆ بڵێی ئەمە لەرینەوەی تاسەکانی دواهەمین ڕێڕەوی گەشتی مردن بێت؟

شتێکم نەبینی کە هەست بە دۆخێکی تازە بکەم. لەگەڵ کۆمەڵێک لاشەی تردا لە گەلابەیەکی گەورە بار کرابووین. تاکە سەگی نێو دەیان لاشەی ئەنجن ئەنجنکراو بووم، کە فڕێ درابوومە سووچێکەوە. ئەو لاشانەی کە تا چەند سەعاتێک لەوەوبەریش زیندوو بوون و بە هیوا و خۆشەویستی و خەون و خۆزگەوە دەژیان، بەڵام ئێستا هیچیان نییە جگە لە پێشوازیکردن لە گەشتی دابڕان بەرەو دنیایەک کە کەس هیچی لەبارەوە نازانێت.

جووڵەیەکم کرد، هەستم کرد دەتوانم هەڵسمەوە هەر چەندە زۆر زەحمەتیش بوو، بە خوێنی خۆم و لاشەکانی تەنیشتم ڕەنگی سوورم گرتبوو، کە ئاوڕێکم دایەوە بۆ ئەوەی بزانم گەلابەکە بۆ کوێمان دەبات، ئینجا هەستم بە

ئازاری زامەکەم کرد. دوو فیشەک بەر ڕانی چەپم کەوتبوون، دانەیەکیش گوێچکەمی پێکابوو، فیشەکەکە بە شوختێک سەرمی بە ڕووی تیشکی خۆر و گیزەی مێشومەگەزدا کردبووەوە. بەو هەموو ئازارەوە هەڵسام و یەک لەدوای یەک لاشەکانی نێو بارهەڵگرەکەم هەڵدایەوە بەڵکو مامۆستا بدۆزمەوە، پاش کەمێک کراسە شینەکەی لەژێر دوو لاشەوە دەر کەوت! لێی نزیک بوومەوە و دوو لاشەکەم لا برد تا ڕوخسارە هێمنەکەی مامۆستا ببینم، ڕوخسارە بێگەردەکەی، گەرچی بێگیانیش بوو. لێی وردبوومەوە، دڵنیا بووم کە بێ هیچ گلەیی و پرسیارێک لاشەی بێگیانی دەسپێرێت، وەک ئەوەی بیەوێت پێم بڵێت، ئەوەی خەونمان پێوە دەبینی هێشتا زۆری ماوە، هەر دەبێت ژیانێکی تر ببینین بۆ بەدیهاتنی!

سەرم خستە لای سەریەوە و لەتەکیەوە سەرخەوێکم شکاند، وەک ئەوەی چارەنووسمان پێکەوە گرێ درابێت.

بارهەڵگرەکە ڕێگایەکی تەنگ و تاریکی گرتە بەر. هیچ شتێکم نەدەبینی تەنها ئەو شوێنانە نەبێت کە لایتی بارهەڵگرەکە و ئەو ئۆتۆمبێلانە دەیگرتەوە کە بەرەو ڕوومان دەهاتن. بیرم لە بەسەرهاتی خۆم دەکردەوە کە چۆن لە مەرگێکی ڕاستەقینە گەڕامەوە و نەبورمە هاوەڵی مامۆستای هاوڕێم. لە مانای ژیانی سەگێکم دەپرسی، بێکەس و بێهاوڕێ لە وڵاتێکی وێرانەدا.

هێشتا خەریکی بیرکردنەوەی خۆم بووم، هەستم کرد کەلابەکە بەرەو ڕێگایەکی لاوەکی بای دایەوە و چووە نێو کێڵگەیەکی ڕووتەنەوە، کە وا دیار بوو دارەکانی بڕابوونەوە یان لە دوو بست زیاتر گەشەیان نەدەکرد! کێڵگەکە کۆمەڵێک

خانووی نزمی تێدا بوو، جگە لە هەندێک چاڵ کە هێما و نیشانەیان لەسەر دانرابوو. چووینە نێو گۆڕستانێکی وێرانەوە کە سەرەتای هەبوو، بەڵام مەحاڵ بوو بگەیتە ئەوپەڕی!

دوای پێنج خولەک گەڕان بە ڕاست و چەپدا، بارهەڵگرەکە لە گۆشەیەکی گۆڕستانەکەدا وەستا. گوێم لە تەپەی پێی شۆفێرەکە و یاریدەدەرەکەی بوو، دابەزینە خوارەوە. یەکێکیان بەوی تر - یان بەوانی تر- ی وت، ئەوە گەیشتین، ئیتر ئەموو ئامادە بن بۆ هەڵڕشتنی لاشەکان. سەرباری برین و ماندووێتیم، ئامادە بووم ڕووبەڕوویان ببمەوە گەر بیانەوێت بمگرن. کلیلەکانی دەرگای گەلابەکەیان کردەوە و تیشکی لایتەکانی دەستیان ئاراستە کردین، خۆم گورج کردەوە و بڕیارم دا بەرەنگاریان ببمەوە. کە یەکێکیانم بەرچاو کەوت، پڕ بە گەرووم دەستم بە وەڕین کرد، بەدەم هاوارکردنەوە ڕایان کرد. پاش کەمێک گەڕانەوە و هەریەکە خاکەنازێکیان بە دەستەوە گرتبوو، نیازیان خراپ بوو بەرامبەرم، خێرا بەنێو لاشەکاندا کەوتمە ڕێ و ئینجا خۆم هەڵدایە خوارەوە، یەکێکیان دوام کەوت.

گوێم لێ بوو شۆفێرەکە بە هاوەڵەکانی وت، "بێگومان دەستی لە لاشەکان وەشاندووە."

بەڵام چۆن لەگەڵماندا هاتووە؟

+ نازانم، بەدڵنیایی لەنێو لاشەکاندا نەمانبینیوە.

لێیان دوور کەوتمەوە و لە پەنای دارێکی براوەدا پاڵم دایەوە و دەستم کرد بە چاودێریکردنیان. گوێم لە یاریدەدەری شۆفێرەکە بوو لاشەکانی دەژمارد و قسەی بۆ کابرای

گۆڕهەلکەن دەکرد، پێی وت کارەکە درێژەی دەبێت، لاشەکان هێندە زۆرن شەقام و ماڵەکان و ڕووبارەکەش پڕ دەکەن، نە شارەکە و نە هیچ گەڕەکێک لە هەڵمەتی پاکتاوکردن و کوشتن بێبەش نەبوون، هەندێک لە ناوەندە تەندروستییەکان ئەرکی هەڵگرتنەوەی ئەو تەرمانەیان گرتووەتە ئەستۆ کە خاوەنیان نییە و کەس داوایان ناکاتەوە، ئەو ناوەندانە تەرمەکان دەگەیەننە گۆڕستان و بەکۆمەڵ ئەسپاردەی خاکیان دەکەن لەپێناو بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی! لەگەڵ ئەوەشدا - وەک شۆفێرەکە وتی - هێشتا زۆر ناوچە هەن کە نوقمی نەخۆشی و کوشتار و دەربەدەری بوون و کەس ناتوانێت یارمەتییان بدات و لە گەڕەکەکانیان نزیک بێتەوە!

کە دنیا ڕووناک بووەوە ئینجا لە پڕکردنەوەی چاڵەکە بوونەوە و تەرمەکانیان داپۆشی، ئەو چاڵەی جگە لە تەرمی مامۆستای هاوڕێم، چەندین مرۆڤی بێتاوانی تری تێدا بوو، کە هەندێکیان فریای دواوشەی ماڵئاواییش نەکەوتبوون.

دوای ئەوەی هەموویان ڕۆیشتن، چوومە سەر گۆڕی مامۆستا و هاوڕێ گومناوەکانی، بە دەنگی بەرز و بەبێ وەستان دەستم کرد بە وەڕین، وەڕیم و وانەکانی مامۆستام وتەوە کە فێری کردبووم، وەڕیم و ویستم بۆی بسەلمێنم کە چەند خەمگین و بریندارم بە لەدەستدانی. سرووەدم وتەوە تا ئەو کاتەی نارەقە و ماندوێتی شەکەتیان کردم و هەناسەیان لێ بڕیم، کەوتمە سەر گۆڕی تازەی مامۆستام و هاوڕێ گۆڕغەریبەکانی.

پێش ئەوەی هەست بە تین و تاوی خۆری بەیانی بکەم، لە نزیکی خۆمەوە هەستم بە جووڵەیەکی نامۆ کرد، هێندە لێمەوە

نزیک بوو کە خۆڵ و گەردی ئەو ناوە دابارین بەسەرمدا! سەرم هەڵبڕی، بینیم گەلەسەگێک خەریکی هەڵدانەوەی گۆڕی مامۆستا و هاوڕێکانین! تەنانەت هەندێکیان چەپۆکیان گەیاندبووە تەرمەکانی سەرەوە و خەریکی ڕاکێشانی کراسی بەریان و دەست و قاچی داپۆشراویان بوون! ئاگرم تێ بەر بوو... بەرەو ڕوویان چووم، هەڵاتن و لە گۆڕەکە دوور کەوتنەوە. چاوم لێ بوو سیانیان لەسەر ڕێگاکە وەستان، دیار بوو نیازیان نەبوو بڕۆن و دوور بکەونەوە، چاوەڕێی دەرفەتێکیان دەکرد بۆ ئەوەی ڕووبەڕووم ببنەوە. ئامادە بووم تا مردن بجەنگم و ڕێگە نەدەم دەستیان بگاتە تەرمی مامۆستا و پارچەپارچەی بکەن. ماوەیەکی زۆر بەئامادەباشی مامەوە و خۆم بارگاوی کردەوە، لەسەر پێ بووم بۆ هەر کارێکی لەناکاو یان نزیکبوونەوەی سەگەکان کە هێشتا لەو گۆشەیەدا خۆیان مەڵاس دابوو، چاودێریی وردودرشتی نێو گۆڕستانەکەیان دەکرد.

دوای زیاتر لە سەعاتێک، سەگەکانم لەکۆڵ بوونەوە، کاتێک کۆمەڵێک خەڵک بە یاوەریی گۆڕهەڵکەنەکە هاتنەوە و بەردبارانیان کردم، چونکە وایان دەزانی من گۆڕە بەکۆمەڵەکەم هەڵداوەتەوە! ئاگەقیان نەبوو، چونکە سەگەکانی تر جلوبەرگی دڕاوی مردووەکانیان ڕاکێشابوو، خۆڵی سەر دەستی درێژبووی زۆربەیانیان لا دابوو، دەتوت مردووەکان داوای فریادڕەسێک دەکەن.

هەڵاتم و کەوتمە بەر شەپۆلی تووڕەیی و بەردبارانی خەڵکەکە. گوێم لەوە نەبوو، مادام دڵنیا بوومەوە کە سەرەنجام مرۆڤەکان دەبنە پاسەوانی مامۆستا و ترسی

ئەوەم نەما بکەویتە بەر کەلبەی سەگە بەرەڵڵاکان.

چاوم لێ بوو دەستیان کردەوە بە پڕکردنەوەی گۆڕەکە، پاشان بە چیمەنتۆ دایان پۆشی، ئاگام لێ بوو کە چۆن چەند خشتێکیان لەسەر یەک دانا و پاشان تابلۆیەکی داریان لەسەر گۆڕەکە چەقاند، کە ناوی کوژراوە ناسراوەکانی لەسەر نووسرابوو.

کە پیاوەکان ڕۆیشتن، لە گۆڕە بەکۆمەڵەکە نزیک بوومەوە، ئەم جارە پارێزراو بوو، ترسی هەڵدانەوەی نەبوو. ئینجا دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئەو تابلۆ دارینەی کە چەقێنرابووە نێو چیمەنتۆی سەر گۆڕەکە. نە ناوی مامۆستام بەرچاو کەوت، نە هێمایەک، وەک بڵێی لەنێویاندا نەبێت یان فیشەکەکان جەستەی کەسێکی تریان پێکابێت. "ئاااى خودایە... تەنانەت لە مەرگیشدا لە بەدبەختی ڕزگارمان نابێت."

خۆم پێ نەگیرا... بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک شوێن پێی پیاوەکانم هەلگرت. سەتڵی بۆیاخەکەم دۆزییەوە و هەڵم گرت، هێنامەوە بۆ لای گۆڕەکەی مامۆستا و هاوڕێکانی، لەوێ هەوڵم دا هەرچی لە توانامدایە بیکەم بۆ پڕکردنەوەی ئەو تۆزە بۆشاییەی سەر تابلۆکە، زۆر بەڕەحمەت نووسیم (ئێرە ئارامگای مامۆستای هاوڕێی منیشە...)، بەو شێوەیەی کە چەند جارێک لە خۆیەوە بینیبووم ناوەکەیم نووسی، لەچاو نووسینەکانی تردا، دەستخەتی من لە شەڕەپشیلە دەچوو، تەنها و تەنها خۆم لێی تێدەگەم! ئەوە کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە گۆڕەکەی مامۆستا ون نەبێت ئەگەر ڕۆژێک گەڕامەوە بۆ لای، یان ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دوو کوڕە دووروڵاتەکەی گەڕانەوە و بەدوایدا گەڕان.

هەستم بە ئاسوودەیی کرد کە ڕێگەم نەدا بکەویتە بەر نەدەری ژیان و مروڤەکان. لێرە بەدواوە شتێک هەیە ئاماژە بێت بۆ مەزار و دوامەنزلی هاوڕێکەم لەسەر ئەم خاکەی کە لە منداڵەکانی خۆی زیاتری خۆش دەویست و سەرباری هەموو هەڕەشە و زەبروزەنگێک، بەڵام جێی نەهێشت.

چەند چڵە دارێکی سەوزم فڕێ دایە سەر گۆڕەکە، کە لەو گۆڕستانە ڕووتەنەدا دۆزیمەوە. بەبێ ویستی خۆم، فرمێسکی ماڵئاواییم بۆ مامۆستاکەم ڕشت. گۆڕستانەکەم جێ هێشت و ملی ڕێگایەکی دوور لێرەم گرت. جەستەی خۆمم کێش دەکرد، زامەکانم دەبرژانەوە، ئازاری ڕانە خوێناوییەکەم ئۆقرەی لێ بڕیبووم. بڕیارم دا ئاوڕ بۆ دواوە نەدەمەوە، بڕیارم دا بڕۆم و نەزانم بەرەو کوێ!

لە دەروازەکەی دەرەوەدا هیچم نەبینی جگە لە تارماییی سێ سەگەکە، کە چاوەڕێی دەرچوونم بوون!

# شەڕە تایبەتەکانم، ترسی زیادبووی ڕۆژانەم

دوای هەفتەیەک کوچە و شەقامەکانی بەغدام تەی کرد، هیچم نەدەکرد جگە لە گەڕان و مووشەمووش. برسی و بریندار، ڕۆح و جەستەم تێکشکاو. زامەکانم قەتماغەیان نەبەستبوو، خەیاڵم هێشتا لای لانەکەم و ئەو ئازیزانەم بوو کە لەدەستم چوون. جگە لە حەوانەوە هیچ حەزێکی ترم نەبوو، بەڵام حەوانەوە نەبوو لە دەورم، هەرایەکی کوشندە بەدوامەوە بوو، تۆپباران بەردەوام بوو، شەڕەکە ئارام نەدەبووەوە. پێم دەخستە هەرشوێنێک وێرانە بوو، هەرکەسم دەبینی، لە هەموو چاوەکاندا، چاوی بنیادەم و چاوی ئاژەڵەکان... تەنها وێرانەم دەبینی! هەموو ڕێگایەکی نادیارمان گرتبوو. عەودالی ڕزگارییەک بووین کە نەبوو، یان لانی کەم لەو سەرزەمینی گیانەڵڵایەدا ئیمەی زیندوو هەرگیز پێی نەگەیشتین!

ڕۆژەکانم بە ڕۆژووی تەواوە دەبردە سەر، تامی هیچم نەکردبوو، بەنێو ماڵەکاندا دەگەڕام کە ترسناکتر بوو لەوەی

بچمە نێو کامپێکی پڕ سەربازەوە. لە تەنەکەی خاشاکەکان نزیک دەبوومەوە، بە هیوای دۆزینەوەی شتێک کە برسێتیم بشکێنێت. باخەکان هیچ سەوزە و میوە و بەرێکیان نەمابوو، جەستەی لاوازم پێویستی بە هەرشتێک بوو تۆزێک گوڕی بداتێ، تەنانەت خەریک بوو سوێم دەبوودوە بۆ پارچەیەک گۆشت، یان لەتە ئێسکێک کە لەوەتەی وازم لە هەموو گۆشت و خوێنێک هێنابوو تامەکەشیانم لەبیر چووبوەوە. لەو ساتەدا ڕۆمانێکم بیر کەوتەوە کە ماوەیەک مامۆستا سەرقاڵی خوێندنەوەی بوو، ناوەکەیم بیر نەماوە، دەیوت، "ئێمە هیچمان تێدا بەسەر نییە، لە سەختییەکاندا گیانە شەرانگێزییەکەی هەناومان زیندوو دەکەینەوە، کە دەڵێی هەر ئێمەش نەبووین ڕۆژانێک دژی ئەو ڕەفتارانە بووین!" من ئێستا و ئەو ڕۆژانەش ئەو هەستەم هەبوو. دوای ئەوەی برسێتی هەناوی گوشیبووم، شوێن سێبەرەکەی خۆم و هەرشتێک دەکەوتم کە هاوشێوەی سێبەرەکەم بوو، شەکەت و بێهێز، بە دوو دیدەی کزەوە، لەم گۆشە بۆ ئەو گۆشە، ئاواتم بە مردن دەخواست.

بەلای ماڵێکی قەراغشاردا تێپەڕیم، شتێکم بینی لە شێوەی زبڵدان و کیسەی جۆراوجۆری پەرتوبڵاو. بەهەڵەداوان بەرەو لای زبڵدانەکە ڕۆیشتم، بەدەم بۆنکردنەوە کیسەکانم هەڵدڕی، بە هیوای دۆزینەوەی توێشوویەک. هەرچی گەنوکووی ئەم دنیایە خزێنرابوونە نێو کیسەکانەوە، بەلام خۆراکیان تێدا نەبوو! تاکە شتێک کە چنگم لێی گیر بوو، پارچەیەک نانی کەڕاوی و وشک و کۆمەڵێک قوتووی بەتاڵی خۆراک بوو. چەند خولەکێک چەوریی بن قوتووەکانم لێسایەوە،

بەر هیوایەی کەمێک وزەم پێ ببەخشێت بۆ دۆزینەوەی خۆراک لە شوێنێکی تر. چاوم بە هەموو لایەکدا دەگێڕا، چەندین سەگی ترم بینی کە ئەوانیش وەکو من خەریکی مووشەمووش بوون، هەروەها بنیادەمەکانیش بە کیسەکانی دەستیان و عەرەبانە ئاسنینییەکانیانەوە، کە یان پاڵیان پێوە دەنان، یان وەک ئەسپ و گوێدرێژ بەدوای خۆیاندا ڕایان دەکێشان! هەموومان سەرقاڵی گەڕان بووین، دەستکەوتمان هەبووبێت یان نا. هەموومان هیوایەک کۆی دەکردینەوە کە زبڵدانی داهاتوو مژدەیەکی خۆشی تێدا بێت بۆمان!

لە قەرەباڵغییەکە دابڕام و ڕێگەی ئەو پانتاییە چۆڵ و ڕووتەنەم گرت کە دەمباتە دەرەوەی شار. هیوام بە هیچ شتێک نەمابوو، نە ئارامی و نە دەسکەوتنی خۆراک. ئاوڕێکم دایەوە و کەمێک سەرم هەڵبڕی، بینیم هێشتا سێ سەگەکە بەدوامەوەن! نە توانای بەرەنگاربوونەوەیانم هەبوو، نە دەمزانی نیازی چییان هەیە. بیرم کردەوە، گەر ئەمڕۆش لەدەستیان قوتار بم، بێگومان سبەی دەبمە نێچیرێکی ئاسان بۆیان! لە گیانی خۆم بێزار بووم و گوێم پێیان نەدا، بەردەوام بووم لە ڕێکردن بەرەو نادیار، وەک گەڕیدەیەک کە بەهیوایە لە نزیکترین دەرفەتدا مژدەیەکی خۆش لە نەبوونەوە بێتە ڕێی.

لەپڕ وەستام، بینیم گەیشتوومەتە نزیک زبڵدانێکی گەورە، کەسی لێ نییە جگە لە مێردمنداڵێکی جلشڕ و چلکن، خۆی کرد بەنێو زبڵی کەڵەکەبوودا و دەستی کرد بە گەڕان، هەرچییەکی بە باش دەزانی دەیخستە نێو پڕیاسکە پەڕۆییینەکەی سەر شانی چەپی. لێی نزیک بوومەوە و چوومە

نێو زبڵدانەکەوە، هەستم نەکرد لێم بترسێت یان سڵ بکاتەوە، بێباک و هێمن، دەتوت ئەویش وەکو من ڕاهاتووە لەگەڵ ئەو خراپەکارانەی ململانێی لەسەر دەستکەوتەکانی دەکەن. منیش خۆم تێنەگەیاند، وەک دوو هاوڕێی نزیک دەستمان کرد بە گەڕان بەنێو زبڵدانەکەدا، هەریەک بەدوای ئامانجی خۆیدا. لە چاوتروکانێکدا - کە هێشتا شتێکم چنگ نەکەوتبوو برسێتیم بشکێنێت - چاوم لێ بوو پارچەئێسکێکی گەورەی دۆزییەوە کە هەندێک پەلەگۆشت و چەوریی پێوە بوو، بە کیسەیەکی تەنک پێچرابوو. مێردمنداڵەکە دەستی کرد بە تەکاندنی خۆڵ و پیسایی سەر کیسەکە، پاشان خستیە نێو پریاسکەکەی سەر شانی. هیچ چاوەڕێم نەکرد، ئەوەندەی هێزم تێدا مابوو خۆم هەڵدا و پەلامارم دا، کوتام بە زەویدا و کیسەم هەڵدڕی و ئێسکەکەی ناویم دەر هێنا. هەرچەندە منداڵ و لاواز بوو، بەڵام بەئاسانی دەستبەرداری نەبوو، تۆزێک دوور کەوتەوە و بە کوتەکێکەوە گەڕایەوە بۆ گیانم. ئێسکەکەم چنگ کەوت و گوێم بە خۆی و هەڕەشەکانی نەدا، تا ئەو کاتەی هەستم کرد بە کوتەکێک بریسکەی لەپشتم هەڵساند و فڕێی دامە خوار زبڵدانەکەوە.

مێردمنداڵەکە کیسەکە و ئێسکەکەی هەڵگرت و تێی تەقاند بەرەو دەشتە فراوانەکە. دوای کەوتم و کەلبەم لە کیسەکە گیر کرد، بە قەپێک دڕاندم و هەرچیی تێدا بوو کەوتە سەر زەوی. مێردمنداڵەکە وەستا و بە کوتەکەکەی دەستی هەڕەشەی لێ کردمەوە، گوڕم دایە خۆم و خۆم هەڵدایە سەر ئەو دەستەی کە کوتەکەکەی پێ گرتبوو، دڵڕەقانە کەلبەم لێی گیر کرد، وازم نەهێنا تا بە چاوی خۆم بینیم

کوتەکەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە، خۆیشی کەوتە سەر زەوی و شوێنەواری چەپۆکم بەسەر روومەتیەوە جێما! بەدەم نەڕە و وەڕینەوە لای سەریەوە وەستام. جوولەی نەکرد، ئێسکەکەم دزی و لێی دوور کەوتمەوە. کەمێک لەولای مێردمنداڵەکەوە کە خستمە سەر زەوییەکە، دەستم کرد بە خواردنی ئێسکەکە. دەتوت شتێکی تازە تاقی دەکەمەوە، دەمێک بوو نە چەوریم خواردبوو، نە زمانم بەر ئێسک کەوتبوو. بەڵام لەو چرکەساتەدا دەتوت هەموو ڕۆژەکانی ژیانم لەسەری ڕاهاتووم.

لە گەرمەی چاوچنۆکیمدا، سەرگەرمی شکاندنی ئێسکەکە و لەتکردنی گۆشتەکەیدا بووم، دەنگی ناڵە و گریانی مێردمنداڵەکە هاتە بەرگوێم. ئاوڕم دایەوە بینیم کەو تووە و دەستە بریندارەکەی خۆی گرتووە. شوێنەواری کەلبەکانم لەسەر جەستەی خوێنیان لێ دەچۆڕا. "خوایە گیان ئەمە چییە؟ باشە لە چاوترووکانێکدا بووم بە دڕندە؟ چیم لێ بەسەر هاتووە؟" لە کاتێکدا هەستم بە لووتبەرزیی خۆم کرد، بوارێک نەمابوو بۆ پەشیمانبوونەوە لە ساتە ناخۆش و دژوارەکان، لەو ڕەفتارەمدا ئەوانەم بیر کەوتەوە کە ئازاریان دابووم، بیرم کردەوە کە ئەوانیش پاساوێکیان هەبووە! من چیم لەوان جیاوازە؟ منیش دڕندەیەکم و سادەترین دەرفەت دەقۆزمەوە بۆ نیشاندانی قێزەونیم، ئەوە منم لە بەردەم ڕەفتارێکی هاوشێوەی ئەوانەی شۆکیان کردبووم، منیش هیچ نیم جگە لە نموونەیەکی هاوشێوەی ئەوان!

گەڕامەوە بۆ لای مێردمنداڵەکە. ئێسکەکەم لەسەر کیسە هەڵدراوەکە دانایەوە، بەرلەوەی بەبێ تامکردنی تیکەیەک

بگەڕێمەوە، لە مێردمنداڵە تۆقیوەکە نزیک بوومەوە و دەستە بریندارەکەیم لێسایەوە و لە ڕوخساری منداڵانەی ورد بوومەوە. سەرەڕای چڵکنیی خۆی و جلە کۆنەکانی، مێردمنداڵێکی جوان بوو، بە دوو چاوی گەورە و گەش و نیگایەکی پاکەوە کە خراپەت تێدا بەدی نەدەکرد. گەر پێشتر یەکترمان ناسیبا، بێگومان دەبووینە هاوڕێی یەکتر. جوان جوان برینەکەیم لێسایەوە، پاشان خۆی و پڕیاسکەکەی و نیسکەکەیم جێ هێشت کە بۆیم گێڕایەوە، ئینجا بەرەو شوێنێکی نادیار و لەوانی پێشوو ئاڵۆزتر، ملی ڕێم گرت.

خۆرە بەرزەکە بە تیشکە گەرمەکەی هەراسانی کردبووم، بۆ دۆزینەوەی سێبەرێک یان پەسیوێک، هەر چاوێکم کرد بە دوو دانە. لە دوورەوە دیواری کەلاوەیەکم بەدی کرد. سێبەرێکی ئەوتۆی نەبوو، دەبوو لە پەنای دیوارەکەدا پاڵ کەوم. هەرچۆنێک بێت نزیک بوومەوە، هەر کە گەیشتم هەرسی سەگەکەم بینی کە دەتوت بۆسەیان بۆ من داناوە. نە توانای ڕێکردنم مابوو، نە بەرەنگاری و شەڕێکی تازە. گەیشتم و فزەم نەکرد، وەک ئەوەی پێیان بڵێم هەر ئێستا نیازی خۆتانم پێ بڵێن. خۆم دا بە زەویدا و وشەیەکم لەزار نەهاتەدەر. یەکێکیان بە جوولەیەکی جادووگەرانە کیسەیەکی هەڵدایە بەردەمم، کە پڕ بوو لە ناوسکی ماسی و قاچەمریشک و وردەنان! سەری پرسیارم هەڵبڕی، سەگە سەرزلە چاو دەرپۆقیوەکە وتی، "ئەوە بۆ تۆ، بخۆ دەی، بێگومان برسیتە!"

بەربوومە خواردنەکە و هیچیم نەهێشتەوە، گەر دوو هێندەشیان بخستایەتە بەردەمم تەواوم دەکرد بەبێ ئەوەی تێر بم و سووچێکی بچکۆلانەی گەدەی بەتاڵم پڕ بێت! نقەم

تەکرد. سەرم لە حاڵی خۆم سوور مابوو، ئەری من خەون دەبینم؟ ئەری ئەم خۆراکە موعجیزەیە ڕاستە؟ ئەی ئەم سەگە چاوبزە گوماناویانە ڕاست دەکەن؟ ئەری ڕاستە کە ئەمانە خۆراکم دەدەنێ، یان من لەم قرفەی گەرمایەدا وڕێنە دەکەم و هیوایەک نەماوە بۆ چاکبوونەوەم!

هێشتا دیمەنی ڕوخساری سەگەکان و لیکی شۆڕبووەوەی خۆم تا سەر زەوییە داخبووەکە لە بەرچاوم بوو، خەو بردمیەوە!

## مەینەتیم لەگەڵ سێ سەگەکە و دیدارێک کە شیاوی باسکردنە

کاتێک بەئاگا هاتمەوە شەو داهاتبوو، سێبەری دیوارەکە هیچ بایەخێکی نەمابوو، لە جێی خۆم هەستام و خۆم کۆ کردەوە.

یەکسەر کەوتمە ڕێ، سێ سەگەکەم هەر لەبیر نەبوو کە چەند هەنگاوێک لەولامەوە بوون. بچووکەکەیان بە سمیلێکی تەنکەوە کە دەتوت دەغلودانی وەرزی وشکەساڵییە، هەستا و هاتە سەر ڕێم، بە جۆرێک لەگەڵمدا کەوتە گفتوگۆ کە دەتوت هاوڕێی تەمەنین:

ڕاستیت پێ دەڵێم، هەریەکێکمان خەمی تێربوونمانە بۆ ئەوەی توانای جووڵەمان هەبێت و بیر لە پرۆژەکانی داهاتوو بکەینەوە!

وای وت و بەدوایدا ئەوەی تریان هاتە گۆ، کە سەری لە کاڵەکی تەپیو دەچوو:

بەڵێ بەردەوام وا بیر دەکەمەوە، گەدەیەکی پڕ و دەستێکی

کراوە.

کەوتمە ڕێ، وەک ئەوەی بایەخ بە قسەکانیان نەدەم، چارەنووسی خومم خستە بەردەستیان - ڕاستتر بڵێم، بەر چەپۆکیان.

هەنگاوی دواتر ئەوە بوو کە سێیەمیان ڕای گرتم بەبێ پەلاماردان و هیچ جووڵەیەکی گوماناوی، ئەم هاوڕێ چاوبزەیان کە پەنجەکانی پێی قلیشابوون، بێ هیچ پێشەکییەک داواکەیانی خستە ڕوو:

گوێ بگرە هاوڕێ... جگە لە هاوکاری هیچی ترمان لێت ناوێت، کارێکی مرۆیانە و هیچی تر. چاومان لێ بوو کە دەتنووسی و وەک بنیادەم قسەت دەکرد، زیاتر لە زمانێکیش تێدەگەیت! ئێستا هیچ مەڵێ... ئێمە بۆ ئەوە تیرمان نەکردیت کە پاداشتی چاکەکەمان بدەیتەوە، بۆ هەرشوێنێک دەتەوێت دەتوانیت بڕۆیت، حەز دەکەی خوراکی تریشت دەدەینێ. ئێمە تەنها یارمەتییەکی تۆمان دەوێت... چەند هاوڕێیەکمان هەیە و دەستگیر کراون، دەمانەوێت ڕزگاریان بکەین، بەڵام کە لە ئامانجەکە نزیک دەبینەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبینەوە. بیرمان کردەوە... بیرمان کردەوە کە تۆ زمان دەزانیت و ڕەنگە تێبگەیت چی دەڵێن. گەر ئەو چاکەیەمان لەگەڵدا بکەیت، ڕێگەت دەدەین بۆ هەرشوێنێک دەڕۆیت بڕۆ، یان لەگەڵ ئێمەدا بمێنیتەوە، بێگومان ویژدانی خۆیشت ئاسوودە دەکەیت بە ئازادکردنی بێتاوانان. خۆت سەرپشک بە، لەوە زیاتر گوشارت ناخەمە سەر!

ئەمەی وت و بە قاچە شەلەکەی ئاماژەی بۆ دووانەکەی تر کرد کە دوای کەون.

دوای ئەوەی نزیکەی بیست هەنگاوێک دوور کەوتنەوە، بانگم کردن، بوەستن.

"پارمەتیتان دەدەم گەر کارەکە بەو جۆرە بێت کە خۆتان دەڵێن" هەڵهەڵەیەکیان لێدا و بەڵێنیان دامێ کە بە شتی تر بێزارم نەکەن. ئینجا چیرۆکی هاورێکانیان بۆم گێڕایەوە کە لە سەربازگەیەکی هێزە فرەرەگەزە ئەمەریکی و ئیسپانی و پۆلەندییەکان زیندانی کراون. زۆر بیرم لە شتەکە نەکردەوە، چونکە هێشتا هەستم بە ئازار و تاڵاویی رۆژە درێژەکانی زیندان دەکرد، بۆیە حەزم نەدەکرد هیچ کەسێک ئەو تاڵاوەی من بچێژێت، تەنانەت ئەگەر دوژمنەکەیشم بێت.

دوایان کەوتم و چەندین باخ و مەزرایان دایە ژێر پێوە و لە رێگا گشتییەکە لایان دا، لەوێدا خۆیان مەڵاس دا، منیش ماوەیەکی زۆر لەگەڵیان مامەوە. وتیان چاوەرێی دەرفەتێک دەکەن بۆ پەڕینەوە بەرەو زۆنی سەربازگەکان. هیچ تێنەگەیشتم، بەڵام پاساوەکەیانم پەسەند کرد، چونکە بریارم دابوو یارمەتییان بدەم. شتێک مێشکی سەرقاڵ کردم، کاتێک بچووکەکەیان رستەیەکی لە زار هاتە دەر: "چۆن خۆمان لە پاسەوانەکەی ئێرە بدزینەوە؟" نەمزانی پاسەوانی چی؟ ئایا مەبەستیان پاسەوانی سەربازگەکەیە کە دەمانەوێت دزە بکەینە ناویەوە، یان باسی پاسەوانێکی تر دەکات؟

بەرلەوەی پرسیارەکە لە مێشکم دەر بچێت، هەستم کرد لەمسەر بۆ ئەوسەر خۆیان هەڵدەدەن و منیش بەدوای خۆیاندا رادەکێشن. یەکێکیان بەوی تری وت، "ئاااای ئەمریمەنینە، دیسان هەستیان کردەوە کە لێرەین!" لەو کاتەدا نەمدەزانی دەبێ چی بکەم، دوایان بکەوم یان لە جێی خۆم

بمینمەوە؟ لەپڕ گەلەسەگێکم بینی پەلیان گرتم و خستمیانە سەر زەوی، ئینجا بەربوونە گیانی سێ سەگەکەی تر و ئەوانیشیان قۆڵبەست کرد.

لەسەر دەم پاڵیان خستم، لووتم چەقییە خۆڵەکە، تەپوتۆز چاومی لێڵ کرد. زۆری نەبرد سەگێکی تر هات، جگە لە پێیەکانی پێشەوەی هیچی ترم نەبینی. تێگەیشتم کە سەگەکانی تر لەژێر فەرمانی ئەودان، یان لانی کەم گوێ لە بۆچوونەکانی دەگرن، دەنگی وا هاتە بەرگوێم کە ڕێکخەری پرۆسەکەیە. دوای بێدەنگییەکی کورت وتی:

"باوەڕ ناکەم ئەمە سیخوڕ بێت." پاشان لێم دوور کەوتەوە و فەرمانی بەوانی تر کرد کە ئازادم بکەن.

کە هەڵسامەوە لەگەڵ ئەو پێستە گەرەدا بەریەک کەوتین کە گەر لەنێو هەزاراندا ون بووایە دەمناسییەوە! بۆبی بوو! هاوڕێی ڕۆژە تاڵەکانی زیندانم! نەهاتە پێشەوە و باوەشی پێدا نەکردم! هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەرم نەبوو! سەرباری ئەوەش بزەیەکی شەرمەزاریم لە دەموچاویدا بەدی کرد. ئەو ڕەفتارەی شۆکی کردم، بەڵام هیچم نەکرد جگە لە چاوەڕوانی.

لێی پرسیم:

بۆ کوێ دەڕۆن؟

+ من لەگەڵ ئەوانم.

بۆ کوێ؟

+ دەمانەوێت بچینە ئەو شارەی تر بۆ دۆزینەوەی هاوڕێکانمان. (بێگومان هەموو شتێکم پێی نەوت).

زیندانییەکان هاوڕێتن؟

+ نەخێر، هاوڕێی ئەو سێ سەگەی ترن.
ئەی ئەمانە هاوڕێتن؟
+ دەکرێت بڵێیت هاوڕێمن، لە مەینەتیمدا هاوکارم بوون.
بۆبی ئەوەندە پرسیاری کرد و بە سەرۆکەکەی وت کە هیچ پاساوێک نییە بۆ ڕاگرتنمان. پاشان لێم نزیک بووەوە و وتی، "متمانەم بە قسەکانتە، بۆیە لەبەر خاتری تۆ ئەوانی تریش ئازاد دەکەین، ئێستا دەتوانن بڕۆن." هەرسێ سەگەکەیان ئازاد کرد، کەوتنە هاوشانم و بەدەم ڕێکردنەوە ناوبەناو سەیرێکی دواوەیان دەکرد لە ترسی پەلامار و هێرشی ئەو گەلەسەگە پاسەوانە. بەرلەوەی دوور بکەوینەوە، بۆبی بەهەڵەداوان بەردەمی گرتم. بەدزیی هاوڕێکانیەوە باوەشی پیدا کردم و وتی، "بە خوات دەسپێرم لێدەر... بمبورە کە لووتبەرز بووم لەگەڵتدا... حاڵەکەم وایە، ناتوانم وەکو پێویست ڕێزت لێ بگرم... بڕۆ ئەی هاوڕێ بەوەفاکەم." بزەیەکم بۆی کرد و پێش ئەوەی هەنگاو بنێت بەرەو دواوە، پێم وت، "بۆبی هیچ تێناگەم! بەڵام گرنگی مەدەری تۆ ئەرکی خۆت بەجێ هێنا، ئاگات لە خۆت بێت." لە دوورەوە چاودێریم کرد کە بەکەشخەیی خۆی با دەدا، کەمێک گۆشتی گرتبوو، پەڵە کەڕبووەکانی گیانی کەمێک شاردرابوونەوە.
تێنەگەیشتم بۆبی چی دەکات و بۆچی کەوتووەتە نێو ئەو گەلەسەگە چەکدارەوە؟ بەدڵنیایی ئەوە یەکێکە لە نهێنییەکانی گەرکاتمان هەبووایە خۆی پێ نەدەگیرا و بۆی باس دەکردم.
دوای ئەوەی باندەکەی بۆبی ئازادیان کردین، سەدان مەتر ڕێمان بڕی، بەڵام سێ سەگەکە وشەیەک لە زاریان

نەهاتە دەر. سەگە سمێڵ گەڕەکە تەنها یەک جار هاتە گۆ، گومان و دوودڵییەکی زۆر لە قسەکانیدا بوو: "دیارە سەگێکی گرنگیت، بۆیە سەگە پاسەوانەکان دەتناسن." ناچار نەبووم سەربوردە و پەت پەتییەکانی ژیانم بۆ هیچکام لەو سێ سەگە بگێڕمەوە. پێم وتن کاری من تەنها ئەوەندەیە هاوکاریان بم بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێکانیان، ژیانی تایبەتی من هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە.

ماوەیەک ڕێمان کرد. کە خۆر هەڵات، گەیشتینە دەروازەی شارێکی گەورەی هاوشێوەی ئەو ماڵانەی لە چینکۆ و ئاسن دروست کراون، بە دیواربەندێکی بەرزی دڕکەتێل دەورە درابوو، یەکسەر زیندانەکەی جارانی خۆمم بیر کەوتەوە.

یەکێکیان وتی،

هاوڕێکانمان لێرە زیندانین.

تەواو لە شوێنەکە ورد بوومەوە، دارێکی تێدا نەبوو، خاکەکەی ڕەنگێکی بۆری جەنگی بوو، هیچ شتێک نەدەبینرا جگە لە درەوشانەوەی کانیاوە سەرابییەکان لەبەر تیشکی خۆر، کڵاوی سەربازەکانیش ناوبەناو دەکەوتنە بەرچاو.

دوای بینینی سەربازگەکە کە جمەی دەهات لە سەرباز و بە دڕکەتێل دەورە درابوو، دڕکەتێلەکان بەسترابوونە ستوونەکانی کارەباوە، پاسەوانەکان بە درێژاییی ڕۆژ چاودێریی سەربازگەکەیان دەکرد، پێم وتن، "باشە بیرتان لە شێوازێکی گونجاو کردووەتەوە بۆ بڕینی ئەم هەموو ڕێگرییانە، پێش ئەوەی بگەینە لای هاوڕێکانتان؟"

دەرفەتیان نەدام، پێشم کەوتن تا گۆشەیەکی دووری بەری باکووری سەربازگەکە، داوایان لێ کردم چاوەڕێی

ئاماژەیەکی ئەوان بەم بۆ بازهەڵدان و ڕاکردنی خێرا بەدوای ئەواندا، وامان کرد... پۆلێک پاسەوان لامانەوە تێپەڕین و پێچیان کردەوە و لە بەرچاو ون بوون، سەگە سەرزلەکەیان وەڕەیەکی کرد و دووانەکەی دوای کەوتن، منیش بەدوایاندا. بەدوای یەکدا خۆیان هەڵدایە نێو چاڵێکی ئەوبەرەوە و لە چاو ون بوون، دەتوت زەوی قووتی داون. منیش بەدوایاندا خۆم هەڵدا و چاڵەکە لەئامێزی گرتم، دەتوت خلیسکێنەیەکە و لە دۆشەکێکی نەرم و لووس دروست کراوە، خۆم لەنێو سەربازگەکەدا بینییەوە، بەتەنیشت بارەگاکانەوە کە چواردەورمان سەرباز بوو. دیار بوو چاڵی ڕێوی و کەروێشکە کێوی بوو، بەڵام سێ سەگەکە گەورەیان کردبووەوە. بە هەرحاڵ بەناچاری دوایان کەوتم، بەڵام چوونەژوورەوە چ سوودێکی هەبوو کە توانای جووڵەمان نەبوو بەرامبەر ئەو حەشاماتە زۆرەی سەربازەکان؟

چەند خولەکێک سڕەوتم. پاش کەمێک بینیم سەگەکان کەوتنە خۆیان و پێشڕەوییان کرد، هەڵبەت منیش دوایان کەوتم، کەوتنە گەڕان بەنێو سەربازگەکەدا، دەتوت خەڵکی ئەوێن! تێگەیشتم کە مادام سەگی تر لەو شوێنەدا هەیە، کەواتە کەس گومانیان لێ ناکات، تەنها ئەوەندەمان لەسەرە گومان نەخەینە سەر خۆمان و بەبێ سڵەمینەوە بچینە پێشەوە. وام کرد و لاسایی جووڵەی ئەوانم کردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا بە هۆی سارێژنەبوونی برینەکەمەوە دەشەلیم، دیار بوو وەک پێویست ڕۆڵی خۆمم بەرجەستە نەدەکرد، یان لانی کەم هاوشێوەی ئەوان و سەگەکانی تر نەبووم کە پێشتر ناسیبوومن.

چاوبزەکەیان هاوشانم ڕێی دەکرد و پرسیاری هەموو شوێنەکانی لێ دەکردم کە بەلایدا دەڕۆیشتین، مانای ئەو وشانەی دەپرسی کە لەسەر دەرگاکان و دیواری کابینە ئاسنینەکان نووسرابوون، منیش بەگوێرەی فێربوونم لە مامۆستای هاوڕێم، وەلامم دەدایەوە: "ئەمە نووسراوە دەرمانخانە،" "ئەمە شوێنی کەلوپەلی سەربازییە،" "ئەمە چەک و تەقەمەنیی تێدایە،" "ئەمە تۆپخانەیە،" "ئێرە کۆگای سەوزە و میوەیە،" "ئەمەش کۆگای خواردن و خواردنەوەی ئامادەکراوە،" "ئەوە ژووری پاسەوانییە" و... تاد. سەگەی سەرزل لەدوای منەوە هەموو ناوەکانی دەوتەوە. کەمێک کەوتمە گومانەوە کە هیچکامیان پرسیاری زیندان یان هێمای زیندانەکەیان نەکرد. وازم لە وەرگێران هێنا و پێم وتن من هیچ شتێک نابینم نیشانە بە شوێنی زیندان بکات! ئەوان داوایان دەکرد بەردەوام بم لە وەرگێران، گرنگ نییە کە ئێستا شوێنی زیندانەکە بدۆزینەوە - یەکێکیان وای وت.

وەستام و پرسیاری نیازی ڕاستەقینەیانم کرد: ڕاستم پێ بڵێن، ئێمە بەدوای چیدا وێڵین؟

سمێڵ تەنکەکە وتی بەدوای کۆگای ئێمێرجنسیی جەنگیدا دەگەڕێن، گوایە هەواڵیان زانیوە کە هاوڕێکانیان یان لەناو کۆگاکە یان لە دەرەوەیدا زیندانی کراون. هیچی تریان نەوت.

کاتێک لە ناوەڕاستی سەربازگەکە نزیک بووینەوە، لای بارەگای فەرماندەی گشتی، تابلۆی کۆگاکەم بەرچاو کەوت و پێم وتن ئەوەتا. لەوێدا هەرسێکیان وەستان و پاش کەمێک داوایان لێ کردم چاودێریی دەروازەکەی لاتەنیشت بکەم، تا ئەوان دەچنە ژوورەوە و هاوڕێکانیان ڕزگار دەکەن.

قایبل بووم، چونکە تا ئەو ساتەش باوەڕم بە قسەکانیان کردبوو! گوایە ئەوان لە من زیاتر شارەزای شوێنەکەن و زووتریش هاوڕێکانیان دەدۆزنەوە.

لە شوێنی خۆمدا جێگیر بووم بۆ ئەوەی لە هەر جوولەیەکی گوماناوی ئاگاداریان بکەمەوە. زۆری نەبرد، ئاوڕم دایەوە بینیم هەرسێکیان کیسەیەکی گەورەیان گرتووە و پێکەوە ڕای دەکێشن، پاشان بەدوای یەکدا بەسەر کۆگاکەدا خۆیان هەڵدایە پشتەوە، بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە نزیکترین خاڵی دیواری دەرکەتێلەکە و بۆی دەر بچن. شڵەژابووم و نەمدەزانی چی بکەم، لە جێی خۆم چەقیم و سەیری سێ سەگەکەم دەکرد، بەڵام زۆری نەبرد گەلەسەگێکی پاسەوان لە هەموو لایەکەوە بۆم دەر چوون و گەمارۆیان دام، هەندێکیان لەنێو کۆگاکەوە دەر کەوتن و هەندێک لە خانووەکانی تەنیشت و شوێنەکانی ترەوە، لەگەڵ سەربازە چەکدارەکان بەدەم ڕاکردن و هاوارکردن بە چەند زمانێکی جیاجیا بەرەو ڕووم هاتن، سەرباری ترس و لەرزەکەم، بەڵام دەمزانی چی دەڵێن.

سێ سەگەکە لە چاو ون بوون، دەتوت دیواربەندەکە قووتی داون یان لە پێچوپەنای ماڵ و خانووەکاندا ون بوون کە لەنێو خولبارینێکی چڕدا تەنها تارماییان دیار بوو. هێشتا دانیشتبووم، تا ئەو کاتەی بینیم وردەوردە بازنەی هاوار و وەڕینەکەی دەورم تەسکتر دەبێتەوە و لوولەی تفەنگەکان زیاتر تەنگم پێ هەڵدەچنن. سەگەکان هیچ سازشێکیان نەکرد، دانەجیرەیان دەبوو، ئامادە بوون لەتوپەتم بکەن، تەنها چاوەڕێی ئاماژەیەکی بچووکی ئەو سەربازانە بوون

قایل بووم، چونکە تا ئەو ساتەش باوەڕم بە قسەکانیان کردبوو! گوایە ئەوان لە من زیاتر شارەزای شوێنەکەن و زووتریش هاوڕێکانیان دەدۆزنەوە.

لە شوێنی خۆمدا جێگیر بووم بۆ ئەوەی لە هەر جوولەیەکی گومانـاوی ئاگاداریان بکەمـەوە. زۆری نەبرد، ئاوڕم دایەوە بینیم هەرسێکیان کیسەیەکی گەورەیان گرتووە و پێکەوە ڕای دەکێشن، پاشان بەدوای یەکدا بەسەر کۆگاکەدا خۆیان هەڵدایە پشتەوە، بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە نزیکترین خاڵی دیواری دەرکەتێلەکە و بۆی دەر بچن. شڵەژابووم و نەمدەزانی چی بکەم، لە جێی خۆم چەقیم و سەیری سێ سەگەکەم دەکرد، بەڵام زۆری نەبرد گەلەسەگێکی پاسەوان لە هەموو لایەکەوە بۆم دەر چوون و گەمارۆیان دام، هەندێکیان لەنێو کۆگاکەوە دەر کەوتن و هەندێک لە خانووەکانی تەنیشت و شوێنەکانی ترەوە، لەگەڵ سەربازە چەکدارەکان بەدەم ڕاکردن و هاوارکردن بە چەند زمانێکی جیاجیا بەرەو ڕووم هاتن، سەرباری ترس و لەرزەکەم، بەڵام دەمزانی چی دەڵێن.

سێ سەگەکە لە چاو ون بوون، دەتوت دیواربەندەکە قووتی دان یان لە پێچوپەنای ماڵ و خانووەکاندا ون بوون کە لەنێو خۆڵبارینێکی چڕدا تەنها تارماییان دیار بوو. هێشتا دانیشتبووم، تا ئەو کاتەی بینیم وردەوردە بازنەی هاوار و وەڕینەکەی دەورم تەسکتر دەبێتەوە و لوولەی تفەنگەکان زیاتر تەنگم پێ هەڵدەچنن. سەگەکان هیچ سازشێکیان نەکرد، دانەجیرەیان دەبوو، ئامادە بوون لەتوپەتم بکەن، تەنها چاوەڕێی ئاماژەیەکی بچووکی ئەو سەربازانە بوون

کە پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان بوو، لە شێوەی بازنەیەکدا دەورەیان لێ دابووم و ئامادەی تەقاندن بوون. پێش ئەوەی گوێم لە دەنگی فەرماندەکە بێت بۆ گوللەبارانکردنم، هیچم بە خەیاڵدا نەهات جگە لە هەستانە سەرپێ. پێم هەڵبڕی و سینگم دەر پەڕاند، چاوەکانم داخست و ڕووم کردە تیشکی گەرمی خۆرەکە، ئینجا چاوەڕێی گوللەی مەرگ بووم، کە هیچ گومانم نەبوو تەواو لە مووەکانی لەشمەوە نزیکە!

# ئەستێرەی بەختەکەم کە هەمیشە فریادڕەسمە، بەسەرهاتم لەگەڵ کاتیا

هیچ لێکدانەوەیەک لەمە جوانتر نییە کە پێتان دەڵێم.

دەبێ من لەژێر کاریگەریی ئەستێرەی بەختێکی باشدا لەدایک بووبێتم، گەر نا چۆن لەوە تێبگەم کە هێشتا نەچوومەتە کاروانی مردووانەوە، سەرباری ئەو هەموو مەینەتی و ئەزموونانەی بینیومن و لە هەندێکیاندا گەیشتوومەتە کەناری مەرگ، وەک دەوترێت مەرگ گەیشتووەتە بناگوێم!

وەک وتم، لەپڕێکدا کەوتمە نێو گەمارۆی گەلەسەگێکەوە کە چاوەڕێی دەرفەتێک بوون بۆ لەتوپەتکردن و خواردنم. لوولەی تفەنگەکانم ئاراستە کرابوون، پەنام بۆ هیچ فێڵێک نەبرد و ڕام نەکرد. ئالای سپیم هەڵکرد و چاوەڕوان بووم. تەواو شەکەت و ئەژنۆشکاو بووم، جگە لەوەش لە حاڵی خۆم حاڵی نەدەبووم! چی گەیاندمی بەم حاڵە؟ چۆن متمانەم بەو سێ سەگە کرد و گومانم لە مەرامیان نەکرد؟ چاوەڕێیان

نەکردم و مشوورێکیان نەخواردم، ئەوان ویستیان وەک نێچیرێکی ئاسان بمخەنە بەردەستی ئەو سەگانەی فێری کوشتن کرابوون، بمخەنە بەر لوولەی ئەو تفەنگانەی ئامادە بوون بۆ تەقەکردن، تەنها لەپێناوی هەلاتنی خۆیاندا! هەر واشیان کرد!

نەخێر، ناتوانم لۆمەی کەس بکەم، لەم گەمەیەدا تەنها خۆم گوناهبار و خەلەتاو بووم. بۆیە سەرم هەلبڕی و هەناسەم هەلکێشا، دوای ئەوەی چاوەکانم داخست و چاوەڕێی قەپێک بووم گەردنم شەق بکات، یان گوللەیەک سینەم بپێکێت، وەک ئەو فیشەکە تیژانەی کە سینگی مامۆستای هاوڕێمیان دابێژا و لە چەند چرکەیەکدا هەناسەیان لێی بڕی!

لە جێی خۆم سڕ بووم، چاوەڕێی دەنگێک، جوولەیەک بووم لە حەشاماتەکەی چواردەورم، بەلام وا دیار بوو شتێک سەرقالی کردبوون. بێزار بووم لە گەمەی چاوەڕوانیی چارەنووسم، چاوم کردەوە تا بزانم چی دەگوزەرێت. دەبینم لەوپەڕی ئامادەباشیدان، کەلبەیان تیژ کردووە و تفەنگەکان لەسەر پێن، ئەم جارە لەگەل ئەفسەرەکەیاندان کە چاودێریم دەکات و نایەلێت کەس لێم نزیک بێتەوە. دوای چەند خولەکێک کۆمەلەسەربازێک بەهەلەداوان گەڕانەوە و کیسەیەکی قورسیان لە بەرپێی ئەفسەرەکەدا دانا، کە لەچنگی سی سەگەکە دەریان هێنابوو. بێتاقەتی ئەوە بوون کە نەیانتوانیبوو خۆیان دەستگیر بکەن، ئەوەیان هێنایەوە کە هاوڕێ خراپەکانی من دزیبوویان. لە ڕوخساری ئەفسەرە گەنجەکەدا هەستم بە ناسوودەیی کرد، دوای سەیرکردنی کیسەکە داوای کرد بیبەنە کۆگاکە.

پێش ئەوەی کیسەکە ببەن، یەکێکیان لێی نزیک بووەوە و پرسیی، چیی لێ بکەین؟ (پەنجەی بۆ لای من درێژ کرد). پاشان وتی، گوللەبارانی بکەین یان بیخەینە بەردەمی سەگە برسییەکان؟

ئەفسەرەکە ئاوڕێکی دایەوە و سەرزەنشتی کرد: ئاگات لە خۆتە چی دەڵێیت؟ تۆ دەزانیت ئەمە چ جۆرە سەگێکە؟ ئەمە سابویسۆی دوورەگە... دەزانیت ئەوە مانای چییە؟

چاوەڕێی وەڵامی نەکرد، داوای لە پاسەوانەکەی کرد پەتێک بخاتە ملم و لە ژوورێکی لاوەکیدا بەندم بکات، پاشان فەرمانی بەوانی تر کرد هەریەکە بچنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.

لە ژووری تازەی زیندانمدا، ڕۆژانی زەلیلی و تاڵاویی نێو درکەتێلەکانی جارانم بیر کەوتەوە! لە ڕاستیدا ئەم شوێنەم جیاوازە لە زیندانەکەی پێشوو، حاڵی ئێستام زۆر خراپ نییە گەر ئەوە لەبیر بکەین کە من بە تۆمەتی دزی و دزەکردنە نێو سەربازگەیەک لە حاڵەتی جەنگدا، زیندانی کراوم. زیندانەکەم بریتییە لە ژوورێکی ئاسایی و بچکۆلانە (تەنها بۆ خۆمە) و بە شێوەیەکی جوان ڕێکخراوە بۆ حەسانەوە و خەوتن، لە سووچێکدا دەبەیەک ئاو و چەند قوتوویەک خۆراکی ئامادەکراوی گۆشت و ماسی و سەوزە دانراوە، یەکسەر خواردنەکانم ناسییەوە، چونکە پێشتر تامیانم کردبوو، هەم لە ماڵی مامۆستا و هەم لەو ماڵانەی کە ڕۆژانی ڕاووشکار سەردانمان دەکردن.

بەو حاڵەوە، هەموو شتێکم سپاردەی بەخت کرد و خەوێکی قووڵم بۆ کرد، کە زۆرم پێویست بوو. هەرچەندە برسیم

بوو، بەلام کەمم خوارد، جەستەی بریندارم شەکەتی ئازارە نەبڕاوەکەی بوو. بیرکردنەوە لە بەسەرهاتەکانی ڕابردووم و ئەو ڕۆژە خۆشانەی لەگەڵ مامۆستا و خانەوادەکەم ژیام، لەو شتانەی کە دەربارەی ژیان فێر بووبووم و خوێندبوومەوە و بیستبووم و لەسەری ڕاهاتبووم، وای لی کردم بگەمە ئەو باوەڕەی کە من ئەو بوونەوەرەم کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لەنێوان خۆشی و ناخۆشی، ئەوپەڕی بەختەوەری و بەدبەختییەکی ناڕەوادا گوزەر دەکەم.

بۆ شەوەکەی هەمووان لە خەوگەی خۆیاندا خەوتن، تەنها پاسەوانەکان نەبێت کە ئاگام لی بوو بۆ کاتکوشتن لەنێوان خۆیاندا غەلبەیان دەهات. بەئاگا بووم و توانای داخستنی چاوەکانم نەبوو، سەرقاڵی بیرهێنانەوەی بەشەکانی چیرۆکێک بووم کە مامۆستای بۆی خوێندبوومەوە، مەبەستم بوو مێشکی خۆم لەو بیرکردنەوەی دژیەکانە ڕزگار بکەم و کاتەکەم لی بڕوات، گوێم لە تەپەی پێی کەسێک بوو لە ژووری زیندانەکەم نزیک دەبووەوە، پاشان تەقەی کردنەوەی دەرگاکە هات. کە گڵۆپی ژوورەکە هەڵکرا، خۆم لە بەردەم نەفسەرە گەنجەکەدا بینییەوە، کە لە کەلبەی سەگە برسییەکان ڕزگاری کردم. بەبێ ترس و سڵەمینەوە هاتە پێش و لێم وردبووەوە. بە پەنجەکانی بانگی کردم، گوێڕایەڵی فەرمانەکەی بووم، دەستی خستە سەر نێوچاوانم و بە پەنجەکانی خوراندمی، پاشان پەتەکەی ملمی کردەوە و داوای لی کردم دوای بکەوم بۆ دەرەوە. بێ ئەوەی چاودێریم بکات بەرەڵلای کردم، تەنها چەند هەنگاوێک کەوتە پێشم و بەبێ ئەوەی ئاوڕێک بداتەوە سەرانسەری سەربازگەکەمان

پێکەوە تەی کرد، دڵنیا بوو کە دوای دەکەوم و وەکو سێ سەگەکەی تر هەڵنایەم.
بردمیە هۆڵی نەشتەرگەری، لەتەنیشت کەرەستەکانی نەشتەرگەری و پێچە و دەرمانەکانەوە لەسەر کورسییەک دانیشت، ئینجا داوای لێ کردم بچمە سەر قەرەوێڵە خاکییەکە. نارازی نەبووم و پرسیاریشم نەکرد، کەوتە تیمارکردنی جێبرینی دوو فیشەکەکە و شوێنێ کەڵبە کۆن و تازەکانی گیانم. دوای ئەوەی دڵنیا بوو کە حاڵم باشە، تا لای دیواربەندەکە بردمی. لە شوێنێکی نزیک لەو چۆڵەوانییە وەستاین کە دوێنێ دزەمان کردە نێو سەربازگەکەوە. ئەفسەرەکە دانیشت و بابی ئەوەندە دڕکەتێلەکانی هەڵوەشاندەوە کە بتوانم لێوەی دەر بچم و لە سەربازگەکە هەڵبێم. کە کارەکەی تەواو کرد، ڕووی تێ کردم و وتی:
"چاوەڕوانی چی دەکەی ئەی سابویسۆی دووڕەگ، دەی دەر بچۆ! ون ببە لە بەرچاوم، ئەگەر بۆ یەک ڕۆژ دوا بکەویت بەئاسانی لەناوت دەبەن... تۆ شایانی ئەو مەرگە قێزەونە نیت کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە... تۆ بەختەوەری، چونکە ئەو سەگەت بیر خستمەوە کە لە ماڵی خۆمان لە ئیسپانیا جێم هێشتووە، بۆیە ڕزگارت دەکەم ئەی دووڕەگ... دەی پەلە بکە و بۆی دەر بچۆ، بۆ جارێکی تریش وریای خۆت بە، ژیان هەموو ڕۆژێک خۆشیمان بۆ نارەخسێنێت... دەزانم لێم تێدەگەیت و زمانەکەشم دەزانیت... دەی خاوەخاو مەکە... خوات لەگەڵ... ئادیووس."
بۆشاییەکەی بۆم کەورەتر کردەوە، پێیدا ڕۆیشتم، تاریکیی شەو لە چاوی پاسەوان و چاودێرەکان پاراستمی.

بەرلەوەی لە چاو ون بم، بە وەڕینێک دوو وشەم بە ئەفسەرەکە وت، بۆم ڕوون کردەوە کە لە هەموو نیازە باشەکانی و وشە پچڕپچڕەکانی تێگەیشتم.

بۆی دەر چووم و نەوەستامەوە، بۆ ئەوەی لە مەترسیی چاودێرەکانی پاسەوانی دوور بکەومەوە. تەماشام کرد بە مەودای دەیان کیلۆمەتر چواردەورم بنکەی سەربازییە، دوای نزیکەی سێ کاتژمێر ڕاکردن هەموویانم جێ هێشت. چوومە نێو بیابانێکی کاکی بە کاکی و پێدەشتێکەوە کە هیچ ڕۆژێک بە خەیاڵمدا نەهاتبوو پێ بخەمە ناویەوە، یان لێی نزیک ببمەوە، منێکی شارنشین کە لەنێو سەوزایی و کەناری ئاودا ژیاوم! شەوی بیابان لە باسکردن نایەت، سەرمایەک کە شەقە لە ددان هەڵدەسێنێت و وەک درکەماسی بەگیاندا دەچەقێت. هەرچەندە من ڕاهاتبووم لەگەڵ بەرگەگرتنی سەرما و بەرەنگاربوونەوەی، بەڵام تەواو دەستەوەستان بووم و نەمتوانی خۆمی لێ لا بدەم. ملی ڕێم گرتبوو، لە هەمان کاتدا بەدوای شتێکدا دەگەڕام یارمەتیم بدات تا بەیانی بەزیندوویی بمێنمەوە، دوای ئەوەش بە باشترین شێوە کاری خۆم بکەم.

بەرلەوەی ڕۆژ بێتەوە، لای ڕاستمەوە تارماییی کۆنەهەوارێکی چۆڵم بەرچاو کەوت، لەوە دەچوو حەشارگەیەکی کۆن یان شوێنی پاسەوانی بووبێت، خۆمم پێی گەیاند. لەخوار پایەکانیەوە خۆم دایە پاڵ دیوارەکانی تا خۆم لە گزەبای ساردی ئەو بەیانییە بپارێزم. بیرم لەوە کردەوە کە سەعاتێک پشوو بدەم بەرلەوەی خۆر هەڵبێت. لەو شوێنەدا بۆنێکی سەیر هاتە بەر لووتم، کە هەستم کرد

بۆنێکی تازە نییە و پێشتر تاقیم کردووەتەوە، بەڵام بۆنەکەم نەناسییەوە! لەو ساتەدا ئاگام لە خۆم نەبوو، لەبەر گفەی با بڕوای بڕیاردان و ناسینەوەی شوێنەکەم نەبوو، چونکە هەر ئەو پەناگەیەم هەبوو. وردەوردە بۆنی شوێنەکەم لە بۆنی خۆڵ و سەرمای بیابانەکە جیا کردەوە. هیچ گومانم نەبوو کە مەترسییەک گەمارۆی داوم، چەقەڵ، کەمتیار، پێوەدانی مار. لەگەڵ ئەوەشدا چاوم داخست و خۆم سپاردە بیابان و جانەوەرەکانی شەو، بەو هیوای بمێنم و پاش چەند سەعاتێک تیشکی خۆر بێدارم بکاتەوە. بۆنی ئەوەم نەدەکرد کە ببوبێتمە شەریکە بەشی گورگ یان هەر گیانەوەرێکی درندەی تر، بێباکانە چوومە خەوێکی شیرینەوە و دەمزانی دوای چەند خولەکێک سەرما دەمخاتە لەرزە.

دیارە زۆر شەکەت و ماندوو بووم تا ئەو ڕادەیەی کە تەنانەت سووڕنی گەرمی خۆرەکەش بێداری نەکردمەوە. کاتێک هەستم کرد شتێک خۆیم لێ دەخشێنێت و بەنەرمی بانگم دەکات، چاوم کردەوە. بە دوو چاوی نیمچەکراوە و تەلخ و ماندووەوە و تەماشام کرد گیانەوەرێک بەدیارمەوەیە، لە شێر دەچێت! شلەژام... لە جێی خۆم هەلسام و بەدوای شێوازێکدا دەگەڕام کە لە چنگی ڕزگار بم بەرلەوەی کەلبەی لە گەردنم گیر بکات و لەناوم ببات، یان لانی کەم بەرلەوەی بە چەپۆکێک پشتم بشکێنێت.

کە خۆم هەلدا و دوور کەوتمەوە، دەنگێکی تاساو هاتە بەرگوێم. وەستام و ئاوڕم دایەوە بۆ شوێنی دەنگەکە، دەبینم لە ترسی پشیلەیەکی بچووک ڕام کردووە! ئەویش تێی نووچاند و خۆی لەنێو بەردەکاندا بزر کرد. لەوێدا هەستم

کرد پشیلەکەم ترساندووە، زیاتر لە ترسانە بیماناکەی خۆم!
نەمزانی چۆن لەگەڵیدا بکەومە گفتوگۆ، یەکەم جارم بوو ڕووبەڕووی پشیلە ببمەوە. بە ڕێی خۆمدا گەڕامەوە و لە شوێنی خەوتنەکەم دانیشتم، بەڵکو تێبگات کە نیازم نییە ئازاری بدەم. ڕەفتارەکەم بەرهەمدار بوو، پاش کەمێک لە پەنای بەردەکانەوە سەری دەر کرد و چەند جارێک بەو ناوەدا سووڕایەوە، تا دەهات زیاتر لێم نزیک دەبووەوە، دواجار هات و لەتەکمەوە پاڵی دایەوە.
بەبێ چاوتروکاندن چاوی بڕییە چاوم. ئەم جارەیان جوان لێی ورد بوومەوە، لە پڵنگێکی بچووک دەچوو، پێستی بۆرێکی خەتدار و دوو چاوی پانی ڕەنگاوڕەنگ کە هێمای ڕەچەڵەکە گۆشتخۆرەکەی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا پشیلەیەکی بێوەی بوو، بەوپەڕی متمانەوە لەتەکم دانیشت. دەتوت دەمێکە چاوەڕێی ئەم دیدارەیە و ئێستا دەرفەتی بۆ ڕەخساوە، دوای ئەوەی ترسی نەما، پرسیاربارانی کردم، منیش هەندێک جار وەلامێکی کورتم دەدایەوە و هەندێک جاریش بێدەنگیم هەڵدەبژارد.
کاتیا، ناوی پشیلەکە بوو - کە خۆی پێی وتم - (خاوەنەکەی ئەو ناوەی لێنابوو، لەبەر خۆشەویستی پاڵەوانی فیلمێکی کۆنی ڕووسی). ئارامی نەبوو، دەیویست هەموو شتێک دەربارەم بزانێت. هێندە ڕاستگۆ و دڵساف بوو، هەندێک جار دەیدایە پرمەی گریان کە بەسەرهاتی خۆم بۆی دەگێڕایەوە، تراژیدیای خانەوادەکەم و نەهامەتیم دوای کوژرانی مامۆستا و بەسەرهاتی زیندان و دەربەدەریم تا ئەو کاتەی کەوتمە بۆسەی دەمیان تفەنگبەدەست و کەلبەی

سەگە هارەکانەوە. لەنێوان هەنسکی گریان و پەرۆشیی گوێگرتندا، سەری دەلەقاند و دەیوت، "تۆ سەگێکی بەوەفا بوویت بۆ هاوڕێکانت، بۆیە بەخت یاوەرت بووە و لەو هەموو نەهامەتییەی دەستی قەدەر و مرۆڤ و گیانەوەرەکان ڕزگارت بووە."

لە وەڵامی قسەکانیدا وتم،

باشە کاتیا... بەڵام من وەک تۆ حەوت ڕۆح نیم، تا هیوام بەوە هەبێت جارێکی تر ڕزگار بم.

+ ئەوە چی دەڵێیت؟

کاتیا ئەمەی وت و کەوتە سەر گازەرای پشت و دای لە ناقای پێکەنین، وەک بڵێی چاوەڕێی وەها دیارییەک بوو بێت بۆ ڕوونکردنەوەی مانای ڕاستەقینەی ژیانی پشیلەیی و ئەو تێگەیشتنە نادروستەی ئێمە هەمانە بەرامبەریان، ئینجا وتی،

"ئەوە ڕاست نییە کە دەڵێن ئێمە حەوت ڕۆحین، هەموو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە فێری تەڵەکە و ساختەچێتی و پێشبینیی داهاتوو بووین، ئەوەش لەپێناو پاراستنی ژیانی خۆمان کە هیچ شتێک نییە هاوتای بێت. لە هەموو هەوڵێکدا وا دەر دەکەوێت کە ئێمە زیاتر لە جارێک دەژین، کە یەکێکتان دەمانبینن وا دەزانن لە هەوڵی یەکەم و دووەم و سێیەممانددا مردووین، ئەوەش لەسەر حەوت ڕۆحییەکەمان ئەژمار دەکەن! ئازیزم... وەک دەمبینی من یەکێکم و یەک جاریش دەژیم نەک زیاتر، گەر ئێستا یەکێک پەلامارم بدات بە چاوی خۆت دەبینی چۆن لە بەردەمتدا گیان دەسپێرم، ناشتوانم بە ڕۆحی یەدەگی دووەم و سێیەم قەرەبووی بکەمەوە، بەڵام بەرلەوەی شتی وا ڕوو بدات، لەوانەیە خۆم

قوتار بکەم و بەگوێرەی توانا لەچاو ون بم. ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە زۆر پەرۆشی دۆزینەوەی واتایەکین بۆ ئەو تاکە ژیانەمان، لەبەر ئەوە بەشێنەیی و دوور لە زەبر و سەرکێشی چێژ لە هەموو تنۆکێکی وەر دەگرین، دەبینی حەزمان لە خۆشنوودی و ئارامی و شوێنی دڵگیر و ئاوەدانە."

کاتیا ئەوەندەی وت و نوقمی شەپۆلێک بیرکردنەوە بوو، کە دوای چەند هەوڵێک و ڕاگرتنی، ئینجا توانیم لەو شەپۆلەی دەر بێنم. تێگەیشتم کە پشیلەیەکی شارنشین بووە، لە ماڵی ئەو خاوەنەی کە ناوی لێناوە کاتیا و جوانترین پەروەردەی کردووە، دایک و باوک و خوشک و برای خۆی نەدیوە، کە چاوی کردووەتەوە لەگەڵ خاوەنماڵە بەسۆزەکەدا بووە و بووەتە هاوڕێی هەمیشەیی. دوای ئەو تۆپباران و وێرانکارییەی بەسەر شارەکەدا دێت، لە دۆخێکی تەمومژاویدا خاوەنەکەی ون دەبێت و ئیتر چاوی پێی ناکەوێتەوە. دوای ئەوە خانووەکەیان لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی نەناسراوەوە داگیر دەکرێت، منداڵ و پشیلە و سەگەکانی کۆڵانیش، کاتیا دەر دەکەن. تا دێت زیاتر ئاشنای شێوە ژیانێک دەبێت کە دوورتری دەکاتەوە لە شارەکەی و ماڵی خاوەنەکەی، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیشدا زیاتر بەتەنگ ژیانی خۆیەوە دەبێت.

"کۆڵ نادەم تا خاوەنەکەم دەدۆزمەوە." بەو قسەیە ڕای چڵەکاندم، خۆمم بیر کەوتەوە کە چۆن تامەزرۆی دۆزینەوەی مامۆستا بووم.

لەبەر ئەوەیە شاربەشار دەگەڕێت، هەست دەکات خاوەنەکەی لە شوێنێک چاوەڕێی دەکات، لە دووریی دەیان هەزار کیلۆمەترەوە عەودالی شوێنەوار و بۆنوبەرامەیەتی،

هەست دەکات سەرەنجام بە دیداری شاد دەبێتەوە. متمانەی بەوەی کە هەر دەیدۆزێتەوە، گەورەترە لە دەرفەتی رزگاربوون لەدەستی دەستدرێژکاران و ئەو تەنگژە کوشندە و کەشە نالەبارەی تێی کەوتووین.

کە ئاهێکمان بەبەردا هاتەوە، لەبەر قرچەی ئەو گەرمایەدا بە ئاراستەی خۆرەکە کەوتینە ڕێ، حەوت سەعات زیاتر بەڕێوە بووین، بۆ ئەوەی ماندوو نەبێت خستبوومە بان پشتم. کە لە کەلاوەیەکی ناوەڕاستی بیابانێکی ڕووتەن نزیک بووینەوە، تینوێتی و برسێتییەکی کوشندە برستی لێ بڕیبووین. کاتیا پێی وتم من تا سبەی لێرە دەمێنمەوە. بڕیاری دابوو بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕێگاکەی منەوە بڕوات. نەمتوانی لەو بڕیارە پەشیمانی بکەمەوە، خواحافیزیم لێ کرد، سوپاسی هاوڕێیەتی و متمانە و چیرۆکە بێکۆتاییەکەیم کرد، کە لەو بیابانەدا قەرەبوویەکی باشی برسێتی و تینوێتیمانی کردەوە. جێم هێشت و خۆم سپاردە گرەی بیابان و سەرابەکەی، کە لە کانیاوێکی خەیاڵییەوە بۆ یەکێکی تر دەیبردم، بەبێ ئەوەی بگەمە ئاوێک تینوێتیم بشکێنێت، یان پەنایەکی ئارام بدۆزمەوە و چیتر دوای قاچە لەرزۆکەکانم نەکەوم.

## لە چاڵێک دەر دەچم و دەکەومە بیرێکەوە سەرگوزشتەی بینینی سەگە بەرەڵڵاکان!

کەوتمە نێو قووڵاییی بیابانێکەوە کە تا دەهات دژوارتر دەبوو. لە ڕاستیدا نەمدەزانی چۆن ئەم بەشەی وڵات بیابانێکی کاکی بە کاکییە و پێی دەڵێن وڵاتی دوو ڕووبارە، وڵاتی کانیاوەکان، بەهەشتی خواوەند لەسەر زەوی!

وەڵامێکم دەست نەکەوت، ئەو کات فێر بووم کە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان، پێویستە خۆت تاقی بکەیتەوە و هەنگاوی تایبەت بنێیت بۆ دیاریکردنی واتای شوێن و شتەکان، تەنانەت وشەکانیش.

هیچ سەیری دواوەم نەکرد، گەڕانەوە بۆ دواوە مەحاڵ بوو. ئاوڕم بۆ ئەو لایەش نەدایەوە کە کاتیا پێیدا ڕۆیشت، چونکە زۆر دوور کەوتبوورەوە. هەموو خەمێکم ئەوە بوو لە پایتەخت و ئەو شار و ناوچانە دوور بکەومەوە کە تیایاندا مامەوە، دوورکەوتنەوە لە هەموو شتێک، هەڵاتن لە هەموو

شتێک، بەڵکو لەو خاکەی ژێر پێم، بۆ ئەوەی برینەکەم تیمار بکەم کە هەموو ڕۆژێک دەکولێتەوە.

هەروەها فێری ئەوەش بووبووم کە ڕەچاوی سەرما و خۆر و گەرما و سەرابی بیابان بکەم. وەک ژیشک، کوێرانە ملی ڕێم گرتبوو، سەرنجی وردم خستبووە سەر هەموو شتێک، کە سوود یان زیانی بۆ کاروانەکەم هەبێت، دیمەنەکانی ڕابردووم بە بیر دەهێنایەوە و بۆ داهاتووش چاوکراوە بووم. خۆراک بەو جۆرەش دەگمەن نەبوو، گژوگیام دەخوارد، هەندێک جار خشۆکی سەیرم لەنێو کونەکەیدا ڕاو دەکرد، گیانەوەری بچووک یان نێچیری سەرسەختم ڕاو دەکرد بۆ تێربوون لە کاتە دژوارەکاندا. هیچ بوارێک نەمابوو بۆ بیرکردنەوە لە پۆزلێدان یان بێزکردنەوە لە گۆشت و خوێن. خەیاڵم لای هیچ شتێک نەبوو جگە لە بڕینی ئاستەنگی ئەم بیابانە بەبێ ئەوەی لەناو بچم، بەهیوا بووم پێ بخەمە سەر خاکی داهاتوو کە دڵنیایی و ئارامیم پێ ببەخشێت و هەموو ساتە دژوارەکانم لەبیر بباتەوە.

ڕۆژ نا ڕۆژێک، یان هەفتە نا هەفتەیەک، لە کەلاوەیەکی ئەو بیابانەدا ڕووبەڕووی سەگێکی لانەواز، یان گیانەوەرێکی نامۆ دەبوومەوە. بەلام ئەم جارە نە گەلەسەگێکم بینی نە بنیادەم، هیچ دەستەیەکم نەبینی، کە بەدەگمەنیش سەگێکی سەرگەردان یان گیانەوەرێکی شکستەم دەبینی، بێ هەڵوەستە و پرسیار تێدەپەڕین. شەکەت و تێکشکاو تەماشایەکی یەکترمان دەکرد بەبێ ئەوەی ببینە هاوڕێ، هەریەکە ڕێی خۆمان دەگرتە بەر، دەتوت لەوە دەترسین کە لەگەڵ وەستاندا دەممان لە کار بکەوێت و قاچمان ئیفلیج بێت.

سێ هەفتە زیاتر ئەمسەر و ئەوسەری ئەو بیابانەم تەی کرد، بەو هیوایەی هەتا زووە بگەمە سەر سنوور. بێهوودە بوو، هەرچییەک دەهاتە پێشم سنووری هەور، یان ڕووبار، یان خەونی سەرابی بوون!

ئەو ڕۆژەی بۆ دواجار کەوتمە نێو گەلەسەگەکەوە، لە تەواوی ڕۆژەکانی ڕابردووم نە باشتر بوو، نە خراپتر.

شەکەت و ماندوو ملی ڕێم گرتبوو، وەک هەمیشە سەرم داخستبوو، ناوبەناو چاوم هەڵدەبڕی بۆ بینینی بەرپێی خۆم، بەو شێوەیە کەمتر خۆم ماندوو دەکرد تا پەناگەیەک، شوێنێک بۆ پشوودان یان خۆحەشاردان بدۆزمەوە. کاتێک سەرم هەڵبڕی لە دوورەوە گێژەلوکەیەکم بینی کە تازە لە زەوییەوە هەڵی کردبوو، یەک ئاراستەی هەبوو... بەرەو لای من دەهات. هەڵوەستەیەکم کرد، هەستم کرد گێژەلوکەیەکی نامۆیە و لەوانە ناچێت کە پێشتر بینیومن، چونکە زۆر بەرز نابێتەوە و ئەوپەڕی بەرزییەکەی دەگاتە ئاستی سەر. لە ڕێگاکەمدا هیچم نەدۆزییەوە جگە لە بەردێک، چوومە سەر بەردەکە تا باشتر بزانم ئەوە چ گێژەلوکەیەکە.

سەرەنجام تەپوتۆز نەما و بەرچاوم ڕوون بوو. لەسەر بەردەکەوە چاوم لێ بوو لەپڕێکدا گێژەلووکە نەما و گەلەسەگێک دەر کەوت کە پێنج دانە دەبوون. گەیشتنە بەردەمم، تەزوویەکی توند بە لەشمدا هات، نەمزانی چی بکەم! نازانم دڵخۆش بم کە دواجار هاوەڵم دەست کەوت و لانی کەم ڕێی گونجاوم پیشان دەدەن؟ یان سڵ بکەمەوە، بە هۆی ئەو گێژاوانەی دواییەوە کە تێیان کەوتم؟

نقەم نەکرد، دەنگم نووسا کە بەو حاڵەوە خۆم لە

بەردەم ئەو گەلەسەگەدا بینی. بە یەک سەیرکردن زانیم ئەمانە چین. کەوتمە بەردەم گەلەسەگێکی نەخۆش و گێژ، نەخۆشییەکی کوشندە لەبەر ئەو قرچەی گەرمایەدا وڕ و کاسی کردوون. لە ڕوخسارياندا نیشانەکانی دەردە سەگم بینی، کە ئەو دەمەی لەگەڵ مامۆستا بووم زانیاریم لەسەری خوێندبووەوە. بینیم هەرپێنجیان گوێچکەیان شۆڕ بووەتەوە، چاویان سوور هەڵگەڕاوە و پێلووەکانیان وشک هەڵاتووە، چۆڕاوگەی لیکاو بە زمانیاندا دێتە خوار، لووتیان وەک جۆگەلە چڵمی لێدەچۆڕێ، کلکیان شۆڕ بووەتەوە بۆ ناوگەڵ، بە پشتێکی کووڕەوە سەریان نەوی کردبوو.

دەتوت گێراوەیەکی بێهۆشکەریان خواردووەتەوە و سەرخۆشن، بەترسەوە تەماشایان دەکردم. تاکە خەمیان هێرشبردن بوو، نەک لەبەر برسێتی و ڕاوکردنی نێچیرێک، بەڵکو دەردە گرانەکەیان ناچاری کردبوون چاوکراوە بن و هەرچییەک ڕووبەڕوویان بێتەوە بریندارى بکەن، بنیادەم بێت یان گیانەوەر.

کە ئەمانەم زانی، دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا چۆن ڕەفتار بکەم. ماوەیەک چاودێریم کردن، لە چرکەساتێکی یەکلاکەرەوەدا چنگێک بەردی بەرپێی خۆمم بۆ هاویشتن، لە بەردەمیان کەوت و هەندێکیانی پێکا، سەگەکان دوای بەردەکان کەوتن، منیش تێم قووچاند و بە بام وت بمخاتە پێش خۆی!

هیچ ڕێگەچارەیەکم نەبوو جگە لە هەڵاتن. هەڵاتن بۆ ئەوەی نەکەومە چنگی هیچکام لەو سەگە دەردەدارانە، تەنها قەپالێک بەس بوو بۆ ئەوەی ببمە هاودەردیان، وەک ئەوان

بیمە ئەخۆشیکی ویل و سەرگەردان. ڕاکردن بەترسەوە واتە ئاشنابوون بە پانتایی بیابان. لەوە توقیبووم کە کۆتاییەکەم دەردێکی کوشندە بێت و بمخاتە ناو جێگا، چونکە هەرگیز کۆتاییەکی ترسناکی لەو جۆرەم بە خەیاڵدا نەهاتبوو. هەموو شتێک، جگە لە مەرگی ژێر چەپۆکی گەلەسەگێکی دەردەدار.

ڕام کرد و ڕام کرد، گەلەسەگیش هەر بەدوامەوە بوو، دەمویست لەدەستیان هەڵبێم و ڕووبارە سەرابییەکانی سەر ڕێم ببڕم، کە ناوبەناو دەهاتنە پێشم، لەگەڵ هەر بازهەڵدانێکدا هەستم دەکرد ئەمەیان ڕووبارێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام بیابان ڕووی ڕاستەقینەی خۆی پیشان نەدامەوە و گاڵتەی بە ساویلکەییم دەهات. ڕێیەکی تر شک نابەم، تەنها بیابانێکی پانوبەرین، هیچ دەروازەیەکی نییە جگە لە خۆگەوزاندن و خۆدزینەوە لەنێو لم و تەپۆلکەکانیدا.

ڕاوەدوونان بەردەوامە، من و گەلەسەگیش تا دێت ماندووتر دەبین. بیابانەکە دڵکێشە بۆ پشوودان و ڕاکشان و خەوێکی هەمیشەیی بێ هەستانەوە. دیسان لە سەراب و ڕووبار و جۆگەلەکان نزیک دەبمەوە و چەواشە دەبمەوە و خۆم هەڵدەدەم بۆ ئەوەی شلپەشلپ نەکەومە نێو ئاوەکەوە! بەڵام لەناکاو گوێم لە شلپە یان دەنگی کەوتنی بەردێکی گەورە بوو، کە دەکەوێتە نێو گۆماوێکەوە "تەپیییییپ!..." خۆم لەنێو ئاوێکی ڕاستەقینەدا بینییەوە! ئاای خۆ ئەمە ڕووبارێکی ڕاستەقینەیە! نە خەیاڵە، نە بیابان و نە سەرابی چەواشەکەر!

جەستە و ماسولکە و باڵەکانم بزواند بۆ ئەوەی لەسەر ڕووی ئاوەکە بمێنمەوە و نەکەومە قووڵاییەوە. لە

ناوەڕاستی گۆماوەکەدا وەستام، بینیم سەگە نەخۆشەکان لە تەنکاوەکەدا گیریان خواردووە و ناوێرن چیتر دوام بکەون. بەم موعجیزەیە دڵخۆش بووم، بیرم کەوتەوە سەگی نەخۆش لە ئاو دەترسێت و لێی نزیک نابێتەوە! بێ ترس و سڵەمینەوە هەتا تەنکاوەکەی ئەوبەر ڕۆیشتم. ڕووبارێک بوو بە فریادڕەسم، متمانەم دەمەزەرد بووەوە بەرامبەر قەدەری ڕزگارکەری خۆم.

ڕووبارێکی تەواو نەبوو، گۆماوێکی گەورە بوو لە ناوەڕاستی بیابانەکەدا، نازانم چۆن و چی موعجیزەیەک دروستی کردبوو! لەوانەیە پاشماوەی دەریاچەیەک بێت، یان جاران باخ و کارێزێک بووبێت لەنێو دڵی بیابانەکەدا. گۆماوەکە هێندە پانوبەرین بوو کە بوو بە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان من و گەلەسەگی دەردەدار، بەوەش ماوەیەک لە ڕاکردن و ماندوبوون ڕزگار بووم.

لە تەنکاوەکەدا پاڵم دایەوە و پڕ بە سینەم هەناسەم هەڵمژی، بیرم لە ژیانی هەریەکێکمان دەکردەوە، لە کاتێکدا جەستەی شەکەت و ماندووم تامەزرۆی ماڵەباجینەی ژیان و هەڵپە بێکۆتاییەکانی بوو.

# دڵم نیوەکەی تری دەدۆزێتەوە
# لە دەریای خۆشەویستیدا چیم بەسەر هات؟

دیار بوو زۆر خەوتبووم، یان بێهۆش کەوتبووم، هیچم بیر ناکەوێتەوە جگە لە دیوەزمەیەکی ترسناک کە گەلەسەگە نەخۆشەکە هەر بەردەوامەوەیە، ئەو گەلەسەگەی کە جێیم هێشتن لەوبەری گۆماو یان دەریاچە، چوزانم هەر ناوێکی لێ دەنێن، مەبەستم جۆگەلە پانەکەیە. چاوم کردەوە خۆم لە تونی حەسیرێکدا بینییەوە، لە کەپرێکدا بووم کە لە قەد و گەڵای دارخورما دروست کرابوو. لە کوخی ڕاوچییەکان دەچوو کە جاران لەگەڵ مامۆستا دەچووینە ڕاووشکار و بەرچاوم دەکەوت، زۆر بیری ئەو کوخانە و گەشتەکانی ڕاوکردنم دەکرد، کە ئەو ڕۆژانەم بیر دەکەوتەوە برینم دەکولایەوە، چونکە دەمزانی مەحاڵە بۆ تەنها جارێکیش ئەوانە ببینمەوە.

کەپرەکە چۆڵ بوو. هەستامەوە و کەوتمە جووڵە و

چاودێریی ئەو ناوە تا بزانم چۆن گەیشتوومەتە ئێرە، چونکە تەنها ئەوەم لەیادە کە لە قوولاییی گۆمارەکەدا مەلەم دەکرد و هێندەی نەمابوو بخنکێم... پەلەقاژەم بوو... هێزم دەدایە بەر خۆم بۆ ئەوەی لانی کەم بکەمە تەنکاوەکە... دوای ئەوە کێشە نییە گەر بێهۆشیش بم. بیرکردنەوەکەم زۆری نەخایاند، تەماشام کرد لەنێو کەلەکەبەردەکانەوە سەری دەر کرد، دەتوت شاژنێکە و بەسەر شانۆی پێشبڕکێدا دەڕوات، دەیزانی جوولەیەکی جەستەی، هەر ئاوڕدانەوەیەکی سەرە بلندەکەی کە لە تاجی ئیمپراتۆر دەچێت، مایەی سەرنج و سەرسامییە.

وام هەست دەکرد هێشتا خەون دەبینم، بەلام لانی کەم دەمزانی کەوتوومەتە خەیاڵپلاوی و ئالوودەی بووم، تکام دەکرد درێژە نەکێشێت. لە ڕۆژانی ڕابردوودا کەمم بەسەر نەهاتبوو، بۆیە هیچم نەدەویست جگە بەردەوامیی چاودێریکردنی ئەو بوونەوەرە نازارەیەی کە بەنازەوە – بێگومان – بەرەو ڕووم دەهات.

کاتێک ڕیتا لە بەردەممدا وەستا – دواتر ناوی خۆی پێ وتم – نەمزانی چیم بەسەر هاتووە! بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا – واووو! – هەستێکی نامۆ داگیری کردم، دەتوت هەرچی لەم دنیایەدایە هەر نییە، یان هیچ مانایەکی نییە، هەموو خەمێکم ئەوە بوو سەرنج بخەمە سەر ڕیتا و نیگا تیرئاساکەی کە – جگە لە قاقای پێکەنینەکەی – دەتوت شنەبای ژیانەوەیە و لە ڕۆژێکی باراناویدا دەپرژێتە سەر ئەو بیابانەدا!

بەبێ هیچ کاردانەوەیەک مامەوە، تەنها لێی ڕامابووم، لە ڕوخسار و سەر و سیمای، چەناگە و دەم و ددانە ڕێکەکەی،

ناوقەد و بالابەرزەکەی ڕیتا لەو سەکانە نەبوو کە پێشتر ئاشنایان بووبووم، بەڵکو تەواو جیاواز بوو، پێستی نەرم دەتوت ئاوریشمە، هەر لە یەکەم نیگاوە ئامەزرۆ بووم دەستی پێدا بێنم و چێژ لە نەرمییەکەی وەر بگرم. بە یەک وشە، ناوی خۆی بە خۆیەوە بوو- ڕیتا!

سەرەنجام هاتە گۆ:

"ئایا تا سبەی وا دەمێنیتەوە؟ گەر دەتەوێت بەم حاڵەوە بمێنیتەوە، ئازادیت. بەڵام هەر هیچ نەبێت پێم بڵێ چی تۆی کەیاندە ئێرە؟ ئینجا من ئامادە نیم ڕۆژێکی تریش خزمەتت بکەم."

ئەمەی وت و بەدەم قاقای پێکەنینەوە دانیشت، گاڵتەی بە خۆم و گەوجیم دەهات، لیک بە دەمیدا هاتە خوارەوە و بە زمانێکی پەڵت چەند وشەیەکی هەڵیتوپڵیتی دەر بڕی.

دوای چەند سەعاتێک کە یەکترمان ناسی و کورتەی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆمم بۆی گێڕایەوە، پێی وتم کە دوای ئەوەی شار و هاوڕێکانی جێ هێشتووە، ئەم کەپرەی کردووەتە ماڵی تایبەتی خۆی، ئێستاش هەموو ڕۆژەکانی تاکوتەنیا بە گەڕان و ڕاوکردنەوە بەسەر دەبات، زۆریش دوور ناکەوێتەوە، لەگەڵ داهاتنی تاریکیدا دەگەڕێتەوە ناوی. دوێنێ بینیبووی لە تەنکاوەکەدا کەوتووم و زۆری نەماوە کێچ و زالوو زەفەر بە خوێنی جەستەم ببەن، بە پەلەپرووزێ پەلکێشی کردبووم تا لای کەپرەکە.

ڕیتا وتی، "زۆر ماندوو بووم هەتا گەیاندمیتە ئێرە، دیارە ئێسکەکانت وەک بەرد قورس و ڕەقن."

بۆم دەر کەوت کە ڕۆژێکی تەواو خەوتووم (پێم سەیر

بوو، چونکە دەمێک بوو دەرفەتی خەوێکی ئاوها درێژم نەبوو!). ئەویش بەردەوام بەدیارمەوە بووە، جەستەمی لە شوێنەواری پێوەدانی کێچ و مێشوولە تیمار کردووە و بە پەڕۆیەکی تەڕ لەشمی فێنک کردووەتەوە، هەروەها بە درێژاییی ئەمڕۆ خەریکی تیمارکردنی برینە کۆن و تازەکانم بووە.

من هێشتا شۆکی بینینی ڕیتا بەری نەدابووم، کەواتە چۆن بتوانم وەلامێکی ڕازیکەری بدەمەوە کە ئەو لە مەرگێکی ڕاستەقینە ڕزگاری کردووم؟ من تەرمێک بوومە و هێندەی نەماوە بۆگەن بکەم و ببمە خۆراکی گیانەوەرەکانی بیابان، دڕندە و کێچ و زالووەکان خوێنەکەم بمژن! ڕیتا لەو بوونەوەرانەیە کە بە خەندەیەکی تیرئاسا خۆشەویستیی خۆیت پێ دەبەخشێت، دوای ئەوەش هیچ بوارێک نامێنێتەوە بۆ پرسیار و کاتبەفیڕۆدان. لەو باوەڕەدام هەموو ئەو سەگانەی پێشتر بینیومن و ناسیومن، کەوتوونەتە داوی چاکە و عیشوەیەوە، گومانم نییە کە بۆ ساتێکیش بێت چەندان گەلەسەگ شەیدای بوون و نیگایان بڕیوەتە مرواریییە درەوشاوەکانی.

بە ئارەزووی خۆمان کەوتینە باسی هەموو شت. چێژمان لە دەمەتەقێ و وشە سۆزدارییەکان وەر دەگرت، کە لەوەوە فێریان بووم، خەیالم گێڕایەوە بۆ هەموو ئەو ڕستە و دێڕانەی کە جاران دەربارەی ئەوینداری خوێندبوومەوە و بیستبووم، هەموویم بیر هاتەوە و زۆریشم خستە سەر بۆ پیاهەڵدانی ڕیتا، ئەو ڕیتایەی لە چاوترووکانێکدا وام لێ هات کە لەم کەردوونەدا توانای بیرکردنەوە لە هیچ شتێکم نەبوو

جگە لە خۆی.

کاتێک بەسەرهاتی خۆم بۆی گێڕایەوە و پێم ڕاگەیاند کە لە دلداریدا کڵۆڵ و بێئەزموونم، ڕیتا تاکە وشەیەکیش لە زاری دەر نەچوو، مانگی ڕوخساریشی نەشێوا، بەڵکو چووە نێو بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە و پاشان لە شوێنی خۆی کشایەوە بۆ دواوە، هەتا لای سووچێکی کەپرەکە نەوەستایەوە.

تۆ هیچ دەربارەی من نازانی لیدەر... من نهێنی و مەینەتیم زۆرە!

+ کێشە نییە ڕیتا، من تەنها تۆم دەوێت و ئامادەم ژیان لەگەڵ تۆدا بەسەر بەرم، بە هەموو مەینەتی و نهێنییەکانەوە.

بەڕاستە لیدەر؟

+ ڕاستت پێ دەڵێم، زۆر دەمێکە هێندەی ئەم نزیکییەم لە تۆ، هەستم بە ئاسوودەیی نەکردووە.

منیش دەمەوێت هاودەمت بم لیدەر، ئامادەی هەموو شتێکم، بەڵام دەبێ پێش هەموو شت گوێ بگریت...!

بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە. دەیان جار فرۆشراوە و لە منداڵییەوە ئۆخەی نەکردووە. وەک کاڵایەک لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی تر، لە مەزرایەکەوە بۆ مەزرایەکی تر، لە هۆڵێکی ئەشتەرگەرییەوە بۆ دانەیەکی تر براوە. هەموو جارێک ناچارکراوە لەگەڵ جۆرەکانی تری سەگدا جووت بێت، کە بەچکەکانیشی بووە لە کۆرپەکانی دابڕێنراوە، دیسان ناچار بە جووتبوونی تر کراوە. چەندین جار ئەمەی پێ کراوە تا ئەو ڕادەیەی لەبیری چووە ئێستا چەند بێچووی سەرگەردانی هەیە لەنێو مەزرا و باخەکاندا. ڕۆژێک بە

خراپترین شێوە بەرەڵڵای دەکەن، دوای ئەوەی بۆیان دەر دەکەوێت کەڵکێکی ئەوتۆی نییە بۆ تاقیکردنەوەکانیان. تەنها وەک تاقیگە و سکێک بۆ وەچەخستنەوە سەیریان کردووە. چەندان هەفتە دەربەدەر و سەرگەردان دەبێت، نازانێت کام ڕێگە دەیگەیەنێتە شوێنێک کە هەم تیایدا بحەوێتەوە و هەم هاودەمێک بدۆزێتەوە. چەمووش و ڕووتوقوت دەکەوێتە سەر شەقام و زبڵدانەکان، دەبێتە دزێکی بێلانە. بێ ئەوەی تۆزێک بیر بکاتەوە، تەنها لەپێناو مانەوەدا خۆی دەکاتە هەموو مەزرا وماڵێکدا، کە دەرگای کراوە بێت. لەگەڵ ئەوەشدا گلەیی لە بەختی خۆی نەکردووە. لەگەڵ دەستپێکردنی بۆردومان و کاولکارییەکانی وڵاتدا چارەنووسی دەگۆڕێت، ئەمیش ناچار دەبێت لە شارەکە هەڵبێت و خۆی بگەیەنێتە دوورترین شوێن.

ڕیتا، بەرلەوەی بکاتە ئێرە کەوتووەتە بۆسەی گەلەسەگێکەوە، پەلاماریان داوە و هێندەیان لێداوە لە جووڵەیان خستووە. کە گوڕێکی بەبەردا هاتووەتەوە، ئیتر بڕیاری داوە دوورەپەرێز و دوور لە چاوان، بێبەلا و بەئاشتییانە لەم کوخەدا بژی و خۆی تەرخان بکات بۆ پێگەیاندنی کچ و کوڕەکانی "چونکە ئێستا ئاوسم لێدەر، بەڵام ئەم جارە کەس بێچووەکانم نارفێنێت."

ڕیتا... لەگەڵت دەبم و دەبمە باوکیان.

بەوپەڕی وریاییەوە ئەمەم وت. زەردەخەنەکەی هەر لە تەپڵی سەرمەوە تا ئەو پەڵە ڕەشانەی کە نینۆکی پەنجەکانی پێیان ڕەنگ کردووە، تەزووی بە لەشمدا هێنا!

# ڕێی بەختەوەریی دڵ، کورتترە لە یەک تیلەی چاو!

لە ژیانمدا هیچ کاتێک هێندەی ئەو مانگە بەختەوەر نەبووم کە لەگەڵ ڕیتا ژیام، تەنانەت ئەو ماوەیەش کە لەگەڵ مامۆستا بووم و پێکەوە سەردانی شوێنە ئاپدیارەکانمان دەکرد، یان کاتی خوێندنەوە و قسەوباسمان کە لە ماڵەکەی خۆمان لەکەنار ڕووباری دیجلە تا درەنگانێکی شەوی دەخایاند. لەگەڵ ئەوەشدا دانی پێدا دەنێم هەموو وشەی نێو کتێبەکانی جیهان ناگاتە ئاستی بەختەوەریی دیداری خۆشەویستێک. جا من لەبەر ئەوەی پێشتر هەستێکی لەو جۆرەم تاقی نەکردبووەوە، بۆیە خۆم دابووە دەستی ئەم ئەزموونە و هۆگربوون بە شۆخییەکەی ڕیتا. بەتەواوی مانای وشە هاودەمی و هۆگری ئەوینێک بووم کە هەرگیز پێشبینیم نەکردبوو.

وردەوردە بوومە بەرپرسی چوونەدەرەوەکانی ڕیتا.

بۆ وریایی و زانینی پەرەسەندنە تازەکان دەچوومە دەرەوە و ئەو ناوە دەگەڕام، بۆ ئەوەی بزانم چ بنیادەم و گیانەوەرێکی تازە پێی خستووەتە ئەو ناوە؟ تا بزانم هیچ دەرفەتێک هەیە بۆ پێکەوەژیان، یان لە کاتی پێویستدا دەتوانین هەڵبێین؟ هەروەها هەوڵدان بۆ خۆحەشاردان و شێواندنی ڕێگاکان بۆ ئەوەی کەس حەشارگەکەمان نەدۆزێتەوە، ئەمە جگە لە بەدەستهێنانی خۆراکی پێویست بۆ مانەوەمان. ئەگەر خۆیشم بەو تۆزە سەوزە و گیا و درەختە کێوییانەی بەردەستمان ڕازی بوومایە، ئەرکی سەرشانم بوو وەک ڕاوچییەکەی جاران کەڵبەم تیژ بکەمەوە و بچمە دەرەوە بۆ پێچانەوەی هەرچی باڵندە و گیانەوەرێکی کێوییە لەپێناو تێرکردنی ڕیتا و کۆرپەکانی ناو سکیدا.

ڕۆژان بێسەرئێشە تێدەپەڕین، بەختەوەریم لەگەڵ ڕیتا بێسنوور بوو، لەدوای ڕۆژانی لەدەست چوو، بۆ یەکەم جار بە هیوای بەیانییەکی باشتر بووم.

لە ڕیتا ورد دەبوومەوە، لێبڕاوانە ئەو بارە قورسەی ناو سکی هەڵگرتبوو، بێ ئەوەی پشتگوێم بخات، نە ئاوسانی سکی و نە ماندوبوونەکەی لە شۆخی و جوانییەکەیان کەم نەکردبووەوە. شەوان دەردەدڵم بۆی دەکرد و شیعری تازەم بۆی دەنووسی دەربارەی عەشقی هەمیشەیی و بەیەکگەیشتنی دوو ڕۆح، دەربارەی لەتبوونی دڵی ئازیز لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە تا ئەو ڕۆژەی نیوەکەی تری دڵی خۆشەویستەکەی دەدۆزێتەوە. هەروەها ئەو چیرۆکانەم بۆی دەگێڕایەوە کە پێشتر خوێندبوومەوە، باسی هەندێک وڵاتم بۆی دەکرد کە ناویانی نەبیستبوو، باسی کتێب و مێژووم

بۆی دەکرد کە بواری خوێندنەوە و بیستنیانی نەبووە. هەرچەندە شەکەت و پێویستی بە خەوتن و پشوودان بوو، بەلام لە هەموو گیاندارانی تر پەرۆشتر بوو، تامەزرۆی هەواڵ و چیرۆکی تازە بوو، منیش دریغیم نەدەکرد، هەرچیم خوێندبووەوە و بیستبووم... هەرچیم لە مامۆستاوە وەر گرتبوو، هەموویم پێ دەوت.

ڕۆژی ترەکینی نزیک بووەوە، دانی بە خۆیدا گرتبوو، بە جۆرێک بەرگەی گرت کە تا دەهات زیاتر سەرسامی دەبووم. هانی دەدام لە کەپرەکە بچمە دەرەوە و وەک زیندانییەک لەتەکیەوە دانەنیشم. دڵنیای دەکردمەوە کە ئەو ماوەیەکی زۆر بەتەنیا ژیاوە، بۆیە لە کاتی چوونەدەرەوەی من بۆ دەستکەوتنی نێچیرێک یان بۆ پشکنینی ناوچەکە، دەتوانێت ئاگای لە خۆی بێت.

من دڵنیا بووم کە توانای هەیە بەرگری لە خۆی بکات، چونکە هەر ئەو بوو ڕزگاری کردم و لە چنگی مەرگێکی ڕاستەقینە دەری کردم و چاوی لێم بوو، نەک بە پێچەوانەوە. بۆیە هەموو بەیانییەک دەچوومە دەرەوە، لێرەولەوێ بەدوای نێچیردا ڕام دەکرد، یان بەدوای بەروبوومی ژێرزەوی و بەری پێگەییوی دارەکان دەگەڕام کە وزەی پێویستم بدەنێ بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکانم.

ئەو ڕۆژە دوو کۆترم ڕاو کرد، کە لەنزیک گۆماوەکە نیشتبوونەوە بۆ ئاوخواردنەوە، گەڕامەوە بۆ کەپرەکە. گوێم بە تینوێتیی کۆترەکان و ئەو ڕێگا دوورە نەدا کە بە ئاسمانی بیاباندا بڕیبوویان تا بگەنە ئاوێک بۆ شکاندنی تینوێتییان! تەنها بیرم لە ڕێقا دەکردەوە کە چ خۆراکێکی پێویستە تا

بەرگەی ئەو حاڵەی بگرێت. کە لە کوخەکە نزیک بوومەوە مەستێکی نامۆ دای گرتم، بۆنکردنم لەدەست دابوو تا بگەمەوە ماڵ، ماڵە هاوبەشەکەی خۆم و خۆشەویستەکەم، ئەو ماڵەی کە ڕێگاکەی شارەزام و بەبێ ماندووبوون ئاشنای بووم. ئەو جارەیان هەوای شوێنەکە ئازارێکی بیر خستمەوە کە پێشتر وام دەزانی بۆ هەمیشە لە کۆڵم بووەتەوە. هەستم کرد هەوایەکی قورس گرتمی، بۆنی پێستی ڕیتا و هەناسەکەیم جیا نەکردەوە کە بەردەوام دەوروبەری کەپرەکەمانی پڕ دەکرد.

بەرلەوەی بگەمە کەپرەکە، هەستم کرد خراپەیەک ڕووی داوە. شوێنەکە پڕ بوو لە شوێنپێ، شوێنپێی چڕ و شلەژاو، کە بەلێشاو هاتوون و گەڕاونەتەوە. بینیم کەپرەکە سەراوژێر کراوە، وەک ئەوەی شوێنەکە شەڕێکی وێرانکەری تێدا ڕووی دابێت، کە بەئاسانی کۆتایی نەهاتووە، مەگەر دوای پێکهەڵپژانێکی سەخت و درێژ! لە گۆشەیەکی کەپرەکەوە لاشەی سەگێکی چڵکنم بینی، کە شوێنەواری قەپاڵ و لێدانی پێوە بوو، لە ڕوخساری ورد بوومەوە و ناسیمەوە، یەکێک بوو لەو سەگە هارانەی کە مانگێک لەوەوبەر تا نزیک گرماوەکە دوام کەوتن.

ڕیتام نەدۆزییەوە. تەماشای زەوییەکەم کرد چەند پەڵە خوێنێکی وشکەوەبووم بینی، بۆنم کرد و ناسیمەوە، خوێنی ڕیتا بوو. خەمبار و شلەژابووم، توانای هیچ شتێکم نەبوو، لۆمەی خۆمم دەکرد، دەترسام شتێکی خراپ بەسەر خۆشەویستەکەم هاتبێت، ئەوەش لە پەلوپۆی خستم. بەرگەی لەدەستدانی ئازیزێکی تر ناگرم، ئیتر ژیان چ سوودێکی

دەبێت؟

بۆنی تەواوی شوێنەکەم کرد، بۆم دەر کەوت کە ڕیتایان بۆ کوێ بردووە، لە پەرۆشی و دڵتەنگیمەوە بەلەسە بووم و دوای شوێنپێکان کەوتم بەرەو حەشارگەی ڕفێنەرەکان. بۆنەکە تاوەکو لای باکووری گۆماوەکە بردمی. لەو قوڵەوە خۆم هەڵدایە نێو قوڕاوەکە و تا ئەوبەر ڕۆیشتم، ئەو شوێنەی کە جاری پێشوو سەگە هارەکان بەدوامەوە بوون و لێی پەڕیمەوە. بەرامە و شوێنپێکان پەلکێشی هەمان شوێنیان کردمەوە کە سەگە چاوبزو گوێ شۆڕەکان کەمارۆیان دابووم.

لەتەک کۆتەلە دارێکی وشکەوە ڕیتام دۆزییەوە.

پەتێک خرابووە ملی خۆشەویستەکەم و بە چلەدارێکی وشکەوە هەڵواسرابوو، سکی هەڵدڕابوو، باڵندەی گۆشتخۆر سەریان تێ کردبوو. تاکوتەنها هەڵواسرابوو، دەتوت قوربانییەکە و نەزری خواوەندێکی دڵڕەق کراوە. تەنانەت لەو مەینەتی و مەرگە قێزەونەشدا ڕیتا ڕوخسار و نیگا شیرینەکەی لەدەست نەدابوو. نەمزانی دەبێ چی بکەم. کەوتمە سەر زەوی و باوەشم بە قاچە خوێناوییەکانیدا کرد و دەستم کرد بە گریان. فرمێسکم چۆڕاوگەی بەست، گریام، شیوەنم کرد بۆ ڕیتا و دایک و باوکم، بۆ مامۆستاکەم، بۆ ساتێکیش ئازارەکەم دانەمرکایەوە، ئەم بەدبەختییە شوێن بە شوێن لێم نابێتەوە، هێشتا تێر نەبووە لە دوورینەوەی ئازیزەکانم.

پاش کەمێک کە تیشکی خۆرەتاو داخی کردم، گورم دایە بەر خۆم تا پەتی خنکاندنەکەی ڕیتا لە چلە دارەکە

بکەمەوە و دای بگرمە سەر زەوی. ڕیخۆڵەکانیم کۆ کردەوە و خستمەوە نێو سکی هەڵدڕاوی. لەتەکیەوە دانیشتم و چاوم بڕییە ڕوخساری، هەمرو ئەو وشە ناسکانەم بە گوێیدا چپاند کە جاران بەدڵی بوون و هەمیشە داوای دەکرد دووبارەیان بکەمەوە. خۆزگەم دەخواست گوێی لێم بووایە تا داوای لێخۆشبوونی لێ بکەم، چونکە نەمتوانی بیپارێزم کە تەنیا و بێپشتیوان تاڵاوی مەرگێکی دژواری چەشتووە.

لاشەکەیم تا نزیکترین خاڵی کۆماوەکە هەڵگرت، لە سێبەرێکی نزیک تەنکاوەکەدا چاڵێکی قووڵم هەڵکەند، کە ڕۆژگارێک ڕەگی دارەکان لەو شوێنەدا دەیان مەتر ڕۆچوونەتە ژێر زەوییەوە. ویستم ڕیشەی دارەکان لەوێدا بیگرنە ئامێز، چونکە ڕیشەی سەگ و مرۆڤەکان بۆ تەنها جارێکیش دەرفەتیان نەدا بە جۆرێک بژی کە بە چاوە هەنگوینییەکانی لە بێچووەکانی بڕوانێت، دوور لە هەواڵی ناخۆش و ڕووی ڕەشی سیخوڕەکانی سەری. کاتێک بە خۆڵ دام پۆشی، چاڵەکەم پاراو کرد و جێم هێشت. نازانم ژیان کەی بەزەیی پێمدا دێتەوە و بەبێ مەرگ و لەدەستدانی ئازیزەکانم وازم لێدێنێ. باشە لەسەرمە ڕابێم لەگەڵ بەخاکسپاردنی هەموو خۆشەویستانم؟ ئاخر چۆن ڕۆحم بەرگەی ئەم دابڕان و ئازارە کوشندانە بگرێت؟

هەرگیز گۆڕەکەی ڕێتام جێ نەدەهێشت گەر بەڵێنم نەدایە بۆ تەمێکردنی ڕفێنەر و بکوژەکانی.

پەتی سێدارەکەیم وەک یادگارییەک هەڵگرت، بۆ ئەوەی بەزەییم بە جەللادەکانیدا نەیەتەوە و کارە قێزەونەکەیان لەبیر نەکەم.

زۆر دوا نەکەوتم لە دۆزینەوەی گەلەسەگە تاوانکارەکە. بەو حاڵەوە چاوەڕێم بوون و زۆر ماندوویان نەکردم بە گەڕان و دۆزینەوەی حەشارگەکەیان. هەمان گەلەسەگ بوو کە کاتی خۆی ڕاویان نام، بەڵام لە پێنجەوە کەم بووبونەوە بۆ سێ سەگ، لەگەڵ لاشەی سەگێکی گەڕ کە دیار بوو ڕێتا توپاندبووی، سەگەکەی تریشیان دیار بوو بە هۆی شەڕ یان خنکان یان گەرمای خۆرەوە توپیبوو. ڕووبەڕووی هەمان نیگاکانی جاران بوومەوە، چاوی سوور و زمانی لیکاوی و نیگای برسی، قاچەکانیان بەحاڵ بەرگەی گیانی دەردەدار و شەکەتیانی دەگرت. شڵەژاو و ترساو بووم، پلانێکم نەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەیان. دنیایەک کینەم لە دڵدا بوو بەرامبەریان، چونکە تاکە سەگی خۆشەویستی ژیانمیان کوشتبوو، ژیانێک کە تیایدا بێئومێد بووم لە هەموو شتێکی پرشنگدار.

بەرامبەریان وەستام. چاوم بڕییە چاوە سوورەکانیان کە دەتوت پشکۆی گەشاوەیە، بەبێ ئەوەی ماسولکەیەکیش بجووڵێنن بۆ پەلاماردانم. بە ڕاست و چەپدا دەستم کرد بە هەڵبەزودابەز، بۆ ئەوەی تووڕەیان بکەم و بە ڕوومدا بتەقنەوە. پلانەکەم سەری گرت و بینیم دوام کەوتن، بە شێوەیەکی کوێرانە دەستم کرد بە بازەڵدان، تاکە مەرامم ئەوە بوو تا نزیکترین خاڵی گۆمە مەنگەکە پەلکێشیان بکەم.

کە هەرسێ سەگەکە دەوریان لێدام و خەریک بوو کەڵبەیان لە جەستەم گیر بکەن، بە بەرچاوی دەرپۆقیویانەوە خۆم هەڵدا و چوومە سەر دیواری ڕزیوی کەلاوەیەک، بەرلەوەی دەرفەتیان بدەمێ بیر لەو هەڵچوونەم بکەنەوە، من خۆم گەیاندبووە پشتەوەیان. لە چاوتروکانێدا دەستم

کردەوە و پەتەکەم هەڵدایە بەرپێیان، پاشان خۆم هەڵدایە ئەوبەرەوە، خۆم دا بە زەویدا و پەتەکەشم بەدەم ڕاکێشا، سێ جار بەدەوریاندا خولامەوە و پەتەکەم بەتوندی ڕاکێشا، بەو شێوەیە وەک سێ باڵندەی ڕاوکراو هەرسێکیانم پەت کرد. هەمان بیرۆکەی جارانی ڕاوە سوێسکم بەکار هێنا کە لە مامۆستاوە فێر بووم.

ڕام کرد و پەتەکە هەر بەدەممەوە بوو، بە هەموو هێزمەوە سەگەکانم بەدوای خۆمدا ڕادەکێشا. ڕۆژانێک بوو دڵنیا بووم کە گورێکی ئەوتۆم نەماوە بۆ پێکهەڵپڕژان، بەڵام بارودۆخ هەمیشە خواست و پێویستی دروست دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ڕق و تووڕەیییەکەی ناخم وای کرد بکۆڕانی ڕێتا ئاوها پەت بکەم. ملی ڕێم گرت تا گەیشتمە لای گۆماوەکە. بێزار نەبووم لە ڕاکێشانی سەگەکان کە پەلەقاژەی زۆریان کرد بۆ دەربازبوون، چنگیان لە زەوی و هەر تاشە بەردێک گیر دەکرد کە لەو بیابانەدا دەهاتە بەردەمیان. هیچ بوارێکم نەدان بۆ هەناسەدان و هەڵاتن.

پێش ئەوان خۆم خستە ئاوەکەوە و قاچەکانم خستە جووڵە، بە ددانیشم پەتەکەم ڕادەکێشا کە لە قاچی سەگەکانم ئاڵاندبوو. تەماشای دواوەم نەدەکرد، بە هۆی قورساییی پەتەکەوە دەمزانی لەدەستم دەر نەچوون و لەو ئاوە ڕزگاریان نەبووە. لەنێو ئاوەکەدا بە شێوەیەکی بازنەیی پەتەکەم ڕاکێشا، لە قووڵاییەوە بۆ قووڵتر، پاشان دەگەڕامەوە سەر ڕووی ئاوەکە بۆ ئەوەی هەناسەیەک بدەم. تا دەهات نووزە و وەڕینی سەگەکان نزمتر دەبووەوە، دواجار هەستم کرد جووڵەیان، دەنگیان نەما و لێ براو، ئاوسان و ڕۆحیان لەبەر برا.

سەرەنجام گەڕامەوە و شەکەت و ماندوو لە تەنکاوەکەدا کەوتم، پەتەکەش لەنێو ددانەکانمدا شل بوو. لەوێوە چاوم بڕییە پەتەکە، وردەوردە بەدوای لاشە بۆگەنەکاندا ڕۆ چووە قووڵایی گۆماوەکەوە. گریگۆرییەی پەتەکە قاچی سڕبوویانی زیاتر شەتەک دەدا، ئیتر بوون بە بەشێک لە زەمینی ژێر ئاوە مەنگەکە.

هەر خۆم بووم لە تەنکاوەکەدا، سروەی هیچ نەدەهات لە خۆم ڕامام، بە هۆی شکانی ددانەکانمەوە دەمم خوێناوی بووبوو. تا ئەو ساتەش نووزە و هاواری سەگە هارەکان لە گوێچکەمدا دەزرینگایەوە کە تا دواهەناسەیان پەلەقاژەیان بوو، پێش ئەوەی تووناوتوون بن.

# ڕێکردن تا کەناری مەرگ، بەرەو دۆزەخی ڕاستەقینە

هیچ چرکەساتێکی دژوارم نەدیبوو وەک ئەوەی دوێنێ بەسەرم هات. لە ماوەی سەعاتێکدا ئازیزترین و خۆشەویستترین و نزیکترین هاوەڵم لەدەست چوو، سەگێک بوو کە فریام کەوت و سۆز و خۆشەویستیی خۆی پێ بەخشیم... بە یەک جار سێ سەگم کوشت، بێ ئەوەی تۆزقاڵێک ویژدانم بجووڵێت... چ نەفرەتییەکە، هیچکام لە ئێمە لەوە دوورنییە کە بەبێ بیرکردنەوە ببێتە دڕندە! کینە و تووڕەیی، تاکە بزوێنەری ئەو جیهانەن کە تێیدا دەژین.. ئەوە چ ژیانێکە! دۆزەخە دۆزەخ، نە بەزەییی تێدایە و نە جێگای خۆشەویستیی تێدا دەبێتەوە، دۆزەخێکە بۆ خۆی... ئەو دۆزەخە خۆمانین، خۆمان دۆزەخین... خۆمان دروستکەر و خۆمان جەللاد و هەر خۆیشمان قوربانیین!

نەمتوانی بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە، هێشتا بڕیاری

هیچ شتێکم نەدابوو، هیچ شتێک ئەوەی لە مێشکم ڕەش نەکردەوە کە بیبینم و گریاندمی. هەموو ئامانجەکەم ئەوە بوو هەڵبێم و هیچی تر. بەردەمم ناڕوشن بوو، بیابانێکی بەرینی بێکۆتایی، بیابانی ڕۆح لە بەردەم بیابانێکی ستەمکاردا کە هیچی لە هەگبەدا نییە جگە لە بۆنی مەرگی داهاتوو، بۆنێک کە بەڕاستی نامەزۆرم بۆی، حەزم لێیەتی و بە جەستەیەکی شەکەتەوە بانگی دەکەم، تیشکی کوشندەی خۆر بێت یان چەپۆکی لەتکەری هەر دڕندەیەک... هیچ شتێک لام گرنگ نەبوو، نە چاوەڕێی هەواڵێک بووم و نە یادەوەرییەکی خۆش کە دڵم فێنک بکاتەوە و مژدەی ئەوەم بداتێ کە ڕۆژێکی باشتر لە ڕابردووم لەپێشە... هەرچیم بینی هیچی بیر نەخستمەوە جگە لە وێرانکاری و لەدەستدان و کاولکاری.

ئەو ڕۆژانە بیابانم تەی کرد بەبێ ترووسکاییی گەیشتن بە شوێنێک، چەندان باهۆزم بینی کە لە زەوی هەڵی دەگرتم و لە شوێنێکی دوور بەری دەدامەوە. وەک کاغەزێکی وشک، یان پەڕێکی سووک، خۆم دەسپاردە شەپۆلی خۆڵبارین تا لەگەڵ خۆیدا بەبێ گەڕانەوە بمبات. بەڵام هەمیشە بێهیوای دەکردم و بە جەستەی خوڵاوی و چاوی ئاوساوەوە لە شوێنێکی تر فڕێی دەدامەوە. هیچ ئومێدێکم بە سرووشت نەمابوو، نە بە خۆرەکەی، نە بە تۆزە گژوگیاکەی، نە بە لم و سەرابەکەی، نە سەرماکەی... هیچکام لەوانە یارمەتییان نەدام بچمە نێو دۆزەخ و پشوویەک بەو سەرە پڕ ئازارەم بدەم، وەک چۆن هەموو سوارچاکانی جیهان دوای سەرکێشییەکانیان پەنا بۆ پشوویەکی هەتاهەتایی دەبەن... بەڵام لەو بیابانە قاقڕەدا کێ هیوای بە بارانە جگە لە شکستەیەکی بێئاگا لە هەموو شت،

کتومت وەک من!

بەردەوام بووم و ملی ڕێم گرتبوو، بە ڕۆژ قرچەی خۆر دەیسووتاندم و دەیکردمە خەڵوزێکی ڕەش، سەرمای شەویش کە شەقەی لە ددان هەڵدەستان، دەیکردمە پارچەیەک شەختە! لەو سەروبەندەدا تەماشای کۆرەوی دیکەم دەکرد، لامەوە تێدەپەڕین یان بەرەو ڕووم دەهاتن، تاقمی یەک لەدوای یەک. هەموومان شەکەت و برسی، کەس ئاوڕ لە کەس ناداتەوە، تەنها نیگایەک بۆ یەکتر دەکەین، جموجوڵ و کاردانەوەمان نییە! دەمبینی مرۆڤەکان بە کۆڵەپشتەکانیانەوە دەیانویست بگەنە ئامانج (بەلام کوا ئامانج؟). سەگی بەرەڵڵا، شەل، تەنیا و دووان و سیان... لە ڕوخساری هەموویاندا بێئومێدی و ڕەشبینیم بەدی دەکرد، بێگومان ڕوخساری منیش لە چاوی ئەوانەوە هەمان نیشانەی تێدا بوو.

کەسمان خۆمان بە پرسیار و چەنەبازی ماندوو نەدەکرد. هەموو لە خەمی ئەوەدا بوون کەمێک وزە پاشەکەوت بکەن بۆ بەرگەگرتنی بیابان، بەو هیوایەی بگەنە شوێنێکی ئارام، لە پێشەوە بێت یان دواوە، باشترە لەم خاکە وشکەی کە نە سەوزاییەکی تێدایە، نە ئاو، نە سێبەرێک، نە بەزەیی!

بە پێچەوانەی زۆربەیانەوە هەر بەرەو پێشەوە ڕۆیشتم، بەبێ ئاوڕدانەوە. زۆر کۆمەڵە مرۆڤ و گەلەسەگ و گیانداری جۆراوجۆرم بینی کە بۆ شارە نزیکەکان گەڕانە دواوە، بەلام من بڕیارم دابوو هەڵبێم و لەو شارانە و تەنانەت لەو وڵاتەش دوور بکەومەوە، هەرگیز بیرم لە گەڕانەوە نەدەکردەوە، هەموو ڕۆژێک هەنگاوەکانم زیاتر بەرەو دۆزەخ پەلکێشیان دەکردم، بەدوای مەرگی یەکجارەکی یان وەستانی

کۆتاییدا دەگەڕام، هیچ جیاوازییەکی نییە، تەنها دەمویست پشوو بدەم، لەوە زیاتر چی؟

ڕێم دەکرد، هەستم کرد بە هۆی گەرمای خۆرەوە مێشکم کەوتووەتە کوڵان. بە ڕاست و چەپدا دەمڕوانی، تەنها خۆم بووم. پێش زیاتر لە سەعاتێک دوایین بنیادەم لە چاوم ون بوو، من ئێستا بێهاوەڵ و سەرگەردانم، قاچەکانم بەدوای خۆمدا ڕادەکێشم. سەرم هەڵبڕی و ڕوانیمە ئاسۆ، بەو هیوایەی کەلاوەیەک، پەرژینێک، سێبەرێک یان سەرابێک ببینم... هیچم بەرچاو نەکەوت، خەریک بوو دەکەوتم. قاچەکانم بە جۆرێک چەمانەوە کە دەتوت شکاون، بەربوومەوە سەر زەوییەکە، لووتم چەقی بە خۆڵەکەدا. هەناسەم پڕ بوو لە بۆنوبەرامەی لمەکەی. هەرچۆنێک بوو چاوم کردەوە تا سەرابی دواهەناسەی خۆم ببینم، سەرابی ژیانم، سەرابێکی پڕ و ڕەنگین بە هەموو ئەو بوونەوەرانەی خۆشم ویستن و ئێستاش وا دەزانم هان لەتەکمەوە، دوای ئەوەی کە ئەم جارەیان دڵنیا بووم لە مەرگی خۆم! بەو حاڵەوە باش گوێم لە شتەکانی دەوروبەرم نەبوو، هەستم کرد یەکێک لە دواوە بە پشتمدا دەکێشێت، دواهەمین ماسولکەی زیندووی جەستەمی وریا کردەوە.

هێی... بجووڵێ... پێم بڵێ تۆ کێیت و لێرە چی دەکەیت؟ گەر نا چارەنووست مەرگ دەبێت!

سەروبیچمی قسەکەرەکەم نەناسییەوە، بە هەموو تواناوە هەوڵم دا دەم بکەمەوە، نەمتوانی. دەمم وشک و پڕ بوو لە لم، زیاتر لەوەی توانای وەڕین و قسەکردنم هەبێت.

ئەری سەگە گوێت لێ نییە؟ وەڵام بدەرەوە، گەر نا....

دیسان پێیدا کێشامەوە.

هێزی تەواوم دایە بەر خۆم پێش ئەوەی ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆم ببمەوە و تیشکی چاوەکانم خامۆش بێت و هەموو دەنگ و شتەکانی دەوروبەرم لێ ون بێت، بە دەنگێکی نووساوەوە وتم،

+ لیدەر... ناوم لیدەرە.

لەو کاتەدا گوێم لێ بوو یەکێکی تر وتی، ئەمەریکییە... سیخورە...!

هەستم کرد زیاد لە کەسێک بەدیارمەوەیە بۆ لەتکردن و هاریم، دواجار خۆم دا بەدەستەوە و هەناسەیەکی ڕەحەتم هەلمژی، "دواجار ئەوەتانی... مەرگ!"

هێندەم لە خەیالە کە دەرگاوانەکانی دۆزەخ پەلکێشیان کردم، پێکەوە ڕۆ چووینە قوولاییی مەرگەوە.

# چۆن کەوتمە بۆسەی چەتەکانەوە و "ژەنەراڵ"م بینی!

خۆم بە مەرگی یەکجاری سپاردبوو کە دەمزانی زۆر نزیکە و ئەمە هەناسەی کۆتاییمە و لە ماوەی چەند چرکەیەکدا تروووسکایی لە چاوەکانم دەبڕێت. جەستەم وەک شەقشەقە لەنێوان کەلبە تیژەکاندا دەلەرزی، کە هەستم دەکرد دەچەقنە سەرتاپای گیانمەوە. سەرەتا هەستم کرد کوشندە و سەخت و بەئازارە، پاش کەمێک دەرزیی ئاژن بووم، ئیتر جێی کەلبەکانیان وەک پێوەدانێکی ئاساییی لێ هات، هەستم بە هیچ نەدەکرد جگە لە تەڕبوونی شوێنێکی تری جەستەم.

ئەم جارەش خەملاندنەکەم کورتی هێنا.

لە کاتێکدا وەک تۆپێک کەوتبوومە بەرپێی سەگە هارەکان و جنێویان پێ دەدام و بە سیخوڕ تۆمەتباریان دەکردم، بستێکی جەستەم لە ئەشکەنجەیان قوتاری نەبوو. هەستم کرد یەکێکیان بە شەقێکی توند لە بەردەم چەپۆکی ئەوانی

تر دووری خستمەوە، کە تا ئەو ساتە بەردەوام بوون لە تێهەڵدان و پێوەدانم. جەستەم بە هەموو قورساییی خۆیەوە کەوتە سەر زەوی و تەپوتۆزێکی گەورەی لە دەوری خۆی دروست کرد، گوێم لێ بوو بە قێزەونترین شێوە سەرزەنشتی سەگەکانی دەکرد و هەر جارەی یەکێکیانی ڕسوا دەکرد. سەگەکان باوەڕیان بەو دیمەنە نەدەکرد، نەیان دەزانی بۆچی ژەنەراڵ وا گڕی گرتووە؟ پاشان داوای لێخۆشبوونیان لێی کرد، چونکە تێنەگەیشتن بۆچی سەرسەختانە بەرگری لە سەگێکی بەرەڵلا "سەرباری ئەوەش، سیخوڕ" دەکات؟

گوێم لێ بوو ناڵە و پاڕانەوەی سەگەکان زیادی کرد و لە وەڕین کەوتن، وەک بڵێی چاوەڕێی شتێک بن. بۆ یەکەم جار گوێم لە دەنگی ئەوە بوو کە پێیان دەوت ژەنەراڵ، ئەویش تەنها ڕستەیەکی وت:

بیهێننە بەردەستم!

پاشان بەمتمانەوە چەند هەنگاوێک لە جێی خۆی جووڵا، گەر تەختی زەوی نەبوومایە هەستم بە شەلینی قاچی چەپی نەدەکرد.

بێبەزەییانە کەوتنە ڕاکێشانم بەنێو خۆڵەکەدا، بەڵام نەیانوێرا تێم هەڵدەن یان دەست بخەنە بینم وەک شێوازێکی ئاسانتر بۆ گواستنەوەم. هەستم کرد هەم تووڕەن و هەم حەپەساو، بەڵام جگە لە تووڕەییەکی ترسنۆکانە و دانەجیڕی و زماندەرکردن، هیچ کاردانەوەیەکی توندیان نەبوو، ملکەچی داواکەی ژەنەراڵ بوون، کە دیار بوو تاکە بڕیاردەر و فەرماندەیان بوو.

گەیشتینە لای کولبەیەک کە لە خشتی قوڕین و چینکۆ

دروست کرابوو، پەنەسپایی خستمیانە بەردەم ژەنەراڵ و ئەویش ئاماژەی بۆ کردن تا بکشێنەوە.

تەواو نەکشانەوە، کەمێک لێمان دوور کەوتنەوە. لە هەموو لایەکەوە دەورەیان دابووین، بەدزییەوە گوێیان بۆ قسەکانمان شل کردبوو. سەگی زەبەلاحم تیایاندا بینی، بە هۆی شەڕ یان تیشکی خۆر و ڕەشەبای بیابانەوە گەڕ بووبوون، بەلام سەگی چاپوک و دەمهار بوون و تەنها بە نیگا و فەرمانی ژەنەراڵ بێدەنگ دەبوون. ژەنەراڵ زۆر لە شوێنەکەی خۆی نەمایەوە، دوای ئەوەی سەگەکان جێیان هێشتم و شەکەت و بێدەسەلات توانای هەلسانەوە و بەرگری و بەرەنگاریم نەبوو، ژەنەراڵ لێم نزیک بووەوە. پێچەوانەی ئەوەی پێشبینیم دەکرد، لەتەکمەوە وەستا و ماوەیەکی زۆر لێگەڕا لە ڕواڵەتی ورد ببمەوە. سام و شکۆی هەبوو، سمێلی پڕ و کەللەی زل، جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەل ئەو سەگانەی کە گوێڕایەلی بوون، ئەوەندە نەبێت کە متمانەی هەبوو، قسەی ئەو ڕەتکرنەوەی نییە. هەرچەندە ماندوو بووم و چاوەکانم داخرابوون، دەموچاوی نامۆ نەبوو لە بەرچاوم، بەتایبەت کە لە چاوەکانی ورد بوومەوە، دڵنیا بووم کە هاوشێوەی دەستوپێوەندەکەی مامەلەی توندم لەگەلدا ناکات، لە نیگایدا بزەیەکی دڵنیاکەرەوە و ئاماژەیەکی ڕۆشنی ڕزگاربوونم بینی.

سەرەنجام لێی پرسیم،

ناوت لیدەرە؟

+ بەلێ ئەوە ناوەکەمە، بەلام نە سیخوڕم نە ئەمەریکی.

ئەوە دەزانم، بەلام ئەوەش دەزانم کە لەم ولاتەدا تەنها

یەک سەگی تر هەیە بە ناوی لیدەر.

+ لەوانەیە وا بێت... ئەوەش منم... بەلام بۆچی وا دەڵێیت؟

چونکە ئەو لیدەر ناوە باش دەناسم، تۆش گەر ئەو بێت دەبێ بمناسیتەوە.

وەلامەکەی بێدەنگی کردم، یادەوەریم سەراوژێر کرد بەلکو ڕووداوێک یان زانیارییەکم بیر بخاتەوە. گەر نرووسکاییەکی کەمیش بێت، بۆ ناسینەوەی ئەمەی بەردەمم ژەنەڕال، کە دەمناسێت، یان دەیەوێت بمخاتە داوی خۆیەوە.

سەرەنجام وتم،

+ داوای لێبوردنت لێ دەکەم... ئـ... ئـ... ئەی ژەنەڕال... ڕۆژ بە ڕۆژ یادەوەریم لاوازتر دەبێت.

یادەوەریت چالاک دەکەمەوە.

ژەنەڕال ئەمەی وت، هەستایەوە و بەژنوبالای کەلەگەتی خۆی لە بەردەممدا نمایش کرد، خۆر جەستەی سووتاندبوو، هیچ عەیبێکی تێدا نەبوو جگە لە شەلینی قاچی چەپی، کە ئەویش بەئاسانی هەستی پێ نەدەکرا. بە بەردەممدا هات و ڕۆیشت، دەمی شۆڕ کردەوە بۆ لای گوێچکەم، تەلیسمێکی بیرم خستەوە کە بە منداڵی دەموتەوە و تەنها یەک سەگ ئەمەی دەزانی، ئەو دەمانەی لە شوێنێکدا بانگی یەکترمان دەکرد کە زۆر ئازیز بوو لە دڵماندا، بەلام ئێستا دوورە لێمانەوە... "ئاااهـ... مەحاڵە... باوەڕ بەوە ناکەم کە دەیبینم!"

ژەنەڕال پێکەنی و سمێلی لا برد، لە ژێرەوە ڕوخساری براکەمم بینییەوە کە دەمێک بوو ونم کردبوو.

بەر هەموو ئازار و برینەوە لە خۆشیاندا کەوتمە خۆشی و کلکەلەقێ لە پشتیەوە، لێی ورد بوومەوە: براکەم چەند

گوڕاوە! ئەو هیچ کاردانەوەیەکی گەرمی نەبوو، هەموو ساتێک ڕوویەکی گرژی نیشان دەدا، تێگەیشتم کە لە بەردەم گەلەسەگێکی چاوبزدا کە لەتەکمانەوە وەستاون و چاودێریمان دەکەن، ناتوانێت لێم نزیک بێتەوە و سۆزی خۆیم بۆ دەر ببڕێت.

دوای ئەوە بۆ چرکەیەکیش بێدەنگ نەبوو. فەرمانی بە سەگەکانی تر کرد یارمەتیم بدەن تا بێمەوە سەرخۆم. دوای ئەوەی خاوێنیان کردمەوە و بەگوێرەی توانا ئەو برینانەمیان چارەسەر کرد کە خۆیان خستبوویانە گیانمەوە، کەمێک هەستم بە ئاسوودەیی و ئارامی کرد. براکەم بانگی کردمە دەرەوەی گەلەسەگەکە، "لەگەڵم وەرە، با دووبەدوو بچینە شوێنێک!" ئینجا گەلەسەگە چاوبزەکەی جێ هێشت و فەرمانی کرد لە جێی خۆیان نەجوولێن.

لە شوێنێکی دوور لە وەڕین و چاوی سەگەکان، گوێی لە هەموو بەسەرهاتی ئەو ڕۆژانەی دواییم گرت تا ئەوکاتەی گەیشتمە لایان، بەڵام سەیر بوو پرسیاری نەکرد کە لە ماڵی مامۆستا چیمان بەسەر هات و چارەنووسی دایک و باوکمان بەکوێ گەیشت. براکەم پێی وتم، زۆر شتم دەربارەی ڕابردووتان زانیوە دوای ئەوەی لە ڕێی سەگێکەوە پریاسکەیەکی دەست کەوتووە، چەند دەفتەرێک لەنێو پریاسکەکەدا بووە! "سەگەکە لەم شەڕانەی دواییدا کوژرا، باشم لەیادە ناوی هوزا بوو." پێش مانگێک هوزا گەیشتبووە ئەم سەربازگەیە و داوای یارمەتیی کردبوو بۆ ئەوەی لە ولات هەڵبێت. براکەم وتی، "لە حاڵ و ڕەفتاری بەگومان بووم، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە بووم هاوکاریی بکەم

بۆ هەڵاتن، چونکە یارمەتیی زۆر سەگی ترم دابوو. بایەخێکی ئەوتۆم بە کێشەکەی نەدا تا ئەو کاتەی پریاسکەکەمان بینی، بەڵام نەیدەهێشت بزانین چیی تێدایە، بۆیە زیاتر لێی کەوتمە گومان و بە سەگەکانم وت چاوکراوە بن بەرامبەری. کاتێک دەفتەرەکانم بینی و چاوم بە یادداشت و دەستنووسەکانی مامۆستا کەوت، کاتێک هوزا بۆی ڕوون نەدەکردمەوە کە چۆن دەستی کەوتووە، هێندەی تر لێی تووڕە و بەگومان بووم. بۆیە زیاتر ئەشکەنجەمان دا، ئەوە بوو دانی بەوەدانا کە چیی کردووە. خۆزگە درۆی بکردایە و بۆ خەڵەتاندن ئەو قسانەی بکردایە، نەک وتنی ڕاستییەکان! زۆری نەخایاند، چارەنووسیم خستە بەر کەڵبەی سەگە هارەکانم، پارچەپارچەیان کرد و لاشەیان لەو بیابانەدا فڕێ دا، بوو بە خۆراکی چەقەڵ و باڵندەی گۆشتخۆر. ئەوەتا ئێستاش دەفتەرەکەم پێیە، زۆربەی بەشەکانیم خوێندووەتەوە و بەهۆیەوە دەزانم هەمووان چییان بەسەر هاتووە، دەزانم حاڵتان چۆن بووە، دایک و باوکمان چۆن مردوون، تۆش چیت بەسەر هاتووە، چونکە مامۆستا ئەو وردەکارییانەی بەجوانی تۆمار کردووە."

لێرەوە زانیم ئەو پریاسکەیەی بە دەستی براکەمەوەیە، هەمان دەفتەری بیرەوەرییەکانی مامۆستایە کە هوزا و تالانچییەکان لەگەڵ شتەکانی تری ماڵی مامۆستادا دزییان. بۆ هوزا هیچ خەمبار نەبووم، دەمزانی بەو تاوانەی کە بەدەستی خۆی ئەنجامی دابوو، چارەنووسی خۆی نەخشاندبوو. هیچ تامەزرۆ نەبووم براکەم ئەوەم پێ بڵێت کە هوزا بۆچی بەو دەردە ڕۆیشت و کەوتە چنگی گەلەسەگێکی برسی لەو

بیابانە بێسنوورەدا!!

پێی وتم، "لیدەر... وشە مەهونەوە. من سەرۆکی گەلەسەگێکی چەتەم، ئەوە راستییەکەیە... بەلام چۆن وام لێهات! ماوەیەکی زۆرە بە هۆی شەڕ و کاولکارییە توندەکانی ئەم دواییەوە هێز و دەسەلاتی من و گروپەکەم زیاتر بووە."

براکەم بەدەم بیرکردنەوەوە سەربووردەی هەموو رۆژەکانی دوای دابڕانی بۆم گێڕایەوە، دوای ئەوەی مامۆستا پیشکەشی هاوڕێیەکی خۆی کرد. بەبێ وەستان - دەتوت هەموو رووداوەکان لە شاشەیەکی نەبینراوەوە دێنەوە بەرچاوی - چاوەکانی داخستبوو، پوختەی ژیانی رابردووی بۆم گێڕایەوە.

## براکەم چیرۆکی خۆیم بۆ باس دەکات

"خۆت دەزانی لەو کاتەوە تۆم نەبینیوەتەوە کە مامۆستا منی پێشکەشی هاوڕێکەی کرد، وای زانی کۆتاییم هاتووە ر بەکەلکی هیچ نەماوم. بەلام لە ڕاستیدا پێی پان و قاچە شەلەکەم هێزی زیاتریان پێ بەخشیم و بووم بەوەی کە خۆم دەمویست. کابرا هەستی بەمە کردبوو، بەبێ خۆراک و ئاو بۆ ماوەیەکی زۆر بەتەنیا جێی دەهێشتم. چەند ڕۆژێک برسیی دەکردم و پاشان نێچیرێکی سادەی دەخستە بەردەمم، بە چەند خولەکێک لەتوپەتم دەکرد و دەمخوارد. سەرەتا مریشک و هەموو جۆرە باڵندەیەکی دەدامێ، دوای ماوەیەک ئینجا بەرخ و کەروێشک و بزنی فڕێ دەدایە بەردەمم، تەنانەت هەندێک جار بەرازە کێوییی بۆم دەهێنا، کە نەمدەزانی لەکوێ دەستی دەکەوت! وا دیار بوو بۆ شەڕ مەشقی پێ دەکردم. برسیکردن و خۆراکریی چەند ڕۆژە، دوای ئەوەش ململانێ و شەڕ. تا ئەو دەمەی کاتی یەکلاکەرەوە

هاتە پێش، کە ڕووبەڕوو لەگەڵ سەگێکی بەرەڵلادا بینیمی، ئەو سەگە داماوە تەنها یەک خولەک خۆی لە بەردەممدا گرت، بێ ئەوەی هیوای بەرەنگاربوونەوەیەکی ڕاستەقینە، یان لانی کەم شەڕێکی بەرابەری هەبێت، لە بەردەستمدا گیانی سپارد.

دوای مەشقێکی درێژخایەن و بەرەنگاربوونەوەی جۆرەها سەگی گەورە و بچووک، ڕۆژێک هات و بە ماشینەکەی بردمی بۆ شوێنێکی دووری دەرەوەی شار. لەوێ، لە مەزرایەکی دوورەدەست کە مولکی گەورەپیاوانی دەوڵەت بوو، یەکەم شەڕی ڕەسمیی خۆمم کرد، دوای ئەویش لە هەمان شوێن و چەند شوێنێکی دیکە شەڕی ترم کرد. تا دەهات ناوبانگ و دڕەندەیی و سەرکەوتنم زیاتر دەبوو، خاوەنەکەم شاگەشکە دەبوو، لەم گۆڕەپانەوە دەیگواستمەوە بۆ گۆڕەپانێکی تر، کاری من تەنها ئەوە بوو ژمارەی ئەو سەگانە زیاتر بکەم کە لەژێر پێمدا دەتلانەوە و دەم و جەستەمیان بە خوێنی خۆیان ڕەنگ دەکرد. ناویان لێنابووم "شەلەی کوشندە،" هەموو کەس ئاواتەخواز بوو سەگەکەی وەک من بەهەڵمەت و توقێنەر بێت لە کاتی کەمارۆدانی قوربانییەکانیدا. ناوبانگم دەر کرد، هەفتە نەبوو نەچمە مەیدانێکی تازەی زۆرانبازی و سەگێکی تر ڕووبەڕووم نەبێتەوە. ئەم کەڵبانەم لە لاشەی چەندین سەگ گیر کردووە و ملی زۆرم شکاندووە، هێندە بێشومارن نازانم چەندم تەختی زەوی کردووە، تەنانەت دەموچاوی ئەو سەگانەشم لەیاد نەماوە کە لە بەردەممدا چۆکیان داداوە!

بەلام وەک چۆن هەموو شتێک سەرەتای هەیە، بێگومان

دەبێ کۆتاییشی نزیک بێت!

لەو ڕۆژانەی دواییدا خاوەنەکەم دەیبردم بۆ زۆرانبازیی نێو کۆشکی پیاوە گەورەکان، یەکێک لەوانەش کۆشکەکەی خودی سەرۆک بوو. هەموو کەسێک ئامادە بوون، هەموو چین و پلەیەک، کوڕی سەرۆکم بینی لە ڕیزی پێشەوە. لە شەڕێکدا، دەبوو سەگەکەی خودی سەرۆک ببەزێنم. متمانەی تەواوم بە خۆم هەبوو کە زۆر بەئاسانی دەتوانم بیبەزێنم، وەک چۆن سەگەکانی پێش ئەوم بەزاندبوو. بەلام ئەو جارەیان هەستم بە جوولەیەکی نامۆ کرد لە دەوری خۆم، کە خاوەنەکەشم تێیدا بەشدار بوو!

لەگەل چەند کەسێکی تردا بردمیە ژوورێکی لاوەکییەوە، بە پەتێک بەستمیان بە ستوونێکەوە و بێبەزەییانە کەوتنە لێدانی قاچی چەپم، زیاتر شەل و شەکەت بووم، ئینجا بەربوونە گەردن و پشتم، هەتا توانییان دارکارییان کردم! ئینجا بۆرییەکیان برییە کۆمم و فوویان تێ کردا بە هەوێرێک - کە تامێکی سەیری هەبوو - کەلبەکانمیان چەور کرد. ماوەی چارەکە سەعاتێک بەو حالەوە جێیان هێشتم، ئینجا خاوەنەکەم هات و پەتەکەی کردەوە، هەتا مەیدانی زۆرانبازییەکە ڕای کێشام، لەوێ ڕووبەڕووی گەورەترین سەگ بوومەوە کە تا ئەو ساتە شتی وا زەبەلاحم نەدیبوو! بە مانای وشە تێکشکاو و بێهۆش بووم، هیچ توانای وەستان و جوولە و بازهەلدانم نەبوو. زانیم بەرامبەر درندەیەک وەستاوم کە سەگی کوڕی سەرۆکە، تەماشام کرد خۆیشی بەتاسەوە قوم لە جگەرەکەی دەدات و چاوەڕێیە پانم بکاتەوە! لەوێدا تێگەیشتم کە بۆچی دارکاری و بێهۆشیان کردم؟ بۆ

ئەوەی سەگە نازدارەکەی نەبەزێنم!

ئەو سەگە دڕندەیە بواری هەناسەدان و خۆسازادنی نەدام، پەلاماری دام و بە قەپالێک بەرزی کردمەوە، پاشان تووڕی دام و کێشامی بە پەڕژینە ئاسنینەکەی چواردەوری مەیدانی زۆرانبازییەکەدا. دەرفەتی دەربازبوونم نەبوو، هەمووان دلنیا بوون کە منیش قوربانییەکی ترم! بەلام من لە ناخەوە ئەو حیزە فێڵەم ڕەت کردەوە، بەوپەڕی خوێنساردییەوە بەرگەی هەموو قەپال و گورزەکانیم گرت، تا ئەو کاتەی تاکە دەرفەتێکم بۆ ڕەخسا، ماسولکەکانی ملی خاوبوونەوە، وای زانی کۆتاییم هاتووە، گەڕێکی تەواو بەدەوری خۆمدا خولامەوە، بەگوێرەی توانا خۆم گورج کردەوە و بەلەنگی خۆم هەلدا - هەموو ئەوانەی پێشتر ئامادەی شەڕەکانم بوون، ئاشنای ئەو جۆرە خۆهەلدانەم بوون - وەک چۆن جاران سەگەکانی ترم شۆک دەکرد، ئەو سەگە دڕندەیەشم شۆک کرد. جوولەیەکی ورد... سەگی دڕندە نەیزانی چۆن لە چاوی ون بووم تا هەستی بە کەلبە تیژەکانم کرد کە لە گرێی ملی گیر بوون، ئیتر چەپۆکم لەو جەستە زەبەلاحەی گیر کردبوو تا نەمێلم بە هیچ شێوەیەک جوولە بکات، لەو کاتەدا هیچ هێزێکی دنیا نەبوو لەژێر چنگم دەری بێنێت.

بە بەرچاومەوە سەگەکەی کوڕی سەرۆک کەوتە گیانەللا، بێ ئەوەی ماسولکەکانم شل بکەم. ئەو ئاپۆرە گەورەیە بەرەنگارم بوونەوە و کەوتنە هاتوهاواریان، بەلام هیچ شتێک نەبووە هاندەرم بەرامبەر نیگای شێتانەی کوڕەکەی سەرۆک کە چاوی لێ بوو سەگەکەی وا لە بەردەممدا گیان دەسپێرێت. چەند ساتێک پێش بەردانی سەگەکە - کە تەختم کرد و بۆ

هەتاهەتایە ڕۆحی تێدا نەما - کوڕی سەرۆک هێمایەکی بۆ ئەوانی تر کرد، تەماشا دەکەم هەر تەنیام و سێ سەگی زەبەلاحی تر بەرامبەرم وەستاون، لاشەی سەگەکەی تریش شەلالی خوێنی خۆی بووە و لەژێر پێمدایە. هەستم بە دۆڕان کرد و کەسم نەبینی دەنگ هەڵبڕێت. خۆیشم دەنگم هەڵنەبڕی، هیچ متمانەم بە سەرکەوتن نەبوو لە شەڕی داهاتووم بەرامبەر گەلەکۆمەی سێ سەگی تر، سێ سەگ کە ئەوانیش وەک خۆم لەسەر شەڕ و کوشتار ڕاهێنراون. چەندی هێز و وزەم تێدا مابوو هەوڵم دا هەڵسمەوە، بەڵام هەوڵەکانم بێهوودە بوون، سەرەنجام کەوتم و لە بەردەمیاندا چۆکم دادا و لە خوێنی خۆمدا گەوزام، هەرسێ سەگەکە چێژیان وەر دەگرت لە قەپاڵ و مژینی خوێنەکەم تا ئەو کاتەی بوورامەوە. لەتەک لاشەی سەگە دڕندەکەوە کەوتم، وام زانی ئیتر تەواو بووم... مردم... چاوەکانم داخست و چوومە خەوێکی قووڵەوە، دنیام بۆ هەمیشە جێ هێشت!

دیار بوو چەند سەعاتێک بێهۆش کەوتبووم پێش ئەوەی هەست بە خۆم بکەم کە فڕێ درابوومە سەر زبڵدانێکی قەراغشار.

هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی بجووڵێمەوە. جەستەی شەقارشەقارم هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕا، گەردنم ئەنجن ئەنجن کرابوو، قاچەکانم شکابوون، بەڵام هێشتا مابووم و لەسەر زبڵدانێکی گەورە - کە هێندەی خانوویەکی گەورە بەرز بوو - هەناسەم دەدا. بیرم کردەوە، ڕەنگە خاوەنەکەم یان خەڵکەکەی تر - لەوانەیە زانیبێتیان زیندووم و کەڵکی هیچم نەماوە - بە ماشێنێک لاشەکەمیان هێناوە و بێ ئەوەی

کەس چاوی لێ بێت، لێرەدا فڕییان داوم، ماتونەمانمیان سپاردەی قەدەر کردووە. تا ئەمڕۆش نازانم چۆن بە فیشەکێک نەیانکوشتووم؟ خۆ ئەوە ئاسانترین ڕێگەچارە بووە!

دوای ئەوەش چەندین مانگ بەدەست ئازار و تیمارکردنەوە هەر دەتلامەوە.

دوور لە چاوان هێزم وەبەر هاتەوە و بە شێوازێکی تر دەمڕوانییە شتەکان. هەموو خەمێکم ئەوە بوو برینەکانم سارێژ بکەم، نە دەچوومە دەرەوە و نە بەرەنگاری کەس دەبوومەوە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە لەپێناو مانەوەمدا هەلپەی پارووەکەم دەکرد. وەک جرجی نێو کونەکانم لێ هاتبوو، وزە و توانای دەرکەوتنم نەبوو، چەندی بۆم دەکرا خۆم لە چاوان ون دەکرد، تاکە خەمم ژیان بوو، تەنها ژیان.

لەو ماوەیەدا تێگەیشتنێکی جیاوازم بۆ دروست بوو دەربارەی ژیان، نەک تەنیا وەک مەیدانێک بۆ زۆرانبازی، بەڵکو زۆر لەوە گەورەتر، لەگەڵ ئەوەشدا گەر ژیان ڕێگایەکی بۆ دانابێت دەبێت پێیدا بڕۆیت و ناتوانیت سەرپێچی بکەیت. لەو مانگانەدا خۆمم لەسەر شێوازێکی تر ڕاهێنا، وردەوردە برینەکانی ڕۆح و جەستەم سارێژ بوون، بیرم لای ئەوە بوو کە ژیان بەرەو چارەنووسێکی ترم دەبات، کەچی قەدەر بەرەو بەرەنگاریی دیکە ئاراستەت دەکات... ئەوەتا بە چاوی خۆت دەبینیت سەرۆکایەتیی گەلەسەگێکی چەتە دەکەم، بەڵێ، چەتە و ڕێگر، بەڵێ ئەوە ناوە ڕاستەقینەکەیەتی لە وڵاتی نائارامی و بێیاساییدا. دەبوو یان لێگەڕێم بکەونە وێزەم و کەوڵم بکەن، چونکە بەرەنگاربوونەوەی هەموویان سەخت بوو، یان

بە چەند چرکەیەک پشت لەوە بکەم کە بە درێژاییی چەندین مانگی چاکبوونەوەم هەولی لەبیرکردنیم دەدا، ڕێک ئەوەیانم کرد... بە چاوترووکانێک هەستی کوشتن و بەرەنگاربوونەوەم لە ناخەوە زیندوو کردەوە و هەموویانم خستە ژێر فەرمانی خۆمەوە. هەموو شتێک بەبێ بەرەنگارییەکی خوێناویی ئەوتۆ هاتە دەست، دەتوت ئەمانە چاوەڕوانی من بوون و پێویستیان بە سەرکردایەتیی من بووە، قایل بوون بە دەسەلات و هەژموونی من بەسەریانەوە... من لەو کاتەوە تا ئێستا سەرکردەیانم بە پلەی ژەنەراڵێکی ساختە کە باندەکەم هەتا مردن بە پیرۆزم دەزانن! پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییە، ئەمڕۆ لەگەڵ ئەواندا حوکمی ناوچەیەکی بەرفراوانی سەرسنوور دەکەم، هیچکام لە هاوولاتەکانم فەرمانەکانم ڕەت ناکەنەوە و بەرهەلستیم ناکەن. بکوژ و ببڕ هەر خۆمم، ڕۆژبەڕۆژ متمانەم زیاتر دەبێت، کە بەراستی ژەنەراڵم و سەرکەوتنێکی مەزن تۆمار دەکەم، یان وەک ژنەراڵی ئەم تاقمە بە خراپترین شێوە دەمرم... بەلام ڕێگەم بدە شتێکت پێ بلێم براکەم، من لەو باوەڕەدام مردنەکەم لەسەر دەستی هاوکارێکی خۆم یان باندێکی لە خۆمان بەهێزتر دەبێت، باندێک کە لەسەر دەستکەوتەکان ململانێمان دەکات، ئەو جۆرە باندانەش لە زیادبووندان. لە ڕابردوودا هیچ شتێکی باشم نەکردووە، ئەوەی ئەمڕۆش دەیکەم باش نییە، بەلام تاکە شتێک کە فێری بووم و لە منداڵییەوە فێریان کردم، ناچاریشم تا کۆتایی بە باشترین - یان خراپترین - شێوە بیکەم، ئەوەیە کە تا کۆتاییی گیمەکە بڕۆم.. کۆتایی و هیچی تر."

# سواربوون و ڕوانین لە کامیۆنێکەوە...
# وڵات هەر بەرەو دواوە دەڕوات!

سواری کامیۆنێک بووم کە لەقەراغ ڕێگاکەوە ڕاگیرابوو. شۆفێرەکەی هەر بەسەر کورسییەکەی خۆیەوە خەوتبوو، بەو هیوایەی پشوویەکی کورت بدات و پاشان لەگەڵ فێنکیی بەیانی و ڕۆژی ڕووناکدا دەست بە لێخوڕین بکاتەوە.

تەنها خۆم و ژەنەراڵی برام بووین، هیچکام لە ئەندامانی باندەکەی نەهێنا. تاوەکو نزیک ڕێگا گشتییەکە یاوەرم بوو، دوای بڕینی تەپۆڵکە لمەکان کە تەنها خۆی پێی دەزانی، مەبەستی بوو لە هیچ لایەکەوە نەکەوینە داوی بنیادەمەوە. کە گەیشتینە ئەو شوێنەی کامیۆنەکانی لێ ڕاگیرابوو، ئاماژەی بۆ کردم کە لە بچووکەکەیان نزیک ببمەوە، کامیۆنێک کە پڕ بوو لە کەلوپەلی کۆنە، جانتا و سندوق و کارتۆنی قەبارە جیاواز. پێی وتم، "ئێرە باشترینە... لەنێو ئەم کەلوپەلانەدا کەس هەستت پێ ناکات و بەبێ سەرئێشە لە سنوور

دەپەڕێتەوە."

نەمدەزانی چۆن وەلام بدەمەوە. دوایین شەوی دیداری من و براکەمە و بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر لەیەکتر دادەبڕیین، ئەم قەدەرە نارەوایە چییە؟ بەلام لەبەر ئەوەی ڕاهاتووە و دەستوپەنجەی لەگەڵ ئەم نەهامەتییانە گەرم کردووە، بە جوولەیەکی جەستە و ئاماژەیەکی سەرە بلندەکەی، وتی، "دەی لێدەر... خاوەخاو مەکە، تا بەخەبەر نەهاتوون."

لێی نزیک بوومەوە بۆ ئەوەی باوەشی پێدا بکەم و خواحافیزیی لێ بکەم، قاچە شەلەکەی بۆ درێژ کردم، فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیس مابوو، دەیویست ئەو دڵتەنگییەی خۆی بشارێتەوە و هاکا نەداتە پرمەی گریان و لە بەردەم مندا لاواز دەر نەکەوێت. ئەم جارەیان ڕێگەی دام لێی نزیک ببمەوە، باوەشێکی توندی پێدا کردم، دەتوت خواحافیزیی هەمیشەییم لێ دەکات، یان خواحافیزیی لەو یادەوەرییەی ناخی دەکات کە منی بیر دەخاتەوە، بۆنێک یان باوەشێک کە بۆ هەمیشە لەگەڵیدا بمێنێتەوە... پاشان پێی وتم،

"ڕاکە برام... لێرە هیچ هیوایەک بەدی ناکرێت، کە من لێرە گرەو لەسەر ژیانی خۆم دەکەم، هۆکارەکەی ئەوەیە کە لەم دنیایەدا هیچ شک نابەم... من کۆتاییم هاتووە، بەلام تۆ نەخێر... تۆ دوور بکەوەرەوە، ژیانی خۆت دروست بکە و هەوڵی پاراستنی ڕەچەڵەکەکەمان بدە... خوا ئاگادارت بێت."

بەرەو ئەو شوێنە گەڕایەوە کە دزەمان لێوە کردبوو، لەنێو تەپۆلکە لمەکانی نزیک ڕێگاکەدا لە چاو ون بوو. ئیتر بەرچاوم نەکەوتەوە.

بەئەسپایی خۆم هەڵدا و لەنێو کەلوپەل و سندوقەکاندا خۆم شاردەوە، هەوڵم دا کەس نەمبینێت، لای چاوی ڕاستمەوە بۆشاییەکم دەستنیشان کرد بۆ چاودێریکردنی هەرکەسێک کە لێم نزیک بێتەوە، هەروەها بۆ بینینی ڕێگاکە و ئاگاداربوون لە حاڵی خۆم و ویستگەکانی گەیشتنمان. دەستبەرداری پڕیاسکەکە نەبووم کە دەفتەر و بیرەوەرییەکانی مامۆستای تێدا بوو، لە براکەمم وەر گرتەوە، توند نووساندبووم بە سینگمەوە.

دوای کەمتر لە سەعاتێک گوێم لە بانگ و غەڵبەی شۆفێرەکان بوو، لە کونەکەوە چاوم لێ بوو هەموو کەوتنە خۆیان، هەرکەسە و ماشێنی خۆی خستەکار. لایتەکانیان هەڵکرد و بەدوای یەکدا کەوتنە ئاژووتن، هەریەکە بە مەودایەکی گونجاو لە یەکەوە دوور بوون.

کامیۆنەکەی ئێمە لەدوای هەموویانەوە بوو، هەندێک جاریش هێندە دوا دەکەوت کە دەتوت تەنیایە. لەوەوە تێگەیشتم ماشێنێکی کۆنە و خێراییەکەی زۆر نییە، بارەکەشی قورسە، بۆیە نەیدەتوانی لە خێراییدا شان لە شانی کامیۆنەکانی تر بدات. نەمتوانی بخەوم و تەنانەت چاویکیش گەرم بکەم بۆ پشوودان. بێدار بووم و دواهەمین چرکەساتی خۆمم لەسەر خاکی نیشتمان بەسەر دەبرد، ئەو چرکەساتانەی کە چیتر ناگەڕێنەوە. ئەوە بوو دوای کەمتر لە دوو سەعات لە سنوور پەڕینەوە و چووینە وڵاتێکی تر (کە نامەوێت ناوی بێنم)، ئیتر دەبوو بە هەموو شتێک قایل بم، ئەوەی دەیبینم و بەسەرم دێت و دێتە ڕێم.

لە سەرەتای ڕێگاکەدا بەتەنیشت گۆڕستانی ماشێن

و تانکە سووتاوەکاندا ڕۆیشتین، کە وەک بنیادەم و دار و درەخت ڕێگاکەیان پەرژین کردبوو، بەو دیمەنە ئەهریمەنییە خواحافیزییان لێ دەکردین. هیچم نەبینی نیشانەی ژیانی جاران بێت... هەموو شتێک نەوی و داڕووخاو بوو... هەموو شتێک هێمای وێرانە و لەبیرکردن بوو.

لە نیوەی ئەو ڕێگا درێژەدا کامیۆنەکە تاکوتەنیا بوو، لای ڕاست و چەپمانەوە هیچمان نەدەبینی جگە لە سەراب و ئەو گەرد و خۆڵەی بەسەرماندا دەباری. تا چاو بڕ دەکات هیچ شتێکم نەبینی، نە بنیادەم... نە گیانەوەرێکی وێڵ... نە شتێک کە هێمای ژیان بێت... نە دار و سەوزاییەک. هیچم نەبینی جگە لە کەلوپەلی ئاسنینی سووتاو و ڕزیو، هەندێکیان تازە بوون و هەندێکیش بارهەلگر و تۆپهاوێژ و تانک، کە دیار بوو چەند دەیەیەک بوو ئەوە شوێنیان بوو. ئەو بیابانە ڕەنگێکی چڵکن و بۆنی بارووودی گرتبوو. ئەو تابلۆیەی کە پەروەرێن ئەو چرکەساتەی بیابانی پێ نەخشاندبوو، هیچی تری نەدەویست جگە لە ڕەنگی لم، ڕەنگی بیابان، ڕەنگی برژاوی خۆر، ڕەنگی سووتێنەری نەبوون.

لەبەرامبەر ئەوەشدا هیچ بوارێکم نەبوو جگە لە سەیرکردنی ڕێگاکە کە تا دەهات زیاتر بەرەو دواوە دەڕۆیشت، هیچ هیوایەک نەبوو بۆ گێڕانەوەی... هەناسەسارد، شەکەت، بێدەسەلات، پیلانگێڕ و کوشندە، هەموو ئەمانە لە مندا هەبوون و بە سەرمدا جێبەجێ دەبوون، ئەوانە لە هەموو کەسێکدا هەن، لە بوونەوەرێکی سادەوە بووین بە بنیادەمی دڕندە و قێزەون، بە چاوی خۆمان خوێن و کاولکاری دەبینین و باکمان نییە، پەرۆشی مەرگ و کوشتارین، وەک

بلێی ئەوە حەقیقەتی هەموو شتێک بێت... "ڕاکە، دەی ڕاکە..." براکەم وای پێ وتم، بەڵام بیرم چوو لێی بپرسم، "برا گیان ئەی چۆن لەدەست ئەو یادەوەرییانە ڕاکەین کە لە ناخماندا ڕەگیان داکوتاوە؟"

گەرد و خۆڵی کامیۆنەکە ون دەبێت و بریسکە و سپیایی ڕێگا و کاولکارییەکانی ئەو ناوە دادەپۆشێت. دیمەنەکە بە ڕەنگێکی چلکن ڕەنگرێژ دەکات، لە درزەکەی بەردەممەوە، لەنێو کامیۆنەکەوە چاوم لێ بوو وردەوردە گەیشتینە کۆتاییی ڕێگاکە و ئەو هێڵە خەیاڵییەمان بڕی کە ناوی لێ نرابوو سنوور! هێواش هێواش هەموو شتێک لە بەرچاوم ون دەبوو، هەرچی لە چواردەورم بوو ڕەنگی خۆڵی دەگرت. خۆڵی یەکەمین دروستبوونمان.

هەموو شتێکی بەردەمم بوو بە تابلۆیەکی تاریک - هیچ چارێکم نەبوو - تەنها یەک ڕەنگ بۆ گشت شتێک، ڕەنگی حەقیقەتە تاڵەکە.

# کۆتاییی یادداشتەکان

ئەمڕۆ لە کولبەکەی خۆمدام، ئەو گوڕەی جارانم نەماوە و توانای جوولەی زیاترم نییە جگە لەو چەند مەترەی پەناگەکەم.

دنیای من لەم چەند مەترە زیاتر نییە، هەرچەندە بیر و خەیالم زۆر دوورترن لەم بستوکەیەی ئیستا تییدام. بە جەستە لێرەم، بەلام هێشتا ڕۆحی وێلم لەوێیە، لە ئاسمانی عێراق و کەناری دیجلە.

چرکە و ڕۆژەکانی تەمەن دەژمێرم، چاو لە ڕێگام، بەلکو لە شوێنێکی نادیارەوە وەرێنێک بێتە بەر گوێم و هەواڵێکی ئەو سەرزەمینەم بۆ بێنێت کە جێم هێشت. هیچم ناوێت جگە لە هەواڵێکی خۆشی کەسەکانم کە لەوێ دەژین، هەموو ئەو بنیادەم و دار و دەرخت و گیانەوەر و داروبەردەی کە ناسیومە و نەمناسیوە. بێهیوا بووم لە سۆراخی کەسوکار، چونکە هەموویانم لەدەست دا. براکانیشم چارەنووسیان

نادیارە!

بەلام هیچ هەواڵێک نایەتە بەرگوێم کە تامەزرۆم بۆی. تاکە هەواڵ کە پێم دەگات یان هەندێک جار ڕۆژنامەیەکم دەست دەکەوێت و دەیخوێنمەوە، هەواڵێکی دڵنیاکەرەوەی وڵاتەکەمی تێدا نییە. لە ڕاستیدا هەواڵێکی خۆش نابیستم، جگە لە مەرگ و کوشتار و خوێن و دەربەدەری کە وڵاتی تەنیوە. تا دێت باری گیانم گرانتر دەبێت، هەر ڕۆژە ڕستێک هەواڵی مەرگی تازە دەبیستم، تەمی ڕەش ئاسمانی وڵات دادەپۆشێت... تەنها ڕەش و هیچی تر. ڕۆژەکان ڕەنگێکی تریان نییە جگە لەو ڕەنگە تاریکەی باڵی بەسەر خۆمان و ئاسمانە ڕەنگینەکەماندا کێشاوە.

ڕێڕەوی ڕۆژەکانم بەو شێوەیە ڕێچکەی گرتووە، هیچ شتێکی نوێ لەئارادا نییە. حاڵم ڕێک لە وشەکانی ئەو گۆرانییە دەچێت کە لە مامۆستاوە گوێم لێ بووە و لەبەرم کردووە، کە دەڵێت، "وەک کوڵێکی تینوو، چاوەڕێی پەلەهەورێکم." منیش بەوپەڕی ئارامییەوە چاوەڕێی پەلەهەورێکم، سات لەدوای سات داری هیوام وشکتر دەبێت.

لەم ڕۆژانەی دواییدا تەپەیەکی پێ دەهاتە بەرگوێم، کە بەئەسپایی لە کولبەکەم نزیک دەبووەوە. هەتا من هەڵدەسامەوە بۆ ئەوەی بیناسمەوە، ئەو بە خێرایی و بلیمەتییەکی سەیرەوە لە چاو ون دەبوو. بەیانیان دەمبینی کەسێک قوتوویەک گۆشتی کاڵ یان ئامادەکراو، یان ئێسقان یاخود قاچی خوێناویی مریشکی بۆم فڕێداوە. ڕۆژ نارۆژێک ئەم جووڵەیە دووبارە دەبووەوە و هەر دەرفەتی ناسینی خاوەنەکەیم بۆ نەڕەخسا، ئیتر منیش وازم هێنا و چیتر

خەمی ناسینیم نییە.

بەڵام بەو کۆتایی تەمەنەوە خۆم بە قەرزاری ئەو میوانی شەوانەیە دەزانم، ئازایی ئەوە کە من هێشتا زیندووم و بەرگەی ناڕەحەتی و یادەوەرییە کوشندەکان دەگرم، بۆ ئەوەی ئەم بیرەوەرییانە بنووسمەوە و چاو ببڕمە ئاسۆ وەک چۆن لە خۆرنشین دەڕوانم، بۆ ئەوەی لە بوونەوەرەکانی پەروەرین و سروشتە کولنەدەرەکەی ڕامێنم.

و... هەروەها... چاوەڕێی فەنابوونی یەکجاری دەکەم، چاوەڕێی ئاماژەیەکی ئاسمانی دەکەم بۆ ئەوەی شوێنپێی ئازیزەکانم هەڵبگرم کە پێش من ڕۆیشتن، هەموویان: سەلوقیی باوکم و سابویسۆی دایکم و ڕیتای دلدارم. جا نازانم خوشکەکانم بەوان گەیشتوون یان هێشتا لە شوێنێکی دوورەدەست دەژین، هەموو دۆست و هاوڕێکانم... بێگومان مامۆستاکەشم کە هاوڕێ و هاودەمم بوو.

وام دەزانی بە دوورکەوتنەوە لە وڵات هەموو شتم بیر دەچێتەوە، بەڵام هیچ ساتێکی هەستان و دانیشتنم لێرە، لە بیرکردنەوە ناکەوم. ئەوەشم بیر دەکەوێتەوە کە ڕۆژێک بیستوومە و نەمزانیوە مانای چییە، بەڵام ئێستا تێدەگەم واتا چی: "هەتا زیاتر لێی دوور بکەوینەوە، زیاتر وڵات دەناسین."

ڕۆژەکانی کۆتاییی تەمەنم دەڕۆن و هەناسەسارد و دڵتەنگم، دەترسم بمرم و دەفتەرەکانی مامۆستا لەناو بچن.

ئامانجێکی ئەوتۆم لەم ژیانەدا نییە، جگە لە پاراستنی بیرەوەرییەکانی مامۆستای هاوڕێم. نامەوێت ئەم جیهانە بەجێ بهێڵم بەرلەوەی دەفتەرەکانی مامۆستا بە دەستێکی ئەمین بسپێرم. تا دێت متمانەم بە میوانە تیژڕەوەکەم زیاتر

دەبێت، بۆیە سەرەنجام گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە پێویستە دەفتەرەکان بەو بسپێرم.

ئێستا تەواو دڵنیام کە هەموو تەمەن ئەزموونێکی بەردەوامە و وەستانی بۆ نییە، هەیە لە ڕێی تەمەنەوە دەرفەتی ژیانت دەداتێ و تۆش ستاییشیان دەکەیت. هەشە مانای ڕاستەقینە بەو ژیانەت دەبەخشێت، هەرگیز ناتوانیت ئەوە لەبیر بکەیت، تەنانەت ئەگەر بچیتە قووڵاییی هەزاران مەتر و گرفتاری جۆرەها نەهامەتی بیت. هەرچی چەرمەسەری و ڕووداوی نامۆت بەسەردا دێت. لە داهاتووشدا هەرچییەکت لێ بێت، ئەوانە وردەکارییەکانی ژیانی تۆن، تۆ ناتوانیت لەدەستی چارەنووس هەڵبێیت!

## نووسەری ئەم ڕۆمانە

- ساڵی ١٩٦٨ لە بەغدا لەدایک بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ و لە مەدرید دەژی.
- پسپۆریی لە ئەدەب و زمانی ئیسپانیدا وەر گرتووە، وانەبێژ و وەرگێڕ و نووسەرە.
- دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری گۆڤار و بڵاوکراوەکانی *الواح* بووە لە مەدرید (١٩٩٧ - ٢٠٠٤).
- لە ساڵی ٢٠٠٦ بەدواوە سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەکانی *alfafa*ی ئیسپانییە.
- بەڕێوەبەری سیمیناری مانگانەی جیهانی ئەدەبە، کە لە مەدرید بەڕێوە دەچێت.
- خاوەنی چەندین خەڵاتی ئەدەبییە و بەشداریی زۆرێک لە فیستیڤاڵە جیهانییەکانی کردووە لە: کۆلۆمبیا و مەکەدۆنیا و ڤەنزوێلا و باشووری

ئەفەریقا و تورکیا و ئیسپانیا و بەحرێن و ڕۆمانیا و بەلجیکا و چیلی و فەرەنسا و پیرۆ.

- زۆربەی تێکستەکانی وەر گێڕدراون بۆ زمانەکانی: ئیسپانی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەلمانی، کوردی، تورکی، فارسی، کەتەلۆنی، گالیسی، ئیتالی، مەکەدۆنی و سربی.

- چەندین کتێبی نووسیوە و وەر گێڕاوە: ١٠ کتێب بە زمانی عەرەبی، ٧ کتێب بە زمانی ئیسپانی، ١٩ کتێبی لە ئیسپانییەوە وەر گێڕاوە بۆ عەرەبی، ٦ کتێبی لە عەرەبییەوە وەر گێڕاوە بۆ ئیسپانی.

- ئەم ڕۆمانەی *یادداشتەکانی سەگێکی عێراقی* وەر گێردراوە بۆ ئینگلیزی و ئیسپانی و فارسی.

هەمووومان سەگین، سەگێکی بێئەمەک، سەگێک کە ڕۆژ تا ئێوارە ڕادەکەین و خاوەنەکانیشمان بێبەزەییانە دەمانکوژن.
زۆربەی زۆری ئەو چیرۆکانەی مرۆڤ دەیانگێڕێتەوە لە زمانی مرۆڤەوەیە؛ ئەم ڕۆمانە لە زمانی سەگێکەوەیە، سەگێک هەموو بیرەوەری و نەهامەتی و شەڕ و ئاژاوەکانی وڵات دەگێڕێتەوە. ئێمە هەرگیز هەست بە ئازاری گیانلەبەرانی تر ناکەین. با ئەم جارە لە چاوێکی ترەوە و لە ڕوانین و دیدێکی دیکەوە سەرگوزەشتەی وڵاتەکەمان ببینین.



٤٠٠٠ دینار